عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

# خەیاڵی زمان

## «خوێندنەوەو رەخنە»

هەولێر ٢٠٠٣


- کتێب: خەیاڵی زمان «خوێندنەوەو رەخنە»
- بابەت : لێکۆڵینەوە
- چاپی : یەکەم ٢٠٠٣
- تیراژ:
- نووسینی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا
- هونەرکاری ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- پیتچنین: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
- ژمارەی سپاردن :
- چاپخانەی :

# ناوەڕۆک


پێشەکی .......................................... 5

**بەشی یەکەم**

١- چەمکی ونبوون........................................ 10
٢- ئەفسانەی کوردایەتی .................................. 39
٣- پراکتیزە کردنی چیگوتن وجوانگوتن.................... 76
٤- رەنگرێژکردنی جوگرافیای زمان ........................... 86
٥- سەرچاوەو پەراوێزەکان ................................... 97

**بەشی دووەم**

١- میدیای کوردی لە دەرەوەو ناوەوەی خۆیدا ................ 102
٢- سەلیقەی وەرگێڕان لە نێوان تێگەیشتن و تێگەیاندندا ........ 109
٣- ماڵی هاوین لە پشت مۆدێرنیتەوە ........................ 121
٤- سەرچاوەو پەراوێزەکان ..................................... 144

**بەشی سێیەم**

١- شیعر ئەو سیحرەی دەکەوێتە نێوان شەهوەت و خوێندنەوە ...... 148
٢- بابەتخوازی و چەمکی یاخیبوون ............................ 157
٣- پشووبە: رەنگ هەڵیکرد، وریابە! پیری هەڵیکرد ............ 164
٤- پانتایی گومانەکان ............................................ 169
٥- خۆشترین ساتەوەخت/ سازدانی گفتوگۆ (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد).... 197

# پێشەکی

ئەوەی لێرەدا زۆر بەکورتی دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم راستەوخۆ پەیوەندی بە میتۆدەکانی رەخنەو خوێندنەوەو راڤەکردنەکانی ئەو کتێبەوە نییە، واتە مەبەستم ئەوە نییە ئەو میتۆدانە ئاشکرا بکەم کە لە پشت ئەو کتێبەوە کاردەکەن، هەرگیز بیر لەوەش ناکەمەوە کە میتۆدێک بخەمە پێش میتۆدێکی دیکەو باس لە کەوتنی میتۆدەکانیش ناکەم، هەروەک ئەو بۆچوونە کلاسیکییەش رەتدەکەمەوە کە لەرێگەی حەقیقەت و ناحەقیقەتەوە قسە لە چەمکەکانی رەخنە دەکات، من شوێنێکی دیاریکراو بۆ قسەکردن بەباش و خراپ لە خوێندنەوە و راڤەکردنەکانی ئەمڕۆدا نابینم، چونکە لای من خوێندنەوەو رەخنە بەهیچ شێوەیەک دەلالەت لەگەیشتن ناکات، جا چ «گەیشتن» رابردوو بە«ئێستاوە ببەستێتەوە، یان گەیشتن بێ بەحەقیقەتی دەق و ناوەڕۆکی دەق، بەڵکو کردەی خوێندنەوەو رەخنە کردەیەکە خۆی لە چەمکی «بەرهەڵستکاری»دا گەڵاڵە دەکات، بۆ ئەوەی چەمکی بەرهەڵستکاریش لە بوارە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و شۆڕشگێڕییە کلاسیکییەکە بکەمەوە هەوڵدەدەم بڵێم بەرهەڵستکاری وەک چەمکێکی ئەدەبی پەیوەندی بەپەرچەکردارەوە ناکات، بەڵکو پرۆسەیەکی ئیبداعییەو راستەوخۆ بە وزەی زمانەوە دەلکێ، بەو مانایەش چەمکی بەرهەڵستکاری وتنێکی تایبەتە بەنووسەرێک و بیرکردنەوەی زمان لە فەرهەنگە کۆن و باوەکە دادەماڵێ، هەرگیز بڕوای بەمانا لە کارکەوتووەکان نییە، هەموو ئەو پەیوەندییە کۆن و لەکارکەوتوانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە توانای راڤەکردن و لێکدانەوەی رووداوەکانی ئەمڕۆیان پێ نییە، بەدیوەکەی دیکەش چەمکی بەرهەڵستکاری بیر لە هاوشانبوونی مانا پیرۆزەکان ناکاتەوە، هەروەک



مەبەستی نییە ئاوڕ لە هاوگونجان و پەیوەندییەک بداتەوە کە هیچی بۆ ئێستا لە باردا نییە، بەڵکو لەلایەک راستەوخۆ پەیوەندی بە وزەی هونەری نەوتراوو چەپێنراوەوە دەکات، ئەو وزە هونەرییە راگەیاندراوەی کە بەردەوام خەفە دەکرێ و دەخرێتە پەراوێزەوە، بەردەوام لە رێگەی دەسەڵاتەوە «بەهەموو ماناکانەوە» بەبیانووی جۆراوجۆر دووچاری سەرکوتکردن دەبێ. لەلایەکی دیکەش بەرەو خەیاڵی زمان و ئەودیوو خەیاڵ لەگەشتکردندایە، هەوڵدەدات لە رێگەی گەشتکردنەوە بەردەوام دەریچەیەکی دیکەو ماڵێکی دیکە بۆ بیرکردنەوەی زمان و خەونی زمان بدۆزێتەوە.

کەواتە هەوڵدەدەم لە وزە چەپێنراوەکانی زمان و خەیاڵی زمانەوە دەریچەیەک بۆ خوێندنەوەو راڤەکردن و رەخنەی نوێ بخەمە سەرپشت، نەک بەو مانایەی کە لە تیۆرێکی دیاریکراوەوە قسەکانم هەڵبهێنم، بەڵکو بەو مانایەی کە لە لێکخشانی تیۆرە ناکۆکەکانەوە لەلێکخشانی وزە چەپێنراوەکانی زمان و گەشتکردنی زمان فەزایەک بۆ ئەوەی کە دێ و ئەوەی کەدواتر دێ بخەملێنم، ئەوەش وەک گوتمان بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی راستەوخۆی بەژیانی دابەشکراوی میتۆدەکانەوە نییە هەروەک پەیوەندی راستەوخۆی بەدرێژبوونەوەی یادەوەرییەکانی زمان و کەلەپورو ترادیسیۆنە باوەکانەوە نییە، بەڵکو هەوڵدەدا لە کۆی پەیوەندییەکانی زمانەوە لەکۆی یادەوەرییەکانی وشەو کەلەپورەوە، دەرچەیەکی دیکە بۆ خەیاڵی زمان بخاتە سەرپشت، لەوێوە یەکەم دەستلێدانی زمان و خەیاڵی زمان، بەمانایەکی دیکە لە دەرەوەی سەرچاوەو لە دارووتانی زمانەوە یەکەم حەپەسان و سەرسامی خۆی لە ساتەوەختی خەیاڵکردنی زماندا هەڵبگرێتەوە، بەو مانایەش گەشتکردنێکە راستەوخۆ پەیوەندی بە ئێستای خوێندنەوە و خەیاڵی خوێندنەوەو لەوێوە دەستلێدانی خەیاڵی زمانەوە هەیە، واتە لە لێوردبوونەوەو لادانە تایبەتییەکانی خودی کارا و چالاکەوە

هەڵقوڵاوە، نەک بەو مانایەی کە ئەو خودە پەیوەندی بەمیتۆدەکان و هۆشیاری سەردەمەوە نییە، بەڵکو راستەوخۆ بەمانای روونکردنەوەی میتۆدەکان، خودی روونکردنەوەش بۆ خۆی پێویستی بەلێکدانەوە هەیە، ئەو لێکدانەوەیەش لە دەرەوەی مانا گشتگیرو بەربڵاوو دابەشکراوەکانەوە دەریچەیەک بۆ خەیاڵ دادەمەزرێنێ و بەردەوام لە تەرجەمەکردنی گوماندا خۆی هەڵدەخات.

کەواتە دەشێ لە رێگەی کۆمەڵێک خودو کۆمەڵێک وتنی تایبەت و جیاوازەوە کە هەریەکێک دەیەوێت ئەویدیکە تەجاوز بکات، چەمکی بەرهەڵستکاری رەنگدانەوەی ئەو فەزاو دەریچەو دنیایە بێت کە لە رێگەی وزە چەپێنراوەکان و خەیاڵی زمان و خەونی زمانەوە خۆی دادەمەزرێنێ، دواجار ماوە بڵێم لەم کتێبەدا دەشێ خوێنەر لە چەمکی بەرهەڵستکارییەوە بەو مانایەی کە داروتانی زمانە لە هەموو یادەوەرییەکان، فەزایەک بۆ وتنی تایبەت وێنا بکات، هەروەک چۆن لە خەیاڵی زمانیشەوە دەشێ تەجاوزکردنی میتۆدەکان و بڕوا نەبوون بەمیتۆدێکی دیاریکراو هەڵبگرێتەوەو لەوێشەی لە گومان و گومانی خوێندنەوە نزیک بێتەوە.

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**
**هەولێر**
**٢٠٠٢/٣/١**

# بەشی یەکەم





## چەمکی ونبوون
## لە بەهەشتی ئەو بەر پردەکە[٦]

(١)

رەنگە لێرەدا بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ دەنگی نوێوە بتوانین قسەیەک لە چیرۆک و رۆمانی کوردی بکەین، بەڵام پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە ئایا ئەو دەنگانە تا چەند توانیوویانە وەک ئەزموون سوود لە چیرۆکنووسەکانی پێش خۆیان وەرگرن، یان بەجۆرێکی دیکە ئایا چیرۆکنووسانی کورد تا چەند توانیوویانە خەیاڵی فەنتازی کوردی بەرجەستە بکەن، تاکو لەوێوە نەوەی نوێ درێژە بەو مۆرکە بدەن و وەک بونیاد بەکاری بەرن، ئەگەرچی ئەو پرسیارە ناکرێ لە دەرفەتێکی وا بچووک لق و پۆپەکانی بەڕوونی بخەینەڕوو، بەڵام رەنگە بتوانین لەلایەک وەک پرسیارێکی سەرەکی بۆ بەدواداچوون بەرزی بکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە زۆر بەڕاشکاوی دەکرێ بڵێین لە دووتوێی هەڵوەشانەوەی بونیادی چیرۆکەکانی هەندێ لە چیرۆکنووسان لەوانیش بەتایبەت «حسین عارف» کۆمەڵێک پێکهاتەی هونەری زیندوو بۆ بەدوا داچوون و بەرهەمهێنانەوە بخەینە بەرچاو «قسەم لەسەر رۆمان نییە، وەک چۆن قسەش لە بونیادە مەعریفیە قوڵەکان ناکەم» واتە وەک ئەزموونێ دەکرێ نەوەی نوێ سوود لە لایەنێک یان رەگەزێک لە رەگەزەکانی ئەو چیرۆکنووسە وەرگرن، ئەوەش هەرگیز بەو مانایە نییە کە ئیتر ناشێ لەم بونیادو رەگەزانە تێپەڕ بکەین، یان بەرفرەوانیان بکەین، بەڵکو بەو مانایەیە کە دەکرێ وەک هەر بەشێکی دیکەی کەلەپووری

کوردی و خەیاڵی کوردی سوود بەخش بن. بێگومان هەموو ئەوانەش ڕاستەوخۆ بەرۆحی ئیبداعەوە بەندە، واتە داهێنەر دەتوانێ بەشێوازی جیاکارانەی خۆی لەپێشوو دایانبڕێت و وەک مادەیەکی زیندوو بە ئازادی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات هەروەها دەشێ خەیاڵی فەنتازی تەواوی ڕەگەزو بونیادە پێشکەوتووەکان بخاتە دووتوێی خۆیەوە، هەروەک چۆن لای چیرۆکنووسانی ئەمریکایی لاتین بەزەقی دەبینرێت، بەڵام لای خۆمان ئەو مەسەلانە تەواو پشت گوێ خراون، لەلایەکی دیکەش وەک دیارە لەکاتی هەڵوەشانەوەی بونیادی چیرۆکەکانی زۆربەی چیرۆکنووسان شتێکی زیندوومان بۆ بەدواداچوون و بەرهەمهێنانەوە وەدەست ناکەوێت، ئەوەش یەکێکە لە کارەساتەکان.

ڕەنگە ناوی (حسین عارف) لێرەدا وەک باوکی ڕۆحی چیرۆکی کوردی زەمەنێک لە زەمەنەکان بەدیار بکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوهێنانە هەرگیز ناچێتە خانەی فەرامۆشکردنی کۆمەڵێک توانا و دەنگی دیاری ئەو بوار.

مەبەستی ئێمەش لە کارکردن لەسەر ئەزموونی نەوەکانی پێشوو – بەرهەمهێنانەوە– وەک دۆگمابوونی بارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکە ناکەوێتەوە، بەڵکو وەک لەسەرەوە ئیشارەمان کرد تەنها پارێزگاری کردنی ڕۆحی مرۆگەلێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێ، هەروەک ئەو مرۆگەلەی «مارکیز» بە جیهانی ناساند، بەو مانایەش لەگەڵ دابڕان و ڕاتەکانە بێ ژمارو گشتییەکانی سەردەم هەنگاو بەرەو خوێندنەوەی ئەزموون و ئەزموونی خوێندنەوە دەنێین و بەهۆی ئامرازە وردەکانەوە بابەتی ئەزموون و خوێندنەوەی تایبەت، خوێندنەوەیەک کە هەڵگری چەمکی بەرهەڵستکارانەیە و لە کۆی کەلتووری مرۆڤایەتی و خەیاڵی زمانەوە هەوڵی دەریچەیەکی دیکە بۆ خوێندنەوە دەخاتە سەر پشت، هەروەها دەشێ





لەم نووسینەدا ئیشارەتەکان هەرتەنها بەولادانانەوە پەیوەست بن کە دوایراپەڕین جۆرە تەکانێکیان بە چیرۆکی کوردی بەخشی –یەکێکیش لەوانە «ڕێبوار حەمە ڕەحیم»ی شاعیرە.

«ڕێبوار حەمە ڕەحیم» بەهۆی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی «تەمەن لە ژوورە سپییەکان» توانی سەرنجی چیرۆکی کوردی بۆ خۆی رابکێشێ، ئەگەرچی رەخنەگران تاکو ئێستا لایان لەم بەرهەمە نەکردۆتەوە، بەڵام کە باس لەنەوەی نوێ دەکەین ڕەنگە نەکرێ ناوی «ڕێبوار» بخەینە دواوە، بەرای من دەشێ «ڕێبوار» مژدەی دەنگێکی بەتواناو گەورەی چیرۆکی کوردی لەخۆ هەڵگرتبێ، بەڵام ئەو قسەیەش پێویستی بە ئەرک و ماندووبوونی بێوچان و لە بن نەهاتووی «ڕێبوار»ەوە هەیە، دواجار تا چەند دەتوانێ بە هێمنی و جەربەزەییەوە لەم بوارەدا درێژە بەوجودی خۆی بدات.

یەکێک لە سیفەتە جوانەکانی دەق هەبوونی ئەو گریمانانەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی خودی نووسەرەوە یاخود بەمانایەکی دیکە کردنەوەی کۆمەڵێک دەرگایە بەرووی خوێنەردا، ئەوەش بەتایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شێوازی وتاری گێڕانەوەدا دەکات، خودی ئەو وتارەش لەلایەک دەکەوێتە سەر سیمۆتیکاو لەلایەکی دیکەش بە وتنەوە «شیعرییەت» خۆی پەیوەست دەکات، لەنێوان وتن و گێڕانەوەی چیرۆکیش ساتەوەختێکی کەم خایەن و بێگەردو پڕ لە چێژ بۆ «بۆگێڕەوە» و پاشان درێژبوونەوەی خودی ئەو ساتەوەختە بۆ خوێنەریش دەڕەخسێ، ئەو ساتەوەختەش لای خوێنەر بە ئەزموونی خوێندنەوەوە دەپێورێ، بەڵام لە خودی دەقدا دەکەوێتە سەر شیعرییەت و گێڕانەوە، لەوێشەوە دروستکردنی ڕووداو، یەکەمیان لە میانی وتن فەزاو زمانی تایبەت بەخۆی دروست دەکا، بەڵام دووەمیان هەموو ئەوانە لە دووتوێی بەرهەمهێنانی چیرۆکەوە بەدەست دەهێنێ.

بەمجۆرە نومایشکردنی شیعرییانە لە تویێی ناگێڕانەوەدا بەرەو دامەزراندنێکی نوێی نووسین هەنگاو دەنێ و گێڕانەوەی چیرۆکیش لەتوێی هەڵوەشانەوەی گێڕانەوەکانیدا بەرەو گێڕانەوەیەکی نوێ دەچێ[٧].

وەک دیارە هەمیشە و لە هەموو بارەکاندا خودی وتاری گێڕانەوە دەبێ پردێک لەنێوان کاتی تایبەتی ئەزموونکراوو کاتی گشتیدا هەڵببەستێ، لێرەدا ئەو کاتە هاوبەشە بەگوێرەی چیرۆک و رۆمان کاتێکە هەمیشە گێڕانەوە بەرێوەی دەبات، شیعرییەت چێژی پێ دەبەخشێ، بۆیە خوێنەر لەدووتوێی ئەوکاتە هاوبەشەدا زێتر تێکەڵ خۆی دەکات، یاخود خوێنەر بێ تەگەرە لەژێر پەردەی شیعر ئامێزی گێڕانەوەدا ماناو چێژ بەیەکەوە بۆ خۆی وەدەست دەهێنێ، کەواتە گێڕانەوە تاڕادەیەک دەوری خۆی لە ئاراستە کردنی مانادا دەگێڕێ و وتنیش «شیعرییەت» لە زۆربەی کاتدا چێژ پراکتیزە دەکات، خودی ئەو مەسەلەیەش لەسەرێک لەسەرەکانیەوە راستەوخۆ بەشڵەژانی دیووی ناوەوەی رووداوو کەسێتی و مەرجە هونەرییەکانەوە بەندە، یاخود بەشێوەیەکی هونەری دەشێ بڵێین؛ بەپلۆتەوە خۆی پەیوەست دەکات لەسەرێکی دیکەش بەرەهەندە فەلسەفی و فیکری و مەعریفییەکانی ناوکۆییەوە، یان ئەودیوو رستەوە دەشێ. کەواتە هەموو ئەو مەسەلانە لەلایەک دەکەونە سەر بیری نووسەرو لەوێشەوە بە ئازادییەکانی داهێنانەوە دەلکێن، لەلایەکی دیکەش دنیای خوێنەرو ساتەوەختی خوێندنەوە و خەیاڵی زمان جۆرێکی دیکە لە پرۆسیسەکردنی ئازادی دەخەنەوە.

کەواتە پرۆسەی داهێنان بێ چەمکی خوێنەرو ئامادەباشی خوێنەر هەمیشە لەنگە، ئامادەباشی خوێنەریش بەحاڵەتە دەروونییەکان و فەزای خوێندنەوەوە پەیوەستە، بەمجۆرە لەمیانی کردەی نووسەرو کردەی خوێنەر بەرهەمی ئیبداعی خۆی والا دەکات.





لەلایەکی دیکە هەروەک ئاشکرایە وەزیفەی خەیاڵ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئاسۆکانی خۆی لەداهاتوودا دەخاتەڕوو، بەو مەبەستەی دەرککردنی ئێستا بەرفراوانتر نیشان بدات، بەڵام لە «بەهەشتی ئەو بەر پردەکە»ی رێبوار حەمە رەحیم دا خەیاڵەکان ئالیاتێک بەرێوەیان دەبات کە هەمیشە خەیاڵی خوێنەر بەرابردوو یادەوەرییەکان دەبەستێتەوە، رەنگە هەر بەهۆی ئەو ئالیاتەشەوە لە نێوان دنیای نوێ دنیای رزگاربوون لە رابردوو، رزگاربوون لە هەڵەکانی یەکەم «دۆڕانی بەهەشت - بەهەشتی لە دەستچوو» لە پێناو بەهەشتی داهاتوو - ئەو بەهەشتەی کە دەشێ بەهەوڵ وکۆششی بێ بڕانەوەی مرۆڤ دەستی بۆ ببرێت و لێی نزیک ببینەوە، ئەو بەهەشتەی کە دەشێ خەیاڵێکی جوان بێ لەبەردەم خودی مرۆڤایەتیدا، دواجار خۆی دووچاری ئیشکالیەتی بیری پێشکەوخوازو بیری کۆنەپەرستی دەکات «داوای لێبوردن دەکەم، چونکە ئەو تێزە ئەگەرچی بەسەرچووە. بەڵام من بەهۆی زەرووڕەتی نووسینەوە تێی کەوتووم، بۆیە هەوڵمدا هەروەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام وەک دیارە دوای گەشەکردنی بیری مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنیتە، هەموو ئەو تێزانە کەوتنە بەرلێشاوی گۆڕان و دواجار بەشێوازی جیاجیا بۆ پتەوکردنی مەرکەزییەت - ئەگەرچی لە پایە سەرەکییەکان کەوتن، بەڵام وەک پەراوێز و بەشی بچووک بچووک خرانە بەر مامەڵە لەگەڵ کردن» بەڵام ئێمە پرسیارەکانی خۆمان لەم ئاڕاستەیەدا بەکار نابەین، بەڵکو هەوڵدەدەین لەدووتوێی دوالیزمیەتی هونەری «یادەوەری - خەیاڵ» و ئازادی نووسەرەوە، یان بە مانایەکی دیکە جەربەزەییەوە پەنجە بۆ پێکهاتەی لادانەکان و چەمکی ونبوون درێژ بکەین. بەومانایەش دەشێ چەمکی ونبوون لە یادەوەری و خەیاڵەوە بۆ دووتوێی دوالیزمەکانی دیکەی دەقەوە خۆی درێژ بکاتەوە، هەر لەو دوالیزمەشەوە دواجار پەنجە بۆ دوالیزمیەتی شوێن درێژ دەکەین و

لەوێشەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی ونبوونی«کافکا» یانەی «ڕێبوار» دەدەین، واتە ڕاستەوخۆ نووسەر لە دەرەوەی بونیادە باوەکانی چیرۆکی کوردی - بەهەوڵە تایبەتییەکانی خۆی لە ڕۆحی داهێنان نزیک دەکەینەوە، بەو مانایەش خەیاڵی «ڕێبوار» تەواو دەرچوونە لە شێوازی بەرهەمهێنانەوە، هەروەک لە دووتوێی دەقیش دەرچوونە لە زیندانی جەستەو هەڵفڕینە بەرەو ئازادییەکانی نووسین، هەر لەم ڕووەشەوە تێکشکاندنی تەواوی شوێنکات لە ئەستۆ دەگرێت - هەمیشە سەرکێشانە دوای یادەوەرییەکان دەکەوێ و دژایەتی خۆی لەگەڵ واقیع ڕادەگەیەنێت، بێگومان هەموو ئەوانەش لە دەرئەنجامی تەنیایی و ژان و ژوارەکانی واقیعەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بەمجۆرە ڕابردوو دەشێ وەهمێکی جوان بێ، یاخود دنیایەکی لە باربێ بۆ ئازادی، هەموو ئەوانەش زۆر بەجوانی وەک گوتمان لای ڕۆماننووسەکانی ئەمریکایی لاتینی بەرجەستەکراون، بۆ نموونە «مارکیز» لە ڕۆمانی «سەدساڵ لە دووره پەرێزیدا» کاری بۆ کردووەو بەخەیاڵە سیحراوییەکەی شارۆچکەی «ماکۆندۆ»لە جێی خۆی دووبارە بەقەرەجەکان چێ دەکاتەوە.

ئەگەر ئەو شێوازەی ڕێبواریش بشێ تارادەیەک لە ڕۆماننووسەکانی ئەمریکایی لاتینی نزیک بکەینەوە، دەتوانین بڵێین: بەهەشتی ئەوبەر پردەکە بەشێوەی تەکنیکی گێڕانەوەی نوێ و مۆنۆلۆژی گونجاو هەوڵدەدات کاتی ڕابردوو لە دووتوێی کاتی ئێستا بچووک بکاتەوە، ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەش هەروەک زانراوە لە «دون کیشوتە»ەوە یۆتۆپیا کەوتە نێو ڕۆمانی ئەوروپاوە، یۆتۆپیای «دون کیشوتە»یش خەون و یەکسانی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە خۆگرتبوو - ئەوەو هەموو یۆتۆپیاکانی دیکەش دەشێ هەوڵێ بن بۆ بچووک کردنەوەی ئێستا لە میانی خەونەکاندا، یاخود بەرفراوانکردنی پانتایی خەونەکان و بچووک کردنەوەی





واقیع لە خۆ دەگرن، بەو مانایەش دەشێ «ڕێبوار» ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو خەونەشەوە هەبێت و لەوێشەوە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی دەق خۆی درێژ بکاتەوە، یان بەجۆرێکی دی ئێمە لە نێوان یادەوەری و خەیاڵدا هەوڵی گرتنی چەمکی ونبوون لە نێو دەقدا دەدەین.

«ڕێبوار» ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕابردوو یادەوەرییەکانەوە دەکات و «لەوێ» لە نزیکەوە دەست بۆ بەهەشت درێژ دەکات «دەشێ بەهەشت بەو مانایە ڕواڵەتی مێینەی لە خۆگرتنێ - هەر لەسەر ئەو بنەمایەوە گەڕانەوە بۆ دایک دواجار مۆرکی خۆی دەسەپێنێ» یاخود ڕاستەوخۆ دەست لە کۆمەڵێ خەونی چەپێنراوو وەهمی بچووککراوەو دووبارەکراوەی غەریب دەدا، کەواتە خودی ئەو مەسەلەیە دەکرێ لەمیانی پاڵنەری دووبارەکردنەوە لە ناشعوردا ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەگەر خودی ئەو پاڵنەرەش دەلالەت لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی «بەهەشتی ئەو بەر پردەکە» بکات، بەو مانایە تەواوی دوالیزمەکانی ناوەوەی دەق دەکرێ بەکردەی دووبارە بوونەوە بدەینە قەڵەم «لێرەدا مەبەستمان کردەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق نییە، بەڵکو کردەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی چەپێنراوەکانی ناشعور دەگەیەنێت» خودی ئەو کردەیەش لەلایەک باڵ بەسەر پرنسیپی چێژی کاراکتەردا دەگرێ و بەدیووی ئەو دیوویشدا لە شێوەی ژان و ژواردا خۆی نیشان دەدات. لەلایەکی دیکەش وەک بەدیل چەند دەریچەیەک بۆ ئارەزووەکانی خۆیان دەقۆزنەوە، بەڵام هەرگیز ئەو بەدیلانە بەحاڵەتی چێژ وەرگرتن ناگەن. بەواتایەکی دیکە ئەگەر بشێ لەلایەک بەهۆی کەڵەکە بوونی ئەو پاڵنەرە دەریچەیەک بۆ «گێڕانەوە» بسازێنن ئەوا بێگومان دەکرێ لەلایەکی دیکەدا هەناسەکانی ئەو پاڵنەرە بە «وتن» پەیوەست بکەین، بەڵام وەک گوتمان ئەگەر گێڕانەوە بەژان و ژوارەوە یان بەرووداوەوە پەیوەست بکەین و لەوێشەوە وتن یان شیعرییەت بەدەریچە بەدیلەکانەوە ببەستینەوە

بەومانایە هەرگیز دەق ناگاتە دواترۆپکی چێژ، یاخود بەمانایەکی دیکە دەشێ خودی ئەو مەسەلەیە هۆی کۆنترۆڵکردنی چێژ بێ لە بەرژەوەندی گێڕانەوەدا، کەواتە گونجانی پەیوەندییەکان هەمیشە بەپرۆسەی داهێنانەوە بەندەو دەکەوێتە حاڵەتی نائاگاییەوەو لەوێشەوە لەگەڵ ئاگایی ڕێک دەکەوێتەوە.

کەواتە ئەگەر گێڕانەوە لە دووتوێی یادەوەرییەکانی ڕابردوو – ڕووداوەکان – بەکەبت بوونەوە پەیوەست بکەین، ئەوا هەڵچوونە بەدیلەکان و دڵەڕاوکێی ناوەوە «یان هەوڵەکانی ڕاکردن لەنێو دەقدا دەشێ بەوتن – نومایشکردن –ی خەونەکان «لە هەڵوێستی جیاجیادا» بچووێنین.

بەمجۆرەش لە ترۆپکی لەزەتی بەهەشتی ئەوبەر پردەکە، کاتێ بەرەو واقیع و شعور دەبینەوە، یاخود کاتێ لەو بەهەشتە دەکەوینە نێو دیاردەی هەڵچوونی بەدیلەکان و هەڵوێستی جیاجیاوە، ئیتر دەریچەیەک بۆ پراکتیزەکردنی خەیاڵ دەکرێتەوە، بەڵام لە پاشاندا لە توێی گێڕانەوەدا ڕاستەوخۆ هەستێکی وجودی داگیرمان دەکات بڕواننە ل٤٧-٤٨ «ببوورن دەڵێم داگیرمان دەکات، ڕەنگە ئەوە پەیوەندی بە پرۆسیسی خوێندنەوەوە هەبێ، چونکە پرۆسیسی نووسین خودی کاراکتەر دەخاتە چوارچێوەی خۆیەوە نەوەک خوێنەر.» لە دووتوێی ئەو هەستە وجودییەش مرۆڤ خۆی لە بێهودەترین هەڵوێستدا دەبینێ، یاخود بەمانایەکی دیکە ئەگەر گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکان دەلالەت لە بەهەشت بکات و خودی ئەو بەهەشتە وەک ڕووداو دواجار لەبەر ئەنجامی کۆمەڵێک کارەسات و کۆمەڵێک وتاری شکستەوە سازابێت، ئەوا هەموو بەدیلەکانی دیکە وەک دڵەڕاوکێ و ڕاکردن و پاشان دژبوونەوە جۆرە هەستکردنێک لە خۆ دەگرێ کە تەواو غەرقی خۆ بەتاوانبار زانین و خۆ ونکردن دەگەیەنێت، چەمکی خۆ بەتاوانبار زانین و خۆ ونکردنیش زۆر بەتوندی بەچەمکی دڵەڕاوکێ و





لەوێشەوە بەپاڵنەرە ناشعورییەکانەوە بەندە.

لەلایەکی دیکەش خودی کاراکتەر هەرتەنها، لەکاتی ڕاکردن و هەڵوێستی جیاجیادا دووچاری دڵەڕاوکێ و نائارامی و ترسی دەروونی نابێت، بەڵکو هەر لەوکاتەی وەک بوونێک دەست بۆ ماهیەتی خۆی درێژ دەکات، ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە یەخەی دەگرێ، بەڵام کردەی خۆ بەتاوانبار زانین ڕاستەوخۆ بەوەعییەوە پەیوەستە «لەخانەیەکی کتێبخانەکەدا دوو زەرفی کاغەزی دادەگرت، یەکێکیان پڕبوو لەو وێنانەی دەمێک بوو چاوەڕێی دەستە ماندووەکانی ئەمیان دەکرد. بۆ ئەوەی دەریان بهێنێ و لە ئەلبومێکدا ڕێکیان بخات، ئەویدیان ئەو نامانەی تێدابوو کە هاوڕێ ئازیزەکانی بۆیان ناردووە..ل٨» لێرەدا دەرککردن بەتەنیایی و (دواجار دابڕان لەخود ڕەنگە تەنیا بەشعوورەوە پەیوەست نەبێ، چونکە مرۆڤ لەکاتە هەرە ناسکەکانی هەستکردن بەبوون بەدیووی ئەودیودا تەنیایی داگیری دەکات بەو مانایەش خودی تەنیایی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەئاگایی و دڵەڕاوکێ و گومانەوە هەیە، دوابڕیاری مەرجی مرۆڤی داهێنەرو هوشیار لەخۆ دەگرێت، بەڵام گەیشتن بەئەویدی دەشێ ئەو هێزە فریاد ڕەسە بێ، کە غەرقی بیرۆکەیەکی تەمومژاوییە، ئەو بیرۆکەیەش خۆ بەتاوانبار زانینە وەک لەپێشەوە ئیشارەمان بۆ کرد.

مرۆڤ هەمیشە لەنێو تەنیایی خۆیدا هەستدەکات کەسێ نییە دەستی بۆ درێژ بکات، خودی ئەو مەسەلەیەش دەکرێ بە ژیان و مردنەوە پەیوەستی بکەین، بەو مانایەش ئەزموونی ژیان و مردن دوو ئەزموونن لە تەنیایی مرۆڤدا، بەڵام ئایا مردن گەڕانەوە نییە بۆ ژیانی بەر لە دایک بوون؟ ئایا لە دایکبوون مردنەو مردنیش لە دایکبوونە.. ئەوە مەسەلەیەکە تەواوی مرۆڤایەتی هەمیشە لێی ڕادەکات، کەواتە ئاگایی خودو زەمەن و ئەقڵ و دابونەریت و هەموو ئەوشتانە دەشێ هەوڵێ بن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژیاندا

وێڵ و سەرگەردان بێت، یاخود هەموو ئەوانە دەشێ بەمانا «کافکا»یەکە دژە یۆتۆپیا بێت و ڕەنگە لە ناسکترین کاتدا هەستکردن بە وجود رایەڵەکانی بکێشێ و دواجار لە ترۆپکی ئەو هەستەوەش شتەکان خۆیان بچننەوە، بەمانایەکی دیکە لە نێوان دوو دژدا هەمیشە مرۆڤ هەست بەتەنیایی و ونبوون دەکات.

کاراکتەر کاتێ بڕیاری سەردانی هاوڕێ ئازیزەکانی دەدا - بۆ هەمان شاری خوێندن دەگەڕێتەوە لە گازینۆکەی جاران هەست بەکۆمەڵێ گۆڕان دەکات.. دەشێ گۆڕانکارییەکان چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە هەمان هەست کردن بوروژێنن، بۆیە خۆی وەک نامۆیەک دێتە بەرچاوو ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ و بەرەو هوتێلەکەو ژوورەکەی خۆی دەکەوێتە رێ لەم سەرەوە هەموو ئەو شتانە دەناسێتەوە کە چەندان جار بەلایانەوە گوزەری کردووە، بەڵام کاتێ دواتر بەر سیحری ژوورەکەی جارانی خۆی دەکەوێت بەهۆی دژبوونەوە هەستی نیگەرانی لادروست دەبێ، بۆیە کاتێک لە هوتێلەکە بەکۆمەڵێ سکاڵاوە دادەبەزێت، هەموو ئەو شتانەی لەو سەرەوە بەلایاندا گوزەر دەکات بەنەناس دێتە بەرچاوی. بەمجۆرە لە نێوان ناسین و نەناسین غەرق دەبێت و بێ ئامانج ڕێگا دەگرێتەبەر، بەڵام کاتێ هاوڕێیەکی بەهۆی ناوی خۆیەوە دەیهێنێتەوە ناو واقیع و دواجار بەڵێنی پێدەدات کە بۆ لای هاوڕێکانی بەرێت «لەبری ئەوەی بەئاڕاستەی باشووردا بڕوات ڕوویکردە باکوور..ل١٩».

گوتمان لە تەواوی دەقدا بەهۆی پاڵنەرە ناشعوورییەکانەوە هەمیشە چەمکی خۆ بەتاوانبار زانین و پاشان راکردن لە دووتوێی دوالیزمەکانەوە دواتر چەمکی ونبوون دەخەنەوە، بەڵام هەموو ئەو ڕەشبینییەش دواجار نابێتە هۆی خۆکوشتن «زۆربەی هاوڕێکانم خۆیان کوشت - ل٢» بەڵکو ئەو هەموو تێکشکانە لەبری هەڵبژاردنی مردن خۆ ونکردن دەکێشێ و دەبێتە





«گریگۆر سامزا»ی کافکا - و لە نێو دۆسییەی یادەوەرییەکاندا جێ دەمێنێ و پاشان وەک باوکە ئادەم لە هەڵوێستی جیاجیادا دەبێتە هەڵگری دژبوونەوەیەک و تاوانێک کە تاماوە پێوەی دەتلێتەوە، بەمجۆرە چەمکی راکردن و دژبوونەوە دەشێ هەستێکی (کافکا)یانە بێ و تەئکید لە تەمومژی دنیاو ئاییندە بکاو لەوێشەوە بەدڵەڕاوکێی خودی مرۆڤ پەیوەست بێ، بەو مانایەش لێرەدا ڕەنگە بتوانین چەمکی تەمومژی ڕاستەوخۆ بە گوتارە سەلەفییەکانەوە پەیوەست بکەین. ئەو وتارانەی کە هەمیشە لە ئامادەباشییەکانی خۆیاندا ڕێگا لە پرسیارە لەبن نەهاتووەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەگرن و لەمیانی ژاوە ژاوی خۆیاندا دەیانشێوێنن و ناهێڵن بێنە سەر حاڵەتی وتن.

چەمکی دڵەڕاوکێش پەیوەندی بە یۆتۆپیاوە دەکات، ئەو یۆتۆپیایەی کە لەدوا سەدەی نۆزدە تەواوی ئاسۆکانی بەدیارکەوت و لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا تێکەڵی ئایدیۆلۆژیا بوو.

کەواتە «ڕێبوار حەمە ڕەحیم» لە سەلەفییەتی گێڕانەوەی چیرۆکئامێزو دڵەڕاوکێی یۆتۆپیا ئامێزی وتندا تاکە فریاد ڕەسی لەم نێوانەدا -وەک گوتمان لەبری هەڵبژاردنی مردن- خۆ بە تاوانبار زانین و لەوێشەوە راکردن و دواجار وەک «گریگۆرسامزا»ی کافکا ونبوون لەخۆ دەگرێت، ئەگەرچی بەو مانایەشەوە دەکەوێتە دووتوێی ناشوێنەوە، بەڵام لەخودی خۆیدا شوێنێک بۆ ژیان شک دەبات، ئەو شوێنەش وەک ئیشارەمان بۆ کرد دژە یۆتۆپیاو دژە گێڕانەوەیە.

«دون کیشوتە» هات خەونێکی خۆش بسازێنێ و «تۆماس مۆر» لە دووتوێی یۆتۆپیاکەی خۆیدا بانگەشەی لێبوردنی ئایینی و یەکسانی و ئازادی ڕاگەیاند «کامبانیلا» دەسەڵاتی زانست و زانیاری بەپێشڕەو دانا.. بەڵام دواجار چارەنووسی هەموو خەونەکان بەرەو واقیع و سنووری

دیاریکراو و لە کۆمەڵێک بۆچوون بەدەرنەبوون، ئیتر هەموو خەونەکان بەمجۆرە هەڵوەرین - یۆتۆپیای «کەلەکوڕان و ئاسکەکچانی» شێرزاد حەسەن و «ئێوارەی پەروانەی» بەختیار عەلی و «بەهەشتی ئەوبەر پردەکەی» ڕێبوار حەمە رەحیم - دوا چارەنووسی خۆیان لە واقیع - مردن رەنگڕێژ کرد، بەو مانایەش هەمیشە واقیع - مردن کەم و کوڕی و کۆت و بەندی خۆی هەیە و دووبارە خەون بە کەماڵەوە دەبینێ، مردنیش تەواوی ئەو خەونە لە خۆدەگرێ، لەو بازنەیەشدا دەشێ بڵێین مرۆڤ هەمیشە بوونەوەرێکی یۆتۆپی‌یە، بەڵام ئەدەب لە نێوان چەمکی تەمومژ و چەمکی دڵەڕاوکێ‌دا ونبوونی خۆی رادەگەیەنێت، هەر لە دووتوێی ئەو ونبوونەشەوە وەک «باختین» لە باسی رۆماندا دەڵێ: دەبێ بڕوامان بەشێوەی کراوەوە هەبێت، خەیاڵیش هەمیشە بەتەواوی هۆی سەرەکی کرانەوەی ئیرادە لەخۆ دەگرێت، کەواتە خۆ ونکردنی «ڕێبوار» دەشێ ئیرادەیەک بەڕێوەی بەرێت، ئەو ئیرادەیەش لە دژبوونەوەی مرۆڤی یاخییەوە هەڵقوڵاوە.

وەک گوتمان ئەگەر خەیاڵی «ڕێبوار» ئالیاتێک بەڕێوەی بەرێ و خودی ئەو ئالیاتە لەسەرگوتن و گێڕانەوە ونبوونی خۆی دامەزرێنێ، دەشێ ئەو شێوازە لە بەدواداچووندا پارچەیەکی نوێ بەپێی ئەزموونی خوێندنەوەو نووسین بخاتە روو، هەر لە توێی کردەی خوێندنەوەشدا ئێمە هەنگاو بەرەو دەق دەهاوێژین، کەواتە لە وزەکانی خەیاڵی نووسەرو خەیاڵی خوێنەرەوە دەتوانین ئیرادەی دژ بوونەوە دروست بکەین و پەرچەکردارە ناشعورییەکان بگرین.

لە «بەهەشتی ئەوبەر پردەکەدا» وەک گوتمان رەگەزی خەیاڵ و مەنەلۆگ و فلاشباکی کردارەکان تەواوی دەق لە بۆتەی گێڕانەوەدا کۆنترۆڵ دەکەن و لە توێی رەهەندە دوورەکانی هونەری نومایشکردنەوەش دەقێکی کراوەمان پی دەبەخشن، یاخود دەلالەتەکان لەمیانی گوتنی شت و گێڕانەوەدا دواجار





خوێنەر بەرەو دنیای ناپێشنیار کراوو شڵەژاوی داهێنان دەبەن، ئەو رۆحە سەرکێشەی «ڕێبوار» بەتەواوی دڵەڕاوکێوە هەنگاو بەرەو یادەوەرییەکان دەهاوێژێ، لە میانی گێڕانەوەشدا هەموو هەوڵەکانی خۆی لەپێناو پڕۆسیسەکردندا تەرخان دەکات.

ئەگەر بەومانایەش هەمیشە یادەوەرییەکان دژی گێڕانەوە بکەونەوە، ئەوا لەلایەکی دیکەوە گێڕانەوەش هەمیشە دژی واقیع خۆی والا دەکات، بەمجۆرەش پڕۆسەی گوتن لەمیانی گێڕانەوەو یادەوەری‌دا - پڕۆسەی گێڕانەوە لە میانی گوتن و خەیاڵدا هەمیشە لە «گێڕانەوە - واقیع/ خەیاڵ - واقیع» نووسینی تەقلیدی خۆیان لادەدەن، ئەو خۆلادانەش بۆ ئەو گوتەیە تەواوی پێکهاتەو رەگەزەکانی نێو دەق لە دوالیزامیەتی گێڕانەوەو شیعرییەت دا بەرجەستە دەکەن، هەروەک ئاشکرایە هەموو ئەوانەش دەکەونە سەر ئەو زمانە جیرەی کە هەمیشە سەرنج بۆ تایبەتمەندییە خۆییەکانی خودی دەق رادەکێشێ، بەمەش لایەنێکی هاوکاتی «تضامن» بەزمانی دەق دەبەخشێت[٨]. هەروەها دەشێ وەک بونیادی هونەریش ئاماژەی بۆ بکەین، بەو مانایەش نووسەر بەرۆحێکی هونەرییانەوە کێشەی دەروونی مرۆڤێکی هوشیارو رۆشنبیر لە توێی پەیوەندییەکانی گێڕانەوە و گێرەڕەوەی هەموو شت زانەوە رەسم دەکات، بەو رەسم کردنە سەیرو سەمەرەو غەمگینەشەوە خوێنەر بۆ خۆی کێش دەکات.

کاراکتەری سەرەکی «ڕێبوار» وەک «دون کیشوتە» هەمیشە لە خەون و خەیاڵدا دەژی و لە ژوورەکەی خۆی «نهۆمی دووەم» بەهەڵدانەوەی دەفتەری یادگارییەکانی خۆی خەریک دەکات، دواجاریش هەوڵدەدات بەپراکتیزە کردن هەڵبسێ «هەرچەندە دەشزانێ هەموو هاورێکانی خۆیان کوشتوە- بڕوانە ل٢٦» دەشێ لەم بارەیەوە تۆزێ لە «یوم صامت في طنجە»ی طاهر بن جلون نزیک بکەوینەوە، لەلایەکی دیکە ئەو سەردانە

یاخود گەڕانەوەیەی کاراکتەر بەهۆی گێڕانەوەی هاوکاتیەوە کۆمەڵێک دیمەنی ڕەنگڕێژ کراوی نێو دەق بەفەزایەکی غەمگینەوە لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، بەو مانایەش هەستدەکەین گێڕانەوەی هاوکاتی ئیمایەک بە جوولە و دیمەن و هەموو شتەکانی دیکەی نێوان ئێستاو رابردوو دەبەخشێ و بەرە بەرەش لە دووتوێی چنیندا وەسف بڵاو دەبێتەوەو پاشان دایەلۆگ و شوێنی وەسف کراو بۆ نموونە: ژووری ماڵەوە نهۆمی دووەم- هوتێل نهۆمی دووەم و ژمارە (٢٢) و دواجار کۆشکە سیحرییەکەش لەدوو نهۆم پێکهاتووە، دوالیزمیەتی شوێن لە ژمارە دوودا خۆیان وێک دێننەوەو کۆمەڵێک دەلالەتیش لەخۆ دەگرن، بەڵام ئێمە تەنها وەک دەلالەتی شوێن لە دەق دا بە جەستەی تەنیاو دواجار ونبوونی نێو دوالیزمەکان پەیوەستی دەکەین.

بەمجۆرە کاراکتەر وەک جەستەیەکی بێ کردەو بێ وتە لە واقیع و هەردوو نهۆمی «ماڵ-هوتێل» دوای یادەوەرییەکان دەکەوێت و تا دەگاتە بەهەشتی ئەوبەر پردەکە - بێگومان «بەهەشت» لەنێو دەقدا سیحری نووسین لەخۆ دەگرێ و لەلایەکی دیکەش لە کۆمەڵێک دەلالەتی ڕەمزی و ئەفسانەیی نزیک دەبێتەوە، هەروەها ئەو وەسفە بڵاوەی کە لە ئیمای گێڕانەوەی هاوکاتیەوە هەڵدەقوڵێ تەواوی پێکهاتەکانی نێو دەق کۆنترۆڵ دەکات و دوالیزمەکان لەوێوە دەڕژێن، خودی ئەو دوالیزمەش هەمیشە لە بەرامبەرکێ وکێشە دایە، وەک گوتمان نووسەر لەنێوانیاندا دواجار ون دەبێت، واتە ئەو ململانێیە لە دووتوێی بەرجەستەکردنی «بەهەشت» وەک شوێن - کاتی ناوەکی و گیانی هونەریدا خۆیان دەنوێنن، بەڵام ئەوگیانە هونەرییە لەلایەکی دیکەوە لە میانی «ناونیشانی دەق»دا کۆمەڵێک ئەرک لەخۆ دەگرێت، واتە بەرگی ئەو نۆڤلێتە دەبێتە باشترین شوێن بۆ وەشاندنی پرسیارە بێ وەڵامەکان.





لەلایەکی دیکەش بەهۆی گێڕەرەوەیەکی نومایشکارانەوە تەواوی خۆی تێکەڵی گێڕانەوە دەکات، واتە کەسێتی گێڕەڕەوەو کاراکتەری سەرەکی تەماهی یەکتر دەبن، لەم بارەشەوە ئەگەر پەنجە بۆ دایەلۆگی نێو دەق درێژ بکەین، دەبینین تاک زمانی تەواوی پێوە لکاوە، بەڵام خودی ئەو تاک زمانیەش پەیوەستە بە مۆنۆلۆگ و دەکەوێتە دووتوێی سیحری دوالیزمەکان و دواجار دووچاری لادانێک دەبێت-بڕوانە:

- ئەو هاوارە چییە؟
* گوێم لە هیچ نییە. ل ٢٣
- دایکە موو بەسەرمەوە نەما؟
* باوکیشت بەرەحمەت بێ زوو سەری رووتاوە - ل٥٤.

لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ ئەو لادانانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەگێڕەرەوەدا هەبێ، واتە کرداری گێڕانەوە بەشێوەیەکی واڵاکاری هەمیشە هەڵچوون پێش دەخات، بۆیە نوماشکارانە خۆی دەنوێنێ، ئەوەش ئەگەر لەلایەک بەخودی گێڕانەوە پەیوەستی بکەین، بێگومان لەلایەکی دی فەزای گوتن -شیعرییەتی دەق- دەوری سەرەکی تیا وازی دەکات.

«بەر لەوەی چاوەکانی بەم رادەیە کز بن و نەخۆشییەکەی «یان نەخۆشییە سەیرەکەی» بەتەواوی لە پەل و پۆی بخات، هەموو رۆژێک چەند جارێک لەسەر جێگاکەی هەڵدەسا، دەستی بەدیوارەکانەوە دەگرت و بەلەرزە لەرزو هەزار حاڵ خۆی دەگەیاندە لای کتێبخانە بچکۆلەکەی..ل٧»

لەپێشەوە گوتمان نووسەر لەتوێی رێکخستنی دوالیزمەکانەوە بەشێوەیەکی هاوکاتی هەوڵی گرتنی کۆمەڵێک دەلالەتی داوە، بەڵام ئێمە نامانەوێت پەیوەندی دەلالەتەکان بەواقیع پەیوەست بکەین «مەبەستمان واقیعی کوردییە» بەڵکو هەوڵدەدەین لە توێی خودی دەلالەتەکانی نێو دەق پەیوەندییە دوالیزمەکان بە یەکترەوە بلکێنین، دواجار لە بونیادی هاوکاتی

ناوەکییەوە بەرەو شوێن و لەوێشەوە بەرەو ناشعور بگوازینەوە، کەواتە «کزبوونی چاو» وەک لەدەسپێک هاتووە دەشێ راستەوخۆ لەلایەک پەیوەندی بەفەزای بەهەشت و کۆرپەلەکانەوە -وەک دوا سنوور- هەبێ، لەلایەکی دیکەش ترس و نیگەرانی قۆناغی منالّی دەوری تیا بگێرێ.

هەروەها دەکرێ هەردوو پەیوەندییەکە دواجار بە باوک پەیوەست بکەین، چ لەزەمەنی رابردوو چ لە ئێستادا، بەو مانایەش هەردوو -سەرەتا و کۆتایی- لەشێوەی هاوکاتی لەدووتوێی دەقدا ونبوونی باوک لە ئەستۆ دەگرن، دەشێ لە هەمان کاتیشدا ونبوونی کاراکتەری سەرەکی راستەوخۆ بەدیلی ونبوونی باوک بێ، بەومانایەش خودی رێکخستنی رووداوەکان دەشێ تێکەڵکێشانە خۆیان وازی بکەن و لە خودی ئەو تێکەڵکێشییەش پەیوەندی بەدژبوونەوەوە ببەستین.

کەواتە نووسەر هەوڵدەدات لەمیانی نائامادەیی باوک «وەک دژبوونەوەیەک» لێرەولەوێ، ئامادەی دایک-حیکایەتی ئەوێ «مێژوو-رابردوو» تێکەڵکێشی حیکایەتی ئێرە «واقیع-ئێستا» بکات، هەر لە دووتوێی ئەو تێکەڵکێشییەش مانا شاراوەکانی حیکایەتی دووەم بەهۆی حیکایەتی یەکەم دەدۆزینەوە.

بەڵام ئایا نائامادەیی باوک دەلالەت لە هەڵوەشانەوەی شیرازەکانی «بەهەشتی ئەوبەر پردەکە» دەکات، هەروەک لای شێرزاد حەسەن و حەسار بەرچاومان کەوت، پرسیارەکەمان ئەوەیە ئایا سەرگەردانی کاراکتەرو لەناوچوونی ئەو هەموو کۆرپەلانە دەلالەت لە نائامادەیی مەعریفەو ئامادەیی وەهم دەکات؟ یاخود ئایا دەشێ وەهمێک بێ دەلالەت لە ژیانی دوای مردن و مردنی لە دایکبوون بکات...

گوتمان ئەگەر بۆ بەدواداچوونی خودی دەق دوای پێکهاتە دوانییەکان بکەوین هەمیشە دواجار خۆمان لە نێوان گێڕانەوەو گوتندا دەدۆزینەوە





لەوێشەوە گێڕەرەوە یاخود کاراکتەری سەرەکی لەم نێوانەدا بەهۆی ممارەسەکردنەوە ونبوونی خۆی رادەگەیەنێت، بەمەش خوێنەر دەوری سەرەکی لە داهێنانی دەقدا بەردەکەوێت.

لەلایەکی دیکەش بەرجەستە کردنی ژمارە (٢) وەک شوێن هاوکات لەگەڵ دوانیەکانی دیکەی دەق دا پەیوەندییەکی تایبەتیان بەگەڕانەوەی شوێنی دووەم «خەیاڵ-بەهەشت»ەوە هەیە، واتە دەشێ بڵێین گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم «هوتێل» هەمان دەلالەتی شوێنکاتی خەیاڵی «بەهەشت» لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە: شوێنی یەکەم «هوتێل» بەپەلە جێ دەهێڵێ «زۆربەی ئەو پەڕانەی لێ جێما کە لەسەر هەریەکێکیان بەسەرهاتی رۆژێکی تەمەنی تۆمار کردبوو... ل١١» هەروەک لە راکردنی دووەمیشدا هەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە، رەنگە خودی ئەو مەسەلەیەش راستەوخۆ بۆ پاڵنەرە ناشعورییەکان بگەڕێتەوە «بە تەواوی لە ژنەکە نزیک بۆوە و ئەو بۆنەی لە سەبەتەکەوە بڵاودەبۆوە بەیەکجاری شێت و شەیدای کرد، پڕی کرد بە سەبەتەکەداو لە قوڵی دەرهێنا.. ل٤٥» تێکەڵکێشی وێنەی ئەو دوو رووداوە دواجار لەسەر کۆمەڵێک بنەمای نێو دەق و دەلالەتەکانی نێو واقیع خۆیان تۆکمە تر دەکەن، واتە ئەگەر لە یەکەم باردا پەلەپەلی هۆی لە دەستدانی کۆمەڵێ یادگاری لەخۆ گرتبێت، ئەوا لەراکردنی دووەم وێنەی دژبوونەوەیەک ئەو ئەرکە دەنەخشێنێ، کە هەمیشە ناشعوری داگیرکردووە، ئەو دژبوونەوەیەش تەماهی یادگارە جێماوەکان دەبێ و وەک مۆتەکە لە ناشعوریدا دەژیت، دەشێ خودی ئەو مۆتەکەیە پەیوەندی بە چەپێنراوەکانەوە هەبێ و دوالیزمیەت لەدووتوێی گێڕانەوەو گوتن‌دا وازیان پێ بکات.

لەلایەکی دیکەش دەکرێ ونبوونی باوک کۆمەڵێک دەلالەتی نامەعقول لەنێو دەقدا بڵاوبکاتەوە بەو مانایەش وێنەی باوک هەمیشە لە دەروونی

کاراکتەردا رەنگدەداتەوەو لەوێشەوە خۆی تەماهی وێنەی مامۆستا و دواجار وێنەی پەیکەرەکە دەکات - لە پشت ئەو وێنەیەشەوە چەپێنراوەکان لە هەوڵە بەردەوامەکانی خۆیاندان و دواجار دەریچەیەکی وەهمی بۆ خۆیان دروست دەکەن «لە پشت مامۆستاکەیانەوە بە بەردەم ئێسکە پەیکەرێکدا دەرۆیشتن، کە لە دولابێکی شووشەدا لەراڕەوێکی درێژدا دانرا بوو، ئەو راڕەوەی دەرگای هەموو تاقیگەکانی لەسەر بوو- ئەوەندە بەو راڕەوە گوزەریان کردبوو هیچ یەکێک لەوانە سەرنجی رانەدەکێشا بەخێرایی بەدەم قسەکردن و پێکەنینەوە تێدەپەڕین، بەڵام ئەو بەجۆرێک لە سامەوە وەک سامی رۆیشتن لە دوای جەنازەیەکەوە گوزەری دەکرد، گشت جارێکیش گوێی لە دەنگێکی خنکاو دەبوو کە لە دۆلابە شووشەکەوە دەهاتە دەرێ و دەیگوت: رۆژێک دێ من و تۆ دەبینە هاوڕێ- ل١٠-١١» ئا لەوێوەوە لەپشت مامۆستاکەو ئینجا دواتر لە ئێسکەپەیکەرە نادیارو دیارەکەی ماڵەوە خۆیان دووبارە دەکەنەوە «بەڵام بەداخەوە ئێمە لەم نووسینەدا کەمتر پەنجەمان بۆ ئەو رەگەزە سەرەکییەو چەند رەگەزێکی دیکەی نێو دەق بردووە-هیوادارم لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا کار لەسەر دوو بونیادی سەرەکی ئەو دەقە بکەم».

خودی سەبەتەکەش وەک تاکە رەمزی نزیکبوونەوە لە «بەهەشت- ئافرەت» لە غیابی باوکدا، دواجار بەر کۆمەڵێک پرسیاری ئەخلاقی دەکەوێت، دەشێ ئەو پرسیارە ئەخلاقیانە خوێنەر یان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر کۆمەڵگا خۆی بە لێپرسراویان بزانێت.

لەلایەکی دیکەش دەشێ لە دووتوێی بەجێ هێشتنی خودی سەبەتەکەو نامەو کتێب و تەواوی یادگارییە بەجێ ماوەکانی دیکەدا هاوکاتی ناوەوەی دەق رابگەیەنین، بەراگەیاندنی کاتی ناوەکی دەقیش نەخۆشییە سەیرەکەو کزبوونی چاو هەڵگری ئەو وەهمە دەبن کە لە ساتە وەختی





ئێستادا لەبری مەعریفە داگیرمان دەکات.

(٢)

دەشێ دەرکەوتەی خۆ بەتاوانبار زانین لەم دەقەدا راستەوخۆ لە پاڵنەرە ناشعوریەکانەوە هەڵقوڵابێ و لەوێشەوە پەیوەندی بە دەرکەوتەکانی شعورەوە بکات، واتە کاتێ (پەیکەر) لە دووتوێی دەقدا وندەبێت، ساتی خۆ بە تاوانبار زانین وەک دەرکەوتەو ئاکامێکی بێ پاساو بەرجەستە دەبێت، گوتمان ئاکامێکی بێ پاساو، چونکە دواجار هەوڵدەدەین دەرکەوتەی پەیکەر بە قۆناغی خوێندنگاو کەشف کردن و زەمەنی ستونییەوە پەیوەست بکەین. لەسەر ئاستی کاراکتەرو خوێنەرو نووسەر بیخەینە بەر خوێندنەوە.

بەڵام لەکاتی ئامادەیی (پەیکەر)دا، خۆ بەتاوانبار زانین وەک بنکەوتێک، یان بەشێوەیەکی دیکە وەک هۆیەک بۆ بە عەقڵانی کردنی شتەکان دەچێتە ژێر پاساوەکانی شعورو لەوێدا بێ ئەوەی ئەنجامەکانی پێ دیاری بکرێت بۆ خۆی مت دەبێت، بەدیوەکەی دیکە هەموو ئەوانە، بەڕاگەیاندنی کاتی ناوەکی دەق لە یەکتر نزیک دەبنەوەو تێکەڵ بە یەکتر دەبن، هەر لەمیانی ئەو تێکەڵبوونەش (نووسەر) خاڵی کۆتایی و ونبوونی تەواو لەدووتوێی دەقدا دادەڕێژێ (رۆژێک دێ من و تۆ دەبینە هاوڕێ- ئێسکەپەیکەر- بڕوانە بەهەشتی ل١١.

لێرەو لە درێژەی ئەم نووسینەوە هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی جیاواز بەدەوری ئەو دووخاڵەدا ئامادەیی خوێندنەوەو نووسینەوەو گێڕانەوە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، واتە ئامادەیی خوێنەر بەخوێندنەوەو. نووسەر بەنووسینەوەو کاراکتەر بەگێڕانەوە بەند دەکەین. کەواتە کاتێ گێڕانەوە پەنجە دەخاتە سەر دوالیزمی (مەرگ - خۆ بەتاوانبار زانین»، دەق وەک

میکانیزمێک ملکەچی یاسا خودییەکانی کاراکتەر دەبێ، بەڵام پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەو میکانیزمە تا چەند دۆگمابوونی دەق دەگەیەنێت و تا چەند پەیوەندی بەبەرژەوەندی خوێنەرەوە دەکات! ئایا لەم حاڵەتەدا خوێنەر دوای دەق دەکەوێت، یاخود دەق خوێنەر بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

گریمان دەق هەمیشە رووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە، هەمیشە رووبەڕووی تەحداکانی خوێنەرو لێکدانەوەو راڤەکردنەکانی خوێنەر دەبێتەوە، بەڵام لە بیریشمان نەچێت کە دەقی زیندوو بۆخۆی هەڵگری سیحرێکە لێرەدا ئەو سیحرە جارێک بەسیحری نووسین و پرۆسەی ئیبداعی و جارێکی دیکەش وەک ماڵی خوێنەر مامەڵەی لەتەکدا دەکەین، هەر لەدرێژەی ئەو رستەیەشەوە کاتێ خوێنەر رووبەڕووی تەحداکانی دەقی نووسراو دەبێتەوە، دەشێ خوێندنەوە لەم حاڵەتەدا وەک ماڵێک بۆ حەوانەوە دەستنیشان بکەین بەڵام لەبیریشمان نەچێت دواجار ئیشکالیەتی ئەو ماڵە راستەوخۆ دەلالەت لە ئیشکالیەتی خوێندنەوە دەکات، بۆیە ئیتر وشەی (ماڵ) لەدووتوێی خوێندنەوەی جیاوازو بەدوایەکدا هاتوودا هەمیشە پێویستی بەناونانی جیاوازو تێکشکاندن دەبێت. بەواتایەکی دیکە خودی ئەوماڵە لەدووتوێی هەڵوەشانەوەی گێڕانەکانەوە (وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد»[*] هەمیشە بەرەو گێڕانەوەی نوێ هەنگاو دەنێ، ئەو گێڕانەوە نوێیەش راستەوخۆ پەیوەندی بەچوارچێوەی ئەو ماڵە دەکات، یاخود بەمانایەکی دیکە چوارچێوەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خوێنەر پێگەکانی دادەڕێژێ، کەواتە خوێنەر لە بەرامبەر دەق رادەوەستێ و لەپشتی دەقەوەش ئەو ماڵەی کە بۆ حەوانەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئامادەیی هەمیشەیی خۆی بۆ بەرهەمهێنانەوە دەخاتەڕوو، بەرهەمهێنانەوەی کاراکتەر.

بەڵام ئەگەر بەرامبەر وەستانی دەق وەک لایەنی دووەمی هاوکێشەکە





بینینی نووسەر بخەینەڕوو، یان بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر نووسەر بەهۆی چوارچێوەی بیرکردنەوەی خۆیەوە وەک ئاوێنەیەک خۆی بنوێنێ، واتە جارێکی دیکە لە رێگەی دەقی نووسراوەوە خۆی بەرهەم بهێنێتەوە لەم حاڵەتەدا بۆ دۆزینەوەی خوێنەری ونبوو دەبێ لەودیو میتافیزیکای نووسەرەوە بگەڕێین، بەمانایەکی دیکە پێویستە بزانین کە دەڵێین خوێنەر دەق بەئاوێنەی خۆی دەزانێ و لەو ئاوێنەوە تەماشای خۆی دەکات، شتێکەو کە دنیای خۆی لەنێو دەقدا پراکتیزە دەکات شتێکی دیکەیە، ئەگەر یەکەمیان پەیوەندی بەسیحری دەقەوە بکات، بێگومان دووەمیان بەلۆژیکی خوێندنەوەوە پەیوەستەو دەرگایەکی والآشە بۆ خوێندنەوەی جیاواز، بێ سنووری خوێندنەوەکانیش راستەوخۆ دەلالەت لە تێکشکانی میتافیزیکای نووسەرو لەلایەکی دیکەش دەلالەت لە سیحری دەقی نووسراو دەکات. کەواتە ئەگەر لە «بەهەشتی ئەوبەر پردەکە» سیحری دەق وەک قەڵەمڕەوی نووسەر تەماشا بکەین «هەروەک دواجاریش منی کاراکتەرو دوالیزمی پەیکەرو خۆ بەتاوانبار زانین بەهەمان شێوە دەخوێنینەوە» لەم حاڵەتەدا خۆسەپاندنی نووسەرو خۆنواندنی لە ماڵی ناوبراوی خوێنەردا لۆژیکێک بۆ چوارچێوەکانی بیرکردنەوەی خوێنەر دادەڕێژێ، واتە وەک میکانیزمێک تەواوی جووڵەکانی خوێنەر داگیر دەکاو وەک بابەتێک لە خۆیدا دەیتوێنێتەوە.

بەڵام وەک روونمانکردەوە لایەنی دووەمی ئەو هاوکێشەیە دەشێ وەک ماڵێکی راگوزەری خوێندنەوەی جۆراوجۆرو لە هەمان کاتیشدا خودی نووسەریش وەک خوێنەرێک شوێنی شیاوی لەو ماڵەدا دەست بکەوێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهۆی پشت بەستن بەلۆژیکی سیحر، واتە لۆژیکی سیحر، واقیعێک بۆ خوێنەر دەسازێنێ، منی خوێنەریش لە رێگەی لۆژیکی خوێندنەوەوە تایبەتمەندێتی خۆی پراکتیزە دەکات،

بەومانایەش دەق وەک بابەت و خوێندنەوە، وەک بابەتێکی دیکەی جیاواز تێکەڵ بەپرۆسە ئازادەکانی نووسینەوەو بەرهەمهێنانەوەی بەردەوام دەبێت، لەم حاڵەتەشدا لە ڕێگەی سیحری خوێندنەوەوە ماڵێکی ڕانەگەیاندراو بۆ بەرهەمهێنانەوەی جیاواز بەجێ دەمێنێ.

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەموو خوێندنەوەیەک لە خودی خۆیدا تایبەتمەندی ساتەوەختی خۆی هەڵگرتووە (لە ساتەوەختی دیاریکراویشدا ئیشکالیەتەکانی خۆی ڕادەگەیەنێت». واتە کاتێک خوێنەر لە دووتوێی چوارچێوەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی لۆژیکێک بۆ خوێندنەوە دادەهێنێ، لەم حاڵەتەدا خەیاڵی خوێندنەوە لە چوارچێوە نادیارەکەی ناخی خوێنەرەوە بۆ چوارچێوەیەکی ڕاگەیاندراو دەگوازرێتەوە و لەوێدا سنوورێک بۆ بیرکردنەوەو خەیاڵ دادەڕێژێ.

بەڵام لە دووتوێی «بەهەشتی ئەوبەر پردەکە» هەرگیز ناشێ ڕاستەوخۆ و بێ پاساو تەکنیکی گێڕانەوە لەگەڵ خەیاڵی داهێنراوی کاراکتەردا لەیەک نزیک بکەینەوە. واتە بەجۆرێکی دیکە ئەگەر بچووککردنەوەی کاتی ڕابردوو لە ئێستاو بەرفرەوانکردنی پانتایی خەونەکان دەلالەت لە چوارچێوەی ڕاگەیاندراوی کاراکتەر بکەن، لەم حاڵەتەدا بچووککردنەوەی بازنەکانی واقیع هەمیشە دەشێ دەریچەیەک بێ بۆ خۆونکردنی خوێنەر، خودی ئەو نیازەش بەڕای ئێمە هەمیشە لە پشت میکانیزمی نووسینی زیندوودا خۆی حەشارداوە، یاخود لە پشت دەقی ئیبداعی دایە، هەمیشە ئەو خاڵەشە کە دەق بۆ خوێندنەوەی بێ ژمار دەوروژێنێ. بەمجۆرە خوێنەر دەکەوێتە بەرامبەر پانتاییەکی بەرفرەوان و بێ سنوور کە دواجار دەبێ هەمیشە قسەی دیکە هەبێ، بۆ ئەوەی بەرامبەر نیازی ناوبراو بڵێ هەم، بەدووبارە کردنەوەی ئەو «هەم»ەش چێژی خوێندنەوە پراکتیزە دەکات.

گریمان چەمکی خۆ بەتاوانبار زانین ڕوویێکە لە ڕووەکانی مەرگی





کاراکتەر، واتە کاتێ کاراکتەر لەدووتوێی دەقدا دەڵێت: هەموو هاوڕێکانم خۆیان کوشت، دەبێ بزانین کە زیندوویێتی خودی کاراکتەر لەم حاڵەتەدا ڕستەیەکەو ڕاستەوخۆ ئاراستەی دنیای خوێنەر کراوە، ڕستەیەکە و خودی خوێنەر دەخاتە نێو تۆڕی پەیوەندییەکان و پێچاوپێچێتی نووسینەوە، بۆیە لە میانی ئەو باسەماندا هەوڵدەدەین بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییەکانی دەق هەڵبوەشێنینەوە، بەڵام دەبێ لەبیریشمان نەچێ کە بۆ خودی ئەو هەڵوەشانەوەیە هەرگیز ناشێ هاوڕێکانی کاراکتەر، ئەو هاوڕێیانەی کە بەخۆکوژی هەڵساون، یان بەواتایەکی دیکە «دەسەڵاتی دەق» ڕابەرایەتیمان بکات، بەڵکو بۆ ئەم کارە ڕاستەوخۆ پشت بەدوالیزمی دەرکەوتن و بنکەوتن دەبەستین.

کەواتە ئەگەر ڕووی یەکەمی کاراکتەر بەهەمان شێوە بەپرۆسەی خۆکوشتنی هاوڕێکانیدا گوزەری کردبێت و خۆ بەتاوانبارزانینیش وەک دەلالەتێک ئەم حاڵەتە بنوێنێ، ئەوا ڕووی دووەمی لە پەیکەری نێو سندوقە شووشەکەدا بەرجەستە دەبێت، دواجاریش سەبەتەکە لەلایەک وەک ڕەمزێک بۆ بەهەشتی لەدەستچوو. لەلایەکی دیکەش هەموو ئەو پەڕە بەجێماوانەی (هوتێل) کە هەریەکێکیان بەسەرهاتی ڕۆژێکی تەمەنی لێ تۆمارکرابوو دووبارە دەشێ ڕەمزێک بێ بەڵام لە پێناو بەهەشتی داهاتوو، «واتە سەبەتە  وەک شتێک کە قابیلی ڕزینە ر نووسین وەک مانەوە» لە نێوان هەردوو ڕەمزیشیدا جەوهەری خۆ بەتاوانبار زانین خۆی درێژ دەکاتەوە، هەر لەم لێکدانەوەیەشەوە دەتوانین دەست بۆ حەقیقەتی کافکایانە بەرین کە ئەویش پاساو هێنانەوەیە بۆ سزا، یاخود بەمانایەکی دیکە لە تەواوی ئەو دەقەدا «سزا بەدوای گوناهدا دەگەڕێ» ڕستەیەکە دەشێ بەجوانی تیمەی دەقی لەخۆدا هەڵگرتبێ.

بەشێوەیەکی دیکەش ئەگەر کاراکتەری دەقی بەهەشتی ئەوبەر پردەکە

لە پرۆسەی دژبوونەوەدا چەمکی مەرگ جارێک وەک «مەرگی هاوڕێکان»و لە شێوەی گشتی داو جارێکی دیکە بەشێوە تایبەتییەکەی (خۆ بەتاوانبار زانین) پراکتیزە بکات، لەم حاڵەتەدا دەشێ بۆ دروستکردنی وێنەی دووەمی کاراکتەر راستەوخۆ پەنا بۆ خودی پەیکەر بەرین، تابتوانین بڵێین کاراکتەر لەدووتوێی بەشت بوونەوە هەوڵیداوە مەرگ بەڕووی دەرەوەی خۆی ببەخشێ. بەمجۆرە لەدووتوێی بچووککردنەوەی بازنەکانی واقیع و پرۆسەی دژبوونەوەدا ساتەکانی مەرگی کاراکتەر بەرامبەر مەرگی هاوڕێکانی، تێکەڵ بە پەیکەر دەبێ و لەدووتوێی ئەو تێکەڵبوونەش ستراتیژییەتی خودی دەق رەنگدەداتەوە، واتە خودی ئەو ستراتیژەش لە درێژەی پەرچەکرداری مەعنەوییانەی کاراکتەرو پەرچە کرداری هونەرییانەی دەقدا بەجوانی هەست پێ دەکەین. بەومانایەش واقیعی راستەقینەی کاراکتەر دەشێ لە دەرەوەی زیندەگی دابێ، بەشت بوونی کاراکتەریش دەشێ گەڕان بێ بەدوای وشەی نووسراوی دەقدا، هەر لە کەشف کردنی ئەم خاڵە سەرەکییەش پێوانەی دوالیزمەکان بەزەمەنی ستونییەوە دەلکێن.

بەمانایەکی دیکە ئەگەر پەیکەر «وەک زانست و قۆناغی زانستی» پەیوەندی بە چەمکی کەشف کردنەوە هەبێ و کۆمەڵێ کردەی جیاواز لەسەر ئاستی گێڕانەوە لەخۆ بگرێ، دەشێ چەمکی خۆ ونکردن لە هەمان کردەی هاوشێوەی مەرگدا خۆی درێژ بکاتەوە، یاخود بەمانایەکی دیکە لە پاساو هێنانەوەدا «بۆ مەرگ» خۆی بنوێنێ.

کەواتە ئەگەر لە زانست و چەمکی کەشف کردن و زەمەنی ستوونیەوە بەرەو کردە هاوشێوەکانی کاراکتەر هەنگاو بنێین، لەم حاڵەتەدا ئاستەکانی گێڕانەوە لە رێگەی دەلالەتی نەزانینەوە ئازادی فەراهەم دەکات. واتە لە تاریکی نەزانیندا بۆ یەکەمجار سەردەقی شتەکان دەشکێنین، مەبەستیشمان لەو میکانیزمەی کە ئەو رستانەی لەسەر دادەڕێژرێ





راستەوخۆ نزیک کردنەوەی شعورو ناشعورە، وەک دوو شتی پڕاوپڕی یەکتر، هەر بەومانایەش دەتوانین بڵێین شعور وێنەیەکی تەواوی ناشعوری لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەروەک ناشعوریش بەوێنەی تەواوی شعورەوە دەدرێتە قەڵەم، دواجاریش هەر لەتوێی پرۆسەی گواستنەوەو گۆڕانیشدا، دەشێ دەست بۆ بەردەوامی دەق و لەوێشەوە بەردەوامی ژیان بەرین.

بەمجۆرە لەمیانی پراکتیزەکردنی ئەم چەند دێڕەوە لەسەر پەیکەرو خۆ بەتاوانبارزانین دەتوانین لە دووتوێی دەست بردن بۆ بیرکردنەوەی کاراکتەر لەکاتی تەماهی بوونی لەگەڵ پەیکەردا، خۆ بەتاوانبار زانین بخەینە دەرەوە، هەروەک چۆن لەکاتی هەستکردنی خۆ بەتاوانبار زانینیش، پەیکەر دەکەوێتە دەرەوە، دواجاریش «رێبوار حەمەرەحیم»ی نووسەر، مەرگی کاراکتەر لە کۆی ئەو دووخاڵە، بەشێوەیەکی گونجاو رادەگەیەنێت. بەڵام ئەگەر پەیکەر وەک کەشفێکی زانستی لە دەرەوەی دەقەوە بێتە ناو دنیای کاراکتەرو بەدیوەکەی دیکەشدا وەک ئاوینەی خوێنەر خۆی راگەیەنێت، لەم حاڵەتەدا کاتێ کاراکتەر دنیای خۆی جێدەهێڵێ و گوناهەکان لەبیردەکات و دەچێتە ناو دنیای پەیکەرەوەو خۆی لەم دنیایەدا گرد دەکاتەوە، ئا لەم ساتەوەختە دیاریکراوەدا دەشێ پەیکەر وەک سزایەک رەنگڕێژ ببێ، سزایەک تەواو لە دەرەوەی پاساوەکانەوە. هەر لە درێژەی ئەم رستەیەشەوە ئەگەر چەمکی خۆ بەتاوانبار زانین پەیوەندی بەو سزایەوە، بکات، یاخود بەشێوەیەکی دیکە نووسەر لە دووتوێی تۆڕی پەیوەندییەکانی دەق و بەشێوەیەکی عەقلانی ئەم چەمکە لە کۆمەڵێ پاساوەوە بەند بکات، لەم حاڵەتەدا هەموو ونبوونێکی پەیکەر گەڕانە بەدوای گوناهدا.

بەو مانایەش بوونی مەتریالانەی مرۆڤ وەک کردەیەکی هاوشێوە (واتە هەموو مرۆڤەکان پێکدەچن) دەچێتە دووتوێی سیستەمی کەشف کردنەوەو پەرچەکرداری وەهمەکانی ژیانیش لە ئاوێنەی بوونی (ئەوان)دا رەنگڕێژ

دەبێ. بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر (پەیکەر) وەک بەشت بوونی مرۆڤ، واقیعی راستەقینەی رەهای مرۆڤ بنوێنێ، دەشێ بوونی مەتریالانەی کاراکتەر راستەوخۆ رەنگدانەوەی ئەو واقیعە وەهمییە لەخۆ بگرێ، لە هەمان کاتیشدا خۆ بەتاوانبار زانین دەشێ ئەو سزایە بێ کە لە واقیعی وەهمیدا دوای گوناهەکانی خۆی کەوتووە، ونبوونی کاراکتەریش دەشێ بەدیلێکی ناسراوی ئەو واقیعە بێ «بەگریانەوە بەخۆی دەگوت ئەوە وێنەی منە لە وێنەکاندا دەسووتێ – بەهەشتی ئەو ل٩.

بەڵام ئەگەر لەسەر ئەم ئاستەدا سزا رووی دووەمی پەیکەر لەخۆ بگرێ، دەشێ لە دەرەوەی دەلالەتە ئایینیەکانەوە خودی سزا راستەوخۆ دەلالەتی بەشت بوونی مرۆڤی هەڵگرتبێ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لەبەرئەوەی خۆ بەتاوانبار زانین بەدیلی سزایە، بۆیە دەشێ خۆ بەتاوانبار زانین راستەوخۆ دەلالەتی بەشت بوون بێ لەسەر ئاستی دووەمدا.

دواجاریش ئەگەر پرسیاری سەرەکی ئەم خوێندنەوە لەدووتوێی دوالیزمەکانەوە وێنەی خۆی کێشابێ و هەرلەوێشدا ئاراستەکانی خۆی دیاری کردبێ، دەشێ بۆ بەدواداچوونی وێنەی ناوەوەی سیحرو هێزی شاراوەی ئەو وێنەیە، لە میکانیزمییەتی گێڕانەوە ورد بینەوە، چونکە بەڕاستی هێزی شاراوەی ئەو وێنەیە بەلای ئێمە میکانیزمییەتی گێڕانەوە بەڕێوەی دەبات. بەمجۆرەش دەتوانین هەوڵی بەرجەستەکردنی وێنەی دەرەوەی ئەو سیحرە لەمیانی پرۆسەی مرۆڤ لە ناوەوەی خۆی و مرۆڤ لە دەرەوەی خۆیدا کۆبکەینەوە.

ئەگەر مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا، پەیوەندی بەشێوەی ژان و ژاری گوزەران و کاریگەرییەکانی دەوروبەرەوە هەبێت و بشێ (فرۆید)انە، بەقۆناغی مناڵی و رابردوووە پەیوەستی بکەین، هەروەها ئەو پەیوەست کردنەش وەک رێگەیەک بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە بابەت، بخەینەڕوو، یان





بە ساتەوەختی نووسین و پرۆسەی خەملاندنی نووسین بچوێنین، لەم حاڵەتەدا دەشێ خودی ئەم پرۆسەیە بۆ دەوری ناشعور بگەڕێنینەوە.

واتە ئەگەر ئەم حاڵەتە پەیوەندی بەنووسەرو ئازادییەکانی نووسینەوە هەبێ، کەواتە مرۆڤ لە دەرەوەی خۆیدا، پەیوەندی بە (بۆگێڕەوە)وە دەکات، مەبەستیشمان لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە، لەلایەک دەستنیشانکردنی ئیشکالیەتێکە لە ئیشکالیەتەکانی خوێندنەوە، لەلایەکی ئەو حاڵەتە دەست لێنەدراوە دەگەیەنێت کە بەر لەوەی خوێنەر لە دووتوێی خوێندنەوەدا بیری لێ بکاتەوە، لە ئازادییەکانی خۆیدا جووڵەی دەکرد، تا دواجار بەهۆی دەسەڵاتی خوێندنەوەوە، لەچوارچێوەی نووسراودا ئەو جووڵەیە بەرجەستە بوو.

هەر لەهەمان شوێنکاتیشدا ئیشکالیەتی ئایندەو رابردوو، وەک دوو ئیشکالیەتی بەرجەستەی ساتەوەختی نووسین و ساتەوختی خوێندنەوە، یان هەستکردن بە (بۆگێڕەوە) لە میانی گێڕانەوەو هەستکردن بەسنووربەندی خەیاڵ لە میانی خوێندنەوەدا دروست دەبێت.

بەڵام ئاخۆ لە دەقی «بەهەشتی ئەوبەر پردەکە» پرسیاری تەماهی بوونی کاراکتەرو پەیکەر پرسیاری نووسەرەو بەرابردووەوە خۆی بەند دەکات، یاخود خوێنەر وەک داهێنراوێک ئەو تەماهی بوونە لە ئایندەدا دەخاتەڕوو؟

ئەگەرچی ئاماژە سەرەکییەکانی دەق لەدووتوێی رابردوودا خۆی بەرزدەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە لای خۆمان بڕوامان بەدەقی نووسراوەوەیە، بۆیە لە نیازی ئەم خوێندنەوەیەدا نییە لە دەرەوەی چەمکی «دەرکەوتن و بنکەوتن» دەست بۆ گێڕانەوەی «رێبواری حەمە رەحیم» درێژ بکات، ئەوەش هەرگیز قودسیەتی ئەو بۆچوونە نانوێنێ، بەڵکو لەلایەک رێگەدانە، یان رێگا خۆشکردنە بۆ ژمارەی دەستەکان، لەلایەکی دیکەش بەشداری کردنی دنیای داهێنانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی نووسەرەوە، هەموو

ئەوانەش دەلالەت لەوە دەکەن، کە ئاستەکانی تەماهی بوونی نووسەر لەگەڵ کاراکتەردا، کۆمەڵێک ئاستی لێکجیان لە دەرەوەی پرۆسەی بەرجەستە کردنی نووسینەوەن و بەئازادییەکانی خوێندنەوەوە بەندن، کۆمەڵێک ئاستن لەنێو بیرکردنەوەی نووسەردا، بەڵام بێ ئەوەی ئازادییەکانی ساتەوەختی نووسین و خەیاڵی فەنتازی پرۆسەی نووسین دەوری یەکلایی خۆیان تیابگێڕن.

لەبەر هەندێ هەرگیز ناتوانین لە دووتوێی ئەو هێڵە ئاڵۆزانەوە، پەیوەندییەکانی دەق و نووسەرو خوێنەر بەیەک لادا بەرین، یان لەیەک ئاست و لەژێر یەک دەسەڵاتدا کۆیان بکەینەوە. کەواتە ئەم خوێندنەوەیە لە ئاکامی چەمکی دەرکەوتن و بنکەوتنەوە، چەمکی خۆ ونکردن وەک بنەمایەک بۆ زەمەنی ستونی، واتە پەیکەر بۆ کاراکتەر لەلایەک و لەلایەکی دیکەش هەمان چەمک بۆ زەمەنی ئاسۆیی، واتە کاراکتەر بۆ پەیکەر بۆ دەسلێدان ئامادە دەکات، وەک چۆن لە هەمانکاتیشدا لە دووتوێی ئیشکالیەتەکانی خوێندنەوەدا پێشنیاری خۆکوشتنی خوێنەر لەسەرهەمان هەمئاهەنگی ونبووندا بەرزدەکاتەوە، لەم حاڵەتەدا رەنگە بتوانین پێوانەی زەمەنی ئاسۆیی لەبری کاراکتەر بۆ پەیکەر بگۆڕینە سەر نووسەر بۆ خوێنەر، بەڵام (پەیکەر) بەشێوە دۆگماکەی نا، بەڵکو وەک چۆن لە دەقدا ڕێبواری حەمە ڕەحیم مامەڵەی لەتەکدا دەکات و دەیجووڵێنێ.

دواجاریش بەرلەوەی کۆتایی ئەم نووسینە رابگەیەنم دووبارە ئاماژە بەلۆژیکی رابردوو دەکەم و هەوڵدەدەم بڵێم ئەگەر بە وردی سەیری ئەم لۆژیکە بکەین، هەمیشە وەک حاڵەتی بەرگری کردن و هێرش بردن خۆی دەخاتەڕوو.

دەشێ ئەم حاڵەتەش ئیشکالیەتێک بێ لە ئیشکالیەتەکانی نووسین، یاخود ئیشکالیەتێک نووسەر بیخاتە ناوەوە لە پێناو وروژاندنی





خوێنەرەوە، تاکو لەوێوە خوێنەر بۆ هەڵدانەوەی بەرگە جۆراوجۆرەکانی دەق ئامادە بکات.

لەلایەکی دیکەش دەشێ ئەم لۆژیکەی «ڕێبوار حەمە رەحیم» لەنێوان سەلەفیەتی گێڕانەوەو دڵەڕاوکێی یۆتۆپیا ئامێزی گوتندا، وەک «ک»ی مەساحی کافکا لەبری لۆژیکی فایلی ئەرشیف کراو، لۆژیکی رابردوو بەرزبکاتەوە.

بەو مانایەش ئەگەر پرسیاری ئێمە خۆی لە پرسیارێکی کافکایانەدا تەرح بکات، دەشێ بیرکردنەوەی نووسەر لە توێی بێهوودەیی ئاکامەکانەوە، یاخود لەدووتوێی دژە یۆتۆپیادا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هەر لەم خاڵەشەوە سەرگەردانی خوێنەرو ئیشکالیەتی خوێندنەوە راستەوخۆ پەیوەندی بەو بێ سنوورییەوە دەکاو لەوێشەوە دوای سەرابی خوێندنەوە دەکەوێ و لە دەرەوەی شوێنکاتدا بیر لە شوێنکاتی خۆی دەکاتەوە، کە ئەویش تەنها شوێنکاتێکە لەوەهمی دەقدا نەبێت ئەسڵەن وجوودی نییە، هەر ئەم خاڵەش لە پێودانگی دەق و ڕێبواری حەمە رەحیمدا مردنی هاوڕێکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، مردنێک کە خودی کاراکتەریش تیایدا بەشدارە، ئەو مردنەش لە تایبەتمەندێتی گێڕانەوەدا راستەوخۆ شیعرییەتی دەق دەگەیەنێت، کە ئەسڵەن لە خەسڵەتە گشتییەکەی واقیعدا شوێنێکی بەرجەستەی بۆ حەوانەوە چنگ ناکەوێت، تەنها لەسەر ئاستی وەهم و سڕبوونی خوێنەرو لە هۆش چوونی خوێنەردا نەبێت.

# ئەفسانەی کوردایەتی
# دیالۆگێ لەگەڵ رۆمانی «تەونی جاڵجاڵۆکە»ی
# حەکیم کاکەوەیس

ئەگەر کردە وەک سێنتەری هوشیاری تەماشا بکەین و مایەی ئەو کردەیەش بکەرەکەی بۆ رۆح بگەڕێتەوە، واتە هوشیاری بەدەرککردنی رۆح و بەرهەمی رۆح دابنرێت، بەمانا «هیگل»ییەکەش ئەگەر رۆح بوونەوەرێک بێ بۆ خۆی و ماهیەتی لە کردەی خۆیدا بێت، رۆح بکەر بێت و بکەرێتی تاقە جەوهەری رۆح بێت، بکەرێتی دەلالەتی ئازادی رۆح لەخۆبگرێت - بەو مانایەش دەلالەتی ئازادی لە خودی کردەوە بۆ دووتوێی رۆح شوێنگەی خۆی بگوازێتەوە، کەواتە ماهیەتی ئازادی کاتێک دنیای خۆی لەدووتوێی رۆحدا هەڵدەبژێرت[٩] کردە لە دووتوێی واقیعدا ون دەبێت. ستراتیژیەتی ئەم پرۆسەیەش دەلالەت لە ئەزەلییەتی پەیوەندییە ناوەکییەکانی ئازادی و کردە دەکات، لەم حاڵەتەدا هەموو گەڕانەوەیەکمان بۆ کردە. گەڕانەوەیە بۆ سەرەتایی مێژوو - لەدووتوێی ئەو مانایەش «هیگل» دەڵێ: ئازادی لە سەرەتای مێژوو دایە: ئەمەش ئەگەر لەلایەک راستەوخۆ پەیوەندی بەسروشتی خواوەندەوە هەبێت[١٠]، لەلایەکی دیکە بەنواندنی کارەوە بەندە.. بەڵام «مارکس» ئەو وتەزایەی سەرەوژێر کردەوەو ئازادی بەکۆتاییەوە پەیوەست کرد، ئەم بەکۆتایی لکاندنە دەشێ وەک پرۆژەیەک لێدانی میتافیزیکا بگەیەنێت و شوێنێک بۆ پرۆژەی گۆڕانە گەورەکان فەراهەم بکات، لای «هیگل» ئازادی داخراوەو راستەوخۆ بەرۆحەوە





پەیوەستە، کەچی لای «مارکس» ئازادی کراوەیە، ئەرکێکی گەورەیەو بە چالاکی و پرۆژە گەورەکانی گۆڕانەوە پەیوەست دەبێت، کەواتە ئەگەر لای «هیگل» لە بنەڕەتەوە تاک ئازاد بێ و ئازادی ماهییەتی رۆح بگەیەنێت و دواجار تەماهی بوونی خۆی لەرێگەی رۆحی رەهاوە بنوێنێ، یاخود دوا ئامانجی لە رۆحی رەهاوە فەراهەم بێت، ئەوا لای «مارکس» تاک ئازاد نییە، بەڵکو ئازاد دەبێت، ئەمەش -راستەوخۆ پەیوەندی بە ململانێی چینەکانەوە هەیەو دواجار لە کۆمەڵگای بێ چیندا بە دوا ئامانجی خۆی دەگات، لای «هیگل» ئازادی خەون نییە، بەڵکو هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنیش بۆ هێزو تواناو ئیرادە دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەش هەمیشە رۆح خودی خۆی وەک بابەت بۆ خۆی بەرهەم دەهێنێ، کەواتە لەم چەمکە «هیگل»ییەدا بەتەواوی دەکەوینە نێو سیستەمێک کە بەسەر خودی خۆیەوە داخراوە، یاخود لە دووتوێی خۆیدا بەداخراوی خۆی پەنجە نوما دەکات، بەو مانایەش هەموو کردنەوەو پەرتبوونێکی لایەنێک لەلایەنەکانی ئەو سیستەمە «ئەگەر بشێ سیستەم لەبری ماهییەت بەکار بهێنین» ونبوونی هوشیاری دەگەیەنێت، یاخود بەمانایەکی دیکە هەموو گەڕانەوەیەکی رۆح بۆ شتەکان- بۆ ئەو شتانەی کە مەیلی ئامادەییان بۆ رووداوی داهێنانی کردە هەیە، دەلالەت لەونبوونی «ماهییەتی رۆح» سیستەمی ئازادی دەکات، واتە سیستەمی رۆح لە وەبیر هێنانەوەی بوونی شتەکان دووچاری پەرتبوون و ونبوون دەبێت و لەوێشەوە وەک پێویست لە ئامادەیی بوونی خۆی وەک سیستەم دەکەوێت، یاخود ناتوانێ بەهەمان داخراوی پێشوو دووبارە لەدووتوێی گەڕانەوەی ونبووندا بوونی خۆی کۆبکاتەوە، بەمانایەکی دیکە گەڕانەوەمان بۆ شتەکان دواجار دەبێتە هۆی پەرتبوونی هوشیاری و ونبوونی ئازادی، دەسنیشانکردن و درککردنی ئەم پەرتبوون و ونبوونەش خەلەلێک دەخەنە دووتوێی سیستەمی رۆح، بەو

مانایە ترسی گەڕانەوە لە دووتوێی پەرتبوون و ونبووندا، ڕۆح دووچاری دڵەڕاوکێی ئازادی[١١] دەکات، بەپێی ئەم لێکدانەوەیەش خودی دڵەڕاوکێ دەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی هەمیشە «هیگل» تەئکید لەسەر داخراوی سیستەمی ڕۆح بکاتەوە (لێرەدا «هیگل و مارکس» لە دووتوێی یۆتۆپیاکانی خۆیاندا یاخود لە دووتوێی مەرگی گومان و دڵەڕاوکێی ناخی مرۆڤدا مەرگی خۆیان ڕادەگەیەنن) دواجار خودی ئەم داخرانەش لای هیگل لە چەمکی دەوڵەت خۆی دەدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەش ئەم داخرانە پەیوەندی بە ئاستی بینراو «المرئي»دا هەیە، بەو مانایە ڕۆح لە ئاستی ڕووداو دانییە، بەڵکو بۆ ناسینەوەی پێویستمان بەئاستەکانی بینراو دەوڵەت هەیە هەر لەوێشەوە دەتوانین سیستەمی ڕۆح لە ئاستی بینراودا بناسینەوە نەک ڕووداو، واتە هەر خەلەلێک بکەوێتە دووتوێی ئەو سیستەمەوە ڕاستەوخۆ (بینین) لە ئاستیدا دووچاری شکستی و بەد بینی دەبێت، بەمانایەکی دیکە ئەگەر لەم حاڵەتەدا ڕۆح وەک مێژوو سەیر بکەین، مێژوو لە تەرازووی ڕۆحدا لە ڕێگەی کردە داهێنراوەکان بوونی خۆی بسەلمێنێ، لێرەدا هەموو گەڕانەوەیەکمان بۆ -ڕەگەزەکانی کردە- هەستکردن بە بوونی شتەکان -ڕۆح دووچاری ونبوون و پەرش و بڵاوی دەکات، واتە ئەگەر ڕۆح ئەو بینراوە بێت کە شوێنی بوونی کردە بگەیەنێت، یاخود کە ئازادی کردە لە خۆ بگرێت، لە دەرەوەی ڕۆح هیچ یەکێک لەو شتانە -لەو ئازادییانە- ناتوانن بوونیان هەبێت، لێرەدا ڕۆح دەبێتە تاکە ئەکتیڤێکی بینراو کە توانای تیۆریزەکردنی ئازادی شتەکان لەخۆ دەگرێت، لەخودی ئەم تیۆریزەکردنەش بەرەو بوونیان دەکاتەوە، «خودی ئەم موبارەزەیەش دواخاڵ و دوا ئامانجی بوون نییە وەک لای «هیگل و مارکس» دەستنیشانکراوە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە، یاخود پەیوەستە بە گومان و دڵەڕاوکێکانی خودی مرۆڤ» بەڵام هەمیشە کردە





داهێنراوەکان دەکەونە دەرەوەی مێژوو - ڕۆح وەک بینراو دەکەوێتە سەرکردەکان، بەومانایەش کردەکان و شتەکان لەلایەک بۆ ڕۆح دەبنە گرفت- لەلایەکی دیکە هەر لەڕێگەی ناسین و دەرککردن و ونبوونی ئەوانەوە، ڕۆح دەتوانێت ئامادەبوونی خۆی ڕاگەیەنێت و خۆی بناسێ، واتە هەموو بیرکردنەوەیەکی ڕۆح بە کردەوە پەیوەستەو هەموو بینراوێکی مێژوو دەکەوێتە سەر ڕۆح... ئەگەر داهێنانی کردەکان لە دەرەوەی مێژوو بەهۆی ڕۆحەوە تیۆریزە بکرێت و بۆ نێو مێژوو بگوازرێتەوە، لێرەدا مێژوو بەمانا «هیگل»ییەکەی دەبێتە وێنەی ڕۆح، هەر بەم واتایەش ڕووداو دەکەوێتە سەربینراو، یاخود بەمانایەکی دی بوونی ڕووداو دەکەوێتە سەربینراوی مێژوو «مێژوو ڕووداوێک نییە کە ڕوودەدات[١٢]» خودی ئەم بەرهەمهێنانەش ڕاستەوخۆ بە داهێنانی کردەکانەوە پەیوەستە، لە دووتوێی ئەم کردەیەشەوە هوشیاری و لەوێشەوە ماهییەتی ڕۆح بەدیار دەکەوێت و ڕۆح خۆی دەناسێ، لە هەمان کاتیشدا ماهییەتی ڕۆح دەبێتە بکەری کردەو لەوێشەوە دەبێتە بکەری مێژوو، دواجاریش لە کۆی ئیشارەتەکانی بوونی ڕۆحی گروپ، چەند بازنەیەک دەسازێ کە خودی بوونی ڕۆح پێیایدا بە مەعریفەی ئازاد دەگات «هیگل» ئەم چەمکە بەرۆحی نەتەوە[١٣] ناوزەد دەکات.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ماف و چارەنووسی گەلان، یاخود نەتەوە دەکەوێتە سەر ئیشارەتەکانی هوشیاری ڕۆح بۆ خۆی، یاخود بەمانایەکی دی ئەو چەمکەیە کە لە خودی ئەزموونە ئازادەکانی ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێ، کەواتە هوشیاری ڕۆحیش لەم کردە ئازادەدا لە دایک دەبێت و لەوێشەوە لە ئەزموونە ئازادەکانی خۆیەوە بە مەعریفەی ئازاد دەگات، لەبەر ئەوەی گەلانیش بوونن بۆ خۆیان، بەم واتایە ماف و چارەنووسی گەلان ڕاستەوخۆ لەم ئازادییەدا بەرجەستە دەبێ، ئەم بەرجەستە بوونەش بەپێی کردەو

هوشیاری رۆح خۆی دەنوێنێ، یاخود بەپێی چالاکی رۆح لە خۆنواندنی ئازادانەدا جیا دەکرێتەوە، واتە ئەگەر رۆح وەک لە چەمکی «هیگل» دەبینرێت بۆ خۆی بوونەوەرێک بێ و ماهییەتی خۆی- ئازادی خۆی لەنێو خۆیدا بێ و خۆی سێنتەری خۆی بێت، لەرووی ئامادەیی شتەکانیش هەمیشە ون بێت، بەو مانایە دەکرێ واقیع بۆ خودی خۆی نەبێ و ماهییەتی واقیع لەم هاوکێشەیەدا لە دەرەوەی خۆیدا بێت، ئەگەر ونبوونی ماهییەتی رۆح بۆ ئامادە بوونی کردە -شتەکان- بگەڕێتەوە «وەک لەپێشەوە ئیشارەمان پێ کرد» واتە لەکاتی ئامادەبوونی ماهییەتی رۆح- ماهییەتی واقیع وەک کردە دەکەوێتە دەرەوەی خۆی... هوشیاری هەموو گەل و نەتەوەیەک بەپێی ئەم بۆچوونە لەسەر درککردن و ناسینی ماهییەتی رۆح بۆ خودی خۆی رادەوەستێ، نەک واقیع، لەم حاڵەتەدا بوونی نەتەوە وەک مانایەک بۆ واقیع خۆی دەنوێنێ، ماهییەتی واقیعیش بەهۆی بوونی نەتەوە -ئامادەیی رۆحی نەتەوە- یاخود بەمانایەکی دی ئازادی واقیع لەرووی ئازادی نەتەوەدا دەکەوێتە دەرەوەی خۆی.

لەلایەکی دیکەش ئەگەر هوشیاری خود بە بەرهەم و کردەی خودی تاکەوە پەیوەست بێت و تاک مێژووی خۆی لە خۆیدا بێت، یاخود ئەگەر لەم حاڵەتەدا مێژووی تاک بەرهەمهێنراوی چەمکی خود بێت لە سێنتەری خوددا، یاخود بەمانایەکی دی بەرهەمهێنراوی چەمکی هوشیاری خود و رەنگدانەوەی کامڵبوونی هوشیاری خود بێت لە سێنتەری خوددا، لەگەڕانەوەی رۆح بۆ ماهییەتی خۆی، یاخود هوشیاری بوونی رۆح بۆ خودی خۆی- فیکر وەک واقیعییەتی وەزیفەی رۆح وەبەرهەم دێت، بێگومان هەرگیز واقیعیەتی رۆح سروشتێکی فۆتۆگرافیانە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو راستەوخۆ- خۆی لە دووتوێی هێزە چالاکەکانی ئازادی رۆح لە پانتایی واقیع -شتەکان-دا دەبینێتەوە، لەوێشەوە ماناو بەها بەرزەکان بەشتەکان





دەبەخشێ و هەروەها بەهاکانیش دەنرخێنێ، بەو مانایە فیکر وەک واقیعی تایبەت لە ئیرادەوە بەدیاردەکەوێت، لەم حاڵەتەدا بەدیارکەوتنی فیکر لەلایەک بەهوشیاری ئازادانەی بینراوو لەلایەکی دیکەش بەداهێنانی شتەکانەوە پەیوەست دەبێت.

ئەگەر ماهیەتی رۆحی نەتەوە دەلالەت لە کۆی ئیشارە ئازادەکانی ماهییەتی رۆحی تاک بکات، بەو مانایە ماف و چارەنووسی گەلان بە جیاکارەکانی بینراوو لەوێشەوە پەیوەندی بەشتەکان و جەربەزەیی و خۆ نواندن و ناسینی شتەکان و ئازادییەکانەوە هەیە، یاخود پەیوەندی بەرووکاریی و قوڵی لەنواندنی بوونی رۆح و شتەکانەوە هەیە، بەومانایەش بەرەوپێشچوونی هوشیاری و ئازادی مرۆڤایەتی لە بنەڕەت دا بە بونیادی ناسین و درککردنی ماهییەتی رۆح بۆ خودی خۆی و شتەکانەوە بەندە، لەم حاڵەتەدا گەڕانەوەی تاک بۆ خودی خۆی و دەرککردنی ماهیەتی رۆح بۆ خودی خۆی- بوونی نەتەوە دووچاری دابەزین دەکات، یاخود دواجار بەپێی بەرەو پێشچوونەکان و بەرفراوانکردنی بازنەکانی هوشیاری و ئازادی مرۆڤایەتی هەست بە جیابوونەوەی رۆحی خودی و رۆحی هەمەکی (كلي) دەکەین، واتە کاتێک لە کۆی ئیشارەی بینراوی رۆحی تاکدا بەرەو بینراوی رۆحی نەتەوە «رۆحی هەمەکی» لەوێشەوە بەرەو مەعریفەی نەتەوەیی دەچین-رۆحی تاک و هوشیاری تاک لە بۆتەی هوشیاری و ئازادی مرۆڤایەتیدا تەنها دەتوانێت وەک تاکێک بەشداری خۆی بنوێنێ، بەو مانایەش لەم گواستنەوەدا کۆمەڵێک ئامانج و نیازو ماف... خۆی وەک ماهییەتی تاک لە دەستدەدات.

لەلایەکی دیکەش ئەگەر فیکر بەو مانایە بەسیستەمی ئازادییەوە پەیوەست بێت و لەوێشەوە وەک گوتمان ماف و چارەنووسی گەلان لە دووتوێی ئەم سیستەمە خۆی بەرجەستە بکات، لێرەدا پرۆسەی

فیکرکردنەوە لەوێنەی مێژووی هەر نەتەوەیەک راستەوخۆ کردەی خودی تاک و رەنگدانەوەی کامڵبوونی هوشیاری و داهێنانەکانی ئەو نەتەوەیەمان بۆ دەکێشێ، یاخود گەڕانەوەمان بۆ هەموو ئەو شتانە-گەڕانەوەیە بۆ زادەی ململانێی خودی تاک لەناوەوەی خۆیدا، لە خودی خۆیدا، لەلایەکی دیکەش لەگەڵ گرفتی شتەکان، لە دووتوێی ئەو ململانێیەشدا ئازادی خۆی و هوشیاری خۆی، یاخود بەمانایەکی دی مۆرکی خۆی وەک تاک بەسەر نەتەوەو لەوێشەوە نەتەوە مۆرکی خۆی بەسەر واقیعدا بەجێ دەهێڵێ، واتە ئەگەر هوشیاری ئازادی تاکەکان، هوشیاری ئازادی مرۆڤایەتی بگەیەنێت، هەر بە هەمان چەمک هوشیاری ئازادی تاکەکان لە دووتوێی نەتەوە هوشیاری ئازادی خودی ئەم نەتەوەیە لەخۆ دەگرێت، هوشیاری ئازادیش دەلالەت لە ئیرادەی تاک و داهێنانەکان دەکات، بەو مانایە ئیرادە سێنتەری گەردوونی تاکە لەنێو خودی تاک دایە، لەگەڵ هەر ناسینێکی پەیوەندی شتەکانەوە هوشیاری تاک و ئازادی تاک بەرەو پێشەوە دەچێ و تاک لە داهێنانی کردەی خۆیدا بەردەوام هوشیاری دەنوێنێ، واتە میکانیزمیەتی کردەی تاک بۆ خۆی خاوەنی مۆرکی خۆیەتی، هەمیشە مێژووی تاک لەم لایەنەوە راستەوخۆ بەکردەو داهێنانەکانی خۆیەوە پەیوەستە، هەمیشە بوونی رۆحی تاک لەبەردەم ئاوێنەی داهێنانەکانەوە هەست بە ئازادی خۆی دەکات، رۆحی تاک لە بەردەم ناسین و ئاگابوون لە شتەکان پلەی خۆناسینی هەڵدەکشێ، بەو مانایەش ناکرێ بەبێ ئیرادەیەکی بەهێزو توانا تاک بەرەو پێشەوە بچێ، ئەو ئیرادەیەش بە کێشەو ململانێی ناوەوەی تاکەوە پەیوەستە و بوونی (من)ی تاک لەو گومان و دڵەڕاوکێیەدا بەدیاردەکەوێت، بەهۆی ئەو دڵەڕاوکێ و گومانەشەوە هەمیشە تاک دووچاری بێ متمانەیی دەبێت. هەروەها ناشکرێ لەسەر بنەمایەکی کرچ و کاڵ تاک بەدروستی رابێتەوە، ماف و چارەنووسی نەتەوەش بەبێ





بەدواداچوونی هوشیاری تاک و هەڵبژاردنی تاک تەسەور ناکرێت، یاخود بێ پاڵپشتی ئەو ئیرادەیە وەک فاکتەرێکی ئامادە خۆی نادۆزێتەوە، بێ هەڵبژاردن، بێ بنەما ئازادییەکانی رۆح هەمیشە نەتەوە دەبێتە نەتەوەیەکی گۆشەگیر، هەمیشە لەوێشەوە بەرەو نامۆبوون دەبێتەوە، بەو مانایەش نامۆبوون لەکێشمەکێش و بێ متمانەیی ناوەوەی تاکەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو لە بونیادی بێهێزی خودی نەتەوەو کامڵنەبوونی هوشیاری تاکەوە لەدایک دەبێت، خودی ئەم کامڵنەبوونەش راستەوخۆ تەعبیر لە کویلەبوونی فیکر دەکات و راستەوخۆ پەیوەندی بە عەقڵی فیکرەوە هەیە، یاخود لەبەرئەوەی عەقڵی فیکری نەتەوە ناتوانێت ئامادەی خۆی لە توێی مەعریفە بسەلمێنێ، یان ئەگەر سیستەمی عەقڵی فیکری بەپێی ناسینی شتەکان بەرەو بیرکردنەوەی مەعریفی هەنگاو نەنێت، نەتەوە دووچاری گۆشەگیری دەبێت، لەلایەکی دیکەش هەموو گەڕانەوەیەکمان بۆ گۆشەگیری و نامۆبوون-گەڕانەوەیە بۆ لێکخشانی ناوەکی ئیرادەو کردە، چەند ئەم لێکخشانە پەیوەندی نوێ «داهێنان» دروست بکاو چالاکی و هێز زێتر بنوێنێ ئەوەندە جەستەی ئازادی بەرفرەوانتر و ماهییەتی رۆح کراوە تر دەبێت و گۆشەگیری و نامۆبوونیش بەرەو مەرگ دەبنەوە، ئەوەش راستەوخۆ بەشتەکان و بەبوونی تاکەوە بەندە، بەو مانایەش بوونی شتەکان دەکەوێتە بەرامبەر تۆکمەیی بوونی تاک و لەوێشەوە بوونی تاک دەلالەت لە بوونی نەتەوە دەکات، واتە چەند بوونی تاک و ئیرادەی تاک پشت بەهێزە چالاکەکانەوە ببەستێ و پلەی ناسینی بەرزتر بێت، ئەوەندە پلەی نامۆبوون کەم دەبێتەوە، چەند بوونی شتەکانیش دەستەباڵاتر بێت ئەوەندە کار لە شێوانی بوونی تاک و گۆشەگیری و نامۆبوون و دواجار ونبوونی تاک دەکات «لای هیگل ئەم پرۆسەیە کاتییە، چونکە جارێکی دیکەش رۆح بەهۆی ئیرادەی داهێنەرانەوە- ئەگەر ئیرادەی داهێنەرانە وجودی

هەبێ- بۆ نێوخود دەگەڕێتەوەو لەم بارە نائاساییە رزگاری دەبێت و ماهییەتی خۆی دووبارە رادەگەیەنێتەوە».

لەنێوان کێشمەکێشی نامۆبوونی رۆح و ئامادەیی واقیع دەکرێ دەستنیشانی عەقڵی واقیعی بکەین و لەوێشەوە بەو سیستەمە مەعریفیانەوە گرێی بدەین کە دەستنیشانی پرۆسەی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی واقیع دەکەن «بەو مانایە لەبەر ئەوەی گوتاری کوردی لە نامۆبوون و گۆشەگیری کوردییەوە لە دایک بووە، یاخود لەبەرئەوەی هەمیشە لەبری ناسینی واقیعی چەسپاو، یاخود لە ترسی واقیعی چەسپاو دوای واقیعێکی دیکە کەوتووە، یاخود لە نەبوونی ئیرادەو هەڵبژاردن لەبری عەقڵانیەت دوای وەهم و شکستەکانی خۆی کەوتووە، هەرگیز گوتاری کوردی راستەوخۆ رووبەڕووی واقیعی چەسپاو نەبۆتەوە-بۆ گۆڕین و چاککردن، هەرگیز لێکۆڵینەوەی خۆی بۆ ناسینی پەیوەندییەکان ئەنجام نەداوە، بەڵکو هەمیشە خۆی لە پەیوەندییەکان دەرباز کردوە، یاخود بابەت و ئامانجی سەرەکی بۆ بابەت و ئامانجی دیکە گواستۆتەوەو لە توێی ستراتیژیەتی ئایین و خێڵ و غەیبانیەت و سوسیالیزم- وەهمی خۆی وێناکردووە، بەو مانایەش ئەگەر گوتاری عەرەبی راستەوخۆ بۆ رابردوو بگەڕێتەوە- بۆ ئەوەی ئێستای لەسەر بونیاد بنێت وەک «محمد عابد الجابري»[١٤] ئیشارەی پێداوە، ئەوا دەربازبوونی کوردی لە پەیوەندییەکانەوە بەرەو وەهم، ئەگەر لەلایەک شکستەکانی رابردووی کوردی بکێشێ، لەلایەکی دیکە نائامادەیی ئیرادەی کوردی لە ساتەوەختی ئێستا رادەگەیەنێت».

ناکرێ نکۆڵی لەم راستییە بکەین کە پرەنسیپ و ستراتیژیەتی هەموو نەتەوەیەک بە مێژوو پەیوەستە، بەڵام ئەگەر هێزی داهێنان و ئامادەباشی لەم چرکەساتەدا وجودی نەبێت، گەڕانەوە بۆ گەورەیی و سەروەری مێژوو-





بازدانە بەسەر واقیع دا، هەموو بازدانێکیش بەسەر واقیع دا بەناکردەییەوە بەندەو ئەلتەرناتیڤی هەموو ناکردەییەکیش لە وەهم و وڕێنە زێتر هیچی دی ناگەیەنێت.

لەلایەکی دیکەوە هەموو هەنگاوێکی نەتەوە لە دەرەوەی پاڵپشتی ماهییەتی رۆحدا دواجار دەکەوێتە سەر ئامادەیی هەڵچوونە دەروونیەکانەوە، ئازادیش هەرگیز بەهەڵچوون و دەربازبوون لە پەیوەندی شتەکان مەیسەر نابێت، بینینی ئازادی لە دووتوێی هەڵچوونە دەروونیەکان و راکردن لە شتەکان تەنها وەهمە «وێناکردنی وەهمیش دەلالەت لەشێوەی گۆڕین و گواستنەوە «الابدال»[١٥] لە بابەتی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ بابەتێکی دیکە دەکات، خودی ئەو گۆڕین و گواستنەوەیە نابێتە هۆی وروژانی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بەڵکو تەنها درێژە بە چەپاندن (کبت) دەدات» بێ ئەوەی لە رووی حەقیقەتی شتەکانەوە، یاخود لەرووی واقیعەوە بەدیار بکەوێت، بەو مانایەش هەموو وەهمێک لە بنەڕەتدا هەڵاتنە لە ئامانج و بابەتی سەرەکی و حەقیقەت، یاخود بە مانایەکی دی ونبوونی گومانە لەخودی خۆیدا، ئەمەش دەکرێ یەکێک بێت لەو گرفتانەی کەشتەکان رووبەڕووی تاکی دەکەنەوە، لەلایەکی دیکەش ئیفلیجی فیکرو مەعریفەو عەقڵانیەت دەگەیەنێت، یاخود بەمانایەکی دی رەشکردنەوەی کێشەو ململانێ دەگەیەنێت، تا دواجار ئیفلیجی فیکری نەتەوەو ئامادەیی وەهمی نەتەوە دەبنە بازنەیەک ئەویدی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەگەر ئامادەیی وەهم بەو مانایە بەونبوونی ماهییەتی رۆح بکەوێتەوەو دیارکەوتنی شتەکان بە زاڵبوونی ئامادەیی واقیعی رووت پەیوەست بێت، ئەوا بەهۆی بەرجەستەبوونی وەهم وەک بینراوی بێ کردە، ماهییەتی رۆح -یاخود سیستەمی ئازادی- دووچاری پەرتبوون و ونبوون دەبێت، یاخود بە مانایەکی دی بەهۆی ونبوونی کێشەو ململانێی تاک لەنێو خودی خۆیداو

لەگەڵ شتەکانی دەرەوەی خۆیدا دووچاری هەڵاتنێکی بەردەوامی ناسینی مانا دەبین و ناتوانین هەنگاو بەرەو کۆی بونیادەکان بنێین.

ئەگەر ئامادەیی وەهم دڵنیابوون و حەسانەوە بگەیەنێت و دەلالەت لە یەقین بکات، ئەگەر وەهم شیکردنەوەو سڕینەوەی گرفتی ململانێ و کێشەکان لەخۆ بگرێت و هاوتەبایی و گونجان بنوێنێ، ئەگەر وەهم شوێنی بینراوی رۆح بگرێتەوە، بینراوی رۆح دووچاری پەرش و بڵاوی و ونبوون بکات، کەواتە هەموو هەنگاوێکی نەتەوە بەرەو وەهم هەنگاونانە بەرەو ئەفسانە بوون، ئەمەش ترسناکترین حاڵەتە رۆحی نەتەوە دووچاری دەبێت، بوون بە ئەفسانە هەموو بیرکردنەوەکان تەنها لەئاستی وەهم گیر دەکات، بەو مانایەش هەموو بیرکردنەوەیەکی نەتەوە لە ئاستی بووندا وەک گوتمان لەوڕێنە دەکات، هەموو نیازو مەبەستەکانی نەتەوە دواجار لەنێو ئەفسانەدا هەڵدەوەرێ، لە ئامادەیی ئەفسانەدا بوونی نەتەوە ون دەبێت و لە شوێن ئەویشدا ئەفسانە بوونایەتی خۆی دادەمەزرێنێ، بە ئامادەبوونی ئەفسانە لە شوێن بوونی نەتەوەدا هەموو ململانێ و کێشەکانی نەتەوە بەرەو تەبایی و گونجان دەچێت، دڵنیا بوون و حەسانەوەی نەتەوە ئەگەر لەم حاڵەتەدا راستەوخۆ دەلالەت لە مەرگی نەتەوە نەکات، بێگومان راستەوخۆ بنبەستبوونی نەتەوەو ئیرادەی نەتەوە رادەگەیەنێت، لەم بنەستبوونەدا گوتاری نەتەوە دواجار بە دوو رێگا بەرگری لەمانەوەی خۆی دەکات: رێگای گەڕانەوە بۆ کەلەپور کەلای عەرەب ئیشارەمان پێ کرد، رێگای بە ئەفسانە بوون وەک لای کوردی ئیشارەی پێدەدەین.

هەروەک ناکرێ لە دووتوێی ئەزموونە ئازادەکانی رۆح تەسەوری ئەفسانە بکەین، یاخود وەک چۆن ناکرێت لە دووتوێی بەرەو پێشچوونەکانی واقیع تەسەوری ئەفسانە بکەین، بەهەمان شێوەش ستەمە بۆ گرتنی ئازادی ماف و چارەنووسی نەتەوە ئیرادەی تاک و داهێنانەکانی





تاک پشت گوێ بخرێت، پشت گوێ خستنی ئیرادەی تاک و هەڵبژاردنی تاک راستەوخۆ پشت گوێ خستنی ئیرادەی نەتەوەیە، لەلایەکی دی هەموو گیر کردنێکی هێزو توانای فیکری تاک لە بۆتەی فیکری نەتەوەدا، بوونی تاک دووچاری پەرتبوون و ئاراستەکانی فیکری تاک بۆ نیازو مەبەستی بوونی خۆی لار دەکاتەوە، بەو مانایەش ماهیەتی رۆحی تاک لەنێو هەناوی نەتەوەیەکی بەهێزدا نەبێت، وەک پێویست رێزی لێ ناگیرێت، ئازادی تاک هەمیشە دژی کۆت و زنجیرەکانی بوون لە واقیعی دۆگما رادەبێتەوە، هەڵگەڕانەوەی مەعریفەی فیکری لە عەقڵی واقیعی چەسپاو راستەوخۆ بە هەڵبژاردن و داهێنانەکانی تاکەوە پەیوەستە.

بەو مانایەش ئەگەر بۆ پرسیارەکانی تاکی کوردی –بۆ رۆحی نەتەوە– خۆمان لە چوارچێوەی کوردایەتی‌دا بخەینە روو، بەو چەمکەی کە لای «هیگل» کارمان پێکرد، کوردایەتی لە ونبوونی ماهیەت رۆح و رۆحی نەتەوەدا، یاخود بەمانایەکی دی وێنەی گوتاری رۆحی نەتەوە لەبنەرەتدا بۆ شتەکان و کردەی کوردی دەگەڕێتەوە، دەرککردنیش بەکردەی کوردی راستەوخۆ دەرککردنە بەمێژووی کەلەپوری کوردی، هەموو ئەوانەش بەزاڵبوونی واقیع و لە فەنابوونی رۆحی کوردی‌دا، لەبەر ئەوەی نابنە هۆیەک بۆ گەیشتن بە فیکر، یاخود لەبەرئەوەی فیکری کوردی بەهۆی بێهێزی بونیاد دووچاری شێوازێک لەوێناکردن دەبێت کە دواجار بۆ بینینی ئەم شێوازە دەبێ بۆ فیکری کۆیلەی کوردی بگەڕێینەوە، بەو مانایە فیکری کوردی لەبری ئەوەی لە دووتوێی ململانێ و کێشەکانی رۆحی کوردی و ناسینی شتەکان لە دایک ببێ، لەبری ئەوەی کار بێ، دەکەوێتە سەر وێناکردن و نەفی کردن، لەبەر ئەوەی رۆحێکی هوشیاری نییە، بۆ ناسینی شتەکان و گیروگرفتی شتەکان، لەبەر ئەوەی خاوەنی هەڵبژاردنی خۆی نییە دواجار بەهەڵچوونی ناوەوە[١٦] تەعبیر لە خۆی دەکات، هەڵچوونی

ناوەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوڕوژانی شتەکانەوە هەیە، بەو مانایە لە دووتوێی وڕوژانی شتەکانەوە ڕۆحی کوردی دووچاری کاردانەوە دەبێ، هەموو لە دایکبوونێکیش لە دووتوێی وێناکردن و کاردانەوەدا لە کردەی ڕاستەقینەو ئازادی بەتاڵە، ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەی زێتر فیکری کوردی بخەینە ڕوو، دەکرێ بڵێین لەبەر ئەوەی ڕۆحی کوردی نەیتوانیووە بە قووڵی ئازادییەکانی خۆی بنوێنێ، یاخود لەبەرئەوەی ڕۆحی کوردی بوونەوەرێک نییە بۆ خۆی، لەدووتوێی بینراوی مێژوودا بوونی بکەر ناگەیەنێت، لەبەرئەوەی بکەرێتی جەوهەری ئەو مێژووە نییە، ناتوانێ لە ململانێ و کێشەکاندا بەرەو درککردن و ناسینی دیکە هەنگاو بنێ و پەرەبسێنێ، یاخود لەبەرئەوەی ناتوانێ لە خودی دڵەڕاوکێی خۆیدا وەک بابەت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، یاخود خاوەنی دڵەڕاوکێی خۆی نییە، ئیتر لەدووتوێی حاڵەتە دەروونیەکانەوە لە ئازادی و پەیوەندی شتەکان خۆی دەرباز دەکات، ڕاکردنی کوردی لە بوونی خۆی گەڕانەوەیە بۆ کردەکانی خۆی، کاتێکیش لەدووتوێی بوونی کردە لاوازەکاندا وەک ڕووداوی واقیع خۆی دەناسێنێ ئیتر ماهییەتی ڕۆحی خۆی لە دەستدەدات، بەهۆی ئەم لەدەستدانەش واقیعی زاڵ لە بەرامبەریدا فیکری خۆی دەنوێنێ، بەو مانایەش بینین لە ئاستی ڕۆحی کوردیدا دووچاری بەد بینی دەبێت، یاخود بەمانایەکی دی لەبەرئەوەی ڕۆحی کوردی بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەی نەکردووە و خۆی لەدەستداوە، هەموو خۆ لە دەست دانێکیش بە نائامادەیی مەعریفەوە بەندە و ڕاستەوخۆ ڕۆح دەخاتە دەرەوەی مێژوو- لەسەر ئەو بنەمایە هەمیشە کوردی لەدەرەوەی مێژوو بەهۆی وەهمەوە، یاخود بەهۆی پێکهاتەکانی خەیاڵی نەتەوە بەشێوەیەکی ڕەمزی خۆی بۆ مێژوو دەردەبڕێت، یان دێتەوە نێو مێژوو، مێژوویەکی وەهمی بۆ خۆی دروست دەکات دواجار لەم خۆ دەربڕینەدا واهەست دەکات خودی ئەم ڕەمزە ئەفسانەییە دەتوانێ بەرەنگاری





واقیع بێتەوە!. مێژوو-وشکستەکانی مێژوو بە ئەفسانە دەبێت، لێرەدا ئەفسانە بوون لای کوردی ئەو ئازادییەیە، یاخود ئەو بونیادە تایبەتییەیە کە لە شوێنی ماهییەتی ڕۆح خۆی دادەمەزرێنێ، بەڵام ئەگەر ڕۆح لەنێو خودی خۆی پەرە بسێنێ، لە دووتوێی کردە نێو خۆییەکاندا هوشیاری پەرت بکات و لەوێشەوە دەوروبەر بناسێ و بەرەو پێشەوە بچێ، ئایا ئەفسانەی کوردی چ لایەک لە پەرەسەندن دەکاتەوە؟.

بێگومان ئەفسانە بەومانایەی گوتمان دەلالەت لە حەسانەوەو دڵنیایی دەکات.. واتە ئەگەر لەدووتوێی بوونی ئەفسانە فیکری کوردی دەلالەت لەنامەعریفەی کوردی بکات و لەوێوە عەقڵی غەیبانی بنوێنێ، بەو مانایە ئەوەی واقیعی کوردی لەرێگەی ئەفسانە دەناسێنێ ئەوە عەقڵی غەیبانی کوردییە کە لەنامۆ بوونی واقیعی خۆیدا وەهم پراکتیزە دەکات، یاخود کاتێک عەقڵی غەیبانی لە بوونی وەهم بەرجەستە دەبێت، ئەوکاتە وەهم بەدەوری عەقڵی غەیبانیدا ون دەبێت، بەڵام کاتێک وەهم دەچێتە نێو عەقڵی غەیبانی، ئەو کاتە عەقڵی غەیبانی لەونبوونی وەهمدا ئامادەیی خۆی دەنوێنێ، واتە ئەگەر وەهمی کوردی بینینی خودی کوردی بێ و لە دووتوێی خۆیدا عەقڵی غەیبانی، بیرکردنەوەی بینینی کوردییە لە واقیعی کوردیدا، بەو مانایەش کوردی لەدووتوێی عەقڵی غەیبانیدا پەیوەندی دیاریکراوی نێوان چەمکەکان دەسنیشان دەکات، عەقڵی غەیبانی کوردی شێوەی بیرکردنەوەی کوردییە بۆ ڕاستی و ناڕاستی، لەبەرئەوەی هەموو بیرکردنەوەیەکی کوردی لە بوونی خەیاڵ و وەهمدا گیردەخوات، بۆیە لەنێوان خودی بیرکردنەوەکانی کوردیدا وەهمی کوردی دیاردەکانی کوردی بە بوونی ئەفسانەوە پەیوەست دەکات، بە مانایەکی دی لەدووتوێی چەمکی کوردیدا بیرکردنەوەی کوردی و بەرهەمەکانی کوردی لەبری مەعریفەو عەقڵی مەعریفی گریمانەی عەقڵی غەیبانی دەکات، لەبەرامبەر

ئەو ئامادە بوون و ونبوونەشدا ئازادی خەونی سەربەخۆیی هەرگیز لەدووتوێی ململانێدا نییە، بەڵکو ئەوە هەمیشە وەهمی کوردییە لەدەرەوەی هەڵبژاردن و لە دەرەوەی مەعریفەی ئەو یاسایانەدا باڵدەگرێ، بەو مانایە ئەگەر ئازادی دەرئەنجامی پەرەسەندنی مێژوو بێت، ئەفسانە گەمەی کردە بەتاڵەکانی مێژووە، واتە گەمەی کردە بەتاڵەکانی کوردی وەهمی کوردی و ئەفسانەی کوردی لەبری مێژوو بەرهەم دێنێ.

دواجار لەبەرئەوەی هوشیاری مرۆڤایەی پەیوەندی بەگۆڕانکاری پەرەسەندنی تەواوی مرۆڤایەتی دایە، هەموو پەرەسەندنێکی ژێرخانی گشتی چالاک[١٧] دواجار بەپێی تێکەڵبوون و نزیکبوونەوەی لە بونیادی تایبەت، رەنگدانەوەو کاریگەری خۆی دەنوێنێ. بەپێی ئەم گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونەشی کوردی لەگەڵ هەموو ئەو ناکردەیەدا بەرفرەوانبوونی ژێرخانی گشتی لەنێو فیکری ئەودیودا بیربکاتەوە، بۆیە ناتوانین کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە لەسەر واقیعیەتی کوردیدا بسڕینەوە، هەروەک چۆن ناتوانین کردەکانی تاکی داهێنەر لە دووتوێی رۆحی نەتەوە پشتگوێ بخەین، بەو مانایەش پێشکەوتن و گەشەکردنی واقیعیەتی کوردی لە دووتوێی گۆڕانکارییەکانی بونیادی گشتیدا دەبێتە هۆیەک بۆ ئاگایی یەکلاکردنەوەو ئاشکراکردنی چەمکی کوردایەتی - بۆ درککردنی ئەم چەمکەش لە دووتوێی کۆمەڵێک گۆڕانکاریدا دیالۆگێ لەگەڵ دەقی رۆمانی «تەونی جاڵجاڵۆکە»ی حەکیم کاکەوەیس سازدەکەین[١٨]، هەر چەندە خودی ئەو چەمکە، یاخود چەمکی نەتەوە کۆمەڵێک چەمکی دی لێدەبێتەوە، وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، یاخود هەرچەندە ئەو چەمکە ئاڵۆزە، بەڵام ئێمە لەم دیالۆکەدا هەوڵدەدەین ئیشکالیەتی بەرەو پێشنەچوونی ئەم چەمکە بۆ خودی کوردی وەک کردەو لەلایەکی دیکەش خودی کوردی وەک ئازادی بگێڕینەوە، لەدووتوێی رۆمانەکەشدا بە بونیادی





کەسێتی «هەق عەلی و سەلمان» پەیوەستیان دەکەین، واتە کۆی بونیادەکان لە دووتوێی «هەق عەلی و سەلمان»ەوە دەخەینەڕوو، گەرچی لەم لایەنەوە دووچاری فەرامۆشکردنی کۆمەڵێک لایەنی نێو دەقی رۆمانەکە دەبین، بەڵام بەپێی ئەو ئازادییەی هەمانە لەدووتوێی ئەم خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو دیاردانەی کە راستەوخۆ شوێنیان لەم دەقەدا جێهێشتووە وەبیری بهێنینەوە، ئەم دەرککردنەش رەنگە رواڵەتێکی هەڵبژاردنانە لەخۆ بگرێت، بەو مانایە تەواوی تایبەتمەندییەکانی دیاردەی نێو دەقەکە لە خوێندنەوەی ئێمەدا رەنگناداتەوە، ئەوەش بەتایبەتمەندییەکانی دیاردەی دیاریکراوەوە بەندە، هەروەها نیازو ویست و حاڵەتە دەروونییەکان دەوری تیا دەگێڕن. مەرجیش نییە ئەو وەبیرهێنانەوانەش لە خزمەتی خوێندنەوەو فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکەی رۆمانەکە دابێت، چونکە هەموو ئازادییەکی خوێندنەوە، ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندی بونیادی دەق لە ئەستۆ دەگرێت، لەلایەکی دیکەش فەرامۆشکردنی هەندێ لایەن بە ناوەڕۆکی خودی دەقەوە بەندە، چونکە ئەو بیروڕایانەی کە ناوەڕۆکیان لێ پێکهاتووە لەبری ئەوەی هۆیەکی یاریدەدەر بن، وەک هۆیەکی سەرەکی خۆیان دەنوێنن، ئەمەش بەڕای ئێمە بۆتە هۆی لەدەستدانی کۆمەڵێک مەرجی هونەری لە ئاستی دەقدا، هەروەها لە ئاستی رووداودا خوێنەر کەمتر دەتوانێ بەشداری لەدەقدا بکات، واتە دەق بەدەوری خۆیدا بونیادێکی رواڵەتخوازانە دەکێشێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەزمانێکی چڕوپڕ «کاکە وەیس» توانیویەتی چۆنێتی پێکهاتن و چی گوتن بە رێگای جیاواز دەربڕێت.

وەک گوتمان مەسەلەکانی واقیع و حەقیقەت هۆیەکی سەرەکین بۆ دەق، خودی ئەو مەسەلانەش بۆتە هۆی ئەوەی کە «کاکە وەیس» نەتوانێ بەوپەڕی ئازادی لەنێو دەقدا مومارەسەی لادانەکانی «انزیاح» زمان

بنوێنێ، ئەم نەتوانینەش وەک هۆیەک بۆ لەدەستدانی چێژی دەق سەیر دەکرێت.

«تەونی جاڵجاڵۆکە» راستەوخۆ وەک یادەوەری رووداوی هەرەس و شۆڕش دەخاتە بەرچاو، پاشان گوتاری سیاسی دوای هەرەس بەدرێژەدانی هەمان گوتاری بەر لە هەرەس دەبەستێتەوە، بەو مانایەش پرۆسەی هۆنینەوەی رابردوو لە گوتاری سیاسی کوردیدا لەم دەقەو بەمانای ئەم دەقە بەتەواوی خۆی بەشێوەیەکی دی جێگیر کردووەو درێژەی هەیە، دەقی رۆمانی «تەون» بەومانایە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان فەزای گێڕانەوەو فەزای دەرەوە دەسازێنێ.

ئەگەر گوتاری کوردایەتی لە دووتوێی شۆڕشی کوردیدا دەلالەت لە نەفیکردنی بونیادی گشتی بکات و کاردانەوەی پانتایی داخراوی کوردی بێ و بۆ بونیادی رۆحی هەمەکی خۆی بگەڕێتەوە، ئەوا بونیادی دوای هەرەس بەشێوەیەکی ورد بۆ نێو ململانێ و کێشەی گروپەکانی نێو رۆحی هەمەکی و خودی تاک دەگەڕێتەوەو راستەوخۆ دەلالەت لە دڵەڕاوکێ و گومانەکانیان دەکات، هەر بەومانایەش بەرجەستەکردنی کەسێتی «هەق عەلی» لە دەستپێکی رۆمانەکەی «کاکە وەیس»دا لەلایەک پەیوەندی بە ئێمەی دەقەوە هەیە، لەلایەکی دیکە بۆ حاڵەتە دەروونیەکانی خودی نوسەر دەگەڕێتەوە، بەمجۆرە رێڕەوی دەقەکە بەپێی سیاقی مەعریفی دیاریکراو- یاخود بەپێی مەنتقیەتی دڵەڕاوکێ و گومانەکانی کەسێتی خۆی دادەرێژێت.

لەدەستپێکدا کەسێتی «هەق عەلی» وەک ناو جۆرە خۆ فەرز کردنێک بەخۆ رەوا دەبینێ، رەنگە ئەمەش لەلایەک پەیوەندی بەخودی «هەق»ەوە هەبێ، لەلایەکی دی بە فرمانی «خەم خواردن»ەوە، بەو مانایەش خۆی وانیشان دەدات کە لەبری ئێمەش کۆمەڵێک خەمی کەوتۆتە ئەستۆ، ئینجا





بەرە بەرە ئەو سەرەتایە دەکەوێتە نێو سیاقی گشتییەوەو دواجار بە پەلە لەدوای ئەو خۆ فەرزکردنە کە راستەوخۆ خۆ فەرزکردنی نوسەریش یاخود چیرۆکبێژیش دەگرێتەوە، سیاقی دەق و زاراوەکان لە نوسەر هەڵدەگەڕێنەوە، یاخود نوسەر پشت گوێ دەخەن، هەموو ئەوانەش راستەوخۆ پەیوەندی بە پاراستنی تایبەتمەندێتی سیاقەوە هەیە، بەڵام ئەو کەمە هوشیارییەی «هەق» لەدەستپێکدا دەریدەبڕێت، ئەو خەمە بەشێوەیەکی چڕوپڕ تەواوی رۆمانەکە داگیردەکات، هەروەها دواجار رۆمانەکە بەشێوەیەکی گشتی دەلالەت لە تراژیدیای کوردایەتی دەکات، ئێمەش هەوڵدەدەین لە دووتوێی ئەم تراژیدیایە کاری خۆمان ئەنجام بدەین، یاخود لە راڤەکانی «هەق عەلی»یەوە بەرەو ناوەوە شۆڕدەبینەوە، خودی دەستپێک لە دیالۆگی ئێمەدا بەرەو ئەفسانەی کوردایەتی رێگاکانی خۆی دەنوێنێ، بەڵام بەر لەوەی بچینە نێو ئەم دەلالەتانەوە، هەوڵدەدەین ئەو کەسێتییە بەشتەکانەوە ببەستینەوە، بەو مانایەش دەکرێ بڵێین سەرەتای هەستکردنی «هەق عەلی» لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکیەکان، یاخود بەهۆی ئەو هێزەی ئەوی خستۆتە ژێر پرسیارەوەو لە ستراتیژیەتی پەیوەندی شتەکانی ئەوانەوە خۆی دەرباز دەکات، کەواتە ئەو خۆ دەربازکردنەی «هەق عەلی» راستەوخۆ پەیوەندی بەترسی شتەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە واقیعی ژیانەوە هەیە، ئەو واقیعەش هێزگەلێک دەستی بەسەراگرتووە، بێئەوەی بوونی «هەق»ەکان لەنێو ئەم هێزگەلەدا بتوانن مانایەک بۆ خۆیان فەراهەم بکەن، یاخود لە دووتوێی لێنزیکبوونەوەو بەریەککەوتندا پەیوەندییەکی نوێ دروست بکەن، بەو مانایەش «هەق»ەکان ناسنامەیەکیان نییە دەلالەت لە «بوون»یان بکا، بەڵکو ئەو هێزگەلە بەئارەزووی خۆی لەنێویاندا بیردەکاتەوە ناسنامە دەبەخشێ، ناسنامەیەک کە هەرگیز دەلالەت لە رۆحی ئازادانەی ئەوان ناکات، بەڵکو هەمیشە

ڕۆحی ئازادانەی ئەوان دەخاتە پەراوێزەوە و هەمیشە هەڕەشەی لەناوبردن و ڕەشکردنەوەیان دەکات.

ڕاکردنی «هەق عەلی» بۆ دەرەوەی ستراتیژیەتی پەیوەندییەکان، یاخود لە دەرەوەی ناسینی شتەکان، لە دەرەوەی واقیعیەتی چەسپاو «ڕەتکردنەوەی ئیرادەی دەسەڵات لای کوردی بە جۆرێک وەک دەلالەتی ئازادی سەیر دەکرێت» بەڵام ئەو ئازادییە دواجار لەبەر ئەوەی لە ناسین و دەرککردنی شتەکانەوە نییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەکی تایبەتی مەعریفی و عەقلانی دانەڕێژراوە، دەکرێ تەنها لە پانتایی خەیاڵ و دواجار وەهمی «هەق عەلی» دابێت، چونکە بەهۆی هوشیاری و ئامادەییەوە نەهاتۆتە دی، ئیتر ئەم وەهمە تەنها لەبیرکردنی شتەکان دەگەیەنێت، ئەم لەبیرکردنەش دواجار لەکاتی بەرانبەر بوون دا تەگەرە دەخاتە بەر ناسین و کۆنترۆڵکردنی لۆژیکی ناوەکی شتەکان و دیاردەکان، ئەم لەبیرکردنە ئەگەر لەلایەک پەیوەندی بە وێناکردنی گیروگرفتەکانی واقیعی زاڵەوە هەبێ، لەلایەکی دیکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بونیادی مەعریفی کوردییەوە هەیە.«هەق عەلی» لەگەڵ تێڕوانینی واقیعی زاڵدا ناکۆک و دژ دەکەوێتەوە، ئەم دژکەوتنەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆبلەیی فیکری کوردی، لێرەدا هەستی ئەو لەنێوان پەیوەندییەکاندا، دووچاری کاردانەوە دەبێ و دژی واقیع و چەوسانەوەو وەلاخستن و بە پەراوێز کردن ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بزوێنەری هەستی کۆیی‌دا هەیە، یاخود دەرککردن و لێکنزیکبوونەوەی ئەو پەیوەندییە تایبەتەیە کە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی دایە، خودی ئەو هەستە وەک فاکتەرێکی گرنگی ڕابوونەوە ئیشکالیەتی تێڕوانینی کوردی بۆ خودی واقیع و تێڕوانینی واقیعی زاڵ بۆ خودی کوردی بەهێزتر دەکا، دواجار بەهۆی ئەو دەرککردن و لێکنزیکبوونەشەوە هەستی کوردایەتی «هەق عەلی» تەماهی هەستی کۆیی





و لەدووتوێی باوەڕێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراو خۆی جێگیر دەکات، لەنێو بیرکردنەوەیەکی سیاسی بەند دەبێ، بێگومان دیالۆگی ئێمە بەر لەهەرەس لەگەڵ ئەو باوەڕە کۆمەڵایەتیەیەو دەمانەوێ بپرسین: ئایا تا چەند توانیویەتی لەدووتوێی نواندنی کردەدا مەعریفە بەرهەم بهێنێ، دواجار گەڕانەوەمان بۆ ئەو مەعریفە بەرهەم هاتووە... ئایا گەڕانەوەیە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی، ئایا ئەو مەعریفەیە بەرهەمی گەشەکردنی بونیادی تایبەتی کۆمەڵگای کوردی دەگەیەنێت؟ گەڕانەوە بۆ ئامادەبوونی تاکی کوردی نواندنی هۆشیاری تاکی کوردی دەگەیەنێت... وەک لە تەواوی ئەم دیالۆگە بەدیاردەکەوێت، ئەگەر مەعریفەی کوردی بۆ ئەویدی بگەڕێتەوە، یاخود دەلالەت لە پرۆسەی گەشەکردنی بونیادی تایبەتی کۆمەڵگای کوردی نەکات، بەو مانایە تێڕوانینی کوردی بۆ بیری نەتەوایەتی - کوردایەتی - دەکرێ تەواو لە چەمکەکەی خۆی داماڵراوبێت، دامەزراندنی هەر ڕێڕەوێکی ئایدیۆلۆژی سیاسی لەسەر خودی ئەو تەفسیرەش دەلالەت لە ئیرادەی فیکری ئەویدی و ئیرادەی نەفی کردنی ئێمە دەکا، دواجار لەبری ئەوەی تەعبیر لە ڕۆحی کوردی بکات، ناڕاستەوخۆ کاردانەوەی دەبێتە پاشکۆی ئەم ڕۆحە، چۆنێتی وێناکردنی لۆژیکی شتەکان و دیاردەکان بەهۆی بە پاشکۆ بوونەوە لەبری ئەوەی بەرێڕەوی هۆشیاریدا بڕوات دەکەوێتە نێو وەهم، لەبری ئەوەی پشت بەرۆح و ڕۆحی نەتەوە ببەسێ، پشت بە وەهمی نەتەوە دەبەستێ، بەو مانایەش لەبری ئەوەی مەعریفە بێتە هۆی ناسین و درککردنی شتەکان و دیاردەکان- وەهم ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت، کاتێکیش وەهم ناڕاستەوخۆ ئەرکی مەعریفە لە ئەستۆ دەگرێت لەبری ئەوەی بەرەو عەقلانیەت بچین بۆ ناعەقلانیەت شۆڕ دەبینەوە، بەمجۆرەش دەکرێ کوردایەتی لە دووتوێی ناعەقلانیەتی شۆڕشی کوردیدا ئەو ئەفسانەیە بێ کە وەهمی کوردی بە

دەوریدا خولدەخوات، ئەفسانە هەم دەلالەت لە کردەی کوردی دەکات، هەم ئازادی کوردی لەئەستۆ دەگرێت، بەو مانایەش راکردنی رۆحی «هەق عەلی» پرسیارکردن نییە لە ستراتیژیەکی ئەویدی و بوونی ئەویدی، بەڵکو لەلایەک بەیادەوری خودی کوردی و وەهمی کوردی پەیوەستە، لەلایەکی دیکە پەیوەندی بەیادەوەری هەرزەکارانەی خودی «هەق عەلی» دایە، دواجار هەردوو یادەوەریش تەماهی یەکتر دەبن، ئەگەر لە دووتوێی وەهمی رۆحی هەمەکی بۆ رۆحی «هەق عەلی» بگەڕێینەوە دەبێ راستەوخۆ پەیوەندی بەکاردانەوەی کەسێتی بکەین لە پانتایی دەقدا، ئەوکاتەی کە هەرزەکارەو لە ترسی «خاتووخان» خۆی دەرباز دەکات، «ئەو رۆیشت – هەق عەلی– بەتەنێ لەگەڵ –خ.خ– مایەوە، ماڵەکە لە رادەبەدەر پاک و رێکوپێک بوو بەڵام وەک گۆڕستانیش بێدەنگ بوو، بێدەنگی هەناسەی سوار کردو ترسی لێ باری.. پاکیی ماڵەکە کە تەنها یەک ژوور بوو، لێی بوو بەئاگرو دەیسووتاند، لە شتێکی نادیار دەترسا، لێی هاتە پێشێ: دەی کوڕە قۆزەی گەڕەک! وەرە دەستم بگوشە بزانە بەهاوارم ناخەی؟ –هەق عەلی تازە خەتی دابوو، شانازی بە تووکەبەرو گەندە مووی ریش و سمێڵیەوە دەکرد، کچان سەیریان دەکرد، بەڵام ترس و شەرمی لێ دەنشتن و ملی مات دەکرد.. –دەی دەستم بگوشە.. دەست و مەچەکە خرپنەکەی لێ هێنایە پێشێ، ملە گۆشتنە سپییەکەی لە ئاستی چاوی ئەم بوو هەموو جەستەی نەرم و شل دیاربوو، هەناسەی بۆنی بنێشتە تاڵەی لێدەهات و تێکەڵاوی بۆنی مێخەک دەبووە، دەیوروژاندو دەیتۆقاند، هەق عەلی، لێوی کەوتنە لەرزین... بە ترس و شەرمەوە دەستی بردو دەستی نایە ناودەستی و گوشی... وەک تەوقە کردنەکەی ئەمڕۆی رۆناک گوشی... دەمی وەک پەڵاس وشک بوو دڵی بەشێوەیەکی سەیر کەوتە لێدان.. کەم.. هەروا بەئاستەم دەستی گوشی کەچی ئەو بەجۆرێ زریکاندنی دەتگوت دەستی





شکا، باسکەکەی تری لە ملی ئاڵاندو بەسینگی خۆیەوە نووساند.... هەق عەلی تاکێ نەکەین؟ هەق عەلی خۆی لە دەستی راپسکاندو تاتینی تێدابوو قووچاندی – تەون ل١٠٧–١٠٨»

بنەماکانی راکردن لێرەوە رەنگڕێژ دەبێ و ئینجا تەماهی رۆحی هەمەکی دەبێ، ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆی بە ئەخلاقەوە هەیە، یاخود بەپێنەگەیشتنی هۆشیاری دایە، راستەوخۆ بەو کردەوانە بەندە کە ئامادەیی وەک بینراو دەخەنەڕوو، خستنەڕووی «پاکێتی» لای «هەق عەلی» لەلایەک دەلالەت لە رۆح دەکات و لەلایەکی دیکەش بەترسی کردەوە پەیوەستە، لێرەدا ترسی «هەق عەلی» لە دەربازبوونی پەیوەندییەکانی یەکەمدا، دڵەڕاوکێی «هەق عەلی»یە لە نێوان پاک و خاوێنی دەرەوەی شتەکان و نامەنتقیەتی بەها نزمەکانی ناوەوەدا، بەو مانایەش ئەگەر لەلایەک ترس، پەیوەندی بە زاڵبوونی دیاردەکان و شتەکانەوە هەبێ، ئەوا راکردن پەیوەندی بە نەناسینی لۆژیکی ناوەکی «چێژ» شتەکان و دیاردەکانەوەیە، یاخود بەمانایەکی دی ئەگەر دڵەڕاوکێی «هەق عەلی» لەلایەک پەیوەندی بەدابو نەریت و نەفامی کۆمەڵایەتییەوە هەبێ، ئەوا لەلایەکی دی پەیوەندی بەنەناسینی هێزی ناوەکی هەرزەکارانەی «هەق عەلی» دایە، واتە ئەگەر راکردن بۆ نەناسین و نائامادەیی رەگەزەکانی کردە بگەڕێتەوە، پەرتبوونی ئەو رەگەزانە لەنێو خودی «هەق عەلی»دا راستەوخۆ دەلالەت لە بەرجەستە کردنی خەیاڵ دەکات، ئەمەش رەنگدانەوەی پاکێتی شوێنە لەسەر خودی «هەق عەلی» بەو مانایەش رەنگدانەوەی پاکێتی «هەق عەلی» بەرەو خەیاڵ دەکاتەوە، یاخود بەمانایەکی تر لە پەرتبوونی رەگەزەکانی کردەدا پاکێتی شتەکان لە بینراوی خەیاڵدا بەرجەستە دەبن، واتە لە پاشەکشەی کردەکان، هەستی پاکێتی وەک ئەلتەرناتیڤێ خەیاڵ دەنوێنێ، بەو مانایە «هەق عەلی» لە نێوان پاکێتی شوین و خ. خ –

کردەدا دووچاری ئیشکالیەتی بوون دەبێ، واتە لە دووتوێی دەربازبوون، بوونی خۆی لە پانتایی داخراوی خەیاڵ دەکێشێ، دواجار لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا ئەو خەیاڵە یاخود وڕێنەیە (هەق عەلی) بەرەو وەهم و کوردایەتی پەلکێش دەکات، یاخود بەمانایەکی دی دەق «دەیەوێت بەهۆی جێگۆڕکێی ئازادی ڕۆح و کردەی ڕووداوەکان – کەسێتی «هەق عەلی» و ئیشکالیەتەکەی زێتر بسەپێنێ و زێتر خوێنەر لە نیازو مەبەست، یاخود لە بەها نزمەکان ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر لەلایەکی دیکەش پاک و خاوێنی دەلالەت لە ئیستاتیکای شوێن و دیاردەکان بکات، ئەوا هەموو دەستبردنێک بۆ ئەم ئیستاتیکایە – هەموو دەستبردنێک بۆ پاکێتی دیاردەکان شێوانێک دروست دەکات، دروستکردنی شێوانیش دەلالەت لە بەها نزمەکان دەکات، بەو مانایەش ئەگەر دەلالەتی «پاکێتی» ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبونیادی گشتی ئەویدی هەبێت، ئەوا لە دووتوێی بونیادی تایبەتیدا «پاکێتی» پێچەوانە دەبێتەوە، یاخود دەچێتە دووتوێی خەیاڵەوە، بەو مانایەش ئەگەر «پاکێتی» بەرفرەوانی بونیادی ئەویدی بگەیەنێت، ئەوا مردنی «پاکێتی» لە دووتوێی خەیاڵدا دەلالەت لەبەرتەسکی بونیادی تایبەتی دەکات، هەر بۆیەش خودی «هەق عەلی» لە یەکەمدا خۆی لە پەیوەندییەکان دەرباز دەکات، کەچی لە دووەمدا بەرەو ڕووی دەچێ و بەشداری تیادەکات.

«هەموو شتێکی ژوورەکە تاریک و بۆر بوو چرا نەوتییە کە و ڕۆناک نەبێ، هەموو شتێ مردبوو.. هەموو جیهان لەجێی خۆی وەستابوو و مردبوو خۆی و ڕوناک نەبێ... بڕوانە ل١٠١ تەون».

لێرەدا ئامادەیی کردە لە وەستان و مردنی جیهاندا لە بری ئیستاتیکای شوێن خۆی دەنوێنێ، ئەمەش دەلالەت لەو داهێنانە کوردییە دەکات «دەلالەت لە بەشداربوونی هەق عەلی دەکات» کە هەمیشە لە دووتوێی





بونیادی داخراوی شۆڕشدا دەینوێنێ، بەو مانایەش خۆ نواندنی کردە لە دووتوێی بونیادی تایبەتی داخراوی شۆڕشدا بەتاک ڕەهەندییەوە پەیوەست دەبێ، لەلایەکی دیکەش بیرکردنەوەی کوردی لەم ئاڵقە داخراوە هەموو ئاراستەکانی دیالۆگ دووچاری مەرگ دەکات، کوشتنی ئەم ئاڕاستانەش گەڕانەوە دەگەیەنێت، گەڕانەوە بۆ کەش و هەوای ساتێکی بەسەرچوو، بەو مانایەش ژێرخانی گشتی ئەو بەربەستەیە کە فیکری ئێمە لە ناکامڵی و سەرەتایی و میتۆلۆژییەت و بێ مانایی دەپارێزێت[19].

بینراوی ڕۆح بێ داهێنان بۆرو تاریکە، بینراوی ڕۆح لە ساتەوەختی بەرزبوونەوەی دڵەڕاوکێ و گوماندا لۆژیکی ناوەکی پەنجە نوما دەکات، بەڵام خودی ئەو پەنجە نوماکردنەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هوشیاری و مەعریفەی سەردەمەوە هەیە، لەلایەکی دی پەیوەندی بەململانێ و کێشەکانی کردەو ئازادی هەیە، چەند لە ناسینی کردەکان بەرەو پێشەوە بچین، ئەوەندە ئازادی بەدەوری کردەدا پەرت دەبێ، چەند بەرەو مومارەسەکردنی ئازادی تاکەوە بچین ئەوەندە کردەکان ون دەبن، ونبوونی کردەکان لێرەدا مانای نەبوونی کردەو ئیبداع نییە، بەڵکو مانای ساتەوەختی داهێنانی کردەیە، داهێنان وەک ئیشارەمان پێکرد، پرۆسەیەکە لە دەرەوەی زەمەندا، بۆیە کاتێک لە ساتەوەختی پرۆسەی داهێنان لەنێو زەمەندا بۆ داهێنان دەگەڕێین لەم ساتەوەختەدا لەبەرئەوەی لەنێو زەمەن جێگیر نەبووە–ونە، دابەزینی بۆنێو زەمەن ئەو کاتەیە کە خود دوای ناسینی دەکەوێت، لە پرۆسەی ناسینی کردەشدا دووچاری لەدەستدانی ئازادی دەبین، بەو مانایەش مرۆڤی سەردەم هەمیشە پڕ بزاڤ و جوڵەیە هەمیشە دەبێ توانای نزیکبوونەوەو وەرگرتن و هەڵبژاردن و نواندنی چالاکی بەردەوامی هەبێ، بەردەوامبوونی ژیانیش دەلالەت لە بەردەوامبوونی داهێنان دەکات، بەردەوامبوونی داهێنانیش بەرفرەوانبوونی

بونیادی گشتی لە ئەستۆ دەگرێت، هەموو ئەوانەش لەبەرەو پێشچوون گەشەسەندنی رۆحی مرۆڤایەتیدا بەرجەستە دەبن.

گوتمان «هەق عەلی» لە دووتوێی خەیاڵی هەرزەکارانەی خۆیدا بەرە بەرە لەنێو رۆحی هەمەکیدا دووچاری وەهم دەبێ، ئەمەش راستەوخۆ لە دووتوێی پەیوەندییەکاندا دەردەکەوێت «ژوورێکی فەراح و رۆناک و پاک، ئەوەی تێیدا بوو خاوێن و گەش بوو، رووناک نەبێ کە بۆرو تاریک و بێگیان و ئێسکقورس بوو و لەژێر بارێکی هێندە گراندا نقەی دەهات لە توانای خۆی بەدەربوو-ل١٠٥ تەون».

لەلایەکی دیکەش دەق لەخستنە رووی وەهمەکانی «هەق عەلی» دەیەوێت خوێنەر بەرەو سەرەتای هەرزەکارانەی «هەق عەلی» و ئەخلاق بگێڕێتەوە، خودی ئەم گەڕانەوەیەش تەماهیکردنی سیاقی سەرەتا نییە لەگەڵ حاڵەتەکانی ئێستا، بەڵکو خستنەرووی بەها «هەرزە»کارەکانی کوردییە بەر لە شۆڕش و پاشان گرتنی ئەو بەهایانەیە لە دووتوێی پانتایی داخراوی شۆڕشدا.

گوتمان «هەق عەلی» دواجار لەرێگەی سۆزی دڵەوە خۆی دەخاتە دووتوێی باوەڕێکی سیاسی دیاریکراو، لەو جیهانە خەیاڵییەی خۆیدا پاکێتی و گەشبینی پڕ لە سۆزو ویژدان دەسازێنێ، ئەم جیهانە داخراوە، جیهانی «هەق عەلی»ییەکان نێو دەق لەخۆ دەگرێت، ئەو جیهانە گەرچی لەرێگەی هوشیاری و عەقلانیەتەوە نەکێشراوە، لە رێگەی خۆ دەربازکردنی ستراتیژیەتی پەیوەندییەکانی واقیع بەهۆی عەقڵی نەستەوە «لاشعور» وێنەکراوە، بەڵام هەموو هەق عەلییەکان لەم جیهانە داخراوە بەوپەڕی متمانە و لەخۆ بردووی خەبات و تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدەدەن، درێژە پێدانی خەبات بەومانایە وەک لە رەوتی ئەم نووسینە ئاشکرامان کرد کاوێژ کردنی هەمان بیرکردنەوەی خەیاڵی کوردییە، هەروەک لە دووتوێی ئەم





کاوێژکردنەشەوە دەتوانین دەستنیشانی (من)ی کوردی و واقیع بکەین، ئەمەش راستەوخۆ بەکەسێتی کوردییەوە بەندە.

کوردایەتی تەنها ئەخلاق نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و مەعریفی و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە رەنگرێژ بکرێت، خودی ئەم فاکتەرانەش لەبەرەو پێشچوون و گەشەکردن و دەرئەنجامەکاندا کاریگەری تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگینا رەنگە ئەخلاق ئەو جیهانە پاک و خاوێنەی «خ.خ» بێ کە «هەق عەلی» لە قۆناغی هەرزەکاریدا خۆی لە پەیوەندییەکانی دەرباز کرد، هەر بۆیەش لە دواجاردا «هەق عەلی» دووبارە دووچاری خۆ دەربازکردن دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆ دەربازکردنی یەکەم لە نەفامی و ناکامڵبوونی هوشیارییەوە بێت، خۆ دەربازکردنی دوای هەرەس لە دڵەڕاوکێ و گومان و بێهودەییەوە هەڵدەقوڵێ.

لەلایەکی دیکە گەرچی لە سەرەتا هەڵبژاردنی کوردایەتی -لە رۆحی هەمەکی- بۆ «هەق عەلی» بیرکردنەوەی خەیاڵ بەرفرەوانتر دەکات، خەیاڵ لە مەنزڵگای کوردایەتیدا بە چەندان دروشم کاوێژ دەکاتەوە «کە لە شیعاری هەرزەکارانەی هەق عەلییەوە نزیک بوون» ئەو شیعارانەش لە دووتوێی پانتایی داخراوی شۆڕشدا بەبێ جیاوازی دەلالەت لە یەکێتی و ریزبەندی و تەبایی و گونجان دەکەن، لە دووتوێی ئەو یەکێتی و گونجانەوە خەیاڵی «هەق عەلی»یش تەماهی خۆیان دەکەن، بەمجۆرە گوتاری کوردایەتی لە شۆڕش و پانتایی تایبەت و داخراودا رۆحی خۆی دادەمەزرێنێ، لەوێشەوە هەموو پارت و رێکخراوەکان لەم ریزبەندی و یەکگرتن و تەباییەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، دواجار بۆ هیچ پارت و رێکخراوێک نییە لەم پانتاییە پیرۆزو داخراوە بکۆڵێتەوە، هیچ تاکێک نابێ بپرسێ ئەم بەرجەستەکردنە چەند پەیوەندی بەئامادەیی مەعریفەوە هەیە، هیچ کەسێک نابێ دەست بۆ موقەدەساتی رۆحی کوردی بەرێت،

کەسێک هەڵناکەوێ بوێرانە بەراوردی خودی کوردایەتی و وەهم بکات.

بەڵام بەرەبەرە و پاشان بەتەواوی لەدوای هەرەس ئیشکالییەتەکان بەدەردەکەون، لەنێو دەقیشدا «هەق عەلی» بەمجۆرە تەعبیری لێدەکات «لەسەردەمی مناڵی مندا -خ.خ- خاتووخانی سۆزانی بوو، ئێستا خەباتی خوێناوییە... ئەوەی ئێستا منداڵ و هەرزەکارە، لە سایەی خەباتی خوێناویدا پەروەردە دەبێ... کەللەی سەریشی هەڵگری بە خاتووخانی تێناگا... با هەر تێی نەگا!. ل١١٦ تەون».

ئەگەر تەبایی و ریزبەندی و هەستی ناوکۆیی پیرۆز وەک لە پێشەوە ئیشارەمان پێکرد لە نەناسینی شتەکان و زاڵبوونی شتەکان و دیاردەکان و ترسەوە هەڵقوڵابێ، بەو مانایە گەڕانەوەمان بۆ ئەو گوتارەی دەبێتە بزوێنەری رۆحی نەتەوە لای پارت و رێکخراوەکان، گەڕانەوە نییە بۆ ئەسڵی کوردایەتی بەڵکو راستەوخۆ گەڕانەوەیە بۆ ئەو ترسەی کە گوتاری سەلەفی تەئکیدی لێدەکاتەوە، خودی ئەم گەڕانەوەیەش پەیوەندی بەو سیستەمە مەعریفەیە دایە کە ئایدیۆلۆژیای عەشیرەت و غەیبانییەت... پراکتیزەی دەکات، بەو مانایە دەرئەنجامی مانەوەی کورد بەقەد ئەوەی پەیوەندی بەستراتیژییەتی مانەوەی عەشیرەت و ئایین و غەیبانییەت و دواتر سۆسیالیزم دایە، بەمانایەکی دی بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی ئەو هاوپەیمانێتی و پەرژینە دایە «ئێمەی کورد بازنەیەکین چەقمان لە دەرەوەی خۆماندایە ل ١٥٤ تەون». هێندە پەیوەندی بەخودی کوردی و کوردایەتیدا نییە، بەقەد ئەوەی توانەوەی رۆحی کوردییە لەنێو ئایین و غەیبانییەت و سوسیالیزم، هێندە بەرجەستەکردنی چەمکی کوردی و کوردایەتی نییە، بەومانایەش دەرئەنجامی هەموو بزوتنەوە کوردییەکان دواجار لەبری ئەوەی رۆحی کوردی بەمانای سەردەم بەرجەستە بکەن، رۆحی کوردی بۆ دواوە و بەرەو گومڕایی و مانا لەکار کەوتووەکان دەبەن،





لەو مانایەشەوە پارێزگاری لە ستراتیژییەتی دۆگما و سەلەفییەت دەکەن، خودی ئەم ستراتیژییەتەش دواجار بوونی کوردی لەبەرجەستە بووندا لەنێوخۆی پەرت و بڵاو دەکاتەوە، دواجار بەو مانایەی کە لە دووتوێی ئەم نوسینەوەدا هاتووە کوردایەتی لە زاڵبوونی ستراتیژیەتی سەلەفییدا تەنها وەهمە، کەواتە ئەگەر ئازادی رۆح راستەوخۆ پەیوەندی بە پەرتبوونی کردەکانەوە هەبێ و لە دووتوێی زەمەندا، ئەوا بینراوی کوردی لە دووتوێی ناکردەیی کوردیدا یاخود لە دووتوێی ستراتیژییەتی دۆگما و سەلەفییدا لەبری ئەوەی هەوڵی ناسین و دەرککردنی دیاردەو دەرکەوتەکان و دیالۆگ بدات، بەرەو غەیبانیەت و وەهم دەگەڕێتەوە، دواجار لە پرۆسەی گەڕانەوەدا ئەو وەهمە، یاخود کوردایەتی گومڕا لە دەرەوەی زەمەنی ئاسایی خۆیدا دەبێتە ئەفسانە و لە ئەفسانەدا بەرجەستە دەبێت، بەمانایەکی دیکەوە ئەمە هێزی سەلەفییەتە کوردایەتی بەرەو ئەفسانە دەجولێنێ، تاکو لەوێوە بەئاسانی بتوانێ تەماهی خۆی بکات.

هەروەها بەومانایەی کە لە دەقی «تەونی جاڵجاڵۆکە» هاتووە، ئەگەر بەر لە شۆڕش کۆمەڵێک ئیشکالیەت لەنێوان (من)ی کوردی و واقیعدا هەبووبێت، ئەوا شۆڕش وەک ئیشارەمان پێکرد شۆڕشێک بوو بەهۆی کاوێژکردن و بەرفرەوانکردنی هەمان شیعارەکانی (من) یاخود لە دووتوێی کۆمەڵێک (من)ی نەخۆشدا گەشبینی بەکوردی دەبەخشی، لە گەرمەی یەکگرتن و تەبایی و گونجان و ریز بەندییەکانی هەستی مرۆڤانەی گۆشەگیرو دوورە پەرێزی خاوی (من)ی کوردیش تا دەهات پانتایی نێوان کردەو خەیاڵ بەرفرەوانتر دەبوو، تا دەهات هەستی دەروێشانەی کوردایەتی لە جەستەی کوردی جیادەبۆوە و بەرەو ئاسمان دەچوو، کوردی لەم شیزۆفینیایەدا، بە جەستە ئاگری شۆڕشی هەڵایساند بوو بە کاوێژکردنی خەیاڵیش ئاگری کوردایەتی بەرز دەکردەوە، لە گەرمەی ئەو یارییەدا «ئەتو

یەک ساڵی ڕەبەقە مێشکی منت بەقسەی زل کون کردووەو کرماشانم لە بۆ بە کەرکووک و دیاربەکرەوە دەبەستی، دەی زوو هەتا لەم ژووره دەرنەکەوتووی، دەوڵەتەکە دامەزرێنە... دەی تا دەرنەکەوتوبی دروستیکە !. ل١٦ تەون» بەکێشانەوەی وەرەقەکانی واقیع خەیاڵی کوردی بەتاڵ بوو، ئیمکانییەتی ناکردەیی کوردی و وەهمی (بەتاڵ) بە هەرەس ناونووسکرا «بەخوا هەموو شتێ لە دەست کورد دەرچوو ل١٥تەون»، هەرەس زەنگێکی بەرزبوو بۆ جەستەی خوێناوی کوردی، دەنگێکی بەرزبوو ئەفسانەی کوردی لە دەرەوەی زەمەنەوە خستە نێو زەمەن، هەرەس کردنەوەی ئەفسانەی کوردی بوو لەنێو کوردیدا، لە دووتوێی هەرەسدا کوردایەتی لەوپەڕی گەشبینی سەلەفییانەوە بەرەو مەرگ بۆوە، هەرەس مەرگی ئەو سەلەفیەتە بوو کە هێزەکانی ئەفسانەی کوردی لەنێو خۆیدا حەشاردابوو، ئەفسانەی کوردی ئەو تەلیسمە بوو بەوازکردنی دەرگاکانی هەرەس لەنێو خودی کوردی شکا، هەرەس وازکردنی دەرگاکانی کوردی بوو لەسەرخودی سەلەفیەت، وازکردنی دەرگاکانی سەلەفیەت بوو بۆ خودی کوردی، کوردی کاتێک ئەفسانە تێکشکاو و خوێناوییەکەی خۆی لە دەرگا وازکراوەکاندا نومایش کرد لەبری ئەوەی دنیا دووچاری حەپەسان بکات، لەبری ئەوەی بەو هەموو شکست و خوێنەوە دنیا بهەژێنێ، لەبری ئەوەی بەو هەموو گریانەوە لافاوێک بێ، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تاریکی و بێدەنگی بۆوە، ڕاستەوخۆ لە ناوەوەی خۆیدا دووچاری حەپەسان و هەژان و توانەوە بوو، هەرەس ئەو مەرگە بوو کە هەموو دنیا بە بێدەنگی پشتگوێی خست، هەرەس تەقینەوەیەکی گەورە بوو کەس گوێی لێنەبوو تەنها کورد نەبێ، موچڕکێکی بەهێزبوو بەڵام هەرتەنها کورد هەستی پێکرد.

ئەگەر هەرەس لەدووتوێی چەمکی «کۆتاییەکانی مێژوو»ی فۆکویاما بخوێنینەوە، دەکرێ هەرەس ئەو ڕاتەکان و موچڕکە بەهێزە بێت کە ڕۆحی





کوردی خستە نێو ئاگاییەوە، کوردایەتی کەوتە نێو جەستەی خوێناوی کوردییەوە، بەو مانایە هەرەس وەئاگا هێنانەوەیەکی دیکەی چەمکی کوردایەتی بوو لەدووتوێی جەستەی کوردیدا، هەرەس گەرچی جوڵەیەک بوو دژی کوردو هەستی کوردی و کەسێتی کوردی، گەرچی خەمێکی گەورەو کۆستێکی گەورەبوو «هیواکانی کوردی بەشێوەیەکی ورد هاڕی»، بەڵام لەدووتوێی هەموو ئەو ڕیزبەندی و یەکێتی و تەباییەدا، هەرەس گۆڕانێک بوو «مامۆستا سەعید! لەم دوو ڕێزەدا چ دیاردەیەکی ترسناک... لە هەموو شتێ ترسناکتر بەدی دەکەی؟ -جارێ تۆ بەدوای دیاردەی باشدا بگەڕێ نابینی چۆن هەردوولا دەستە ڕاستی جادەکەیان گرتووەو بێ کێشەو مل بەیەکەوەنان دەڕۆن؟ ئەوە بۆ زەماوەند بوایە کەس وا بەرێکی نەدەڕۆیی، ئەوجا ڕەوینەوەی مرۆڤ و خۆ بەدەستەوەدان، هەرەسهێنانی مرۆڤایەتی دەبینم.

– من دووبەرەکی دەبینم. ل٢١ تەون».

هەرەس بوارێک بوو بۆ دەرککردن و ناسینی کوردی لەنێو خۆیدا، بوارێک بوو بۆ گەڕانەوەی کوردایەتی بۆ پانتایی مەعریفە، ڕاچەنینێک بوو کوردایەتی لە ئەفسانەوە بەرەو پانتایی گشتی واقیع گەڕاندەوە «واتە خۆمان بناسین و لەوێوە دەست پێبکەین... ل٢٢ تەون». بوارێک بوو بۆ زێتر شارەزابوون، بوارێک بوو بۆ خۆنواندنی کردەی کوردی بۆ ناسینی پەیوەندی شتەکان، بزاڤێک بوو لە دووتوێی هەڵوەشانەوەدا عەقڵی (من)ی کوردی لەم کاوێژکارییەدا وەدەرهێناو بەرووتی ڕووبەڕووی واقیعی کردەوە، بەڵام ئایا چەمکی هەرەس لە بەرەوپێشچوونی کوردایەتیدا چەند سوود بەخش بووە؟ چەند درێژەی بەزەمەنی خۆی و ئەزموونەکانی خۆی دەدات؟ ئایا زەمەنی دوای هەرەس لە گوتاری پارچە پارچە جیاکاندا دەلالەت لەو ئەزموونانە دەکات، کە هەرەس بەرئەنجامی هێناوە؟.. ئەمە

سەرەڕای ئەوەی لەم دیالۆگەدا پرسیاری ئێمەیە، دەقیش ڕاستەوخۆ لەدووتوێی «هەق عەلی و سەلمان»دا دەلالەتەکانی ئیشکالییەتی شۆڕش و ئیشکالییەتی زەمەنی دوای هەرەس لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر ئیشکالییەتی گوتاری شۆڕش پەیوەندی بەریزبەندی و ڕۆحی هەمەکیدا بێت و ئەو ڕۆحە لەپانتایی داخراوی شۆڕشدا چەقەکەی بۆ پانتایی سەلەفییەت بگەڕێتەوە.

بەهەڵوەشانەوەی ریزبەندی و لەوێشەوە بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک گروپی لێکجیاو و دژو ناتەباو بەرجەستەکردنی تاک لەدوای هەرەس، خودی ئەو چەقە لە سەلەفییەتەوە بۆ پانتاییەکانی نێو خودو ململانێ و کێشەکانی نێو خود گواسترایەوە، بەو مانایەش گوتاری دوای هەرەس خۆی لە پانتاییەکی دیاریکراوو تایبەتی خودیدا دەنوێنێ، واتە ئەگەر بەر لە هەرەس گوتاری شۆڕش ڕووی لە دەسەڵاتێک بێ کە ئەوی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، یاخود ئەگەر لە دەربازبوونی پەیوەندی شتەکان و دیاردەکانەوە هەڵقوڵابێ، ئەوا گوتاری دوای هەرەس ئاراستەکانی خۆی بۆ ناوەوەی خۆی گواستەوە، بەڵام لە دووتوێی ئەو هەموو هەڵوەشانەوەیەشدا دووبارە بەهەمان شێوەی پێشووی بەر لە هەرەس لەسەر هەمان کاردانەوەی وێنەی بەرامبەر خۆی دووبارە دەکاتەوە، لەدووتوێی دەقیش کەسێتی «سەلمان» درێژە بەرێچکەکانی دەدات.

«سەلمان» کەسێتییەکی گۆشەگیری بەشدارنەبووی نێو شۆڕشە. هەمیشە لەشۆڕشدا خۆی تەریک و دوورە پەرێز ڕادەگرێ بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، هەروەها پەی بە کۆمەڵێک نهێنی نێو شۆڕش دەباو پاشان خودی ئەو نهێنییانەش لەگەڵ نهێنییەکانی خۆی تێکەڵی یەکتر دەبن و دووەم کەسێتی نێو دەق دەسازێنن، بەڵام سوود وەرنەگرتنی «سەلمان» لەو ئەزمونانە ڕاستەوخۆ دەلالەت لە سوود وەرنەگرتنی کوردی دەکات، خودی





ئەو تەماهی کردنەش بەئالییاتی دەق، دووبارە هەڵدانەوەی شکستەکانی مێژووی کوردییە لە بونیادنانی کەسییێتی کوردیدا، لێرەدا ئەگەر گەشبینی گوتاری شۆڕش وەک ئیشارەمان پێکرد دەلالەت لە وەهمی کوردی بکات، ئەوا ڕەشبینی گوتارە جیاجیاکانی دوای هەرەس دەلالەت لە گەڕانەوەی کوردی دەکات بۆ نێو مێژووی خۆی، بەو مانایەش هەروەک چۆن کەسێتی «هەق عەلی»مان بە چەپێنراوەکان و لەوێشەوە لە کەسێتی کوردیمان نزیک کردەوە، بەهەمان شێوە لە ئەزموونەکانی دوای هەرەسەوە لە کەسێتی دەمارگیری و ڕەشبینانەی «سەلمان» بەرەو کەسێتی کوردی هەنگاو دەنێین «باوەڕ ناکەم کەس هەبێ وەک من گوێی سوک بێ و وەک من بەدەنگ هەموو کەس وهەموو شتێ بناسێ، کەلەدەرگا دەدرا- هەمیشە بەپشتی پەنجە لە دەرگا دەدرا- دەمزانی کێیە، دەنگی پەنجەی ڕەق و بێ گۆشت جۆری بوو وهی گۆشتن جۆرێکی تر، دەنگی پەنجەی درێژ جۆرێ بوو هی کورت جۆرێکی تر بوو، گەنجەکان بە ترس و شەرمەوە لە دەرگایان دەدا وگەورەکان بەبێ ترس وشەرم، خوێندەوار بەجۆرێ لە دەرگای دەداو نەخوێندەوار بەجۆرێکی تر، خۆ من لەوەتەی هەم نەمتوانیوە بەرانبەر ژن، جگە لە «خ.خ» سەر هەڵبڕم، نەمدەویست چاوە کوێرەکەم پێشان بدەم، بە خشەی کراس ودەنگی هەنگاو و هەناسە ژنم دەناسین ... خزەی خۆ هەڵکڕاندن خورپەی لە دڵم هەستاند، خۆم مات کرد تا کرتەیەکی تر لە پزووەکەی هەستا ودەستی لابرد، بەهەناسەیدا زانیم نووست، ئەمما نووستن، بەکاوە خۆ دەستم درێژ کردو ڕێک لەناو لنگیم دانا .. ل٨٠-٨١ تەون».

بەومانایەش هەوڵدەدەین ئیشکالیەتی وەهمی پانتایی داخراوی شۆڕش و شکستەکانی خودی پارچە وتاکەکانی دوای هەرەس لە نێو دەق دا لەیەک نزیک بکەینەوە، بەڵام هەرچەندە هەرەس هەموو گوتارە هاوتەباو هاوماناکانی درز تێخست، هەرچەندە دوای هەرەس ئەو گەشبینییە

سەلەفیە بای بیابان لەگەڵ خۆی بردی و رەشبینی لە شوێن چاند، لە جێگای دڵنیایی وحەسانەوەو یەقین، دڵەڕاوکێ وترس وگومان لە دایک بوو، هەرچەند گرنگترین رووخسارەکانی دوای هەرەس رەخنەگرتن لە خۆ بوو، هەرەس گرنگترین فاکتەری پارچە پارچە بوونی رۆحی شمولی کوردی بوو کەهەمیشە لە دووتوێی شۆڕشدا تەئکیدی لێدەکرایەوە، بەڵام ئایا گوتاری دوای هەرەس بووە ئەزموونێک بۆ بەرەوپێشچوون وگەشە کردنی کوردایەتی؟ ئایا دڵەڕاوکێ وگومانەکانی دوای هەرەس وەسیلەیەک بوو بۆ داهێنان» ئایا شۆڕشی نوێخوازی دوای هەرەس تا چەند توانی ستراتیژیەتی سەلەفیەت- عەشیرەت، ئایین، غەیبانیەت وسوسیالیزم پاشەکشە پێبکات ئایا تاچەند توانی لە دووتوێی بونیادی گشتیدا گوتارێکی عەقڵانی قووڵی هەمە لایەنە بخاتەوە.

«بۆ واپێم خۆشە پێش خەوتن کورژ ببمەوە؟. هەردوو باسکم دەنێمە ناولنگم و هەردوو چۆکم بە سینگمەوە دەنووسێنم، دەڵێی پزی ناو زگی ... «دایک»م، دەڵێی شەیدای گەڕانەوەم بۆ ناو هەناوی دایک ... ل٣٥ تەون.»

راستە هەرەس زەنگێکی گەورەی بۆ عەقڵی سیاسی کوردی لێدا، راچەنینێ بوو مەرجەعیەتی گوتاری سیاسی کوردی دووچاری هەڵوەشانەوە کرد، بەڵام هەموو ئەو شتانە وەک ئەزموونێک وەک فاکتەرێک سوودی لێ وەرنەگیرا -رووداوێک بوو روویدا- رووداوێکی خوێناوی، هەرەس تەنها وەک رووداو مایەوە، گەڕانەوەی کوردی بۆ هەرەس، گەرانەوە نییە بۆ ئەزموونێک، بەقەد ئەوەی گەڕانەوەیە بۆ شکست وراستەوخۆ پەیوەندی بە شکستەکانی بونیادەوەیە، کوردی دوای هەرەس شەیدای گەڕانەوەیە بۆ نێو هەناوی ئەم بونیادە، ئەگەر مازۆخیەتی «سەلمان» لەم خەیاڵ وخەونە دابێ و سادیەتی پەیوەندی بە سەدەمەی«شۆک» بێداری[٢٠] هەبێت وراستەوخۆ لە





بونیادی سەدەمەی بێدارییەوە ئاراستەکانی خۆی دیاری بکات، ئەوا کەسێتی مازۆخی کوردی لەروو بەڕوو بوونەوەو دیالۆک و سادیەتی لە وەهمەوە لە دایک دەبێت، بەو مانایەش سادیەتی کوردی راستەوخۆ پەیوەندی بەشۆڕشەوە هەیە ومازۆخیەتیش لە دیالۆگەکانی دوای هەرەس لە دایک دەبێت، بەو مانایە سادیەتی «سەلمان» و «مازۆخیەتی» کوردی لە ناوەوە دەکەونە ململانێ وناتەباییەوە.

«من باوەڕم وایە کەدەبێ سوپەرمان لە مرۆڤدا دروستببێ و من بەخۆم سوپەرمان بم ل ٣٨ تەون» لە میانی شۆڕش و وەهمی کوردانەدا، کوردی زۆرگەشبینانە بیری لە پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی کوردایەتی دەکردەوە، بەڵام دواتر ئەو گەشبینییە چەمکی کوردایەتی بەرەو جیاوازی وململانێ برد، لە چەند وێنە وتۆڕێک دا بەرەشبینییەوە وەک دەمامک بۆ مانەوە خرایە روو، بەو مانایەش ئەگەر رۆحی تاک لە شۆڕشدا وەک ئیشارەمان پێکرد لە بەرژەوەندی کوردایەتی و تەبایی و ریزبەندی .... ئەم رۆحە هەمەکیە خۆی تەرخان کردبێت، ئەوا دوای هەرەس، کوردایەتی تەنها وێنەیەک بوو، تەنها تۆڕێک بوو بۆ ئارەزووەکانی رۆحی رەشبینی گرووپە جیاجیاکان و تاک، ئەمەش وەک گومان دەلالەت لە هێزی ئەویدی دەکات بۆ ئەوەی ئەوهێزە بوونایەتی خۆی لە بەرامبەر مازۆخیەتی کوردیدا بنوێنێ دەبێ هەوڵی هەڵسانەوەی هێزی کوردی بدات، هەڵسانەوەی هێزی کوردی تەنها لە پێناو نواندنی خۆیەتی، «خەباتی خوێناوی کاکی گەورەو درێژە پێدانی! خەباتی خوێناوی خۆی لە خۆیدا ئامانجە! باشە وا دانێ هەرچی دەوێ بیدرێتێ، بەبێ خەباتی خوێناوی درێژ خایەن چۆن هەڵدەکات؟!.ئەو دەمە چی دەکات؟! ل٤٦ تەون.» ئەگەر ئەو هێزە لاوازە لە نێو دەقدا پەیوەندی بە بیرەوەری منداڵی «سەلمان»ەوە هەبێ، ئەوا بەنسبەت کەسێتی کوردی پەیوەندی بە شکستەکانی کوردی دایە، یاخود راستەوخۆ وە

دیارخستنی هەمان وەهمی شۆڕش و رۆحی هەمەکی کوردییە بەر لە هەرەس، بەڵام ئەگەر گەڕانەوەی «سەلمان» لە دووتویێ دەقدا بۆ بێهێزی «مازۆخیەت» هەستی چڵکنی «بیرەوەری منداڵی یا هەرزەکاری کە هەموو جارێ یەخەگیری دەبوو و ئازاری دەگەیاندە رۆحی، ئەمجارەش لێی پەیدابووەوە وتێکەڵاوی ئەو ئازاری وێژدانە بوو کە بە هۆی نووسینی نامەکەوە تووشی بوو، زۆری نەخایاند، هەستی بە چڵکنی خۆی کرد ل٤٧ تەون.» دەلالەتی لێبکات، ئەوا بە نسبەت کوردی هەستی «رەشبینی» ئەم دەلالەتە لە خۆ دەگرێت، هەروەها لەلایەک ئەم هەستە پەیوەندی بە بێهێزی کەسێتی «سەلمان» دایە ولەلایەکی دیکە «سەلمان» وەک هێزو خۆنواندنی وەک هێز لە ساتەوەختی ئێستادا دەلالەت لە دابڕان دەکات، بەو مانایەش دابڕانی «سەلمان» راستەوخۆ بە نواندنی هێزو دیالۆگەوە پەیوەستە و نواندنی هێزی ئەویدی لە خۆدەگرێت، ئەمەش ئەگەر لە لایەک پەیوەندی بە پەرەسەندن و گەشە کردنی ئازادی مرۆڤایەتی داهەبێت، لە دووتوێی ئەم پەرەسەندنە چەمکی نەتەوە ماناکانی خۆی ون کردبێت، ئەوا لە لایەکی دی پەیوەندی بە ئۆپۆرتۆنیستییەتی «سەلمان» ەکانی کوردییەوە هەیە، هەمیشە ئەوان هەوڵدەدەن لە دووتوێی مانا ونبووەکان و پرنسیپی کەسێتییەوە بەرگری لە مانەوەی خۆیان بکەن.

راستە کوردایەتی لە دووتوێی مانا تەقلیدییەکانەوە تەماشا دەکرێت، وەک ئەزموونێک بۆ گەشە کردن و بەرەوپێشچوون ئاوڕی لێ نادرێتەوە، ئەگینا چۆن گوتاری دوای هەرەس غەرقی هەمان نا عەقڵانیەت دەبوو؟ چۆن نەدەبووە خاوەنی پرسیار ...

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هەرەس لە پانتایی دەق دا توانی «هەق عەلی » بەو هەموو گومان و دڵەراوکێیە بەخوێنەر بناسێنێ «هەر جارە قاچێکی بەر بەردێکی نیشانکراو دەکەوت وهێندێ جاریش هیچیان بە بیری لە نێوان





گەڕانەوەی ناو حکوومەت و سەفەری ئەورووپا و لای مامۆستا سەعید ودیداری رووناکدا، دەهات ودەچوو لە سەریەکێکیان ئۆقرەی نەدەگرت ل ١٠٠ تەون.» ئەگەر «هەق عەلی » دەلالەت لە بەرەوپێشچوونی شۆڕشی دوای هەرەس بکات، بەو مانایە هەرەس تەنها خاڵی بێهودەیی شۆڕشی زەق کردەوە، راستەوخۆ لەم خاڵەوە ئۆپۆرتۆنیستییەتی «سەلمان» بەرجەستە دەبێ، ئەگەر «هەق عەلی» ئەو بێهودەیییەی لە بەراوردکردنی شتەکانەوە بۆ فەراهەم بووبێت، ئەگەر کوشتنی «میرزا» کە تاقە پێشمەرگەی دوای هەرەس درێژدەری شۆڕش «لەململانێی ناوخۆ» بە رۆژی دەسپێکردنی شۆڕشی دوای هەرەس دابنرێت، تاک نەبێتە هەڵگیرسێنەری شۆڕش «میرزای دڵسۆزو دەربەدەر و تاقە زەلامی نە رووخاوی دوای هەرەس، بۆیە کوژرا تا رۆژی کوشتنەکەی بە دەسپێکردنەوەی شۆڕش دابنێین و ئەو نەبێتە بەردەوامی شۆڕش ل١٣٣ تەون.» ئەوا ئوپۆرتۆنیستییەتی «سەلمان -کاکی گەورە» دەلالەت لە ئیرادەی تاکێتی و بونیادی گشتی ناکات بەقەد ئەوەی دەلالەت لە بونیادی تایبەتی و حاڵەتە دەروونییەکان دەکات، «سەلمان: من کوشتەی بارودۆخێکی تایبەتیم، کوشتەی دەستی دایکێکی سوزانیم ئەویش- واتە خ.خ .... ل٨٢ تەون.» بەو مانایەش کەسێتی «سەلمان» دواجار لە هەمان کاردانەوەی کەسێتی «هەق عەلی»یەوە دەست پێدەکات، لەهەمان گواستنەو گۆڕین «الابدال» لە هەمان حاڵەتی هەڵچوونەوە بەرەو بابەت گۆڕین هەنگاو دەنێ، بۆیە هەرەسێکی دیکە چاوەڕوانیان دەکات، هەرچەندە «سەلمان» وەک ئیشارەمان پێکرد لە پەیوەندی شتەکان و ناسینی دیاردەکانەوە بەرەو تۆکمە بوونی خۆی هەنگاو دەنێ، بەڵام ئەو ناسینە لە بری ئەوەی لە سەر ئەساسی پرنسیپەکانەوە بێت، راستەوخۆ بە کەسێتی و حاڵەتە دەروونییەکانەوە بەندە.

ئەگەر «هەق عەلی» لە دەرەوەی کردەوە، خەیاڵ وەک بینراو، لەوێوە

بەرەو رووی بینراوی گەشبینانەی ئازادی هەنگاو بنێ، ئەوا «سەلمان» لە بینراوی شتەکان و واقیعەوە بەرەو پەرتبوون و رەشبینی خەیاڵ دەچێت «بەڵێ –خ.خ–ش وەکو من قوربانی بارودۆخە، ئەویش بێتاوانە، کەرە مرۆڤیش بێتاوانن هەموو مرۆڤ بێتاوانن، ئەگەر داد هەبێ دەبێ باوک ودایکی تاوانبار سزا بدرێن ... ل٨٢–٨٣ تەون.»».

گەڕانەوەمان بۆ بونیادی کوردی وشکستەکانی، یاخود تەئکیدکردن لەسەر بونیادی تایبەتی رۆحی ئیفلیجی کوردی بۆ ناسینی شتەکان ودیاردەکان و ئازادی راستەوخۆ دەلالەت لە بەرجەستەکردنی سەلەفیەت وهێزی سەلەفیەت دەکات، بەو مانایەش کوردی هەمیشە لەبەها نزم وبێ ماناکانەوە تەعبیر لە نەخۆشییەکانی خۆی دەکات، ئەم نەخۆشیانەش هەستی تاوان وناهوشیاری و ناکردەیی «شکست و وەهم» ، یاخود بەمانایەکی دی کۆیلەی فیکر دەکەنە ئەفسانەو لە ئەفسانەشەوە بۆ خودی خۆیان دەگەڕێنەوە، یاخود بەمانایەکی دی لە ناکردەیی بۆ ئەفسانەو لە ئەفسانەشە وە بۆ ناکردەیی درێژە بەوەهم وشکستەکانی کوردایەتی دەدەن.





# پراکتیزە کردنی چیگوتن وجوانگوتن لە چناری شیردا [21]

داهێنان سیفەتێکی سەرەکییە کە ژیانی شارستانی، لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤ جودا دەکاتەوە، ژیانی سەرەتایی سەرتاپا لێکچوون ودووبارە بوونەوەیە و ژیانی شارستانیش داهێنان بەخۆوە دەگرێت – توینبی«مهزلة العقل البشري/د.علي الوردي»[22]

دیارە مەبەست لە هێنانەوەی ئەو گوتەیە وەک پێوانە ویەکلا کردنەوە و حوکمدان لەسەر دەقی «چناری شیر»ی «جەبار جەمال غەریب» تەماشا ناکرێت، رەنگە تەنها وەک دەسپێکێ لە میانی ئەم نووسینەدا لایەنێک لەلایەنەکان بەخۆوە بگرێت، یان بەمانایەکی دیکە دەکرێ تا رادەیەک رەنگدانەوەی هەبێ چونکە لەلایەکی دیکەوە بەراستەوخۆیی هەوڵدەدەین لە تویێ مانا سەرەکییەکانی سیستەمی رۆمان و دەقی چناری شیردا تێڕوانینەکانی ئەمڕۆو دوێنێ ی ئیبداع ونیشانەکانی یەکلا بکەینەوە، یاخود هەوڵدەدەین میکانیزمیەتی بونیادی دەقی چناری شیرو سیستەمی رۆمان بە میتۆدی نوێی خوێندنەوە وێنا بکەین، هەر لەمیانی ئەو وێناکردنەشەوە هەوڵی بەپەراوێزکردنی وشەی (رۆمان)ی سەر بەرگی «چناری شیر» یان ئەگەر بشێ بەتەواوی دەستبەرداری ئەو وشەیە دەبین، هەر لەوێشەوە گوتاری گێڕانەوە و میکانیزمیەتی جوانگوتن وەک پرسیاری سەرەکی دەخەینە روو «وەختێک بەفر جێیەکی نییە لێی بکەوێت، زەنگوڵەیەک وەک ئاڵا لە وڵاتێکی بێ سێبەردا دەتوێتەوە «چناری شیر:

ل٥» ، بەومانایەش هەرچەندە ناکرێ بەهەمان شێوەی سەلەفیانەوە چەمکەکان وەک مەدلول و وێنەی ساتەوەختی خۆیان راستەوخۆ بگوازینەوە، چونکە لەم گواستنەوەیەدا، دەکەوینە لاسایی کردنەوەی ناونانە تەقلیدییەکانەوە، واتە دەکەوینە بنبەستبوونی زەمەنەوە، بەمجۆرەش وا لەخوێنەر دەکەین بە ناچاری سەر بۆ تەسەورات و رێرەو وچەمکە تەقلیدییەکان شۆڕ بکات. کەواتە ئەگەر بڕوامان بە پێشکەوتن وپێشکەوتنی چەمکەکان هەبێ ناکرێ پێکهاتەکانی سیستەم و خوێندنەوەی پێکهاتە نوێیەکان پشتگوێ بخەین، هەروەها ئەگەر بشێ لەوشەی رۆمان وەک ناونیشانی دەقی «چناری شیر» خۆمان دەرباز بکەین، رەنگە بتوانین بە شێوەیەکی فراوانتر ئاوڕ لە ئیشکالیەتەکانی پێکهاتەی سیستەمی دەق بدەینەوە و بە دوای دوالیزمیەتی دەقدا بڕۆین و پرسیارەکانمان برەوپێ بدەین، هەر لە دووتوێی ئەو خۆ دەربازکردنەش راستەوخۆ نقومی دەستەواژەی شیعریی و رستە وەسفیەکان دەبینەوە و لەوێشەوە هەوڵدەدەین گوتاری «سڕی ئەو کەسەی بەهەشتی دۆڕاندو بەفر قوتی دا: چناری شیر -ل٥» بخوێنینەوە، لەلایەکی دیکەش ئەگەر چی ناتوانین ئەو دەقە وەک فیلمێکی سینەمایی رووت سەیر بکەین، بەڵام لێهاتوویی چیرۆکنوس لە بەرجەستە کردنی دیمەنەکان وبینینی شتەکان و وێنەگرتن و گواستنەوە لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دی و بە دواداچوونی ناخی شتەکان وپەردە لەسەر هەڵدانەوەیان راستەوخۆ بەرەو هونەری رووتی چاو «یان ئەگەربشێ بڵێین هۆشی چاو» وگرتەی کامیرا راماندەکێشێت، بەڵام وەک دیارە بۆ گرتن و دیاریکردنی ئەو سڕەش مەدلولی زمانەوانی بەتەنها بەس نییە، دیارە بۆ ئەو مەدلولەش دەبێت پشت بە مەدلولێکی رۆشنبیریی و رۆشنبرییەکی بەرفرەوانەوە ببەستین.

هونەری جوانگوتن وجوانبینی لە دووتوێی دەقی چناری شیردا وەک





گوتمان راستەوخۆ بە رستەی وەسفی و دەستەواژەی شیعرییەوە خۆی بەند دەکات، یاخود بەمانایەکی دی نووسەر هێزی گێڕانەوە لە دووتوێی شیعردا سەردەبڕێ، ئەو سەربڕینەش بەتەواوی ماوەی نێوان دەق وخوێنەر وێکدێنێتەوە، بەڵام دیارە پرسیاری ئێمە لەم سەربڕین و جووتبوونەدا، دەریچەیەک بۆ ئیشکالییەتەکان دەخاتە سەرپشت، بەومانایەش کاتێ خوێنەر بیر لە پێکهاتەکان دەکاتەوە لە بری ئەوەی دوو حاڵەتی جیاواز لە هۆشی خۆی و تەماهیکەر لە دەقدا بگرێت، راستەوخۆ هەردوو حاڵەتەکە، یاخود هەردوو بونیادەکە هۆشی خوێنەر و دەق وێکرا جووت دەکەن، یان بەجۆرێکی دیکە هەردوو حاڵەتەکە لە هۆشی نووسەر تەماهی یەکتر دەبن و لەکاتی داڕشتنیشدا هەریەک بە لایەکدا دەڕوات، بێ ئەوەی دەسەڵاتێک رێکیان بخات و بەتەواوی مافەکانیان دەستنیشان بکات، کەواتە بە شێوەیەکی روونتر نووسەر هێلەکانی گێڕانەوە وهێلەکانی شیعر لە نێوخۆیدا لە گرتەیەک لەگرتەکاندا دەگرێ و خوێنەریش لەم گرتانەدا بە چێژ کۆنترۆڵ دەکات، لە بری ئەوەی لە دووتوێی شیعرییەتدا خوێنەر تەماهی گێڕانەوە بکات، بە مجۆرەش لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی شیعرەوە خوێنەر لە چیگوتن وجوانگوتن دەبێتەوە، پرسیار لەوە نییە لەبەرچی جوانگوتن، یان دەسەڵاتی شیعری لەگێڕانەوە دا کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەڵکو پرسیار لەوەیە مافی رەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوە پێشێل نەکەین

لەلایەکی دی ئەگەر لەتوێی ئەو هەموو گرتانە.. گوتاری گێڕانەوە وەک چیگوتن لە رەمزی کۆمەڵگای سەرەتایی نزیک بکەینەوە و ئەفسانەو زەمەنێکی رابردوومان وەبیربخاتەوە لە دووتوێی دەقیشدا بە دەستەواژەی «شوان-بێری-نێری-گولینکە...» ئەو زەمەنە دەلالەتەکانی خۆی نمایش بکات، دیارە لەلایەکی دیکەوە وەک چۆنگۆتن لە دووتوێی ئیقاعی دەربڕین و حاڵەتەکانی نەستی نووسەردا دەتوانین رستە وەسفیەکان و

دەستەواژە شیعرییەکان و ئیستاتیکا و رەهەندەکانی دیکەی زمان بە جوانی بگرین، یان بەمانایەکی دیکە دەکرێ ئیشارە بەو زمانە هەڵچووە بدەین کە لە نێوەندی ئەفسانەوە راستەوخۆ بۆ نێوەندی شیعریی خۆی دەگوازێتەوە، هەر لە دووتوێی ئەوخۆگواستنەوەو تەماهی بوونەش خوێنەر روو بە رووی جووتبوون و وەعی جوانگوتن دەبێتەوە، بەو مانایەش وەک ئاشکرایە ئەگەر بونیادی شاراوەی دەق لە چیگوتن خۆی بەرچەستە بکات، ئەوا دواجار چۆنگوتن و چڕی رستە و دەستەواژەکان لەچناری شیردا تەواو روخساری دەق دادەپۆشێ وهەموو رۆناکییەکان لە خۆ دەنەخشێنن.

کەواتە چناری شیر لەمانایەکی سەرەتاییەوە، یان لە ئەفسانەی بوونەوە راستەوخۆ بۆ نێوەندی شیعر دەمانگوازێتەوە، یاخود ئەگەر بونیادی ئەفسانەی ئەو پیاوەی بەهەشتی دۆڕان لە بونیادی شیعر نزیک بکەینەوە، یان وەک بونیادێکی شیعری لە دەقدا خۆی بنوێنێ، هەستدەکەین گرنگترین ئەرکی نووسەر لەتوێی پێکهاتەکانی (چناری شیردا) بەرجەستەکردنی بونیادی شیعرە لە نێو شیعردا، هەر لەتوێی ئەو جووتبوونەشەوە خوێنەر دەکەوێتە نێو کۆمەڵێک مانای رووت وئیقاعی هەست بزوێن، یان بەشێوەیەکی جوان وسیحر ئامێز لە ماڵی یەکەمانەوە راستەوخۆ لە توێی پەیوەندییە خرۆشاوەکانی جووتبوون وئیستاتیکای جوتبوون، چێژو شەهوەتی جووتبوونمان لە ماڵی دووەمدا بەسەردا دەسەپێنێ بەو مانایەش ئەگەر ماڵی یەکەم لە گرتنی ئەفسانەوە خۆی دابمەزرێنێ، ئەوە ماڵی دووەم لە شیعرییەتەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە.

ئەگەر جوانگوتن وەک ئیشارەمان پێدا بە وەسف ودەستەواژەکانەوە پەیوەست بکەین، ئەوا چیگوتن پشت بە مەدلولی رۆشنبیریی سەردەم و ئازار و ژانەکانی سەردەمەوە پەیوەستە، خودی ئەو مەدلولەش بۆ ئەوەی بتوانێ بەهایەک لە خۆ بگرێت، بەپێی بەهاکانی سەردەم، پێویستە





لەمیانی پەیوەندی سییانەی رەگەزەکانی زەمەنەوە پرسیارو مەغزایی خۆی دیاری بکات، بەو مانایەش هێزی چیگوتن لە پرسیارو پرسیاری سەردەمدا خۆی دەنوێنێ، خودی ئەو هێزەش هەمیشە وەک بنەمایەکی شاراوەی دەق لە شێوەیەکەوە بەرەو شێوەیەکی دیکە درێژ دەبێتەوە.

گوتاری گێڕانەوە لە دووتوێی « نهێنی ئەو کەسەی بەهەشتی دۆڕان» هەمیشە بە رەنگاورەنگی شیعرییانەوە خۆی نومایش دەکات، واتە لەبری ئەوەی گوتاری «چناری شیر» لە میانی دەقەوە لەکۆی رەگەزەکانی گێڕانەوە لەوانەش کاراکتەرو رووداو و زەمەن و شوێن وپێکهاتەکانی دیکەوە بگات، لە توێی دەستەواژەیی شیعری و رژانی رستە وەسفییەکانەوە خوێنەر داگیردەکات – گولینکە لەسەر بەفر دەبریسکێتەوە: ل٥- شریخە لە هۆشی خوێنەر هەڵدەسێنێ، لەم وروژانەشدا ئالیاتی چێژ بەتەواوی کۆنترۆڵی دەق و ئالیاتەکانی دیکەی گێڕانەوە دەکات «جا تۆ سەرقاڵی وردە هەناسەکانی پێش مردن مەبە، گوێ لەوێردەکانی دەست نوێژبگرە..ل٥» جا ئەگەر گوتاری رۆمان، بە هەموو رەگەزو پێکهاتەکانییەوە بکەوێتە سەرگێڕانەوە و سیموتیکای گێڕانەوە، ئەوا لە چناری شیردا دەستەواژەی شیعری وشیعر گوتاری گێڕانەوە هەڵدەلوشێ، یاخود بە جۆرێک جووتی دەبێ کەزۆر بە پچڕی هەست بە هەناسەکانی گێڕانەوەو رووداو وکاراکتەر و زەمەن ...بکەین.

راستە چناری شیر چیرۆکێ دەگێڕێتەوە، کەچی شیعر گوتنی شتە، بەڵام ئیشکالیەتەکە لێرە دایە کە هەستدەکەین لە نێوان گوتن وگێڕانەوەدا مسافەیەک بۆ بیرکردنەوەو بەدواداچوون و لێ خوردبوونەوە وجودی نییە. لە بری هەموو ئەوانە لە میانی وەبیرهێنانەوە و دووبارە گێڕانەوەدا خوێنەر دووچاری پچڕانی هێلە سەرەکییەکان دەبێت، وشیعرییەت تەواوی رەگەزەکانی دیکە هەڵدەلوشێ. یان بەواتایەکی دی ئەگەر گوتاری گێڕانەوە

وەک ڕەگەزێ بەشێکی بکەوێتە سەر نومایش کردن، یان گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکان تاکو چەمکی درامیەت بەرهەم بهێنێ، ئەوا لە چناری شیردا چیرۆکنووس بۆ درامیەتی دەق بەتەواوی پشت بە دووبارە کردنەوەی شیعرییانەوە دەبەستێتەوە: «زەنگوڵەیەک بە نێو سەرمادا دێ / ئەو بێریانەی بۆ دەست نوێژ تانێوکییان دەچومێ دەنا/ وەختی پیرە نێری ئاوڕ دەداتەوە بەسەر کلکی وەک ئاڵقەی ماریدا دەڕوانێ .... چناری شیر» ئەمانەش زێتر وەک وەزیفەیەکی شیعریی خۆیان دەنوێنن وکەمتر لە بەرژەوەندی گێڕانەوەو درامیەتی دەق کار دەکەن، یاخود بەمانایەکی دی ڕەنگە هەموو ئەوانە کلۆمدانی لۆژیک بێت لە میانی گوتندا، هەر بۆیەش گێڕانەوە لەم دەقەدا خۆی لەفەزاو کەسێتی وزەمان ومەکان دوورخستۆتەوە، یاخود بەمانایەکی دیکەی شیعری شتێ ناڵێ کە تەواوبێ، یان کەدەکرێ تەواو ببێ- بەڵکو لە میانی گوتندا لە میانی وەسفی زمانەوانیدا دەق وەبەرهەم دەهێنێ، هەر لەو وەبەرهەم هێنانەشدا دەق بۆ خودی خۆی و تەماهی کردنی خودی خۆی دەگەڕێتەوە، بەمەش ئازادی خوێنەرو دەرفەتەکانی خوێنەر لە نێوان هۆشی گێڕانەوەو هەستی ڕووداودا دووچاری وێکهاتنەوەو دواجار هەڕەشەی لە ناوبردن دەبێتەوە، هەر لە توێی ئەو مانایەشەوە دەکرێ بڵێین ئەو ڕێگایەی کە «جەبار جەمال غەریب» بۆ گێڕانەوە بەکاری هێناوە بەرەو شیعر ڕەوگەمان دەگوازێتەوە، بەڵام دیارە ئەوەش بەو مانایە نییە کە شیعر ئازادی بۆ خوێنەر نەڕەخسێنێ، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین کێشەی چەمکی ئازادی خوێنەر لە چناری شیردا بە چاوگی نووسینەوە بەندە چاوگی نووسینیش لە گێڕانەوەدا بەهۆشی گێڕەوەو بۆ گێڕەوەوخوێنەرەوە دنیای خۆی دیاری دەکات.

هەر لە لەرانەوەو زەنگوڵە و لەرزینی دەمارە وردەکانی چنار و ئەو گولینکە، ئەو تنۆکە خوێنە بە ڕەونەقە، تادەگاتە سڕی شیرو شەهوەت، لە





نێوان گوتن وگێڕانەوەدا بەرەو ڕووی گوتارێکی لێکترازاو دەبینەوە، ئەو گوتارە لێکترازاوەش پەیوەستە بەزەمەنی ڕابردوو وەک ئەفسانەو زەمەنی ئێستا وەک شیعر، یەکێک  لە ئیشکالیەتەکانی ئەولێکترازانەش ونبوونی ڕەگەزەکانی دیکەیە، یان دەرنەکەوتنیانە بەهەمان ئاست. دواجار هەر وەک لەم نووسینە بە دەردەکەوێت ئەو گوتارە لێکترازاوە تەماهی دەستەواژەو ڕستە وەسفییەکان دەبێت، یاخود دەتوانین بە حاڵەتە نەستییەکانەوە پەیوەستی بکەین.

ئەگەر چی بۆ پێناسە کردنی دەق دەکەوینە دەرەوەی ڕووداو-مێژوو-ئەفسانەوە، یان وەک «ڤۆلتێر» گوتەنی: «ڕۆمان ئەوە دەڵێ کە دەیەوێت پێی هەڵسێ.» واتە فەزایەکی دیاریکراوەو تیایدا جوولە دەوری سەرەکی خۆی وازی دەکات، دیارە خودی ئەو جوولە و فەزا دیاریکراوەش پانتایی و ماوە بۆ تێرامان و سەرنجەکان دەرەخسێنێ، هەر لە میانی ئەو پانتایەشدا بزاڤەکانی گێڕانەوە زەمەن ومەکانی خۆیان دەسنیشان دەکەن ومەدلولەکانیان لەم زەمەن ومەکانەدا پەرش دەکەنەوە، هەر لە میانی ئەو فەزا و بزاڤەشەوە دەتوانین دەست بۆ چەمک و پێکهاتەکانی سیستەمی دەق و ئازادی خوێنەر رابکێشین، یان بە واتایەکی دیکە چۆن ڕستە لە توێی وشەکانەوە دواجار دەتوانێ لە خاڵی کۆتاییەوە بوونی خۆی ڕابگەیەنێت و ماناو دەلالەتی خۆی لەکۆی پێکهاتەکانیەوە بخاتە ڕوو، بێ ئەوەی هیچ یەکەیەک لەیەکەکانی مانای خۆیان و مەغزایی خۆیان لە دەست بدەن، یان کۆنترۆڵی ئەونی دیکە بکەن،یان کۆنترۆڵی ئەوانیدیکە بکەن، هەر بەهەمان شێوەش دەق وەک سیستەمێ دەتوانێ لە میانی بونیادی شاراوە و بونیادی ڕاگەیەنراوی خۆیدا دواجار لە دەرئەنجامدا قسەو پرسیاری خۆی لە میانی ڕەگەزەکانیەوە ڕووبەڕووی خوێنەر بکاتەوە، بەڵام دیارە لە چناری شیردا سەرەڕای لێزانی ولێهاتوویی نووسەر لە تەعبیر

کردندا، هەست دەکەین زۆر جار بە هۆی رستە وەسفییەکان و دەستەواژە شیعرییەکان سەرەداوی پرسیارەکانمان لێ دەپچڕێنێ،یان رەگەزەکانی دیکە دەخاتە دواوە، ئەوپچڕانە، یاخود دروست بوونی ئەو شێوانە ئەگەرچی وەک گوتمان بە بونیادی چیگوتنەوە پەیوەستە، بەڵام دیارە لەلایەکی دیکەشەوە بە زاڵبوونی ئیقاع و تێکئالانی گرتەو جووتبوونی دەقەوە بەندە، بەمانایەکی دیکە چڕبوونەوە لەگێڕانەوەدا چڕبوونەوەی هەڵمی نییە، بەڵکو دەرفەتئامێز، یاخود جێگیرنەبوونی ئەو هێلە و بە وەهم بوونی لە هۆشی خوێنەردا بەڕای ئێمە راستەوخۆ بۆ درامیەتی چیگوتن و ئەفسانەکانی چیگوتنەوە دەگەڕێتەوە، هەر چەندە رەنگە چیگوتن لە دەقی نوێی سەردەمدا ئەو رۆڵە بەرچاوە نەگێڕێ، بەڵام وەک لە پێشەوە ئیشارەمان پێدا، رەشکردنەوەی هەر رەگەزو یەکەیەک، پێویستی بە ئەلتەرناتیڤێکی لە بارو گونجاو هەیە بەتایبەتیش لە دەقی گێڕانەوە دا هەمیشە پێویستە شیعرییەت لە بەرژەوەندی گێڕانە وە دابێت وەک چۆن لای بۆ نموونە: کالفینو وطاهر بن جلون و برکات ... دەبنیرێت، یاخود بە مانایەکی دیکە هەرگیز ناشێ لە دەقدا رەگەزێک لە سەرحیسابی رەگەزەکانی تر خۆی بنوێنێ، یان پەردە پۆشی بکات.

چیرۆکنووس تەواو کەوتۆتە نێوەندی زمانەوانییەوە،یان چڕبوونەوەیەکی هەڵمی، هەر لە میانی ئەو نێوەندەشەوە بۆ گێرەوە دووچاری بێ شوێنی دەبێت، بەو مانایەش چناری شیر هەمیشە شەڕی نێوان نووسەرو دەقەو لەم شەڕەشدا دەرفەتەکانی ئازادی خوێنەر دووچاری لەقبوون دەبێت، چناری شیر وەک دەقی گێڕانەوە هەمیشە نوێنەرایەتی حاڵەتی وەعی رەتدەکاتەوە، لە چێژی نەستەوە هەڵدەقوڵێ و دەتەقێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆکنووس لەبری ئەوەی تارمایی رەمزەکان بەشتە مەلموسەکانەوە پەیوەست بکات، یان لەبری ئەوەی لە نێو دەقدا جیهانی موعجیزە و





جیهانی رۆژانە تێکەڵ یەکتر بکات، روو لە بونیادی یۆتۆپیانەی شیعر دەنێ و بەشێوەیەکی وەهمی مامەڵە لەگەڵ کەس و شوێن و زەمەن ومەکان دەکات، بەمەش فەزای گێڕانەوە بەتەواوی لە نێو وەسفی زمانەوانیدا دووچاری بێ هێزی دەبێت، بۆ ئەم حاڵەتەش ئەگەر چاو لە «مارکیز» بکەین دەبینین ئەو هەمیشە سنوورەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ بەشێوەیەکی شیاو لە دەقدا دەسڕێتەوە، بێ ئەوەی لە نێوان تەکنیکدا بزربێ، گوتمان بە شێوەیەکی شیاو لە دەقدا، دیارە لێرەدا وشەی «شیاو» هەرگیز لە بایەخی رەگەزو یەکەکانی دیکەکەم ناکاتەوە.

راستە «جەبار جەمال غەریب» لە ئاستی بیرکردنەوە، یان لە ئاستی هۆشی گێڕانەوە چیگوتنندا پشت بە شێوازی نوێی سەردەم دەبەستێ، بەڵام وەک روونمانکردەوەو لە چناری شیردا بەو شێوە شیاوەی «مارکیز» مامەڵەی نەکردووە، ئەوەش وەک ئاشکرامان کرد دەگەڕێتەوە بۆ بونیادی دەق وزاڵبوونی حاڵەتی نەستی لە دەربڕیندا، یان بەجۆرێکی دیکە دەکەوێتە سەر تێکەڵبوونی چیگوتن وەک حاڵەتی ئەفسانەو جوانگوتن وەک حاڵەتی شیعر، لەم تێکەڵکردن و جووتبوونەشدا لەبری ئەوەی بەرەو گێڕانەوەیەکی پتەو هەنگاو بنێ وەک لە «گیانی تاشەکان» دەبینرێ، بەتەواوی دەکەوێتە خانەی گومانی شیعرییەوە.

کەواتە چناری شیر لەبری ئەوەی هۆش خوێنەر بەرەو رووداو پەلکێش بکات، راستەوخۆ لەتوێی بونیادی راگەیەنراودا گەمە لەگەڵ هەستەکانی چێژ دەکات، بەمەش خوێنەر دووچاری شێوان وشێوانی بە دواداچوون دەبێت ولە چێژدا خۆی وندەکات، خۆ ونبووکردنی خوێنەریش ونکردنی دنیایەکە بۆ گێڕانەوە و دەرچەیەکە بۆ بەدواداچوونی گێڕانەوە، بەم جۆرە خوێنەر لە نێو گومانی رووداوەکاندا چێژ دایدەپۆشێ، کەواتە مەدلولی زمانەوانی وەک نێوەندێکی چێژبەخش لە بیرکردنەوە وتێڕامانی خوێنەر

دەنیشێ، یان بیرکردنەوەی خوێنەر لە توێی لادانی زمانی شیعرییدا نوغرۆ دەبێت، جا لەبری ئەوەی دواجار لە ترۆپکدا رەوگەی خۆی دیاری بکات، یاخود لەبری ئەوەی لە کۆی بەرجەستە کردنی وێنەکان و تەرکیز کردندا دەق رەوگەکە بەرەو پێشەوە بەرێت، راستەوخۆ دەکەوینە نێو ئیشارەتەکانی چڕبوونەوەی زمانەوەو هەر لەم نێوەندەشدا خوێنەر بە چێژ سزا دەدرێت، یان لەبری ئەوەی نووسەر پلەپلە تا دەگاتە کامل بوون بە تەکنیک وشێوەی ناراستەوخۆ تەعبیر لە چێژی زمان بکات، هەوڵدەدات دەرفەت لە خوێنەر ببرێت، هەر بۆ ئەو دەرفەت برینەش ماوەی نێوان دەق و خوێنەری خرۆشاو لەزەت (مین) رێژ دەکات، ئەوەش رەنگە بیرمان زێتر بۆلای دیمەنە خرۆشاوو چێژ رێژکراوەکانی فیلمێکی سێکسی رابگێشێ نەوەک دەقێکی ئەدەبی کراوە.





# رەنگڕێژکردنی جوگرافیای زمان لە «نەخۆشە ئینگلیزەکە»

ساڵی ١٩٤٣ لە سیریلانکا رۆماننووسی بەناوبانگ «مایکل ئۆنداتشی[٢٣] هاتۆتە دونیاوە و قۆناغی منداڵی لەم وڵاتەدا بەسەر بردووە، هەروەها لە بەریتانیا تافی گەنجێتی و خوێندنی تەواو کردووە و ئینجا بۆ دواجار لە پایتەختی کەنەدا لە شاری «تورینتۆ» گیرساوەتەوە. «ئۆنداتشی» لە دووتوێی ئەو جێگۆرکێیەدا، یاخود بە مانایەکی تر لە توێی گۆڕینی جوگرافیا و نەگەڕانەوە بۆ رووبەری (مەرکەز) و شوێنی لە دایکبوون و رەتکردنەوەی مێژوو... دەکرێ وەک کەسێتی، یان کاراکتەری پێنجەم لە «نەخۆشە ئینگلیزەکە»دا پەنجەی بۆ بکێشرێت، بەو مانایە ئەگەر خوێنەر لە دەرەوەی ئەم چوار کەسە بیر لە کەسێتی پێنجەم بکاتەوە، خودی نووسەر دەکرێ ئەو کەسە تاکە بێت کە لە نێوان خوێندەوەی خوێنەر و نیازی خوێندەوەدا بۆ خودی رۆمانەکە جێگای تێڕامان و لێدوان بێت.

بەم جۆرە ژیانی نووسەر و تایبەتمەندێتی و تێڕوانینی بۆ جیهان لە دەرەوەی رووبەری مێژوو و جوگرافیاکاندا کاریگەری بەسەر رووبەری نووسراودا «دەق» هەیە، وەک مرۆڤێکی خاوەن وەعی لە دەرەوەی وڵات و دەرەوەی مێژوو بۆ تایبەتمەندێتی تاکە کەس دەڕوانێت!. هەروەک چۆن نووسەر دوای تەواوکردنی خوێندن بیر لە گەڕانەوە بۆ وڵات ناکاتەوە و

ئاواش لە «نەخۆشە ئینگلیزەکە»دا پاڵەوانەکان دوای تەواو بوونی جەنگ نایانەوێت بیر لە گەڕانەوە بکەنەوە، خودی ئەم فیکرەش راستەوخۆ بە پۆست مۆدیرنیتەوە پەیوەستە*، چونکە مێژوویەک نییە، مێژووی سەرجەم مرۆڤایەتی بێت و بە هۆی گەڕانەوەمان بۆی بگەینە راستییەکی گەردوونی، رابردوو لێرەوە لەم ساتە هەنوکەییەدا تەواو دەبێت، ئەوەی لەم کاتەدا روودەدات شتێک نییە پێی بگوترێت گەشەکردن و داهاتوو، ئەوەی هەیە «ئێستای هەمیشەییە» ، لە شێوەی وردە حەکایەتی پچڕ پچڕدا، بە بێ ئەوەی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبێ ویەکتر تەواوبکەن، لە خودی نەخۆشە ئینگلیزەکەشدا هەرکەسە و دنیای خۆی هەیە و لە خودی خۆیدایە، بێ ئەوەی نووسەر نیازی لەکەدار کردنی هەبێ ئیشارەتەکانیان بەرجەستە دەکات، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە لای نووسەر بە هیچ جۆرێک یۆتۆبیایەک نەماوەتەوە تاکو بەهۆی پەنجە بۆ درێژ کردن و راڤەکردن و درۆکردن و دیماگۆچیتەوە کەسەکانی نیو رۆمانەکە وا لێ بکەن لە سنووری بڕوا هێنان بە چارەنووسێکی هاوبەشی داهاتوو لە یەکتر کۆ ببنەوە، یاخود بەهاوکاری یەکتر هەڵسن، خودی ئەم فیکرەیە لای کەسەکان جێگیر بووە، ئەمەش دەلالەت لە وەعی کۆمەڵایەتی دەکات، بۆیە لە خودی رۆمانەکە دەبینین لای کەسەکان بەهاو نرخێکی هاوبەش بۆ ژیان و وجود نییە، تاکو گشت تاکەکان لە پێناویدا خەبات بکەن و بیانەوێت بە دەستی بهێنن، بەم واتایەش هەموو شۆڕشەکان بێ مانابوون، ئیتر تازە گۆڕانێک روونادات، چونکە لە گۆڕانی بەردەوامداین، گۆڕانێک کە هەموومان بەشداری تیادەکەین، وێڕای جیاوازییەکانمانەوە، هەموو دڵخۆشکردنێکیش درۆزنانە و بێ مەودا خۆی دەخواتەوە.

هەروەها «ئۆنداتشی» دەڵێت: ئەگەر «بەریتانیا»م جێ نەهێشتبا نەدەبووم بە نووسەر، بەم واتایەش دەیەوێت پەیوەندییەکانی بە شوێن و





زەمەن کە وەک فاکتەرێکی زاڵ کاریان کردووە، بسڕێتەوە و لە سەرەتاوە یاخود لە سفرەوە وجودێک بۆ خۆی فەراهەم بکات، فەراهەم کردنی ئەم وجودەش لە توێی رۆمانەکەدا حاڵەتێکی دەروونی بۆ خوێنەر دروست دەکات، خۆی ئەم حاڵەتە دەروونییەش لە هەڵسوکەوتی کەسێتییەکاندا بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە، بەو مانایە «ئۆنداتشی» بە قەد ئەوەی لە ناخ و تایبەتمەندێتی پاڵەوانەکان دەدوێت، ئەوەندە گرنگی بە رەچەڵەک و مێژوو روخسار و پەیکەریان نادات، بەمجۆرە ژیانی بێ ماڵ لای پاڵەوانەکان دەلالەت لە دەستکەوتێکی ستاتێکی دەکات، دەلالەت لە هاوڵاتی گەردوونی دەکات ئەمەش رەتکردنەوەی نۆستالیژیەت و چێژ وەرگرتنە لە ساتە هەنووکەییەکان!، یاخود بە مانایەکی تر سڕینەوەی پەیوەندییە مێژووییەکان دەلالەت لە خواستی ئازادی و خود بوون دەکات، بەو مانایەش پەیوەندییە نوێیەکان ئازادی بەشێوەیەکی بەرفرەوانتر مەیسەر دەکەن.

هەرچەندە رۆمانەکە لە قۆناغی دوای شەڕ دەدوێت، یاخود لە قۆناغێک دەدوێت کە شەڕ لە چرکەی کۆتاییدایە، کەچی لە گێڕانەوەدا هەرگیز بایەخ بە بەرەکانی جەنگ و سەرباز و ئەفسەر و تاوان و دڕندەیی و بێزاریی و ... نادات، هەرگیز ئەو ساتانە ناگرێت کە تەعبیر لە پاڵەوانێتی و ئازایەتی لایەنێک دەکەن. بە واتایەکی تر «ئۆنداتشی» نووسەر هەروەک «ئەڵمازی» هەنگاری ئەڤینێک نیشان دەدا «ئەڵمازی» عەشقی بیابانەکانی -لیبیایە- ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چێژ وەرگرتنی هەنووکەیی لە بێ سنووری بیاباندا، بۆیە دەڵێت ( سیاسەت لە لایەک دانێن، من وشەیەک دەناسم و خۆشمدەوێت کە «لیبیایە» ) کەواتە ئەگەر بیابان بە نیسبەت «ئەڵمازی» نهێنی -سیحرێک- عەشقێک لە خۆبگرێت، یاخود جوانیەکی رۆحی لە توێی ترسی گەورە و بێ سنووری بیاباندا خۆی حەشار

دابێت، بۆ خودی «ئۆنداتشی» هەمان ترس و جوانی و نهێنی لە جوگرافیای زەماندا خۆی حەشارداوە، واتە بەر لەوەی ڕۆمانەکە مانا ببەخشێ، وەک کارێکی هونەری جوان لە بونیاد و شێوازدا پێشڕەوایەتی جوگرافیای زمان دەکات، خوێنەر لە نێوان خەیاڵی ڕەهای -ئۆنداتشی- و دەرەوەی مێژوودا هەست بە سەرسامی و حەپەسان دەکات.

بێگومان ئەو کەسانەی کە نووسەر هەڵیبژاردوون، هەریەکە سەر بە کۆمەڵ و وڵاتێکن کە هەرگیز بە لایەنی ڕاستەوخۆی شەڕەکە ناژمێردرێن، هەروەها دەکرێ لێرەدا پەنجە بۆ ناونیشانی ڕۆمانەکە درێژ بکەین «ئۆنداتشی» کابرایەکی سووتاو بە نەخۆشە ئینگلیزەکە ناوزەد نەکات- بەلای ئێمەوە ڕەنگە وشەی نەخۆش، دەلالەت لە پەیکەری سووتاوی کابرا ئینگلیزەکە دەکات، بە قەد ئەوەی تەعبیر لە دەروونی کەسەکانی نێو ڕۆمانەکە دەکات، یاخود بە جۆرێکی تر دەیەوێت چوار کەسی نائاسایی، دابڕاو لە دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگاو ترادیسیۆنەکان یان چوار کەسی خاوەن وەعی لە دووتوێی -ناشوێندا- وێنە بکێشێ، لە زەمەنێک کە دەکەوێتە دەرەوەی زەمەن، یاخود لە شەڕێک کە دەکەوێتە دەرەوەی زەمەن، یاخود لە شەڕێک کە دەکەوێتە دەرەوەی شەڕ، چونکە زەمەنی ڕۆمانەکە لە کۆتایی جەنگەوە دەست پێ دەکات، جەنگ لە ئەوروپا تەواو دەبێت و «ئەڵمانیا»ی نازی شکست دێنێ، بەڵام ڕۆمانووس چوار کەس لە «ڤێللا»یەک کە هەنووکە وێرانەیە دەکێشێ، لێرەدا تەئکید نەکردن لەسەر شوێن و مێژووی شوێن، دەلالەت لە ڕەتکردنەوەی مێژوو -زەمەنی شەڕ دەکات، سەرەڕای ئەوەش «ڤێللا»کە لە جێگەیەکی گۆشەگیری -سان جیرۆلامۆ-ی وڵاتی (ئیتالیا)یە، کە هیچ یەکێک لەوان کەسان نە ئیتاڵین و نەسەر بە بەرەی ئیتاڵیان.

ئەو شوێنە دوای جێهێشتن دەکرێت بە نەخۆشخانە، لەوێدا پەرستارێک





بە ناوی «هانا» چاودێری سووتاوێک دەکات کاتێک کە نەخۆشخانەکە دەگوازنەوە سووتاوەکە لەبەر سەختی برینەکانی بەجێ دەهێڵن، چونکە پێیان ناگوازرێتەوە -هانا-ش بڕیار دەدات کە لەگەڵ ئەو سووتاوە بمێنێتەوە، بێگومان ئەو بڕیارەی «هانا» لای هەمووان بڕیارێکی شێتانەیە، ڕەنگە بە مانایەکی تریش پەیوەندی بە خودی «هانا» و خوێندنەوەی هەنووکەیی ئێستاتیکای ژیانەوە هەبێ و دابڕانی وەعی بێ لە گشت، گەڕانەوە بێ بەرەو تایبەتمەندێتی ناخ..ناخێکی ونبوو، ناخێک کە خۆی لە پەیوەندییە دروستکراوەکانی ژیان بەتاڵ دەکاتەوە.

ئەگەر بۆ ڕابردووی ئەو پەرستیارە بگەڕێنەوە دەبینین سەرتاپای ژیانی منداڵیتی خۆی لە دەست داوە -لە دەرەوەی شوێن و زەمەندا وەک فیداکارێک لە هەنووکە دەجەنگێ یاخود دەژی، بەو مانایە سەرەڕای ئەوەی قۆناغی منداڵی دەبێتە تێ ئاوارەبوون لە خودی خۆیدا، دەیەوێت ئەو مەرگەساتە بخاتە پاڵ مەرگەساتێکی هەنووکەیی گەورەتر، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ، پەیوەندی پێوە هەبێ، دەیەوێت لە بەرامبەر مەرگەساتە گەورەکەدا، لە مەرگەساتی زەمەنی منداڵی بپچڕێ، لە توێی ئەم کردەیەش، یاخود لە توێی ئەم بڕیارە جەربەزەیەدا بۆشاییەکانی خۆی بە نازەمەن و ناشوێن پڕ دەکاتەوە.

«هانا» وەک کەسێتیەکی چالاک و تەمەن «٢١» ساڵ و تاقە جنسی مێ لە ساتەوەختی ئێستای ڕۆمانەکە خۆی دەناسێنێ، لە نێوان (هانا)ی پەرستیار و «کارافاجۆ» خزمایەتیەک هەیە، بەو پێیەی کە هاوڕێی باوکی بووە و هەردووکیان خەڵکی (کەنەدا)ن.

کەسێتی «کارافاجۆ» وەک دزێکی کارامە و چەندان ساڵ لە «هانا» گەورەتر بە دەردەکەوێت. بەڵام جگە لەوە «کارافاجۆ» ژیانی نابینرێت «ڕەنگە گەورەترین تیشک بۆ سەر ژیانی ڕەتکردنەوەی دەستی

سیخوڕایەتی بێ» ئەمەش دەکەوێتە سەربڕوای نووسەر و ڕەگەزە حەساس و دژەکانی ڕۆمان!. دوو کەسەکەی تریش «کیب»ی هیندی -سیخی مەزهەب- پسپۆڕ لە هەڵگرتنەوەی «مین»و پوچەڵکردنەوەی تەقەمەنی و سەر بە سوپای هیندی، بەڵام لەبەر ئەوەی هیندستان سەر بە بەریتانیا بووە -مەرکەزی خۆی جێ دێڵێ- و بۆ خزمەتی تاجی شاهنشاهی بەریتانیا لە تیمی (مین) هەڵگرتنەوە کار دەکات.

کەسی چوارەم کە تەواو ڕۆشنایی لە دەوریدا دەخولێتەوە «نەخۆشە ئینگلیزەکە»یە و بێ شوناسنامە و مێژووە، «ئەوەش تەعبیر لەوە دەکات کە مەرج نییە لە ڕێگەی شوناسێکی دیاریکراوی مێژووەوە بچێتە ناوەوە. دەشێ لە ڕێگەی خودێکی کارەوە بەم کارە هەڵسێن» بەڵام لەبەر ئەوەی بە ئینگلیزییەکی ڕەوان دەدوێ بە نەخۆشە ئینگلیزەکە ناو دەبرێت، بەمجۆرە سەرەڕای جیاوازی جوگرافیا و زمان و ئایین و کار... وەک چوار کەس، چوار مرۆڤ لە رووبەرێکی گۆشەگیری «فلۆرەنسا»دا دەژین و سەر بە هاوپەیمانەکانن.

بەو مانایە پڕکردنەوەی جوگرافیا ناچێتە خانە تەقلیدییەکەوە، یاخود بە واتایەکی تر ئەگەر زمان جوگرافیای تایبەتی هەبێ «ئۆنداتشی» توانیویەتی ئەم جوگرافیایە بە شێوازێکی هارمۆنی و جوان پڕ بکاتەوە، یاخود توانیویەتی لە نێو جوگرافیای زماندا ڕستەکان بە پێی شوێن لە ناشوێندا لەگەڵ خوێنەر بسازێنێ و هەنگوینی خوێندنەوە بەرهەم بهێنێ.

وەک گوتمان ڕەنگە ناونیشانی ئەم ڕۆمانە، ڕۆشناییەکی گەورە بێ بۆ سەر خودی نەخۆشە ئینگلیزەکە، یاخود بە جۆرێک ئەم جەستە سووتاو و شێواوە لە توێی خۆیدا نهێنییەکی هەڵگرتووە، بەڕای ئێمە نهێنییەکە لەو گرێییەدا نییە کە پاشان وەک سیخوڕێک تەماشای دەکرێ، نووسەریش ئەوەندە بایەخ بەو گرێیە نادات، بەڵکو لێرەدا نووسەر دەیەوێت وێنەی



خەیاڵی زمان

گومان لە فیکرەی پۆست مۆدێرنییەتدا بگرێت، هەروەها لە دەرەوەی ڕوخسارەوە بەرەو ناخی کەسەکان شۆڕدەبێتەوە، بۆیە خودی ئەو گومانە لەوانی تریشدا دەچێنێ، خودی ئەو نهێنییە، یاخود گومان، بێ مەرکەزییەکە کە بۆ بەرجەستەکردن بەر نەخۆشە ئینگلیزەکە دەکەوێت بەسەر کەسەکانی تریشدا پەرت دەبێت، هیچ یەکێک لە کەسەکان پەیوەندی بە ڕابردووی خۆیەوە ناکاتەوە، بەڵکو لە فەرامۆشیدا دەژیت ڕەنگە ئەمەش بە جۆرێک لە فەلسەفەی «دریدا» نزیکمان بکاتەوە،عەشقی «ئەڵمازی» بۆ بێ سنووری بیابان.... بە قەد عەشقی نووسەرە بۆ ڕستە شیعرییە تایبەتی و ڕەنگاڵەییە ئیستاتیکیەکانی خود.

«هانا» لەگەڵ سێ پیاودا لەو بێ شوێنەدا «اللامکان» جگە لە ڕێکەوت شتێک پێکەوەیان نابەستێتەوە، بەو مانایەش خودی «هانا» ئیستاتیکایەتی ڕۆحی و هەستییە لە نێوان سێ پیاوەکەدا «هانا» هەمیشە بە پەرۆشەوە چاودێری نەخۆشە ئینگلیزەکە دەکاو خواردن و دەرمانی بۆ دابین دەکات، بە واتایەکی تر بەو زمانە جوگرافیایەی کە «ئۆنداتشی» عاشقێتی دەکرێ بڵێین «هانا» وەک مێرگێکە لە بیابانی سێ پیاودا، هەر یەکێکیش لە مانە دەیەوێت لەم بوارە ئیستاتیکەدا چێژ لە ساتە هەنووکەیەکە وەرگرێت، لە سەرەتادا حیوارێکی جەستەی لە نێوان «کیب» و «هانا» دروست دەبێ، پاشان بەرەبەرە گومانەکە یاخود نهێنییە ئیستاتیکیەکە هەر چواریان لێک نزیک دەکاتەوە.

بەڵام «کیب»ی هیندی بەرامبەر نەخۆشەکەی پەرستیار هیچ سۆزێک نانوێنێ. کیب هەمیشە وەک کەسێکی خاوەن مەزهەب لایەنگیری خۆی بۆ مەزهەبەکەی دەردەبڕێت و شانازی پێوە دەکات کە هەمیشە دژی دوژمن وەستاون، لێرەدا خودی ئەم هەڵوێستەی «کیب» لە توێی ژیانی -کیب- و هەموو ئاسیایی و ئەفەریقییەکان موفارەقەیەک دروست دەکا، چونکە

سەرەڕای ئەوەی -کیب- لایەنگیری خۆی بەرامبەر مەزهەبەکەی دەردەبڕێت، کەچی هەموو ئەوانەی وەک -کیب- بیردەکەنەوە، لێرەدا خراونەتە نێو جەنگێکەوە کە لە بنەڕەتا راستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکی بە وانەوە و بە مەرکەزی ئەواندا نییە.

لە زۆربەی کاتەکاندا ئەوان دەبنە قوربانی و پەراوێز، یان کەرەستەی جەنگ «براکەم پێی گوتم، پشت بە ئەوروپا نەبەستێت، هەرگێز بڕوا بە رێکەوتن و بازرگانێتی و پەیمانەکانیان نەکەیت، هەرگیز بڕوات بە ئەوروپییەکان نەبێت، تەوقەیان لەگەڵدا مەکە...» بۆیە «کیب» لە ساتەوەختی گەڕان بە دوای خودی خۆیدا دەپرسێ لە ماوەی ئەم چەند ساڵە کەمە چیم کردووە؟ بۆ ئەو هەموو شتانە روویاندا، نەڕابردوو نە داهاتوو بە راستی ئەمانە هەموو شتێک نین، ئەو رەگەزانە «ئەوروپا-مەرکەز» وای دادەنێت ئێمە لە خزمەتی ئەواندا دەبێ دەست لەسەر سینگ بین بێ ئەوەی شایانی سوپاس بین» لێرەدا «کیب» و ئەوانەی وەک ئەو تێوەگلاون ئەو چوار کەسە غەریبە، سەرەڕای جیاوازی رەگەز و زمان و کلتور، دوای تەقینەوەی حەقیقی بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هێرۆشیما و ناکازاکی دیماگۆجیەتی عەقڵی مەرکەزیان بۆ دەردەکەوێت، بۆیان روون دەبێتەوە کە لە بەرژەوەندی عەقڵێک کاریان کردووە، کە زانست و تەکنەلۆژیای خستۆتە خزمەتی مەرگ و هێزی شەڕەوە، عەقڵێک کە لە دەرەوەی خۆی هیچ نابینێ و تەنها خۆی بە خاوەن ماف و ئەوانی تر بە پەراوێز دەزانێ، لەم ساتەدا ئیتر هیچ دەرفەتێک بۆ شاردنەوەی راستییەکان لە ئارادا نییە، ئیتر بە روونی هەموو شتەکان بێ دەمامک دەمێننەوە، لەم ساتەوەختە «کیب» دەکەویتە حاڵەتێکی هسترییەوە و دەیەوێت نەخۆشە ئینگلیزەکە کەوەک گوتمان تەعبیر لە مرۆڤی گەردوونی دەکات، بکوژێت کە تەعبیر لە عەقڵی ئەوروپی «مەرکەز» دەکات، بەڵام نەخۆشە ئینگلیزەکە دەژی بێ





ئەوەی بجووڵێتەوە بەردەوامیش تف لە رابردووی خۆی دەکات، هەرگیز نایەوێت بیر لەو دەوڵەتە (مەرکەزە) بکاتەوە کە لێیەوە هاتووە، بێ شوناسنامە و بێ رەگوریشە دەژی.

نەخۆشە ئینگلیزەکە لە توێی گێڕانەکانیدا بە هۆی هێزی (مۆرفین) دەردەکەوێت کە فڕۆکەوان بووە، لە بیاباندا فڕۆکەکەی کەوتۆتە خوارەوە، ئەویش بە سەختی بریندار دەبێت و لە رێگەی چەند بەدوێکەوە بە نزیکترین شوێنی هاوپەیمانەکان دەگەیەنرێت لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانە بەڕێ دەکرێت، بەڵام بەرە بەرە بە درێژەدان بە رۆمانەکە زێتر شوناسنامەی ئەم کابرایە دەکەوێتە ژێر گومانەوە، لە لایەکی تریش بەرامبەر ئەم بەسەرهاتەدا چیرۆکی سەرکێشێکی «هەنگاری» داهاتووە، کە «کارافاجۆ» وەک سیخوڕ ناوی دەبات، ئەم سیخوڕە کە ناوی «ئەلمازی»یە لە ساڵی **١٩٣٩** لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە دەگیرێ و پاشان ئازاد دەکرێ بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی خودی «رومل» دەست بەکار بکات، ئەو «هەنگاری»یە پسپۆرە لە زانستەکانی جیۆلۆژیدا و یەکێک بووە لە گەڕۆکە ئەوروپییەکان و عەشقی بیابان بوون، بە دوای رێگا نهێنییەکانی نێو بیابانی گەورەی ئەفریقیادا دەگەڕێت لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا، بەڵام وەک گوتمان خودی رۆمانەکە شتێکی جیاوازە، لەم گرێیەدا خۆی نابەستێتەوە، بەو مانایە دەکرێ خودی رۆمانەکە وەک ئاوێنەیەک لە خوارەوەی رێگاوە «پەراوێز» هیچ پەیوەندییەکی بە «ئاوێنەی ژیان»دا نەبێ ئەو ژیانەی کە خەمە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسیەکان تیا رەنگدەداتەوە، چونکە ئەوەی کە نووسەر بە عەشقەوە تەعبیری لێدەکات مەوداکانی جوگرافیایە:- بە هەموو ئامادە باشییەکەوە، شوێنەکە بە تەواوی بە شێوەیەکی پڕ نیاز و لەسەرەخۆ بە دوای گێڕانەوەی رۆمانەکە دەکەوێت، بێ ئەوەی نووسەر هیچ شتێک فەرامۆش بکا، چرکەساتە جوانەکان لە درەوشانەوەدا دەگرێت، بەمجۆرە لە

تویێی زمانێکی شیعرییەوە دەمانخاتە نێو تەزووی چێژ و وەسفێکی بەیەکداچوو، کە هیچی تیا روونادات. سەرکەوتنی ئەم رۆمانە لە تەکنیکیدا بەرجەستە دەبێ، لە بەرجەستەکردنی رەگەزەکانی گێڕانەوەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، نووسەر لە کاتی فۆرمەلەکردندا، لە کاتی دروستکردنی رستەدا سیحرێک دەڕێژێ، خودی ئەو سیحرەش پەیوەستە بە هارمۆنیەتی رستە و وێنەی رستە و ئیقاع و شیعرییەت و ئیستاتیکەوە، بەو مانایە سیاقی رستە لە شوێنی خۆیدا دەکەوێتە سەر بیری خوێنەر، یاخود دەتوانێ لە ساتەوەختی گونجاودا چێژ ببەخشێ، کەواتە بە هۆی توانای لە رادەبەدەری نووسەر بەسەر زماندا ئاراستەکانی رستە بە چەند روخسارێکی لەبارو شیاو کە جێکەوتەی لەسەر خوێنەردا هەبێ دەڕازێنێتەوە، دەکرێ خودی «نەخۆشە ئینگلیزەکە» بە هۆی چڕوپڕی و جوانی لە دەربڕیندا، وەک کۆمەڵە چیرۆکێکی یەک لە دوای یەک سەیر بکرێت، ئەم بونیادە هونەرییە لای «کالفینۆ» بە زەقی لە رۆمانەکانیدا مالکوڤالدو -پالومار- مدن لامرئیە... دەبینرێت.

«ئۆنداتشی» وەک نەخشەی جوگرافیا لەسەر شێوازی دەربڕین کاری کردووە، بەو مانایەش لە بری ئەوەی بەشەکانی نەخشە بە رەنگ پڕ بکاتەوە هەڵساوە بەشەکانی جوگرافیای زمانی بە ئیستاتیکا و جوانگوتن پڕ کردۆتەوە، ئەو گێڕانەوەیەش وەک شانە «النسیج» خۆیان بۆ ئاراستەی جۆراجۆر درێژ دەکەنەوە، بێ ئەوەی بەڵگە و بیانوو بۆ خۆیان بهێننەوە، یاخود بێ ئەوەی کەشفی خەلفیەتی خۆیان بکەن.

بێگومان خودی ئەم دابەشکردنە لەم رۆمانەدا جوانترین شێوازی تەعبیر کردن و چێژ بەخشینە، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین نزیکبوونەوە لە جوگرافیا و پڕکردنەوەی بە هارمۆنیەتی وشە بۆتە شێوازێک لە شێوازە پێشڕەوەکانی بونیادی زمان، هەروەها لەوێشەوە خوێنەر بەشەکانی جوگرافیای لە تویێی





چەند ئاماژە و رەمزێک هەڵدەکوڵێ و درێژە بە خوێندنەوە هەڵمژینی لەزەت دەدات.

لە «تورینتو» بۆ «ئیتاڵیا» و «لەندەن» و لەوێشەوە بۆ «هیندستان» لە نێوانیشیاندا شاری (قاهیرە) و بیابانەکانی (لیبیا)، هەموو ئەوانە هەر تەنها جوگرافیان، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەر تەنها جوگرافیا بابەتی سەرەکی «ئۆنداتشی» نییە، لێرەدا شێواز دەوری کاریگەر دەبینێ، کە لە نێوان خەیاڵی رەهای «لێکنزیکبوونەوەی چوار تاک لە بۆتەی مرۆڤ و لێکدورکەوتنەوەیان لە بۆتەی تایبەتمەندییەکان لە شوێنێک لە ناشوێنەکانی جیهان» ئۆنداتشی و مێژوو تێکچڕژانێک هەست پێ دەکەن، لە نێوان مێژوو بوعدەکانی جوگرافیا «نەک وەک ژمارەو لە چەند وەسفێکدا، بەڵکو لە دووتوێی ئامادەباشی کردەیی و هەستی ئیستاتیکدا، خوێنەر هەرگیز دووچاری حاڵەتی لە پڕ نابێت، بەڵکو بە هێواشی لەزەت وەردەگرێ و بە نەرمی و هێمنی دەڕوا، بەو مانایە بەیەکداچوونی نێوان دەقی نووسراو و واقیع هەرگیز لە پڕێکەوە نییە، بەڵکو لە میانی کۆمەڵێک کاری جۆراجۆردا، ئیستاتیکای دەق خۆی بەرجەستە دەکات، کەواتە نووسەر سەرەڕای ئەزموون و خەیاڵە رەهاکانی خۆی توانیویەتی سوود لە کتێبی مێژوو -جەنگ وەرگرێت، بۆیە سەیر دەکەین «نەخۆشە ئینگلیزەکە» وەک قەڵایەکی مێژوویی فرە مەودا لە دەرەوەی مێژوو خۆی دەنوێنێ، یاخود مێژوو وەک گوتارێکی (فۆکۆ)یانەی نادیار حەقیقەتەکان پێچەوانە دەکاتەوە، هەروەها لە تویێی جوگرافیای زماندا بەها رۆحی و مرۆڤایەتییەکان لە حاڵەتی دروەشانەوە دەردەبڕێت و مانایەکی تریش لە دەرەوەی غەمە گشتییەکان و مێژوو بە شەڕ دەبەخشێت

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١- بەهەشتی ئەو بەر پردەکە- نوڤیلێت- ڕێبوار حەمە ڕەحیم لە بڵاوەکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ پێدراوە.
٢- القراءة و التجربة/ حول التجريب في الخطاب الروائي الجديد بالمغرب/ سعيد يقطين ص٨٩- ص١٢٤ دار الثقافة ط١ ١٩٨٥ .
٣- بینای هونەری چیرۆکی کوردی- نامەی ماجستێر- پەرێز سابیر محەمەد- دەستنووس لاپەرە ٥٦ .
٤- ئەوەش ڕاستەوخۆ دەمانخاتە سەر ئەو بیرۆکەیە «هیگل» کە دەڵێ: دەوڵەتی نەتەوە دوا قۆناغی بەرجەستە بوونی ڕۆحی ڕەهایە، بەو مانایەش دەوڵەت تەعبیر لە ئیرادەی تاکەکان دەکان.
٥- مفهوم الحرية: عبدالله العروي/ دار التنوير للطباعة والنشر - بيروت.
٦- بەهەشتی ئەو بەر پردەکە- نوڤیلێت- ڕێبوار حەمە ڕەحیم لە بڵاوەکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ پێدراوە.
٧- القراءة و التجربة/ حول التجريب في الخطاب الروائي الجديد بالمغرب/ سعيد يقطين ص٨٩- ص١٢٤ دار الثقافة ط١ ١٩٨٥ .
٨- بینای هونەری چیرۆکی کوردی- نامەی ماجستێر- پەرێز سابیر محەمەد- دەستنووس لاپەرە ٥٦ .
٩- ئەوەش ڕاستەوخۆ دەمانخاتە سەر ئەو بیرۆکەیە «هیگل» کە دەڵێ:





دەوڵەتی نەتەوە دوا قۆناغی بەرجەستە بوونی ڕۆحی ڕەهایە، بەو مانایەش دەوڵەت تەعبیر لە ئیرادەی تاکەکان دەکان.
١٠- مفهوم الحرية: عبدالله العروي/ دار التنوير للطباعة والنشر - بيروت.
١١- هەموو بزاڤێک بۆ بەرەو پێشچوون و دەرککردن و ناسینی شتەکان پێویستی بە جەربەزەیی و هێز و توانا و ئیرادەوە هەیە، هەموو پێشکەوتنێکیش هەنگاونانە بەرەو نادیار، خودی ئەو نادیارە دڵەڕاوکێ دەسازێنێ، ئەو مرۆڤەی لە داهێنانی بەردەوام و بزاڤدا دەژێت هەمیشە دووچاری ململانێ و گیروگرفتی نوێ دەبێتەوە، ئەوەش پێچەوانەی مرۆڤی دۆگمایە، بەو مانایەش مرۆڤی پێشکەوتوخواز تەواو پێچەوانەی «العجلة في الشيطان»ە بۆ زێتر بڕوانە «مهزلة العقل البشري- د. علي الوردي: انتشارات الشريف الرضي- ط١ ١٩٩٧ الفصل الاول.
١٢- مێژوو ئەزموونێکی مرۆڤایەتییە بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەرەو پێشەوە دەچێ/ بڕوانە: نهاية التاريخ تأليف: فرانسيس فوكوياما ص١٦ .
١٣- بڕوانە مختارات/٢ هيگل: ترجمة: الياس مرقص- دار الطليعة بيروت الباب السابع ص٤٨- ص٥٧ .
١٤-الخطاب العربي المعاصر/ د. محمد عابد الجابري- دار الطليعة- بيروت ط٢ ١٩٨٥ ص٥٩ .
١٥- ماذا بقى من فرويد؟ تأليف:الهادي شقرون «ابو هيثم» ط١ ١٩٨٣ تونس - ص٢٤
١٦- ئێمە لە درێژەی ئەو نووسینەدا ئەو هەڵچوونە بە کەسێتی کوردی دەبەستینەوە و ئەو کەسێتییەش لە کەسێتی (شیزی) نزیک

دەکەینەوە، ئەو کەسێتیە لە نێوان (من) و (واقیع) دا لە دایک دەبێ (من) لە بەرامبەر واقیعدا گۆشەگیر و دوورەپەرێز و ساردە لە ژیان، هەستێکی مرۆڤایەتی خاوی هەیە و شەرمنە و متمانەی بە خۆی نییە، هەمیشە مەیلی بەلای شێوازی بیرکردنەوەی خەیاڵیدایە و کاوێژی دەکاتەوە... بۆ زێتر بڕوانە: مبادىء الطب النفسي تأليف: د. ابراهيم كاظم العظماوي - ط١ ١٩٨٤ بغداد ص٨٩ .

١٧- بۆ ئەو بەدوا داچوونە دەکرێ بۆ ئیمپراتۆریەتی وەهم: بەختیار عەلی..... گۆڤاری رەهەند ژمارە(٥) ساڵی ١٩٩٨ ل٧٥-٧٦ بگەڕێینیەوە.

١٨- تەونی جاڵجاڵۆکە - رۆمان: ح کاکەوەیس- چاپی یەکەم سوید ١٩٩٨ - کتێبی رابوون - ژمارە (٩).

١٩- گۆڤاری رەهەند ه. س. پ.

٢٠ ئێمە سەدمەی «شۆک» لە دایکبوونمان بە شۆکی بێدارییەوە بەندکردووە، یان هەمان مانامان بە شۆکی بێداری بەخشیووە، بە سەرەتاترین و گرینگترین ئاگاییمان داناوە بۆ زێتر شارەزایی لە شۆکی لە دایکبوون بڕوانە القلق: فرويد- ترجمة: د. محمد عثمان نجاتي ط٢ دار النهضة العربية- القاهرة ١٩٦٢ ص٣٣- ٣٤ .

٢١- چناری شیر: رۆمان- جەبار جەمال غەریب / چاپ و بڵاوکردنەوەی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٩ .

٢٢- مهزلة العقل البشري: د. علي الوردي - وەرگێڕانی بەشێکی بە ناونیشانی «سروشتی شارستانی» لە لایەن: سەردار محمود/ بڕوانە گۆڤاری (شەبەنگ) ژمارە (٦) ١٩٩٨ ل ٥٨ .

٢٣- مایکل ئۆنداتشی: رۆمانووس و شاعیری (سیریلانکی) لە (تورینتۆ)ی پایتەختی (کەنەدا) نیشتەجێیە، چەندین بەرهەمی





بڵاوکراوەی هەیە لە رۆمان و شیعر و یاداشتنامە کە لە نێوان ساڵانی حەفتاوە نووسیوویەتی و بڵاوی کردوونەتەوە «نەخۆشە ئینگلیزەکە» دوایین رۆمانی چاپکراویەتی لە لایەن «اسامە اسپر» تەرجەمەی عەرەبی کراوە و لە چاپکراوەکانی «دار المدى»یە و قەبارەکەی (٣٢٠) لاپەڕەی مامناوەندییە و لە ساڵی (١٩٩٢) خەڵاتی «پۆکەرپرایز» کە بەرامبەر «٢٠» هەزار جونەیهییەی بە دەست هێناوە.

لە دەرهێنانی «انطوان منغیلا» وەک باشترین فیلمی سینەمای ساڵی (١٩٩٧) نۆ خەڵاتی ئەکادیمی گەورەی ئۆسکار - لبنان- جیهانی پێبەخشراوە.

٢٤- بڕوانە: نووسین و بەرپرسیاری - رێبوار سیوەیلی - چاپی یەکەم سوید ١٩٩٨

# بەشی دووەم





## میدیای کوردی لە دەرەوەو ناوەوەی خۆیدا

هەمـــوو ســـاڵێ بە بۆنەی یادی رۆژنامـــەگـــەریی کـــوردی دەرگـــا لە ئەرشـیـفـەکـان دەکـرێـتـەوە، هەمـوو سـاڵێ بەو بۆنەوە دنـیـایەک پەخـشـانی ئامادەکراو، دنیایەک پەخشانی پەژمووردەو گێڕانەوەی بێ نموود دەخرێتە روو، نەک بۆ ئەوەی بسەلمێنرێ میدیایی کوردی لە هەموو ئاستەکاندا وەک پێویست نییە، نەک بۆ ئەوەی بیر لە بەرەو پێشچوونی شێوازە جۆر بە جۆرەکانی راگەیاندن و پەیامە مۆدێرنەکەی میدیا بکرێتەوە، بەڵکو هەر تەنها بۆ تۆز داکوتان لە ئەرشـیـفـەکـان و بێـزار کـردن و هەڵـمـژینی وزەی خـوێنەری نوێ و هەڵنانی هەمـان ریتـمی دوێنێ بۆ فـریاکـەوتنی خـوێنەرە تەمبەڵەکان.

هەمـوو ئەو پەخـشـان و گـێـڕانەوانە، ئەو بۆنەیە دەکـەنە بەهانەیەک بۆ وازهێنان لە واقـیـعی ئەمـڕۆو گـەڕانەوە بۆ دوێنێ، ئەم بۆنەیە دەکـەنە بەهانەی فەرامۆشکردنی پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆو پێـهەڵگوتنی دوێنێ و کۆنەپارێزی، وەک ئەوەی قـسـەکردن لە مـیـدیایی کـوردی تەنهـا وەبیـر هێنانەوەی دۆسییە ئەرشیفکراوەکان و گێڕانەوەی سەروەرییەکانی دوێنێ بێت، وەک ئەوەی دوێنێمان لەمڕۆ باشتر بێت.

قسە ئەوە نییە دەرگا لە ئەرشیفەکان نەکەینەوە، یادە مێژووییەکان بێ نرخ بکەین، بەڵکو قـسـە ئەوەیە لەپاڵ وەبیـرهێنانەوەی حـیکایەتە تۆز لێنیشتووەکان بزاڤێکی دیکە، خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دیووە پەنهانەکەی گوتراوو نووسراوەکان بە ئەنجام بگەیەنین، لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ لایەنە

جیاوازو فرە رەنگەکان ساز بدەین و لەویشەوە رەگەزە زیندووەکانی سەردەم پەرە پێبدەین و ئەرشیفەکان بەرەو واقیع بگوازینەوە.

هەموو ساڵێک تەوەرەیەک بۆ پێشکەوتنەکانی میدیایی کوردی تەرخان دەکرێت، بێ ئەوەی بتوانین جێکەوتەی میدیا لە واقیع دیار بکەین، بێ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەک لە شێوە زانستییەکان بەراوردێ لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا بکەین.

قسەکردن لە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی میدیایی کوردی دواجار هەر قسەکردن نییە لە خودی میدیا بەڵکو قسەکردنە لە خودی کۆمەڵگاو دەسەڵات، بەڵام ئەگەرچی سەدەیەک زێتر بە سەر ئەو یادەدا تێپەڕیووە کەچی هەتا ئێستا وەک پێویست قسە لە پەیوەندییە زیندوو و جۆر بە جۆرەکانی میدیاو دەسەڵات نەکراوە، وەک ئەوەی میدیا هەمیشە لە دەرەوەی کۆمەڵگاو خەمەکانی کۆمەڵگاو خەونەکاتی کۆمەڵگاوە بێ، بەڵام بێ سەلماندنی هوشیاری و پەیوەندییە زیندووەکانی میدیا و کۆمەڵگاو میدیا و دەسەڵات قسەکردن لە پێشکەوتنەکانی میدیا تراژیدیایە.

یەکێک لەو دیاردانەی کە ئەمڕۆ لە میدیایی کوردی زۆر جەختی لێدەکرێتەوە ئازادی بیروڕا گەیاندنە، وەک ئەوەی هەموو ئەو شەڕە جنێوو هەڕەشەو بێ حورمەتکردن و پەلاماردانە سیاسییانەو کێشەو ململانێ شەخسییە بێ بنەمایانە دەلالەت لە ئازادی بیروڕا دەربڕین و تەعبیر لە پەیوەندییە فرە رەنگەکانی کۆمەڵگا بکاو لەویشەوە بوونی هوشیاری کۆمەڵگاو بوونی جیاوازییەکان لەخۆ بگرێ.هەڵەیەکی گەورەیە لە دەرەوەی هوشیاری کۆمەڵگاو مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ستراتیژییەتی رەخنەو تێڕوانینی جیاواز، لە دەرەوەی فیکرو مەعریفە قسە لە ئازادی بکەین، ئازادی بیروڕاگەیاندن رستەی بۆیەکراوو رتوشکراوی ناو میدیاکان نییە، بەڵکو لە ناخی کۆمەڵ و پەیوەندییە مۆدێرن و فرە رەهەندەکانی





کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێ، کاتێ حزب و دەسەڵات هەموو پەیوەندییەکان کۆنترۆڵ دەکات، کاتێ هەموو خەمی دەزگاکانی راگەیاندن لە سنووردارکردنی پەیوەندییە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵگاوە قەتیس دەبێ، مەحاڵە بیر لە ئازادی بکەینەوە، چونکە میدیا کاتێ دەبێتە شوێنی بیروڕا گۆڕینەوەو گفتوگۆی جیدی و فشار کە ئاستی پەیوەندییەکان لە ئاستی سەردەمدا بێت، کە خاوەنی کۆمەڵگایەکی هوشیارو بیرکەرەوەو رەخنەگرو ئازاد بێت، نەک ملکەچ!؟

ئەمڕۆ لە نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردی دەرگایەکی کراوە بەدی ناکرێ، ئەمڕۆ بەردەوام کۆمەڵگا دەخرێتە پەراوێزەوە، ئەوەی هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ هاووڵاتییە، ئەوەی بەردەوام دەرگای لە سەر دادەخرێت بیروڕای مۆدێرن و پەیوەندییە فرە رەنگ و جیاوازەکانە، چۆن لەم وێنەوە دەتوانین ئازادی هەڵگرینەوە، دواجار ئازادی جگە لەو پەیوەندییانە، جگە لە دۆزینەوەی زمانێکی نوێ بۆ رەخنەو موناقەشەو شێوازێکی نوێ بۆ ژیان و میتۆدێکی نوێ بۆ بەدواداچوون دەبێ چی بێ؟ چۆن دەتوانی لە دەرەوەی کۆمەڵگا هەر تەنها لە میدیا ئازادی هەڵگرینەوە، ئایا دەشێ ئازادی پارچە پارچە بکرێ، کێ ئازادی پارچە پارچە دەکات؟.

گەورەترین گرفتی میدیاکان دۆزینەوەی جۆرێکە لە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە، بە دیوەکەی دیکەش پەیوەندی کردنە بە ناوەوەی خۆیەوە، بەو مانایەش لە رێگای رووەکانی دەرەوەی میدیایی کوردییەوە، ئەو میدیایەی کە تاکو ئێستا لاڵەو زمانێکی تایبەتی بە خۆی دانەهێناوە بۆ پەیوەندی کردن، ئەو میدیایەی کە تا ئێستا هێلە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەو هێڵە سەرەکییەکانی کارکردن و میکانیزمەکانی بەردەوام پەردەپۆش دەکات مەحاڵە باس لە کۆمەڵگا و هوشیاری کۆمەڵگا و بزاڤی رۆشنبیریی و

ئەدەبی و هونەری بکەین، واتە دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە رووەکانی میدیایی کوردی هەمیشە لە پشت کۆمەڵە دەمامکێکی ساختەو فریودەرەوە کارەکانی خۆی رادەپەڕێنێ، تێگەیشتن لەو بیرکردنەوەو میکانیزمەش وەک پێویست بریتی نییە لە تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، چونکە هەرگیز میدیایی کوردی ئەو ئاوێنەیە نییە کە کۆمەڵگا بەدیهێنانی مومکینەکانی خۆی تیادا دەدۆزێتەوە، میدیایی کوردی هەرگیز بیر لە تەرجەمە کردنی خەمەکانی کۆمەڵگا ناکاتەوە، بەڵکو هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات ک ە کۆمەڵگا بخاتە ژێر هەژموونی پێوانە لەکار کەوتووەکانی خۆیەوە.

کەواتە لە پشت ئەو دەمامکانەوە حزبە کوردییەکان بەچەکە کلاسیکییەکانیانەوە خەریکی بەرگری کردنن و بەردەوام هەوڵدەدەن کۆمەڵگا پارچە پارچە بکەن و کێشەو رووداوەکان وەک چەندان کێشەو رووداوی لێکدابڕاو بەرجەستە بکەن و بە ئارەزووی خۆیان راڤەیان بکەنەوە، بێ پەروا لە رێگەی ئەو زمانە لاڵ و کورت مەودایەی خۆیانەوە بەڵگە بۆ پێوانە بنبەستووەکانیان دەهێننەوە. لێرەوە بێ هەڵدانەوەی ئەو دەمامکانە مەحاڵە بتوانین قسە لە رۆشنبیریی کوردی و ئەدەب و هونەریی کوردی بکەین، هەروەک چۆن بە دیوەکەی دیکەش مەحاڵە بتوانین لە رێگەی میدیاوە رەخنە لە خۆشباوەڕی کۆمەڵگاو ساویلکەیی کۆمەڵگا بگرین.

لێرەدا تۆ لەو هەموو مژدانە ببوێرە کە رۆژانە بەر گوێت دەکەوێت، لەو هەموو قسە گەورانە بگوزەرێ کە بەردەوام لە میدیاکان زەق دەکرێنەوە، زۆر بە هێمنی وەرەو لە ناوەوەی میدیاکانەوە گوێ بگرەو بە گسک جەهل کۆبکەرەوە، نەخوێندەواری لە نزیکەوە تام بکەو ملشکان و گەندەڵی بە چاوەکانی خۆت بۆن بکەو بە پەراوێز بوونی جیدییەت لە ئەرشیفە تۆز لێنیشتووەکاندا هەڵگرەوە، نەخشەکانی بێ نرخکردنی ئەدەب و رۆشنبیریی





و هونەر بە رەنگاو رەنگی ببینە ... راستە لە دەرەوەی میدیاکاندا رەنگە نەتوانی بە روونی شتەکان دەست لێبدەیت، بەڵام کە دێیتە ناوەوە جگە لە دنیایەکی قێزەون، دنیایەک کە ئەوەی تیایدا بێبایەخ دەکرێ مەسەلەی ئازادی بیروڕاو ئیبداع و رەخنەو جیدییەتی بیرکردنەوەیە، دنیایەک کە جگە لە رەنگێک، جگە لەو گرگن و نەخوێندەوارانەی دەستیان لە پشت دەدرێ، دنیایەک کە جگە لەو ئامێردانەی نانی رستە مردووەکانیان دەخۆن، ئەو پیاوانەی کە بە گوێ هەڵێنان کار دەکەن، هەموو ئەوانی دیکە ئەگەر هەبن لە وێنەی شەیتان دەکەن.

لە پشت دەمامکەکانەوە بە هیچ جۆرێک قسە لە میتۆدەکانی بیرکردنەوەو گۆڕینی بونیادو جولانەوەی ئەدەبی و رۆشنبیریی ناکرێ، قسە لە رەخنەو ئیبداع نییە، بەڵکو فەزایەکی خنکێنەر شتەکان لەناو خۆیدا خول پێدەدات، لە پشت ئەو فەزا خنکێنەرە دەستێک دیارە کە هەمیشە ماچ دەکرێ، لۆژیکێک قسە دەکات کە هەمیشە دەبێ سەری رێزو نەوازیشی بۆ دابنوێنرێ، زمانێک دێتە گۆکردن کە هەموو پێوانەکانی دەرەوەی خۆی رەتدەکاتەوە، تۆ لە هەژموونی ئەو پێوانە بنبەستووە، ئەو لۆژیکە سەلەفییەوە، ئەو بونیادە لەکار کەوتوانەوە سەیری ماناکانی ئەدەب و هونەرو کۆمەڵگاو رەهەندەکانی رۆشنبیریی و جەماوەر بکە، تۆ لە هەژموونی ئەو پێوانە سەرتاپاگیرەوە، سەیری رووەکانی میدیا بکەو ئینجا تراژیدیە مێژوویییە یەک لە دوای یەکەکانی سیاسەت و ئەدەب و رۆشنبیریی بە بیر خۆت بهێنەوەو لە نێوان دوو کەوانەی بچووک لەسەر مێزی حزب ئاوڕێکی دیکەیان لێ بدەرەوە؟!.

هەوڵدەدەم لە دەرەنجامی ئەو هەژارییەوە بڵێم حزبی کوردی و میدیایی کوردی هەرگیز ئەدەب و رۆشنبیریی وەک مەسەلەیەکی سەربەخۆو ئازاد سەیر ناکەن، بەڵکو هەمیشە وەک کاغەزی یاریکردن دەیبینن، ئەوەی بە

هیچ شێوەیەک قسەی لێ وەرناگیرێ، ئەوەی کە هەمیشە وەک شتێکی لاوەکی سەیری دەکرێ ئاستی ئەدەب و هونەرو رۆشنبیرییە، کەچی بە دیوەکەی دیکەوە بەردەوام دەمامکەکان بەو وێنانەوە دەڕازێننەوە.

بەڵام ئەو رووەی کە دەخوازێ لە رێگەی رەخنەو دووبارە تەرجەمە کردن و لێکدانەوەو بەدواداچوون و گومانەوە هوشیاریان بەرز بکاتەوە رووێکە لەژێر هەڕەشە دایە، ئەو رووەی کە خۆی لە سەرووی پێوانە بنبەستووەکان هەڵدەخات و دەیەوێ گومان و رەخنەمان تیا بوروژێنێ و بە میتۆدە نوێیەکان شتەکان بخوێنێتەوە، بەردەوام وەک نەیار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و رێگاکانی بە دەیان داوو کۆسپ و تەگەرە تەنراوە، بەردەوام بە پەراوێز دەکرێ.

لێرەدا ئەوەی میدیاکان هەوڵی وروژاندنی دەدەن، هەوڵی پیا هەڵگوتنی دەدەن تەنها هەر ئەو ئینشا نووس و ئینشایانەیە کە بە تابووتی وشە نەزۆکەکانیان بەرەو گۆڕ دەبنەوە، لە رێگەی شموولییەتی ئەو ئینشا ئیفلیجانەوە بەردەوام کۆمەڵگا پارچە پارچە دەکرێ و بەردەوام رووبەری موقەدەسەکان بەرفراوانترو رووبەری رەخنەو گومانەکانیش تەسکتر دەبنەوە. هەر لە رێگای ئەو بیرکردنەوانەوە هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی ئینشا نووسیندان بۆ شەرعییەت بە مەترسیدار سەیر دەکرێن.دوا جار ئەوەی کە تاکو ئێستا حزب لەناو میدیاکاندا بڕوای پتەوی پێماوە ئەوەیە کە ئەدەب و رۆشنبریی و شۆڕشی چەکداری یەک شتن، تاکو ئێستا لەژێر هەژموونی هەمان پێوانەی پەککەوتوودا سەیری ژیان دەکات، نەک بەو مانایەی کە بتوانێ لە رێگەی خوێندنەوەو بەدواداچووندا پەیوەندی نێوان شۆڕش و ئەدەب لێکبداتەوە، بەڵکو رێک دەیەوێت بڵێ ئەدەب و هونەر پاشکۆی شۆڕشەو هەردووکیان یەک رەنگیان هەیە، بەو مانایەش هەموو خۆنواندنێکی دیکەی ئەدەب خیانەتە لەگەڵ و نیشتمان.هەموو ماناکانی





ئەدەب و رۆشنبیریی لە تاک مانایی حزبییەوە قەتیسەو دەبێ پەیڕەوی زمانە لاڵەکەی ئەو بکات، بەو مانایەش بەشی هەرە گەورەی ئیفلیجی ئەدەبی کوردی بۆ ئەو بۆچوونە پەککەوتەیە دەگەڕێتەوە، ئەو بۆچوونە سەلەفییەی کە تاکو ئێستاش وەک (ژمارە) مامەڵە لەگەڵ رۆشنبیران و نووسەران دەکات، لە میدیاکانی کوردی ئەو بۆچوونانە بە زەقی دیارن.

ئەگەر بەشێک لەو گرفتەی تەماشاکردن و بڕوابوون پەیوەندی بەدەسلاتەوە هەبێت و لێرە دەسەلات وەک باوکی ئەدەب و رۆشنبیری خۆی کاتەوە، دیارە بەشەکەی دیکەی راستەوخۆ پەیوەندی بەهۆشیاری کۆمەڵگالو ترادیسیۆن و فێرمە چەسپاوەکانی کۆمەڵگاو تەقالیدی نووسین و زمانی نووسینەوە دەکات.

# سەلیقەی وەرگێڕان لە نێوان تێگەیشتن و تێگەیاندن

وەرگێڕان وەک ڕێگایەک بۆ لەیەکگەیشتن و لە یەکنزیک بوونەوە، ماوەیەکی دوور و درێژە پرۆسیسە دەکرێ، بەڵام وێرایی ئەو هەموو گەشەسەندن و پێشکەوتنەی لەو ماوە درێژەدا بەسەری داهاتووە کەچی هەتا ئێستاش بە دەست ئیشکالیەتەکانەوە گیری خواردووە، ئەوەش ئەگەر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وشەی وەرگێڕانەوە بکات، بەو مانایەی کە وشەیەکی تەمومژاوییە، ئەوە لە لایەکی دیکە بۆ ئەو بۆشاییە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا بەدی دەکرێت، ئەو بۆشاییەش بۆ تایبەتمەندی بونیادی زمان و یەکەو ئاست و چینەکانی زمان دەگەڕێتەوە، بەو واتایەی کە هەر زمانێک کۆمەڵێک جیاوازی لەگەڵ زمانێکی دیکەدا هەیە، چ لە ڕووی دەربڕین و یەکەی زمانەوانی و ڕیتم و ڕوونی و ئاماژە و ڕەمز و دەلالەت و ئەو سیستەمەی کە سینتاکسی لەسەر بونیاد نراوە، یان ئەو شێوە جیاوازانەی کە مانای جیاواز و ناکۆک دەخاتەوە کەواتە وەرگێڕانی دەقی زمانێک بۆ زمانێکی دیکە پێویستی بە ڕاستکردنەوەی شێوەکان و یەکەی زمانەوانی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێی شێوەکان، وشەکان، کۆمەڵێ مانا و ڕەمز لەخۆ دەگرێ کە دوانەیی تەواو تێکدەشکێنێ، لێرەوە هاومانایی ڕەها لە هیچ زمانێکدا بەدی ناکەین، بەو مانایەش ئاساییە کە وەرگێڕ دووچاری حەپەسان نەبێ کاتێک هاومانایی لە نێوان زمانەکاندا نادۆزێتەوە ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە بە





شێوەیەکی گشتی ڕووێک لە ڕووەکانی وەرگێڕان یان مانایەک لە ماناکانی وەرگێڕان، بەرهەمهێنانەوەی بەشێکە لە ئەسڵ، یان خستنەڕووی بەشێکی گشتی بێ لە ئەسڵ، یان بەرجەستەکردنی ڕوویەکی مانا بێ لە ڕووەکانی مانای ئەسڵ، بۆیە دووبارە جێگای سەرسوڕمان نییە کە وشەی خیانەت بۆ وەرگێڕ قووت دەکرێتەوە، جا چ وەرگێڕانەکە حەرفی بێت، یان ئازاد، چونکە ئەگەر وەرگێڕانی حەرفی پارێزگاری لە ئەمانەتی دەقی ئەسڵی نەکات، ئەوە وەرگێڕانی ئازاد دەستی لە تێکشکانی جوانکاری و لەناوبردنی وردەکاری دەقی ئەسڵیدا هەیە(٣).

(١)

وەرگێڕان «هونەر- پیشە- زانست»ە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانەوەیە، بەڵام «سەلیقە» ئەو هەوڵ و تەقەلا بێوچانەیە کە وەرگێڕ لە دووتوێی شارەزایی و بەهرە و کارامەیی و توانا و زیرەکی و قووڵبوونەوە دەینوێنێ، بە دیوەکەی دیکەش، سەلیقە بۆ قۆناغی منداڵی درێژ دەبێتەوە، واتە بەهرەیەکە هەر لە منداڵییەوە گەشە دەکات.

بە مانایەکی دیکە وەک «د. حوسێن محەمەد عەزیز» دەڵێت(٤):

ئەگەر زمانناس ئەو کەسانە بگرێتەوە کە بە هەوڵ و تەقەلای بێوچان و خۆماندووکردن و خوێندنەوەی بەردەوام خۆیان فێری سەرەتا و بابەتەکانی زمانەوانی کردبێت و لە زمانە نەتەوەییەکەی خۆیاندا قووڵبووبنەوە و شارەزاییان پەیدا کردبێت، بێ ئەوەی زانستی زمانەوانییان خوێندبێ، یان لە زمانێکی دیکەدا شارەزا بن، ئەوە زمانزان ئەو کادیرە ئەکادیمییە دەگرێتەوە کە خوێندنگە بەرزەکانی زمانەوانی تەواو کردووە و جگە لە زمانی دایک شارەزاییەکی تەواوی لە بواری زمانەکانی دیکە و زمانەوانی و زانستی زماندا هەیە، چەندان لێکۆڵینەوە و باسی گرنگی لەسەر

کێشەکانی زمان هەیە، هەروەها دەتوانین ئەو جۆرە کادێرانە لە بواری زمانەوانیدا بە پسپۆر و شارەزای تەواو ناو بەرین.

بەڵام گەلێ کادێر لە بواری زانستی زماندا خوێندنی باڵایان تەواوکردووە کەچی هیچ بەرهەمیان نییە، بەڵکو بە قەد زمانناسێکی خۆماڵیش نازانن و شارەزاییان لە زمانە نەتەوەییەکەی خۆیاندا نییە، بۆیە لێرەدا دەبێ ئاوڕ لە وشەی سەلیقە بدەینەوە، بەو مانایەی کە سەلیقە ئەو بەهرە خۆرسکەیە کە هەر لە منداڵییەوە سەرهەڵدەدات، دەشێ بە شێوەی جۆراوجۆر گەشەی پێ بدرێ و فەزایەکی فرەوانتری لە بواری زمانناسی بۆ دەسەبەر بکرێ، هەروەک لە بواری زانستی زمانیشدا دەشێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کاری بۆ بکرێت.

بەو مانایە سەلیقەی وەرگێڕان ئەو توانا خۆرسکەیە کە وەرگێڕ لە ڕێگەی ئارەزووە شاردراوەکانی بۆ زمان و لە ڕێگەی ماندووبوون و گەشە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە دەستی دەهێنێ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەوڵدەدەم چەمکی سەلیقە بە دوو خاڵی سەرەکی ببەستمەوە: ئەو ئارەزووە شاراوەیەی کە هەر لە منداڵییەوە سەر هەڵدەدا و ، گەشەپێدانی ئەو ئارەزووە بە شێوەیەکی شیاو، یان بە جۆرێکی دیکە دەشێ چەمکی سەلیقە لە پەیوەندی تۆکمەی نێوان زمانناس و زمانزاندا هەڵبگرینەوە، واتە ئەگەر ڕوویەکی ئەو چەمکە بە شێوەیەکی جێگر پەیوەندی بە زمانناسەوە بکات، ئەوە ڕووەکەی دی بە شێوەیەکی ناجێگیر لە زمانزانەوە خۆی دەدۆزێتەوە، هەر خودی ئەو جێگرنەبوونەشە دەرگای جیاواز بە ڕووی ئەو چەمکەدا دەکاتەوە، یان بۆ ئەوەی خودی ئەو چەمکە زێتر بەرجەستە بکەین دەڵێین ئەگەر «جێگیربوون» پەیوەندی بە ئارەزووە شاردراوەکانی منداڵییەوە هەبێ، ئەوە «جێگیرنەبوون» پەیوەندی بەو ئارەزووە لە بن نەهاتووانەوە هەیە کە بەردەوام لە ڕێگەی زانستی زمانەوە گەشە دەکات، هەر لە ڕێگەی





لێکنزیک بوونەوەی جێگیربوون و جێگیرنەبوونەوەش دەشێ پرۆسەی وەرگێڕان چارەسەر بکەین و دەرەنجامێکی باش وەدەست بهێنین.

(٢)

بۆ ئەوەی بمانەوێت قسە لە وەرگێڕان بکەین، دەبێ بەر لەوەی قسە لە شارەزایی و زانینی زمانی ئەسڵی و زمانی دووەم بکەین، بەر لەوەی قسە لە (هونەر- پیشە- زانستی وەرگێڕان) بکەین، پێویستە ئەو سەلیقەیە بخەینە بەرخوێندنەوە کە هەم لە هەڵبژاردنی بابەت ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕێ، هەم لە چێژوخۆشی، یان بە مانایەکی دیکە لە لایەک دەتوانێ پێداویستییەکانی واقیع ڕەچاو بکات، لە لایەکی دیکە فەزایەک دەخولقێنێ کە خوێنەر بە شەوقەوە دەستی بۆ دەبات.

واتە ئەگەر سەلیقە لە لایەک بە تێگەیشتنەوە پەیوەست بێ، لە لایەکی دی ئەو هوشیارییە ڕۆلی تیا دەگێڕێ کە تێگەیاندن دەسەپێنێ، دەشێ هەر لە دووتوێی ئەو ڕۆڵەش بە مەرجی هونەری و پیشەیی و زانستیانەی وەرگێڕان بگەین.

واتە هوشیاری و بەدواداچوونی بەردەوامی وەرگێڕ و پەرۆشی بۆ وەرگێڕان ئەو ئارەزووە شاردراوەییە کە هەمیشە وەرگێڕی لێهاتوو دەخاتە بەرامبەر ڕێکەوتنێک، لێرەدا خودی ئەو ڕێکەوتنە لە لایەک بە تایبەتمەندێتی زمانی یەکەمەوە پەیوەست دەکەین، لە لایەکی دی ئەگەر خودی ئەو ڕێکەوتنە مەرجێک بێ لە مەرجەکانی گفتوگۆکردن لەگەڵ زمانی دووەم، واتە مەرجی تێگەیاندن بێ، لەم حاڵەتە دەشێ جۆرێکیش بێ لە هاوئاهەنگی دروست کردن لەگەڵ زمانی دووەم بۆ گرتنەباوەشی زمانی یەکەم، وەک دیارە بە دیوەکەی دیکە جۆرێکیشە لە کێشەی تێگەیشتن، واتە تێگەیشتنی زمانی یەکەم.

کەواتە دەشێ سەلیقە دواجار بۆ ئەو ژانوژوارەش بگەڕێتەوە کە وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕانە دووچاری دەبێ، بۆ ئەوەی بتوانین چەمکی سەلیقە راستەوخۆ بۆ ئەو ژانوژوارە بگەڕێنینەوە پێویستە قسە لە پرۆسەی وەرگێڕان بکەین، وەک پرۆسەیەک کە دەکەوێتە نێوان وەرگێڕ و دەقی وەرگێڕدراو، وەک پرۆسەیەک کە خوێنەر ئامادەیی تەواوی تیا نییە، بەو مانایەش پرۆسەی وەرگێڕان، پرۆسەیەکە وەرگێڕ تیایدا دەبێتە خوێنەر و لە دووتوێی دنیای خوێندنەوەشدا تێگەیشتنی خۆی دادەمەزرێنێ و لە رێگەی شێوازی دەربڕینیش تێگەیاندن دەنووسێتەوە.

واتە لە لایەک لە چوارچێوەی زمانی یەکەم وەک خوێنەر، بیر دەکاتەوە و دنیای خوێندنەوە دەخەملێنێ، لە لایەکی دیکە لە رێگەی رێکەوتنەوە لەگەڵ زمانی دووەم وەک نووسەر دنیای بیرکردنەوەو تێگەیشتن لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم دەگوازێتەوە.

کەواتە پرۆسەی وەرگێڕان، ئەو پرۆسەیەیە کە لە رێگەی مەنەلۆگ لەگەڵ زمانی یەکەم و دیالۆگ لەگەڵ زمانی دووەمدا، فەزایەک دەخولقێنێ و لە رێگەی خولقاندنی ئەو فەزایەش لەنێو زمانی دووەمدا بە ئاسانی دەتوانێ پرشنگ بخاتە سەر زمانی یەکەم، لێرەدا مەرجی چاک زانینی زمانی یەکەم، ئاستی هەستکردن و بیرکردنەوە و دەرککردن بەرفرەوان دەکات، هەروەها دروستکردنی ئەو فەزایە کە ئاماژەمان بۆ کرد -راستەوخۆ توانای تێگەیاندن بەرز دەکاتەوە، وەک ئاشکراشە توانای تێگەیاندن لە پرۆسەی نووسیندا راستەوخۆ بە بنەما سەرەکییەکانی بیرکردنەوە و چنینی زمانەوە بەندە، هەر لەوێشەوە شێوازی نووسین لە دایک دەبێ بەمانایەکی دیکە شێوازی وەرگێڕ ئەو هەمئاهەنگییەیە کە مەنەلۆگ لە رێگەی بیرکردنەوە و دیالۆگ لە رێگەی رێکەوتنەوە دروستی دەکات.

بەو مانایەش بەر لەوەی بیر لە خوێنەری زمانی دووەم بکەینەوە





پێویستە قسە لە وەرگێڕی بە سەلیقە بکەین، ئەو وەرگێڕەی کە توانای هەرسکردن و بیرکردنەوەو داڕشتنەوەی هەیە، ئەو وەرگێڕەی کە بتوانێ تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆی لە زمانی یەکەم دابهێنێ و لە رێگەی رێکەوتنەوە لەگەڵ زمانی دووەم ئەو تێگەیشتنە بەرەو تێگەیاندن ببات، یان فەزایەک بۆ تێگەیاندن مەیسەر بکات، فەزایەک کە چێژ و خۆشی دەبەخشێ لەوێشەوە توانای بیرکردنەوە و سروشتی پەیوەندییەکانی خوێنەر و نووسەر وەک پێویست بەڕێوە دەچێت.

(٣)

بەر لەوەی ئیشکالیەتی تێگەیشتن و تێگەیاندن راڤە بکەین، هەوڵدەدەم چەمکی سەلیقە بە سەرکەوتنی بابەتی وەرگێردراو ببەستمەوە، نەک وەک چەمکێک لە چەمکە نەگۆڕەکان، بەڵکو وەک چەمکێکی بگۆڕ و ناجێگیر.

بەو مانایەش ئەگەر چەمکی جێگیربوو- بۆ نموونە- توانای زمانەوانی و شارەزایی و زانینی زمان لەخۆ بگرێت و راستەوخۆ پەیوەندی بە رۆچوونی زمانی دووەمەوە هەبێ، گەڕانەوە بێ بۆ رەسەنایەتی، یان گەڕانەوە بێ بۆ راستی، ئەوە چەمکی جێگیرنەبوو دەلالەت لە کرانەوەی رووە جیاواز و ناکۆکەکان دەکات بەرامبەر ئێستا، یان بەرامبەر خوێندنەوەی هەمیشەیی، خوێنەری بە دوایەکدا هاتوو، هەر کاتێکیش وەرگێڕان توانای دروستکردنی ئەو رووەی نەبوو، نەیتوانی بەردەوام لە رووی شێوازەوە خوێنەر بۆ خۆی دروست بکات، نەیتوانی بەردەوام لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دی هەنگاو بنێ، هەر کاتێک وەرگێڕان توانای ژیانی لەگەڵ جیاوازییەکان و ئێستا و بارودۆخی ئێستا لە دەستدا، نەیتوانی وێڕای ناکۆکی و جیاوازییەکان، وێڕای هەموو

ئیشکالیەتەکان فەزایەک بۆ هاوگونجان بسازێنێ، فەزایەک کە قابیلی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی جۆراجۆرە، ئیتر با (هونەر- زانست- پیشە)ش بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ شێوازێکی شیاو بۆ ڕێکەوتن بدۆزێتەوە، چونکە دۆزینەوەی ئەو شێوازە هەر تەنها بە هونەر و زانستەوە بەند نییە، هەر تەنها زمانزانی دەوری تیا نابینێ، بەڵکو وێڕای ئەوانەش سەلیقەی وەرگێڕ ئەو فاکتەرە سەرەکییەیە کە توانای ڕزگاربوون لە پاشماوە بێ سوودەکانی زمان بە دەست دەهێنێ، ئەو پێداویستییەیە کە خوێنەر بەرەو خۆی کێش دەکات، لەوێشەوە هەم تێگەیشتنی ڕابردوو و بە جیدتر دەخاتەڕوو، هەم دەرگا بۆ جیاوازییەکانی ئێستا دەکاتەوە.

گوتمان وەرگێران ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئیشکالیەتی تێگەیشتن و تیگەیاندنەوە هەیە، یان بە مانایەکی دیکە ئەگەر وەرگێڕان لە مەنەلۆگەوە پەیوەندی بەرەهەندەکانی بیرکردنەوە بکا و لە چوارچێوەی زمانی یەکەم و هەرسکردنی و ڕاڤە کردنیەوە پێشنیاری شێوازی تایبەت بە خۆی بکات، ئەوە لە ڕێگەی دیالۆگەوە فەزایەک بۆ تەحەکوم و ڕێکسختن لە نێو زمانی دووەمدا دەسازێنێ، خودی ئەو پرۆسەیەش جۆرێکە لە پێکدادانی هەردوو چەمکی جێگیربوون و جێگیرنەبوون، ئەو پێکدادانەش لە ئەنجامی پێکداچوونی ڕەهەندەکانی تێگەیشتن و تێگەیاندن خۆی دەسەپێنێ، چونکە ئەگەر تێگەیشتن جەختکردن بێ لە بنەماکانی بیرکردنەوە و دەلالەتی هوشیاری و ئاگایی و ئەزموونی لەخۆ گرتبێ، ئەوە جێگیرنەبوون لەو فەزایەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە نێوان میکانیزمەکانی تێگەیاندن و پاشان تێگەیشتنی خوێنەر دێ و دەچێ، ئەو فەزایەش وەک گوتمان لە بناغەوە لەسەر ئەو ڕێکەوتنە بەندە کە دەشێ لە شێوازی وەرگێڕ و ئەو زمانە هاوبەشە بێتە بەرهەم کە وەرگێڕ لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا بەرجەستەی دەکات، یان ئەو ریتمە هاوبەشەیە کە هەردوو زمان





لێکنزیک دەکاتەوە.

(٤)

کاتێک قسە لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی دەکەین، مەحاڵە بتوانین ڕۆڵی وەرگێڕان لەو پانتاییە بخەینە دەرەوە، نەک بەو مانایەی کە وەرگێڕی بە سەلیقەمان زۆرە و زۆر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نموونە ناتوانین هەندێ ناو کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت فەرامۆش بکەین، من لێرە نموونەی «عەزیز گەردی» وەک وەرگێڕێک کە خاوەن سەلیقەی کوردانەیە دەخەمەڕوو، ئەوەش هەرگیز وەلاخستنی نموونە هاوئاستەکانی «عەزیز گەردی» نییە، چونکە من بێگومانم لەوەی کە بەرجەستەکردنی ئەو ناوە کۆمەڵێک ناوی دیکە بە بیر خوێنەران دەهێنێتەوە.

(٥)

لێرەدا بۆ ئەوەی قسە لە دەقی وەرگێڕدراو بکەم هەوڵدەدەم دوو نموونەی زیندوو، هەم لە ڕووی هەڵبژاردنەوە، هەم لە ڕووی سەلیقەی وەرگێڕانەوە بخەمە ڕوو، نەک بەو مانایەی کە نموونەی دیکە بەدی ناکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو هەوڵەی ئێمە بێتە هاندەرێک بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی نموونەی دیکەی ئەو بوارە، هەروەها لە هێنانەوەی ئەو دوو نموونەیە هەرگیز خۆم بە بەراوردکردنی دەقەکان خەریک ناکەم، ئەو بەراوردکردنە بۆ کەسانی زمانزان جێدەهێڵم، بەڵکو هەوڵدەدەم لە ڕێگەی هێنانەوەی چەند ڕستەیەک لە زمانی دووەم، سەلیقەی وەرگێڕان بخەمەڕوو، یان بەلای کەمی هەوڵدەدەم شێوازی وەرگێڕ و تایبەتمەندییەکانی زمانی یەکەم ڕوون بکەمەوە.

نموونەی یەکەمان کتێبی «بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ»ە(٥) کە «نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد» لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، نموونەی

دووەمیش «گفتوگۆ لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوا»دا(٦)، کە «ئازاد بەرزنجی» لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوە.

نموونەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ بونیادی زمان و ئەو چنینە تۆکمە ئامێز و چڕوپڕ و هێمنەی زمانی عەرەبی و سیستەمی زمانی عەرەبی دەکات، لەوێشەوە دەکەوێتە دووتوێی کۆمەڵێ جیاوازی و ناکۆکی لەگەڵ زمانی کوردیدا، بەڵام بە سەلیقەی کوردانە و بە شێوەیەکی نوێ لە دووتوێی فەزایەکی هاوئاهەنگدا رستە و وشە و یەکەکانی زمانەوانی و زاراوەکان لە تێگەیشتنەوە بەرەو تێگەیاندن دەبات - بڕوانە: «بە دەگمەن مێژوونووسان فەیلەسوفێک بانگهێشت دەکەن تا باسی پەیوەندیی نێوان مێژوو و فەلسەفەیان بۆ بکات- بیری رەخنەیی هاوچەرخ. ل ٥٣ .»

ئەگەر سەیری ئەو رستە درێژە بکەین دەبینین وشەکان و یەکەی زمانەوانی و بڕگەکانی بە جوانی و سستی بە دوایەکدا دێن و دەچنە ناویەک و یەکتر تەواو دەکەن، بێ ئەوەی تەگەرەیەک بۆ ریتمی تێگەیشتن و خودی تێگەیشتنی خوێنەر دروستبکەن، کە دەڵێم هیچ تەگەرەیەک دروست ناکەن مەبەستمە ئاماژە بەو رێکەوتنە بدەم کە لەسەر ریتمێکی سست سازکراوە، هەر لەسەر بنەمای ئەو رێکەوتنەش وەرگێڕ توانیوویەتی فەزایەک لە تێگەیشتن بۆ تێگەیاندن لە ناو زمانی دووەم دروست بکات، هەر لەو فەزایەشەوە توانیوویەتی شێوازی دەربڕینی خۆی، یان رەنگدانەوەی شێوازی زمانی یەکەم دووبارە بە سەلیقەی کوردانە دابڕێژێتەوە، بێگومان ئەو شێوازەش وەک پێشتر گوتمان راستەوخۆ بە تێگەیشتنی زمانی یەکەمەوە بەندە، هەر ئەو هاوپەیوەست بوون و رێکەوتنەش کە شێوەی تایبەتی بە رستە کوردییەکە بەخشیوە.

بەو مانایەش دەشێ ریتمی ئەو رستە کوردییە بە ریتمی سستی بیابان ببەستینەوە، بەڵام چڕوپڕی یەکتر تەواوکردنی وشەکان سەلیقەی کوردانەی





لەخۆ گرتووە، واتە ئەگەر هۆی تۆکمەیی رستەکە جێگیربوونی وشە بێ و لەوێشەوە جۆرێک لە دڵنیایی بخاتەوە، ئەوە سستی ریتم رێگا خۆشکەرە بۆ بەدواداچوونی زێتر، وەک گوتمان هەموو ئەوانە ئەگەر لە لایەک بە تایبەتمەندێتی زمانی یەکەمەوە بەند بێ، ئەوە لە لایەکی دیکە سەلیقە رۆلی تایبەتی خۆی تیا دەگێڕێ.

بەڵام ئەگەر سەیری رستە کورتەکانی (ئازاد بەرزنجی) بکەین و دەبینین گەرچی رستەی فیکرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە جۆرە ریتمێکی خێراو غەریب دەکەین، نەک بەو مانایەی کە ئەو جۆرە ریتمە تەگەرە بۆ تیگەیشتنی خوێنەر دەنێتەوە، بەڵکو رێک بەو مانایەی کە یەکەی زمانەوانی رستە کە بەرەو قووڵاییەکی روونترمان دەبات، هەر لە دووتوێی ئەو قووڵاییەش، یان لە بە دواداچوونی ئەو قووڵاییە غەمێک رستە کورتەکان بە یەک دەلکێنێ، غەمێک لە رازانەوەی رستەکانەوە لە دایک دەبێت. دەشێ ئەو غەمە لە زمانی یەکەمدا بۆ ئەسلێک بگەڕێتەوە، ئەسلێک کە ناشعور بەرزی دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە بە نەرمی دەربڕین وشەفافیەتەوە بەندە، یان رازانەوەی رستەکەکان ئەو هەستکردنە غەریبە بێ کە لە لێکنزیک بوونەوەی ئازاد بەرزنجی و ریتمەوە لە دایک بووبێ، بەو مانایەش هەوڵدەدا زمانێکی موسیقی بنەخشێنێ. بۆ نموونە بڕوانە: «بەڕای من بالا مرۆ دەکرێ بەرهەمی هەر ژیارێک بێت، ئەگەر لە یادتان بێت، گوتم کە هەر سەردەمێک لە توانایدایە بەرزترین بەها بهێنێتەوە ئاراوە کە لەگەڵ توانای مرۆییەوە دەگونجێت - لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا، ل ٩٣-٩٤» دەبینین لە هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی رستە هێزێک بەرز دەبێتەوە، ئەو هێزە دەشێ لە ریتمی زمانە ئەسڵییەکەوە هەڵبگرینەوە، واتە تایبەتمەندییەکە بە زمانی فارسییەوە بەندە، بەڵام وەک دەبینین لەبەر ئەوەی زمانی کوردی خاوەنی ئەوتایبەتمەندییە نییە، بۆیە هێزی ئەو بڕگانە

لەبری ئەوەی ریتمێکی شەپۆڵاوی لە خۆ بگرێ، بۆشاییەک دەخاتە ریتمی ڕستەکەوە، یان نیمچە دابڕانێک نیشان دەدا، ڕاستە هیچ لە تێگەیشتن کەم ناکاتەوە، بەڵام دەمەوێ بڵێم زمانی کوردی هەڵگری ئەو غەمە قووڵە نییە.

ئازاد بەرزنجی زمانی یەکەم و زمانی دووەم لە ڕێگەی لێکنزیکبوونەوەیان تێکەڵ بەیەک دەکا هەر لەو ڕێگایەشەوە توانیوویەتی هەمان فەزای زمانی فارسی، بەڵام بە شێوەیەکی کوردانە بۆ زمانی کوردی مەیسەر بکات، لەوێشەوە پێکهاتەی ڕستەکان بە هەمان یەکە و پێوانەی داڕشتنەوە بگوازێتەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئەو دوو وەرگێڕانە بکەین، دەبینین وەک گوتمان نموونەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ تێگەیشتن دەکات و لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە تێگەیشتنی خۆی دادەمەزرێنێ و پاشان بەهۆی ڕێکەوتنێک لەگەڵ زمانی دووەم فەزایەک بۆ تێگەیاندن دەدۆزێتەوە -واتە تێگەیشتن بۆ شێوازی تێگەیاندن دەگۆڕێ- بەڵام نموونەی دووەم ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی خۆ نزیک کردن لە ریتمەوە هەوڵی بەرجەستە کردنی فەزای زمانی یەکەم دەدات، هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەست بەسەر ئەو فەزایەدا دەگرێ و لە ناو زمانی دووەم گفتوگۆی لەگەڵ دادەمەزرێنێ، نەک بەو مانایەی کە ئەو گفتوگۆیە تێگەیشتن فەرامۆش دەکات، بەڵکو ڕێک بەو مانایەی کە خودی ریتمەکە شێوازێک لە تێگەیشتن دەسازێنێ، واتە لەبەر ئەوەی زمانی فارسی وەک بنەماو ڕێسا لە زمانی کوردییەوە نزیکە بۆیە «ئازاد بەرزنجی» هەرگیز بیر لە ڕێکەوتنێکی دیاریکراو ناکاتەوە، چونکە پێوایە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو ڕێکەوتنە لە نێوان ئەو دوو زمانەدا هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چوونە ناو فەزای زمانی فارسییەوە تێگەیشتن بەرەو تێگەیاندن دەبات.

کەواتە ئەگەر «نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد» بە دوای ڕێکەوتنێکدا وێڵ بێ،





ئەوە نموونەی دووەم مەستی فەزایەکە کە هێزی خۆی لە بڕگەی ڕستەکانەوە بە دەست دەهێنێ، هێزێک کە بە دوای یەکدا پڕوشکی شەپۆڵەکانیان بەرز دەبێتەوە، ریتمێکی غەریب دروست دەکات، بەڵام ئەگەر «ئازاد بەرزنجی» لە پرۆسەی گواستنەوەی یەکە زمانییەکانەوە غەمە قووڵەکانی ئەو ریتمە ون بکات، ئەو ونکردنەش جۆرە ریتمێکی کوردانەی لێ لە دایک ببێ، ئەوە نموونەی یەکەم لە بەدوایەکدا هاتنی وشە و بڕگە پەیوەستەکانەوە ڕستەی زمانی یەکەممان دووبارە بە شێوەیەکی دیکە بۆ دەچنێتەوە.

بەڵام لە بیرمان نەچێ ونکردنی غەمە قووڵەکە وەک گوتمان پەیوەندی بە تایبەتمەندی زمانەوە هەیە، ئەو ریتمە دەینوێنێ کە لە هێزی هەڵچووی بڕگەکانەوە شەپۆڵان دەکات، هەر ئەو هێزەشە لە نێوا زمانی فارسی بەرەو جۆرێک لە غەریبمان دەبات، ئەو هێزەی کە دەکەوێتە نێوان هەڵچوون و داچوونی شەپۆڵەکانەوە ئەو هێزە کەبت کراوەی کە لە ئەسڵی ناشعوری زمانی فارسیدایە و زمانی کوردی لێی بێ بەرییە، لە لایەکی دیکەش بە دوایەکدا هاتنی خێرایی وشەکان پەیوەندی بەو فەزایە دایە کە لە لێکنزیک بوونەوەی هەردوو زماندا بەدی دەکرێت.

بەمجۆرە دەشێ سەلیقەی کوردانەی نموونەی یەکەم لە ڕێکەوتن خۆی بنوێنێ، بەڵام نموونەی دووەم لە فەزایی ریتم، ئەوەش وەک لەسەرەوە ئاماژمان بۆ کرد یەکەی زمانەوانی و پێکهاتەی ڕستە و تایبەتمەندی زمان و سیستەمی زمانی یەکەم ڕۆڵی خۆی تیا دەگێڕێ.

# ماڵی هاوین لە پشت مۆدێرنیتەوە

(١)

لەبازاڕی گشتی «ئەسینا» سوکرات پیاوێک دەگرێت و قسەی لەگەڵ دەکات. بەسادەییەوە لێی دەپرسێت: تۆ پێت وانییە «زیۆس» ژیانێکی باش بەسەر دەبات؟ پیاوەکە وەڵامی دەداتەوە بێگومان(٨).

ئێمە هەوڵدەدەین لە پانتایی گشتی «هاوین»ەوە هەمان پرسیاری «سوکرات» بۆ خوێندنەوە دووبارە بەرهەم بهێنینەوە، هەروەک ئەسیناو سوکراتیش پانتایی هاوین و «پشت مۆدێرنیتە» وەک چەمکی کات و شوێن لەم نووسینە وابەستەی جوگرافیاو مێژوویییەکی دیاریکراوە. واتا دەمەوێ بڵێم چەمکی هاوین راستەوخۆ پەیوەندی بەگراماتۆلۆژی(٩) کوردی لەلایەک و «ماڵی کوردی» لەبەشێکی دیاریکراو لەلایەکی دیکەوە دەکات و ئێمەش هەوڵدەدەین پەیوەندی پیتەکانی ئەم وشەیە لە «ماڵی خۆمان» و لە نزیک چەمکی «پشت مۆدێرنیتە»ەوە دووبارە دابڕێژینەوە، یان بەمانایەکی دیکە لە نێوان لاوانەوەی تراژیدیانەو گێڕانەوەی گەورەدا «گێڕانەوە گەورەکان دەشێ بەجۆرێک لە جۆرەکان لە چەمکی حیکایەتە مەزنەکانی لیوتارەوە نزیک بێت» هەوڵدەدەین «هاوین» وەک دەق کە ناونیشانەکەی ئەوەیە کە دەکەوێتە «پشت مۆدێرنیتەوە» لە ماڵی خۆمان لە نێوان پیاوی گەورەو بۆرە پیاودا راڤەبکەینەوە، یان بەمانایەکی دیکە وەرزی هاوین کە ئەمڕۆ لەگەرمەسێریش لەسایەی پۆست مۆدێرنێتەوە دەشێ





لە «زۆزان» نزیک بێتەوە، لەنێوان پیاوی گەورە «کە پشت بە گێڕانەوە گەورەکانەوە دەبەستێ» و بۆرە پیاو «کە دەکەوێتە پەراوێزەوە» دابەش بکەین.

بەڵام رەنگە دژواری ناساندنی چەمکی هاوین «وەک دەقێک بۆ خوێندنەوە، یان وەک تابلۆیەک بۆ نیگاکردن» لەو شوێنە بێ کە لەلایەک نامانەوێت وەک ناونانی رووتی وەرزێک لە وەرزەکانی ساڵ و لەمیانی پەیوەندی وەرزەکانی دیکەوە دەلالەتەکانی شرۆڤە بکەین، لە لایەکی دیکە بەو ئاستەوە پەیوەستە کە تائێستا زمانی کوردی نەیتوانییوە لە ناوەوەی خۆی پرەنسیپەکانی خوێندنەوە دەستنیشان بکات، تا ئێستاش وەزیفە ئیرۆسییەکانی خۆی پیرۆز نەکردووەو نەیتوانییوە لە خەملاندنی شتەکانی ناوەوە کۆمەڵێ دەرئەنجام هەڵبخات تا لەوێوە تایبەتمەندییەکانی خۆی بتەقێنێتەوە، لە تەقینەوەشدا پرشنگەکانی بەشێوەیەکی مەعریفی و ئیستاتیکی تیۆریزە بکاتەوە، تا ئێستا نەیتوانییوە چەپێنراوەکانی ناخی خۆی لەگەڵ ئەو شتانەی کە لەلایەن ئەویدی «داگیرکەر» دەرکەوتنیان قەدەغەکراوە لەیەکتر نزیک بکاتەوە.

بێگومان ئەوەی زمان بە زیندوویێتی دەهێڵێتەوە هەرگیز بیرکردنەوەی گشتگیریانەو یەکپارچەیی جلەکان نییە، چونکە وەک دەزانین کۆمەڵگا لەدوای گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە کەوتە ئەو دیو خەونی یەکپارچەی سوسیالیزم و ئیتر جارێکی دیکە خەونەکانی مرۆڤایەتی هەرگیز خۆیان لە یەکپارچەیی و رێکپۆشیدا نومایش ناکەن، ئیتر هەرگیز خەونێک نەماوە تا بکەوێتە ناو گێڕانەوە گەورەکان، ئیتر یۆتۆپیاکان دەشێ لە نزیکەوە دەستیان بۆ درێژ بکرێت، لە نزیکەوە جیاوازییەکانیان بگرین و بەدوایاندا بچین و رەخنەیان ئاراستە بکەین و ئاسۆکانی بیرکردنەوەیان دیاری بکەین. واتە بە هەموو ماناکانەوە ئێستا لەدوای حیکایەتە گەورەکان و لە

دوای سوسیالیزم و لە دوای یۆتۆپیاکاندا دەست لە ژیان دەدەین، یان هەموو ئەو مەسەلانەی بیری مرۆڤایەتی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو، هەموو نهێنییە گەورەکان و کاتیگۆرییە فەلسەفییەکان و یارییە پڕ تەلیسم و داخراوەکانی مەعریفەو رستە درەوشاوەکانی عەقڵ و ئەفسانە، لە کەرنەڤاڵی تەکنیکدا بەسەرگەردانی دەخولێنەوە.

بەجۆرێکی دیکە هەوڵدەدەم بڵێم جوانکردنی زمان و بەرفرەوانکردنی رەهەندەکانی زمان و مەعریفەی زمان، رەنگاوڕەنگکردنی خەیاڵ و خەیاڵی زمان و بیرکردنەوەی زمانە لە ناوخۆیدا، بەدیوەکەی دیکەش کردنەوەی دەرگا جیاوازەکانی ناوەوەو دەرەوەی زمانە، بەرزکردنەوەی ئاستی ئاماژەکانە بۆ ئاستێکی دیکەی بەرفرەوانتر، تاکو لەوێوە لە هەڵوەشانەوەی گوتراوەکانەوە نەگوتراوەکان بەرجەستە بکەین، ئەو نەگوتراوانەی کە هەمیشە پەیڤەکانی خۆیان لە گێڕانەوە جیاوازەکان لادەدەن.

ئیتر لەم ئاستەدا هەروەک چۆن باسی تێکشکانی حیکایەتە گەورەکانمان کرد بەهەمان شێوەش چەمکی فەرمانڕەوایی و دەمڕاستی لە زماندا تێکدەشکێن و هەموو پەیوەندییە مێژووییەکانی هەڵدەوەشێنێنەوەو جۆرێکی دیکە لە پەیوەندی دەدۆزینەوە کە تەواو بە ساتەوەختی «لەدایکبوون»ەوە پەیوەست بێ و لە پرۆسیسەکردنی ئازادانەی خۆیدا وەک نەخشەیەک بۆ دۆزینەوەی بەردەوام خۆی بنوێنی، پەیوەندییەک کە هەمیشە پێویستی بە ئەسینا «وەک شار»و سوکرات «وەک پرسیارکەر» هەیە، پەیوەندییەک کە هەمیشە سوکرات و ئەسینا بەرهەم دەهێنێتەوە، پەیوەندییەک کە هەمیشە لە شەپۆل و جووڵەی بەردەوامدایە، بەردەوام رووە ناکۆکەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، بەو مانایەش «هاوین» وەک دەقێک دەکەوێتە ناو ناکۆکییەکانی خۆیەوە، وەک لە پێشەوە باسمان کرد ئەمجۆرە ناکۆکییە ئەگەرچی لە ئاستی دنیای دەرەوەی کوردی، یان ئەوەی کە بە





«ماڵی خۆمان» ناومان برد، ئەو ناکۆکی و موفارەقەی هەناوی «هاوین» ئەگەر لە دەرەوەی «ماڵی خۆمان» موفارەقە بێ لە رووی چێژو خۆشی و پەیوەندی بە ناچاربوونەوە هەبێ، ئەوە لە «ماڵی خۆمان» خودی ئەو موفارەقەو ناکۆکییە راستەوخۆ دەکەوێتە دەرەوەی خۆمان بەناچاری دەبێ لە هەناوی ئەو موفارەقە و ناکۆکییە گەورانەدا بژین بێ ئەوەی بتوانین قسە لە هەموو ناکۆکییانە بکەین، واتە ئێمە لە ماڵی خۆمان هەم دەکەوینە «پشت مۆدێرنیتەوە» هەم لە چاخی بەرایی‌و دەستپێکدا دەژین. راستە هەموو بەرهەمەکانی «پشت مۆدێرنیتە» لەو ماڵەدا هەیە، بەڵام تەنها بۆ پیاوی گەورەی ئەو ماڵەیە و ناشێ بۆرەپیاو «پیاوی بچووک» دەستی لێبدات و سوودی لێوەرگرێ.

(٢)

وەک دیارە ئەم چەند دێڕەی سەرەوە هەرگیز ناشێ تەواوی پێداویستییەکانی زیندوویێتی زمان و ئەفسانەی زمان و مەعریفەی زمان و ئیستاتیکای زمانی و خەیاڵی زمانی لە خۆدا هەڵگرتبێ، لەلایەکی دیکەش هەوڵی ئێمە لە نووسینی ئەو چەند دێڕەدا ناکەوێتە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی راستەوخۆ و قووڵی زمانەوانی بەڵکو وروژاندنی پرسیارێکە کە دواجار تەواوی بابەتەکەمان بەشێوەیەک لە شێوەکان سیستماتیزە دەکات، واتە ئەگەر گفتوگۆی ئێمە «وەک نەخشە و پلانێک بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکان» لەگەڵ خوێنەردا لەسەر جۆری مامەڵە کردنی ئەو پرسیارە وەستا بێ، دەشێ خەیاڵ و بیرکردنەوە لەم پرسیارەدا وەک دەسپێک خۆی بناسێنێ و وێنە رەش و سپییەکانی «مەبەستمان لەوێنە رەش و سپییەکان، پیت و وشەی نووسراو و مردووە» قوربانیەکانی خۆی بەدیواری ماڵی هاوین هەڵبواسێ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەمان وشەی

گوتراوو دەربڕاو دووبارە خۆ دیسپلینکردنێکی سوکراتانەمان بیر دەخاتەوە، ئەو دووبارەکردنەوەیەش ئەگەر لەلایەک دەلالەت لە رزگارکردنی دەسپێک «وەک خەیاڵ» بکات، ئەوە لەلایەکی دیکە راستەوخۆ لەبری گۆڕینی سیستەمی شتەکان و گۆڕینی سیستەمی نیگاکردن، لەبری تەجاوزکردن و جێهێشتنی رابردوو، شێوەکۆنەکانی کۆمەڵگا، بەرەو کۆمەڵگایەکمان دەبات کە لە پاڵ حیکایەتە گەورەکان وەنەوز دەیباتەوە، کۆمەڵگایەک کە دەشێ بڵێین «بیرناکاتەوەو بیری نەکردۆتەوەو نازانێ لە چی بیربکاتەوە» کۆمەڵگایەک کە لەو پەڕی بێهوودەییدا وەڕسی گازی لێدەگرێ و لەوپەڕی وەڕسیدا بێهوودەیی لوولی دەدات، کۆمەڵگایەک کە هەموو خواستەکانی لە تەسلیم بوونەوەدا دووبارە بەدەسپێک دەسپێرێ، دووبارە لەدەسپێکەوە سەیری حیکایەتە گەورەکان دەکاو لە دەسپێکەوە حیکایەتە گەورەکان دەخوێنێتەوە، پیاوی گەورە هەڵدەنێ.

(٣)

بەمجۆرە ئێمە وەک کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی رۆژهەلاتی هەمیشە یارییەکانمان لەسەرەتاوە دووبارە دەکەینەوە، شەڕەکانمان لەسەرەتاوە دووبارە دەست پێدەکەینەوە، هەر لە خاڵی سەرەتاوە دەستی ئاشتی بۆ یەکتر درێژ دەکەین.

کەواتە وەک چۆن وشەی گوتراو «ئاخاوتن»مان بەدەسپێکەوە لکاند، بەهەمان شێوەش کۆمەڵگای دواکەوتوو بە کۆمەڵگای دەسپێک ناوزەد دەکەین(١٠)، واتە ئیتر گفتوگۆکردنمان لەم رووەوە دەلالەت لە ئامادەیی خەیاڵی دەسپێک دەکات، ئامادەیی خەیاڵی دەسپێک لە وشیاری و ئاگایی پرسیارەکانماندا شتێکە و راستەوخۆ پەیوەندی بە خۆ دیسپلینکردنی سوکراتانەوە هەیە ،نەک ئەو پرسیارگەلەی کە لە ناخەوە لە





ئازادییەکانی ناوەوە هەڵدەقووڵێ و لە ئەنجامی تەقانەوەی توانا غەریزییەکانەوە دەلالەت لە وێنەی مرۆڤێک دەکات کە «نیچە» بەخوێن دەینەخشێنێ(١١).

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین ئەو چەند دێڕە جگە لە پراکتیکردنی دەسپێک لە نێو نووسیندا شتێکی دیکە نییە، کە دەڵێم شتێکی دیکە نییە بەو مانایەیە کە دەشێ شتێکی دیکەش هەبێت، لەنێوان ئەو دوو شتەش موفارەقەی نووسین خۆی هەڵدەخات، واتە ئەو هەوڵەی کە لێرەوە لە میانی قسەکردن لەسەر دەسپێک دەمەوێ بیخەمە ڕوو، ئەو هەوڵەی کە لە دەرەوەی بەڵێ و نەخێر، لەدەرەوەی گۆڕینی شێوازەکان، لەدەرەوەی بیرکردنەوەکانی دەسپێک و لە ناوەوەی لەدایکبوونی خەیاڵی دەسپێکدا وەک نەخشەو پلانێک بۆ لەدایکبوون و دۆزینەوەی «ئاو» لە پانتایی هاویندا خۆی هەڵدەخاو لەوێشەوە بەتەنیشت مەعریفەو فەلسەفەو بیرکردنەوەدا دەڕواو بە هێمنی دەست بۆ هەڵوەشانەوەی وەرزێک لە وەرزەکانی ساڵ و لەوێشەوە خوێندنەوەی «هاوین» درێژ دەکات «تکایە دەست درێژکردنی با سنووردار نەکرێت» نەک وەک پێویستییەک تا دووبارە خۆم بخەمە سێنتەری دەسپێک و سێنتەری بەڵێ و نەخێرەوە، بەڵکو لەوێوە هەوڵدەدەم لەفەرمانڕەوایی دەسپێک و لەفەرمانڕەوایی زمان و لەفەرمانڕەوایی چەمکەکان کەم بکەمەوە، مەبەستە بڵێم دەشێ دەسپێک لەبری ئاخاوتن «قسەی ئەو پیاوە بێ کە نانووسێت» (١٢).

بە کورتی لەم نووسینە هەوڵدەدەم ئامادەییەکی دیاریکراو بۆ بوونی ئەو خەیاڵچنینە ریتمدار بکەم، هەروەها هەوڵدەدەم زەمەنێک بۆ دەستبردنی کاکڵەی ئەو مەسەلەیە لە دووتۆیی خەیاڵی دەسپێکدا بگرم، زەمەنێکیش بۆ ئەوەی لە زەمانەتی یەکپارچەیی و دڵنیابوونی بارمتەخوازانەی

«دیکارت» بچمەدەرەوە (١٣). لەوێشەوە لە ئاگایی خودی و پێکەوە ژیانی پیتەکان و بۆرە پیاوەکانەوە نەخشەوپلانێک بۆ خوێندنەوەی پرسیارەکەی «سوکرات» لە دەقی هاوین دابمەزرێنم. بەمانایەکی دیکە لە خوێندنەوەی چەمکی «هاوین»دا هەوڵدەدەم لەسەر توانای ئەگەری لەدایکبوونەوەی پرسیارەکانی «سوکرات» شێوەیەک بۆ ئەگەری لەدایکبوونی وشەی «ئاو» و جیاوازی بۆرە پیاوەکان لە نزیک دەسپێک و «پشت مۆدێرنیتە» بەجێ بهێڵم، هەروەها بە شێوەیەک لەشێوەکان دوای شوێنی نوێی ئەگەری وشەو ئیقاعی نوێی سەردەم دەکەوم و ئەسڵی یەکەم لەئاسۆی پرسیارەکەی «سوکرات» و چەمکی هاوین وەک بۆرە پیاوەکە دەخەمە پەراوێزەوە، تا لەوێوە تابلۆی «هاوین» بێ ئەوەی هاوبەندییەک لەگەڵ وەرزەکانی دیکەی ساڵ دابمەزرێنێ بێ ئەوەی پەیوەندی بە جوگرافیاو مێژووی دەرەوەی ماڵی ئێمەوە بکات، بێ ئەوەی بە یاساو فۆرمێکی تەباوگونجاو بەڕێوە بچێ، بێ ئەوەی بۆ مانگ و رۆژەگەرمەکانی خۆی بگەڕێتەوە، بێ ئەوەی بکەوینە داوی پرسیارەکانی «سوکرات»ەوە، دنیایەکی بێ بەری بۆ راڤەکردن و لێکدانەوەکانی خۆی هەڵبخات، یان تا لەوێوە هاوین لە یارییەکی ترسێنەرانەی بێ سنبول و سنبولی «هەتاو» و بێ پرسیارە قوڕسەکانی «سوکرات» بخەینە کارو لە ئەگەری «ئاو»ی هاوین و ئەگەری گفتوگۆکانی سوکراتدا بیری لێ بکەینەوە.

بێگومان بیرلێکردنەوە لە «هاوین» لە میانی ئامادەیی ئەگەری ئاودا بیرلێکردنەوەیەکە راستەوخۆ دەکەوێتە دووتوێی کردە ئیبداعییەکان و هەرێمەکانی مۆدێرنیتەوە، بیرلێکردنەوەیەکە تەواو «قسەی ئەو پیاوەی کە نانووسێت» تەجاوز دەکات، دەچێتە ناو تەقینەوەی توانا غەریزییەکانی مرۆڤی سەردەم و پرسیارە مەعریفی و ئیستاتیکییەکانی سەردەمەوە.

(٤)





ئەگەر لە نێوان تەجاوزکردن و گۆڕانکارییەکانەوە هیچ چەمکێک لە زماندا فەرمانڕەوا نەبێت(١٤)، هەروەها ئەگەر لەم نووسینە بەهۆی کردەی «لەدایکبوونەوە» بتوانین فەرمانڕەوایی لە هەموو چەمکەکان بکەینەوەو هەموو وەرزەکان لەو یارییە جیاوازییەکانی لە «دۆزینەوە» کۆبکاتەوەو لەوێشەوە بتوانین مەرجی بنەڕەتی بێ شوێنی خوێندنەوەی «هاوین» دیاری بکەین، ئەگەر هەرلێرەوە رەنگاورەنگی جلە تەنکەکانی هاوین لەسەر شانۆی خەیاڵ و خەیاڵی زمان و لەبەر پرۆسەی «دۆزینەوەی ئاو» بچنین و لە درەوشانەوەی پەیڤە دۆزراوەکانەوە هەریەک بەڕێگەی خۆماندا لەمیانی تەجاوزکردن و ئیبداع و گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە بەرەو زۆزانەکان، یان بەرەو رووی گەرما ببینەوە، یان بەمانایەکی دیکە لە رێگەی دەسپێکەوە لە زۆزانەکان نزیک بکەوینەوە، یان لە رێگەی گەرماوە دەسپێک بە قەڵەمڕەوی خۆی هەڵبسێ، لێرە دەشێ راستەوخۆ لە دەسپێک بپرسین: تۆ پێتوانییە «پۆست» ژیانێکی خۆش بەسەر دەبات؟. پاشان هەمان پرسیار بۆ پۆست و «ئاو» دووبارە بکەینەوە، واتە لە پۆست بپرسین تۆ پێتوانییە «دەسپێک» ژیانێکی ناخۆش بەڕێوە دەبات؟ یان بەشێوەیەکی دیکە لە گەرما بپرسین تۆ پێتوانییە «ئاو» ژیانێکی خۆش بەسەر دەبات؟ یان لە ئاو بپرسین تۆ پێتوانییە «گەرما» ژیانێکی ناخۆش بەڕێوە دەبات؟ ئینجا ئەگەرەکانی ئەو دوو جۆرە پرسیارەش لە دوو رێگەوە پراکتیزە بکەین کە یەکەمیان بە ژیانی خۆش «زیۆس»ەوە بەندەو دووەمیشیان راستەوخۆ بەژیانی ناخۆشی «بۆرەپیاو» پەیوەست دەبێ، واتە ئەگەر «بۆرەپیاو» راستەوخۆ دەلالەت لە «دەسپێک» بکات و «زیۆس» لە پۆست دا خۆی بنوێنێ، یان ئەگەر «زیۆس» دەلالەت لە «ئاو» و «بۆرەپیاو» دەلالەت لە «گەرما» بکات، لەم حاڵەتەدا دەشێ بڵێین «بۆرەپیاو» وەک چەمکێکی بەرجەستەی ئەو خوێندنەوەیە راستەوخۆ تەئکید لەپێکەوە ژیان دەکاو لە

ئەزموونی پێکەوە ژیانیشەوە بەبیرکردنەوەی «هاوین»دا دەچێتە خوارو لەوێشەوە بەلای کەمی چەند لایەنێکی قووڵایی ئەو بیرکردنەوەیە لە قوربانییەکانی گەرماو بەرجەستەکردنی «هاوین» لە کۆمەڵگای دەسپێک و نزیک «مۆدێرنیتە»ەوە دەخاتە بەرچاو، بێگومان شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی ئەو بۆچوونە لە بنەڕەتدا ترسی ناوەوەی زۆربەی زۆری کۆمەڵگای ئێمەی لە ئەستۆ گرتووە، بەمانایەکی دیکە بێ ئەوەی خەیاڵچنی گەرما لە میکانیزمەکانی سەردەم نزیک بکەینەوە هەوڵدەدەین کەوانەیەک بۆ وەرزی «هاوین» وەک گوتراوێکی پاک و بێگەرد، وەک قسەی ئەو پیاوەی کە نانووسێت، یان وەک چۆن جێگیرو باوە و زۆرینەی کۆمەڵگاکەمان لەگەڵیدا دەژین و پاشان و بەئاگایی خودییەوە یان بە دەردەسەری و چەرمەسەرییەوە لێی تێدەپەڕن، بکەمەوە، یان بەمانایەکی دیکە هەوڵدەدەم بەرلەوەی ئەو چەمکە «واتە چەمکی گەرما» بەرەو ناشعور شۆڕبێتەوەو دواجار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو ڕەمزییانە لە دیوەکەی دیکەوە بێتە مەیدان، هەر لەسەر ئاستی یەکەمەوە، لەسەر ئاستی پرسیاری سەرەتاوە، سوکراتانە بەشێوەیەکی ئاشکراو روون پرسیاری تایبەت دەخەمە داوی خۆمەوەو لەوێشەوە بەکەشف و بینینی دەگەیەنم، یان بەمانایەکی دیکە هەر لە ڕێگەی «گەرما»وە وەک چۆن هەیەو ئارەقمان پێ دەڕێژێ وشەی نووسراوی هاوین دەپارێزم.

بەڵام ڕێگەی دووەم، ڕێگەی «زیۆس» پیاوی باڵا، خاوەنی گێڕانەوەی گەورە، شێوەیەک لە شێوەکانی دەبل مۆرالی بەسەریدا زاڵە، بەڵام ئەو زاڵبوونە لە ڕێگەی کردە ئیبداعییەکانەوە نییە، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی وەرگرتن و هەڵمژینی هەڕەمەکیانەی کردە ئیبداعییەکانی ئەویدیکەوەیە، بۆیە «زیۆس» چەمکی هاوین وەک ئاخاوتنێکی لەبیرکراو پشتگوێ دەخات، نەک وەک ئەو پیاوەی کە نانووسێت، بەڵکو وەک ئەو پیاوەی کە





پرسیار ناکات و شتەکان رایدەماڵن و شتەکان لە پێداویستییەکانی ئەودا هەڵنەقوڵاون و ڕەنگە هیچ پەیوەندییان بەفیکرو مەعریفەی ئەویشەوە نەبێت، ڕەنگە ئەو هەمیشە ناکردەو نەزۆک بێ، هەمیشە هیواو خەونەکانی خۆی لەگۆڕنابێت، یان لەبری ئەوەی شتەکان بەناوی داهێنەرەکانییەوە ناوبنێت، لەبری ئەوەی بۆ سبەی بڕوانێ، زێتر سوپاسی خوا دەکات و بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، ئەو رابردووەی کەپێی وایە لە ژێر سایەیدا دەحەسێتەوەو حەساوەتەوە، لێرە هاوین لەبری نواندنی کردەی گەرما، لەبری خۆنواندنی ڕەمزییانەی «هەتاو» وەک ئەو پیاوەی کە قسە دەکاو پرسیارەکانی کۆن بووە. تەنیا قسە دەکات، بەڵام ئاخۆ قسەکانی چەند دەتوانێ هەڵگری هێزی گەرما بێ ئاخۆ ئاخاوتن چەند دەتوانێ قوربانییەکانی گەرما لە بەرامبەری دەبل مۆرالیدا لە ئەستۆ گرێ. وەک دیارە پرسیاری ئێمە هێزی خۆی لەم لایەنەوە بەفیڕۆ نادات، بەڵکو هەوڵدەدات بڵێت ئایا ئەگەری دەبل مۆرالی ئەگەرێکە دەکەوێتە پشت مۆدێرنیتەوە، ئەگەرێکە بە تەجاوزکردن و ئیبداع و گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە بەندە؟ یان ئەگەرێکی درۆزنانەو هەڵخەڵەتێنەرانەو سیاسیانەیەو هەوڵدەدات لە ڕێگەی کەلتووری یەکەمەوە بەشێوەیەکی ڕەمزی لەوێنە ڕەش و سپییەکانی قوربانی گەرما بڕوانێ. مەبەستمە بڵێم ئەگەری دەبل مۆرالی ئەگەرێکە هەمیشە لە ڕێگەی قومار کردنەوە بەڕێوە دەچێ. هەروەک دەزانین لە نێوان ئەو دوو ڕێگەیەش وەک گوتمان دوو جۆر مرۆڤ و دوو جۆر چین دێنە گۆکردن، یەکێکیان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین پێی بڵێین مرۆڤی «لێزان» بێگومان مرۆڤی لێزان بریتی نییە لە مرۆڤی زانستخواز، مرۆڤێک نییە لە ناو زانستدا قووڵ بووبێتەوە، واتە ڕۆشنگەری زانستانەو مەعریفە فرە ڕەهەندەکانی سەردەم دەستیان لە وەجووڵەخستن و سیستماتیزە کردنیدا نییە، بەڵکو میکانیزمێک بەڕێوەی

دەبات کە لەلایەک پێوەندی بە دەمامکەکانی دەسەڵاتەوە هەیەو لەلایەکی دیکەش راستەوخۆ پێوەندییەک داگیری دەکات، خودی ئەو پێوەندییەش بە سروشتی خۆ ونکردن و مەعریفەی تاک ڕەهەند و ئاگایی درۆزنانەوە بەندە – چەمکی ئاگایی درۆزنانەش لێرەدا چەمکێکە کە نەخشەو پیلانەکانی دەسەڵات، لە ڕێگەی داپۆشینی بەهاکان بە هەموو مانایەکەوە بەرهەمی دەهێنێتەوە. واتە وشەی لێزان راستەوخۆ دەلالەت لەئاگایی درۆزنانە دەکات رەنگە لێزانی لەوەدابێ کە هەمیشە راستییەکان لە هاوبەندی عەقڵ و ئەفسانەدا دەبینێ و راستەوخۆ دەلالەتەکانی وێنەی دەسەڵات پەرستی سەدەکانی ناوەڕاستی لە خۆدا هەڵگرتووە، یان وێنەکانی خۆی لەسەر شێوەی «ماسی گەورە، ماسی بچووک دەخوات» دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە، واتە مرۆڤێکە، دەمامکی دەسەڵاتێکە بەرژەوەندییەکانی خۆی بەر لە هەموو شتێ دەخاتە ڕوو، هەمیشە لەسەر کۆمەڵێک لە بنەماکانی یاری دێتە پێشەوە، هەمیشە لە پاڵ بێگاری دەسەڵاتدایە، یان خۆی دەسەڵاتە(١٥)، بەرامبەر بەجۆری دووەم کە وێنە رەش و سپییەکانی خۆی بە دیواری ئاگایی و هوشیاری و ئەزموونی پێکەوە ژیانەوە هەڵواسیوە «بێگومان وێنە رەش و سپییەکانی قوربانی شتێک نییە کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابێ، بەڵکو دەشێ ئاستێک بێ لە ئاستەکانی ئاگایی و بینین و مەعریفەی فرە ڕەهەند، کە لە ئاکامی خستنەڕووی ئیشکالیەتەکانەوە مرۆڤی رەخنەگر لە پەراوێزەوە بەرەو رووی دەمامکەکانی مرۆڤی لێزان بەرزی دەکاتەوە(١٦).

هەموو ئەو وێنانەش وەک حەقیقەتی ژیان و وشەی نووسراو لە پەراوێزی خۆیاندا کێشەو رووداو و رەخنەو بە دواداچوون و بەسەرهات و چەرمەسەرییەکانی گەرما بێ دەسپێک دەخەنەڕوو، ئەو وێنانە لە ناساندنی راستییەکانی کۆمەڵگادا زۆر شەرمنانە ئارەقەی گەرما دەڕێژن، کەچی





کەرەسە لە کارکەوتووە نەگەیشتووەکانی پشت مۆدێرنیتەش لە دیمەنێکی گەورەدا بەتەنیشت یەکەوە خۆیان ریزدەکەن، ئەو ریزکردنە دەشێ دەستی یەکێک لە خواوەندەکانی تیا بێ، یان یەکێک لە شەیتانەکان، ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە دەست بۆ بردنی ئەو کەرەسانە لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا لە ژێر یارییەکانی مرۆڤی «لێزان»دا دەخولێتەوە، نەک وەک باشترین ئەلتەرناتیڤ بۆ ژیان، بەڵکو وەک گەورەترین گێڕانەوە بۆ دەسەڵات.

کەواتە لە دووتوێی ئەو چەمکەشەوە هەرگیز بەرەوپێش چوون و گەشەسەندنی رۆژگار و پشت مۆدێرنیتە و تابلۆکانی مافی مرۆڤ و دیاردەکانی گلۆبالیزم لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی فیکری و تەکنیکی ئەزمەی قوربانییەکان و ئەفسوونی سەرگوزەشتە کۆنەکانی دەسەڵات لەق بکات، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی گشتی لە رێی پێداویستییەکانەوە ئەزمەی گەرما چارەسەر بکات، دیارە ئەگەر خودی ئەو مەسەلەیە لەلایەک پێوەندی بە یارییەکانی مرۆڤی لێزانەوە هەبێت، ئەوا لەلایەکی دیکە راستەوخۆ پێوەندی بە ئاستی هۆشیاری و ئاگایی و رۆشنبیریی کۆمەڵگاوە هەیە، یان بە مانایەکی تر پرۆسەیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە.

واتە ئەگەرچی لە توێی بەشێک لە نەخشە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمە نوێیەکانی ژیان دەتوانین کەسانێک بکەینە سەر پشک، بەڵام لەبەر نزمی ئاستی ئاگایی و نەزانینی بەکارهێنانی بیروڕای سەرپشک کردن و هەڵبژاردن هەر زوو بە چەند دروشمێکی زەقی بێ ناوەڕۆک لە خشتە دەبرێین و بە هەڵەدا دەچین، بە هەڵەداچوونی ئێمە بەرلەوەی پێوەندی بە دروشمە لوسەکانەوە هەبێت، پەیوەندی بە ئاستی بیرکردنەوەو ئاگایی کۆمەڵگاوە هەیە، نەزانین و کەمتەرخەمی ئێمە لە بەهەڵەداچووندا

دواجار خودی سەرپشکاران بەرپرەوی مرۆڤی «لیزان»دا دەبات، یان دەستی لە ئاراستە گۆڕینیاندا هەیە. واتە ئەگەر لەلایەک دواکەوتوویی کۆمەڵگاو گێڕانەوە کۆنەکانی کۆمەڵگا دەستیان لە دیاری کردنی مەسەلەکان هەبێت، پەی نەبردن و کورتبینی ئێمە لەوەدایە کە ناتوانین ئەودیو دەمامکەکان بخوێنینەوە، یان ناتوانین ئاستی ئاگایی کۆمەڵگا بەرز بکەینەوە، بە جۆرێکی دیکە هیچ جێکەوتەیەکمان لەسەر کۆمەڵگا دیار نییە، واتە ئەگەر لە پشت دەمامکەکانەوە کۆمەڵێک نەگوتراو خۆیان مەلاس دابێ، ئایا چۆن ئێمە دەتوانین بیاندۆزینەوەو لەبەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگا بەکاریان بخەین، بێگومان بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و رۆشنبیریی کۆمەلایەتی، بەرزکردنەوەی ئاستی بینینی نەگوتراوەکانەوە بەرزکردنەوەی ئاستی سەرپشک کردنیش دەگەیەنێت.

گوتمان مرۆڤی لێزان گوتراوێکە خۆی لە کۆمەڵێک دەمامکدا دەنوێنێ، گوتراوێکە ئەگەر کۆماری «ئەفلاتۆن»ی بۆ زیندوو بکەینەوە(١٧)، ناهێڵێ لەودیو وشەی «لێزان»، لەدیوە دروشمە زەقەکانی خۆی قسە لە نووسراو و مەدلولەکانی نووسراو بکەین، گوتراوێکە هەمیشە چەمکی شکۆمەندی بۆ خۆی داگیر دەکات، لە بیریشمان نەچێ شکۆمەندی «لێزان» یان ئەوەتا بە سروشت و تایبەتمەندییەکانی پشتاو پشتگەرێتی بەستراوەتەوە، یان ئاگایی درۆزنانەو فرە دەمامکی دەوری سەرەکی تێدا دەگێڕێ.

(٥)

ئەگەرچی گرفتی ئێمە نەناساندنی ئەو کێشە تاڵەیەو نە سەردەمیش پێویستی بە لاواندنەوەی تراژیدییانەوە ماوە، بەڵام بۆ ئەوەی وەک کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی رۆژهەڵاتی هەوڵبدەین لە پاڵ دیاردەکانی پشت





مۆدێرنیتەو گلۆبالیزمدا جەوهەری ئەو دوو پرسیارە لە دەقی «هاوین»دا رەنگرێژ بکەین، پێویستە راستەوخۆ لە جەوهەرو چەمکەکان نزیک بکەوینەوە تا لەوێشەوە جەوهەری هاوین وەک چۆن لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیەو لەگەڵیدا دەژین بەرجەستە بکەین.

وەک گوتمان ئەگەر کۆمەڵگای ئێمە وەک کۆمەڵگایەکی دەسپێک خۆی بنوێنێ و کۆمەڵگای دەسپێکیش پێوەندی بە ئاخاوتنەوە بکات و لەوێشەوە دەلالەتی ئەو مامۆستایەی کە نانووسێت لە خۆدا هەڵبگرێ، ئەگەر مرۆڤی لێزانیش مرۆڤێک بێ خۆی لە پاڵ کۆمەڵێک دروشمی زەق مەلاس دابێت «نەک کردەی ئیبداعی» هەروەها ئەگەر ئێمەش لە خوێندنەوەی دەقی «هاوین»دا بتوانین پەیوەندییەک لە نێوان ئەو چەمکانەو بونیادی پەیڤ و پیتەکان بدۆزینەوە لەوێشەوە لە ئاستی دۆزینەوەی جیاوازییەکانەوە بە خەیاڵچنی هاوین و گەرما سەربکەوین و لەوێشەوە نالۆژیکییەتی زۆزانە دەستکردەکان لەسەر مێزی قوماری دەمامکبازەکاندا والا بکەین، یان بە جۆرێکی دیکە ئەگەر بتوانین لەم رێگەوە لە دەسەلاتی سەدەکانی ناوەڕاست نزیک بکەوینەوەو مرۆڤی لێزانیش لە دەلالەتەکانیدا دەستنیشان بکەین، یان بە شێوەیەکی دیکە ئەگەر بۆچوونە ناو خوێندنەوەی دەقی «هاوین» لە پیتی «هـ»وە کۆمەڵێک ئاماژە بە هۆی هەستی گشتی و هەڵوەشانەوەی چەمکی هاوین لە بارە سروشتییەکەی و پاشانیش جیاکردنەوەی هێز و توانای پیتەکانی «هاوین» و دابەشکردنیان لەسەر ئاستی لێپرسراوێتی نووسین لەلایەک و گرتنی جیاوازی دەلالەتەکان لەسەر ئاستی گوتن و ئاگایی درۆزنانە لەلایەکی دیکە بخەینە بەرچاو.

ئێمە دەزانین وشەی دەربڕاوو گوتراو «ئاخاوتن» چۆن دەگۆڕێت و بۆ پیت و دەکرێتە وشەی نووسراوو مردوو، لە بیریشمان نەچێ گوتمان ئاگایی

درۆزنانە لەدەرەوەی تابلۆکانی «پشت مۆدێرنیتەوە» راستەوخۆ پێوەندی بە لوغزی ئاخاوتنەوە دەکات، پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا چۆن ئەو لوغزە پێوەندی بە لوولپێچی پیتی «ه»ەوە دەکا، تا لە میانی ئەو پێوەندییەوە روونی بکەینەوە کە گوتاری «هاوین» لە جەوهەردا گوتارێکی پراکتیکییەو دەشێ وەک بونیادێک بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوەو لێکدانەوە سەیری بکەین.

هەر لە میانی خوێندنەوە جیاوازییەکانیشدا دەشێ کۆمەڵێک دیاردە بە کۆمەڵێک چەمک و پرەنسیپ بلکێنین، نەک هەر تەنها لە رێگەی دەسپێک و ئاخاوتن، بەڵکو لە رێگەی میکانیزمی دووبارە کردنەوەو بەرهەمهێنانی پێچەکان و ریتم و زەخرەفەشەوە.

لەسەرەتا بۆ خوێندنەوەی «هاوین» پێویستە بەشێوەیەک لە شێوەکان پیتەکانی پەیڤی هاوین و دەلالەت و پرشنگەکانی بناسین و بە وردی لە نەخشەی ئەو پیت و جووڵەو ریتمانە بکۆڵینەوە، تا دواجار بەشێوەیەکی گونجاو لە مەعریفەی «هاوین»ەوە بەرەو ئەنتۆلۆژیای گەرما شۆڕ ببینەوە.

واتە خۆبەخۆجێگیربوونی پیتی «ه» ئەگەر لەلایەک پێوەندی راستەوخۆی بە «هەتاو»ەوە هەبێ، لەوێشەوە لە دەرەوەی بە رەمزبوونی «هەتاو»ەوە، بتوانین هارمۆنییەتێک لەگەڵ واقیعی مرۆڤی لێزان و ئاخاوتن دروست بکەین، ئەگەر لە کۆمەڵگای دواکەوتووی ئێمە لە ئاوێنەی فانتازیا کۆمەلایەتییەکان و دەمامکەکانەوە ئەم پیتە بشێ خۆی لە هاووێنەی دەسەلات نزیک بکاتەوە «دەسەلاتی سەدەکانی ناوەڕاست» لەم حاڵەتەدا شوێنگای ئەم پیتە وەک دەسپێک راستەوخۆ لەبری کاری ئیبداعیانەی «ئەدۆنیس» (١٨) دەبێتە هەڵگری سلبیاتەکانی کۆمەڵگای دەسپێک و ئەو پیاوەی کە پرسیاری نییە، لە پاڵ ئەوەشدا «گەرما» لە دووتوێی وشکبوونەوەو زەرد هەڵگەڕان و تینوێتی و... هەتاو لە دەرەوەی





بە رەمزبوونیدا خۆی بڵاو دەکاتەوەو بەری هەناسەی ژیانمان لێ دەگرێت.

راستە بۆ پێناسەی ئەو پیتە نامانەوێ بۆ پێوەندییە نزیکەکانی بە «پێچانی جامانەی کوردی»یەوە خۆمان سەرقاڵ بکەین و لەوێشەوە دوای کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگای دەسپێک بکەوین.

بەڵام هەوڵدەدەم بڵێم کاتێ کە گوتمان «هاوین» دەستی پێکرد، دەبێ بڵێین ئێمەی چیایی، ئێمەی دەسپێک ئێمەی ئاخاوتن، ئێمەی ناکردەو دواکەوتوو لەم یارییەدا وەک نووسین لەوێ نەبووین، کە دەڵێم لەوێ نەبووین، دەشێ بیر لە مرۆڤی لێزان بکەینەوە چونکە مرۆڤی لێزان وەک لەم نووسینە بەدیار دەکەوێت هەمیشە کە هاوین دێ لەوێ نییە پاشان لە رێگەی کەلتووری بۆرە پیاوەکانەوە هاوین دەناسێ، بەمجۆرە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئێمەی چیایی و مرۆڤی لێزان لەم نووسینەدا لە یەک نزیک دەبینەوە، بەڵام ئەگەر ئەو لێکنزیکبوونەوەیە پێوەندی بە ئاخاوتن و دەسپێکەوە هەبێ، لەم حاڵەتەدا موفارەقەی ئێمەی چیایی و کردە ئیبداعییەکانی سەردەم، موفارەقەیەکە هەم شوێن و کات دەوری تیا دەگێڕێ، هەم سیستەمی گۆڕانکارییەکانی سەردەم، ئینجا هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەو لە دەرەوەی شەڕە توندەکانی سروشت و دوای بەجێهێشتنی حیکایەتەکان و دوای خەباتێکی دوورودرێژی بێوچان و دوای قوربانییەکی زۆر، ئێمەی چیایی وەک ئاخاوتن وەک دەسپێک یان وەک چیایی بەو پێناسەیەی کە بۆ مرۆڤی سەرەتا دەکرێ نەک وەک دەست بۆ ژیان بردن و رامان لە سروشت و پراکتیزە کردنی چێژو خۆشی، دەگەڕێینەوە باوەشی گەرما، باوەشی گەرما وەک نووسین، بەمجۆرەش لە ناوەوەی شەڕەکانی براکوژی و لە رێگەی هوشیاری درۆزنانەو دروشمەکانی مرۆڤی لێزانەوە پشوویێ بە مێژووی ئەو چەمکە (واتە چەمکی پشت مۆدێرنیتە» دەدەین دووبارە وەک مرۆڤی چیایی لەدەرەوەی پراکتیزە کردنی چێژو خۆشی،

دووبارە دەرفـەتێ بۆ خـۆ وێرانکردن و خـۆ لە ناوبردن دەسـازێنین، یان بە مـانایەکی دیکە ئەگـەر خـودی مـوفـارەقـەی ناوبراو لەلایەک پێـوەندی بەسـیـسـتـەمـە جـێگیـرو چەسـپـاوەکـانی ناوەوە هەبێت، لەلایەکی دیکە راستەوخۆ گۆڕانکارییەکانی سەردەم لە بەرجەستەکردنیدا دەوری سەرەکی دەنوێنێ.

ئێمە لە پشت مۆدێرنیتەوە، دێین دەنووسین گەرما دەستی پێکرد، بەڵام نەک بەو مانایەی کە لە «هاوین» دواوین و چووینە نێـو پشـوودانەکـانی چەمکی هاوین، بەڵکو بەو مانایەیە کە لە «هاوین» دواوین و چووینە نێو شەڕەکانی دیکەی «هاوین» کـە لە شـەڕی براکوژی دا خـۆی وەک نووسین بەرجەستە دەکات.

بەشـداری کـردنمان لە گـەرمـا، بەشـداری کـردنمان لە شـەڕی براکـوژی، بەشـداری کـردنمان لە خـۆوێرانکردن، بەشـداری کـردنمان لە خـۆ دووبارە کردنەوەو گەڕانەوەی بەردەوامان بۆ دەسپێک و ژێر سایەی رابردوو، پاشان بە مانایەکی دیکەی «چەمکە شۆڕشگێڕییەکەوە» بەجێهێشتنی چیاو زۆزانەکان وەک شوێن و پاشان دروستکردنی ئەلتەرناتیڤێ لەسەر ئاستی ئاگای درۆزنانەوەو بەسەر پشک کردنی پیاوی لێزانەوە، هەرگیز ناچێتە نێو پشوودانەکانی مێژوو، بەڵکو دەتوانین بڵێین لەم حاڵەتەدا راستەوخۆ لە میـانی دەرکـەوتنی مێـژووی دەمـامکەکـانی پیـاوی لێـزان و ئاگـایی درۆزنانەوە، گیانی مەوزوعیەت دەچێتە سەر مێزی قومارکردن و لەوێشەوە زۆر بە سـاکـاری بە مـیکانیـزمی «گـەرمـا» (١٩) هەوڵی لە ناوبردن و بەهەڵمـبوونی ئەو تواناو هێـزە رەخنەییـانە دەدرێت کـە لەسـەر ئاسـتی قوربانییەکان و وەقسە هێنانی نەگوتراوەکانەوە خۆیان دەنوێنن.





(٦)

بەمجۆرە دەتوانین دەلالەتەکانی دەسەڵات و قوربانییەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵگاکەمان لە جەوهەردا دەستنیشان بکەین، بەڵام بە جۆرێکی دیکە ئەگەر بتوانین لە دوورەوەی مرۆڤی لێزانەوە جەوهەری دەسەڵاتی مرۆڤی لێزانەوە، دەمامکەکانی پیتی «هـ» لە خوێندنەوەی «هاوین»دا بخەینەڕوو لەوێشەوە هەوڵبدەین وەڵامی بۆرە پیاوەکەی پرسیاری سوکرات بەبیر خۆمان بهێنینەوە لەم حاڵەتە واتە لە میانی بە دواداچوونی سوکراتانەوە «زیۆس-مرۆڤی لێزان» دەکەوێتە لێژی، چونکە وەک دەزانین لە رێگەی خستنەڕووی کێشەکان و لێڕوانینی نێوانەکانیان و دەرککردنی راستییەکان و جیاوازییەکانیانەوە دواجار مرۆڤێکی ئۆرگانی و رۆشنبیر و رەخنەگر لە دایک دەبێت، ئەگەر لە حاڵەتی لەدایکبوونی ئەو مرۆڤەش راستەوخۆ بۆ پیـتی «هـ» بگەڕێینەوەو لەوێشـەوە دەلالەتی «هەتاو» وەک رەمـز و دەسپێکێ بۆ ناساندن و بەرجەستەکردنی ئەو مرۆڤە هەڵبخەین، واتە ئەگەر بۆ بە دواداچوونی ئەم حاڵەتەو بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتە دووبارە بۆ سنبولی هەتاو وەک چەمک و دەلالەت بگەڕێینەوە «بێگومان گەڕانەوەمان بۆ ئەو سنبولە هەرگیز نابێتە هۆی لەکەدار کردنی چەمکی «هاوین»، چونکە ئەگەرچی لێرەدا «هەتاو» هاوبەندییەک لەگەڵ دەسپێکدا دروست دەکات بەڵام هەرگیز گەڕانەوەمان بۆ ئەو هاوبەندییە گەڕانەوە نییە بۆ دیدی نائاگاییانەی کۆمەڵگای دەسپێک و دواکەوتوویی ئێمە، بەڵکو ئەو خوێندنەوەو بەرجەستەبوونە دەشێ دووبارە وەبیرهێنانەوەو گەڕانەوەی مێژوویی سنبولی هەتاو بێ بۆ قۆناغی مێژووی خۆی و حاڵەتە سروشتییەکەی خۆی، واتە وەک چۆن دەلالەتی لێدەکرا، کە لێرەدا بواری بەدواداچوونمان نییە، تا بە شێوەیەکی روونتر قۆناغەکان دیاری بکەین و

پاشان هەڵگەڕانەوەی سنبولی هەتاو، یان خەولێکەوتنی ئەو سنبولە لە تەنیشت مۆدێرنیتەوە جوانتر نیشان بدەین.

بە مانایەکی دیکە دەشێ گەڕانەوەمان بۆ هارمۆنیتی «ه» وەک دەسپێک لە «ه»ی هەتاودا رەگێکی «یۆنگ»یانە لە خۆ بگرێ، لەم حاڵەتەشدا «نەستی کۆ» بە رێکخراو و رێکنەخراوەوە لە پیتی «ه»دا خۆ دەنوێنێ، هەر لەسەر ئەم خۆ نواندنەش «هەتاو» دواجار وەک سنبولێ لە نەستی کۆدا پارێزگاری لە مەدلوولەکانی خۆی دەکات، خودی ئەو خۆپارێزییەی چەمکی «هەتاو» و دەمامکەکانی پیتی «ه» وەک چەمکێکی هەمیشە زیندوو راستەوخۆ دەلالەت لە دەسەڵاتێک دەکات ئەو دەسەڵاتەش لە دەسەڵاتی مرۆڤی لێزان نزیک دەبێتەوە، ئەو لێک نیزیکبوونەوەیەش رەنگە پەیوەندی بە نەستی سیاسیانەو نەستی کۆوە هەبێ، لەوێشەوە لەسنبولی «هەتاو» وەک دەسەڵات و سنبولی «ه» وەک دەمامک بۆ دەسەڵات رەنگدەداتەوە.

(٧)

ئەگەر پیتی «ه» تیۆری دەسەڵات پەرستی سەدەکانی ناوەڕاستی «وەک قۆناغێک» لە خۆدا هەڵگرتبێ، یان لە دوو توێی موفارەقەی مرۆڤی چیایی «وەک مرۆڤی سەرەتا»و مرۆڤی لێزان «وەک مانایەک بۆ مرۆڤی سەردەم» خۆی بنوێنێ، وەک دەسپێکیش راستەوخۆ تەئکید لە هەمان پێوەندی تەباو گونجاوی سەردەمی ناوبراو و جیاوازییەکانی مرۆڤی سەرەتاو مرۆڤی سەردەم، یان ئاخاوتن و نووسین بکات، لەم حاڵەتەدا خوێندنەوەی ئێمە بۆ پەیڤی هاوین لە پیتی «ه» و دەمامکەکانی پیتی «ه» دەگوزەرێ و بەرەو هەر سێ پیتی «ا،و،ی» دەبێتەوە، پاشان بۆ راڤەکردن و لێکدانەوەو بەدواداچوونی ئەو سێ پیتە، هەوڵدەدەین بە جۆرێک لە جۆرەکان هەردوو پیتی «ا،و» لە پەیڤی «ئاو» وەک ناوەندێکی





شیاو بۆ بەدواداچوونی جیاوازییەکانی نووسین و ئاخاوتن نزیک بکەوینەوە، پاشان وەک ئەلتەرناتیڤی وشەی نووسراو، گۆڕانکارییەکانی سەردەم لە پشت مۆدێرنیتە وەکو کۆمەڵێک دەلالەتی نوێ وەبەرهەم دەهێنین و لەوێشەوە لە رێگەی کۆمەڵێ پەیوەندییەوە بە چەمکەکانی پێشوویان دەلکێنین.

واتە ئەگەر هەر دوو پیتی «ا،و» دەلالەت لە ئاو بکەن و پاشان پیتی «ی» جارێک هەمان موڵکایەتی «ئاو» بۆ پیتی «ه» و جارێکی دیکە هەمان موڵکایەتی بۆ پیتی «ن» بگەڕێنێتەوە، لەم حاڵەتەدا، یان ئەگەر ئەم حاڵەتە گونجاو بێ بۆ خوێندنەوەو بەدواداچوون، دەشێ بۆ هاوسەنگ کردنی خوێندنەوەکەمان جارێک بکەوینە سەر «ئاو»ی پیتی «ه» لەلایەک و جارێکی دیکەش «ئاو»ی پیتی «ن» لەلاکەی دیکە هەڵبخات.

کەواتە ئەگەر بۆ «ئاو»ی پیتی «ه» راستەوخۆ پێوەندی بە هاوبەندی پیتی «ه» وەک دەسپێک و ئاخاوتن و هەتاو بکەین، لەم حاڵەتەدا دەشێ «ئاو»ی پیتی «ه» گەڕانەوە بێ بۆ دەمامکەکان و لەوێشەوە جواناوی مرۆڤی لێزان و هۆشیاری درۆزنانەی کۆمەڵگای دەسپێکی لە خۆدا هەڵگرتبێ، لەلایەکی دیکەش دەشێ شۆڕشی «ئاو»ی پیتی «ه» وەک موفارەقە لەلایەک و وەک هەڵگەڕانەوە لەلایەکی دیکە، لە رێگەی هێرشە توندو تیژەکانی ئاوەوە دەلالەت لە هەڵوەشانەوەی چەمکەکان بکات، لەوێشەوە راستەوخۆ خوێندنەوەکەمان بەرەو چیاو زۆزانەکان درێژ بکاتەوە لەم حاڵەتە گەڕانەوەمان بۆ چیاو زۆزانەکان وەک گوتمان گەڕانەوە نییە بۆ پراکتیزە کردنی چێژو خۆشی بەڵکو هەڵاتنە لە مرۆڤی لێزان و ئاگایی درۆزنانە گەڕانەوەیە بۆ ناخی خۆمان وەک چۆن هەین، خودی ئەم گەڕانەوەیە خۆڕاگری و جێگر بوونی دەمامکەکانی پیتی «ه» دەخاتە لەرزەوە، خودی ئەو لەرزەیەش دەلالەت لە بزاڤی ناوەوەی خۆمان دەکات،

هەر ئەو بزاڤەش دەرفەتێ بۆ خستنەڕووی قوربانییەکان دەڕەخسێنێ، لەولایشەوە پیتی «ه» تەنیا وەک ئاخاوتنێکی «لەبیرکراو» دەهێڵێتەوە یان بە مانایەکی دیکە دەیخاتە دەرەوەی ئەم نووسینەوە.

لەم حاڵەتەدا دەشێ چەمکی «هاوین» پشوویێ بە مێژووی قوربانییەکانمان بدات، هەر بە هۆی ئەو پشووەش لەگەڵ «ئەدۆنیس» دەتوانین لە سەرەتای دەسپێکەوە دووبارە وەک مناڵێ دەست لە ژیان بدەین.

کەواتە ئەگەر لە دووتوێی ئەم کودەتایە، یان ئەو موفارەقەیە و لە ڕێگەی نەخشەی خەباتی ئاو و دۆزینەوەی ئاوەوە بتوانین وەک منداڵێ وێنە ڕەش و سپییەکانی خۆمان یان ترس و ڕەخنەی ناوەوەی خۆمان وەک پێویست لە دەرفەتی ئەم پشووە بخەینەڕوو، ڕاستەوخۆ قوربانییەکانمان لە بری سنبولی هەتاو و لە تەنیشت هاوینەوە، دەلالەت لەناخی هەڵقرچاو و ماندووی مرۆڤی ڕەخنەکار دەکا، یان دەلالەت لە غەریزە منالییەکەمان دەکات و«لەبری مرۆڤی ڕەخنەکار وەک پێویست دەشێ مرۆڤی شۆڕشگێڕ– ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە».

کەواتە ئەگەر «هاوین» هەڵگری قوربانییەکانی چەمکی «ه» بێ بەو سیفەتانەی کە لەسەرەوە بۆمان دیاری کرد، مرۆڤی شۆڕشگێڕیش دەلالەت لە ناخی هەڵقرچاو و ماندوویی چەمکی «هاوین» بکات، لێرەدا دەشێ بڵێین هەموو شۆڕشەکان دەلالەت لەشۆڕشی «ئاو»ی پیتی «ه» لە تەنیشت هاوینەوە، یان هەموو شۆڕشەکان دەلالەت لەو قوربانییانە دەکەن کە دەکەوێتە ناخی هاوینەوە، یان ناخی منالییەوە، بەمجۆرەش ناخی هاوین وەک گوتراوێکی باڵاو پاک و بێگەرد، دەلالەت لە ئاخاوتنەکانی مامۆستا دەکات، ئەو پیاوەی کە نانووسێت و دەپرسێت.

بەرامبەر ئەو تێڕوانینەش ئەگەر لە «ئاو»ی پیتی «ه»ەوە، تەماشامان





بۆ «ئاو»ی پیتی «ن» بگوازینەوە، پیتی «ن» وەک هەمیشە بە «پۆست»ی شتەکانەوە پەیوەست بکەین، واتە ئەگەر دەلالەتی پیتی «ن» ڕاستەوخۆ گۆڕستان «بوون» لەخۆ بگرێ و مەرگیش لە پیتی «ن»ەوە دوایین کردە سەر شێتەکانی خۆی دابمەزرێنێ یان ڕابگەیەنێت، لەم حاڵەتەدا دنیای «پۆست» دەلالەت لە کۆتایی هێنانی هەموو شتەکان و لە ناوچوونی هەموو بونیادە میتافیزییەکان دەکات، دنیای «پۆست» دنیایەکە هەمیشە «ئاو»ی پیتی «ن» بەرەو پێشوازی دەچێ، دنیایەکە هەمیشە بانگەشەی تەقینەوەو فەنابوون دەکات، بەو مانایەش «ئاو»ی پیتی «ه» هەڵگەڕانەوەیەکی مەحاڵە، هەڵگەڕانەوەیەکە هەرگیز ناشێ لە دووتوێی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بێ ئاگایی ڕۆژهەڵاتی بیری لێ بکرێتەوە «داوای لێبووردن لە خوینەران دەکەم، چونکە ئەو شۆڕشەی کە لەسەر ئاستی دەسپێک و ئاخاوتنی مامۆستا و پیتی «ه»و کۆمەڵگای دواکەوتووەوە قسەمان لێکرد، شۆڕشێکە «لەم سەردەمەدا» دەشێ بڵێین لە پاڵ حیکایەتە گەورەکان خەوی لێکەوتووە بە مانایەکی دیکە ئەگەر لەسەر ئاستی تابلۆکانی پشت مۆدێرنیتەو دیاریدەکانی گلۆبالیزمەوە قسەی لێ بکەین دەشێ چەمکی شۆڕش و چەمکی هەتاو وەک سنبول، کۆمەڵە چەمکێکی لەبیرکراو بن».

ئیتر «ئاو»ی پیتی «ن» چەمکێکی نەگوتراو و فرە ڕەهەندەو تابلۆ ڕەش و سپییەکانی خۆی بەلقی ئازادییەوە هەڵدەواسێ، لە ئەنجامی تەقاندنەوەی توانا غەریزییەکانەوە، وەک باشترین ئەلتەرناتیڤی وشەی نووسراو بیر لە بەرجەستەکردنی تابلۆکانی مافی مرۆڤ و بیروڕا جیاوازەکان دەکاتەوە، بەو مانایەش «ئاو»ی پیتی «ن» چەمکێکە قابیلی کۆمەڵێ لێکدانەوەو ڕاڤەکاری جیاواز، چەمکێکە دەلالەت لە کردە ئیبداعییەکانی مرۆڤ و گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەکا.

کەواتە خوێندنەوەی هاوین لە «ئاو»ی پیتی «ن»ەوە، خوێندەوەیەکە راستەوخۆ دەکەوێتە سەر لە دایکبوونی چەمکە نوێیەکان و وشەی ئاوەوە، لەوێشەوە وشەی ئاو وەک هەمیشە گۆڕان و هەمیشە نەوەستان و هەڵاتن لە فۆرمە کۆنەکان نە بۆ هیچ ئەسڵێک و نە بۆ هیچ دەمڕاستێ ناگەڕێتەوە، خوێندەوەیەکە هیچ چەمکێکی فکری و فەلسەفی ناتوانێ سنوورەکانی بۆ دیاری بکات، هەمیشە دەبێ لە پشت ئەدرێسەکانەوە بۆی بگەڕێین.

کەواتە لە «ئاو»ی پیتی «ن»ەوە دەتوانین هەموو بنەچەکانی «هاوین» دژ بەیەک بکەینەوەو لە رەگەوە جەوهەری «گەرما» بۆ دژەکەی هەڵگەڕێنینەوە.





## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

١- الثقافة الاجنبية- العدد الثاني لسنة ١٩٩٧ «الترجمة والتحويل» روجز. تي. بيل/ ترجمة: رعد عبدالجليل جواد ص٧١ .
٢- سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی- لێکۆڵینەوەی و رەخنە- د. حوسێن محەمەد عەزیز- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی یەکەم ١٩٩٩ ل٧
٣- الثقافة الاجنبية- العدد الثاني لسنة ١٩٩٧ «الترجمة والتحويل» روجز. تي. بيل/ ترجمة: رعد عبدالجليل جواد ص٧١ .
٤- سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی- لێکۆڵینەوەی و رەخنە- د. حوسێن محەمەد عەزیز- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی یەکەم ١٩٩٩ ل٧
٥- بیری رەخنەیی هاوچەرخ- کۆمەڵێ وتار- وەرگێڕانی: نەوازد ئەحمەد ئەسوەد دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی / ل ٥٣ .
٦- لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا- چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفە و ئەدەبی - وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی دووەم /٢٠٠١ ل٩٣- ل ٩٤ .
٧- دەشێ لە لایەک وەک ئەدرێسی ماڵی هاوین و ناونیشانی ئەو نووسینە سەیری بکەین لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی بە فیکری پۆست مۆدێرنێنتەوە هەبێ و دەلالەتەکانی ئەو فیکرەی لە خۆ هەڵگرتبێ.
٨- بڕوانە: خوان- ئەفلاتوون- وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد/ دەزگای چاپ

و پەخشی سەردەم/ ١٩٩٩ ل٣ .

٩- گرامانۆلۆژی: زانستی نووسین.

١٠- داوای لێبوردن لە ئەدۆنیس دەکەم کە لە کتێبی «کلام البدایات»دا دەڵێ: رەخنە هەمیشە سەرەتایەک بۆ ئاخاوتنێکی دیکە دادەمەزرێنێ. واتە رەخنە هەمیشە لە سەرەتای دەستپێکردندایە «بڕوانە ل ١٩٠» من لێرەدا ئەو «سەرەتایەم» وەرگرتووە.

١١- خوان/ هـ. س. پ - ل ٥ .

١٢- بۆ نموونە «سوکرات- مەوسیح... یەک دێریان نەنووسیووە.

١٣- دیکارت دەڵێ: من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم - واتە بە کەفالەتی خواوەند ئەوەی دەیبینم هەروەک خۆی دەیبینیم- بڕوانە : الفکر العربی المعاصر- العدد ٧٠٦ لسنه ١٩٨٠ ص٨١-٨٤ .

١٤- هـ. س. پ.

١٥- ئێمە لەم نووسینەدا بواری ئەوەمان بۆ رەخسا تا ئاستەکان و پلەوپایەی مرۆڤی «لێزان» لە نێو دەسەڵاتدا وەک ئیشکالییەتێکی دەسەڵات دەستنیشان بکەین، لە لایەکی دیکەش مەرج نییە مرۆڤی «لێزان» دەلالەت لە مرۆڤی سیاسی، یان دەسەڵاتدار، بکات، یان لەوان بچێ، بەڵکو راستەوخۆ دەشێ دەلالەت لەو مرۆڤە «دابەشبووە» بکات کە سەرجەم ئازادییەکانی لە دەستداوە، یان هەرگیز ناتوانێ تامی ئازادی بکات، هەروەک «ئاگایی درۆزنانە»ش مەرج نییە ئاکامی ئەو مەعریفە «بنبەستوە» بێ کە دەسەڵات هەمیشە خۆی لەسەر بەرهەم دەهێنێتەوە، دەشێ ئاکامی ئەو مەعریفەیەش بێ کە هەمیشە وەک بابەت مامەڵە لەگەڵ خودی مرۆڤ دەکات.

١٦- مەرج نییە مرۆڤی رەخنەگر هەمیشە مرۆڤێک بێ لە پەراوێزدا، بەڵکو دەشێ لە نزیک سێنتەریشەوە ئەو مرۆڤە پرسیارکەرە بەدی





بکەین.

١٧- ئەفلاتوون لە کۆمارەکەی خۆیدا شاعیران دەکاتە دەرەوە، ئێمەش لێرەدا بە شێوەیەکی دیکە تەعمیمان کردووە لە بری شاعیران رەخنەگرەکان دەخەینە شوێنیان.

١٨- ئەدۆنیس هـ. س. پ.

١٩- کەواتە دەستنیشانکردنی چەمکی هاوین بەهامان شێوە دەستنیشانکردنی ئەو تواناو خەون و ئارەزوو چەپێنراوەیە کە مرۆڤی «لێزان» بە ناوی خۆیەوە هەڵیاندەخات، هەر لێرەشەوە زۆر بە جوانی دەتوانین دیکتاتۆریەتی مرۆڤی «لێزان» و دەسەڵاتەکەی دیاری بکەین.

# بەشی سێیەم





## شیعر ئەو سیحرەی دەکەوێتە نێوان شەهوەت و خوێندنەوە

ئێمە لە شیعرەوە دێینەوە نێو بوون، هەمیشە لە شیعرەوە هەڵدەقوولێین، بەڵام نەک بەو مانایەی کە شیعر قەڵەمڕەوی حەقیقەتەکان دەکات، بەڵکو بەو مانایەی کە شیعر دەرککردنی شتێکە کە دەرک ناکرێ، بەو مانایەی کە مەدلولی حەقیقی شیعر لەو شەهوەتەوە دەڕژێ کە بەرهەمی دەهێنێ، بەو مانایەی کە شیعر زیندەگی و شەهوەتی زیندەگییە، بۆیە کاتێ ئاوڕ لە شیعر دەدەینەوە، کاتێ دەپرسین شیعر چییە، کاتێ دەمانەوێت دەست لە شیعر بدەین، کاتی خۆمان لە شیعر نزیک دەکەینەوە دنیایەک وەڵام و دنیایەک پێناسە و دنیایەک وشە وەک زەنگیانەی ڕەنگاوڕەنگ ریز دەبن و دەدرەوشێنەوە، یان لە حاڵەتی گوتندا خۆیان هەڵدەخەن، یان لە قۆناغی گەڵاڵە بووندان و خەریکی چرۆکردن و درەوشانەوەن، هەندێکیش بێدەنگی خۆیان لە پاڵ تاریکایی حەشارداوە...

هەموو ئەو بزاڤ و جێگیربوون و هەڵوەشانەوەیەش دەلالەتە لە بن نەهاتووەکانی شیعر و بەردەوامبوونی شیعر و جیاوازییەکان و سیحری شیعرییان لە خۆگرتووە، ڕەنگە هەموو ئەوانە ترادیسیۆن و بکەونە بەرامبەر حەقیقەتێکی ڕووت، یان لە حەقیقەتە بینراوەکان خۆیان هەڵبخەن، دەشێ بکەونە بەرامبەر خاڵێکی دوورتر لە حەقیقەت، خاڵێکی بزۆز و جێگیرنەبوو، خاڵێکی هەمیشە گۆڕاو و نەبینراو، یان بە مانایەکی دیکە دەتوانین شیعر لە کەشفکردندا هەڵگرینەوە، نەک لە سەرچاوە دوورەکانی

دوێنێ، نەک لە خاڵە جێگیرەکانی دوێنێ، دەتوانین شیعر لەو ئاسۆیە بدۆزینەوە کە بەرەو رووی دەچین، نەک لەو چوارچێوەیەی کە داگیری کردووین، چونکە شیعر چوارچێوەیەک نییە بۆ داگیرکردن، بەڵکو فەزایەکە بۆ چێژوخۆشی، شیعر کەشفکردنی پەیوەندییە تازەکانی وشە و شتەکانە، شتەکان و مرۆڤ و شتەکان و بوون، شیعر پەیوەندی نێوان واقیع و مرۆڤ و نوێکردنەوەی زمانە لە دووتوێی جیاوازییەکاندا.

ئەگەر شیعر بە مانایەک لە ماناکان پێکدادانی گوتراو و نەگوتراوەکان رەنگ بکات، ئەگەر شیعر دەرەنجامی پێکدادانی حەقیقەت و ئەفسانەی لەخۆدا هەڵگرتبێ، کەواتە هەمیشە دەبێ کۆ فەرهەنگەکان و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دەستلێدانە جێگیربووەکان تەجاوز بکات، هەمیشە دەبێ لە بینراوەوە بەرەو نەبینراو و لە ناسینی دنیاوە بەرەو ناسینی بێدەنگی زمان و بێدەنگی فۆرم بێتەوە، لە تەبایی بەرەو ناتەبایی و لە هاوگونجانەوە بەرەو جیاوازییەکان و لە بوونەوە بەرەو ونبوون و ئازادییە لە بن نەهاتووەکان هەڵکشێ، بەو مانایەش شیعر لەو وزەیەدا خۆی دەدۆزێتەوە کە بەردەوام دەچێتە ناو شتەکان و دواجار دەیانبڕێ و لێیان گوزەر دەکات و پرشنگی نوێ دەخاتەوە.

لە کۆمەڵە شیعری (کرم و ڤێنوس)ی -ئیسماعیل بەرزنجی - شاعیر و رۆژمانەنووسدا دەکەوینە بەرامبەر خاڵێک کە پێیوایە حەقیقەتەکان لەودا کۆبوونەتەوە، خاڵێک کە قاچێکی لە نێو شیعر و قاچەکەی دیکەی لە نێو شێوازی رۆژنامەنووسیدایە، خاڵێک کە هەم کێشە و ژانوژوارەکان بەرێوەی دەبەن، هەم وزە خەفەکراو و ئیستهلاککراوەکانی شیعری لە خۆدا هەڵگرتووە، ئەو خاڵە پەیوەندی نێوان واقیع و شیعر تێکەڵ بە یەکتر دەکات، ئەو خاڵە لە لایەک دەشێ تەعبیر لە حەقیقەتە رووتەکانی واقیع بکات، لە لایەکی دیکە زمانی ئەو واقیعە رووتە بە سیحرەوە گرێدەدات،





بەو مانایەش شیعر لای (بەرزنجی) دیمەنی ساختەکارانەی گوتن و سیحری نووسین بە شێوازێکی سادە و ساکار و دوور لە تەمومژ دەخاتە روو، لە لایەک دەستلێدانی واقیع دەنەخشێنێ لە لایەکی دیکە هەڵوەشانەوەی نەبینراوەکان دەخاتە بەر هەستی سۆزاوی خوێنەرەوە.

(کرم و ڤێنوس) لە خاڵێکەوە قسە دەکات کە هەم دەکەوێتە دووتوێی بیرکردنەوە و یادەوەری هەم ساتەوەختی گوتن بە شێوەیەکی ئاگایانە دەکێشێ، هەم شیعرە و هەم کاری رۆژنامەیی، بە مانایەکی دیکە هەوڵدەدات ژێیەکانی واقیع و ژێیەکانی شیعر بە هۆی شێوازی وروژێنەر و درەوشاوە و هەست بزوێنی رۆژنامەنووسییەوە بژەنێ، ئەو خاڵەش بەرزکردنەوەی کاری رۆژنامەنووسییە بۆ کاری شیعری، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئایا خاڵی بەیەکگەیاندنی واقیع و سیحر لەسەر ئەو بنەمایەی کە شیعر و خەیاڵی شیعری لە دەرەوەی چوارچێوەکانەوە بە ئازادی دەجوولێتەوە دەتوانین لەگەڵ کاری رۆژنامەنووسی کە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و هێڵێکی دیاریکراو بەرێوەی دەبات و واقیعێک پەیڕەو دەکات بەیەکەوە گرێیان بدەین، دواجار ئایا لە نێوان کاری رۆژنامە و کاری شیعردا پێویستمان بە مەسافەیەک نییە بۆ بەدوا داچوون و لێوردبوونەوە و خەیاڵکردن، ئایا دەشێ ئەو مەسافەیە بکرێتە شوێنی تێکەڵکردن و وەشاندنی وزەکانی ناوەوە «دەمەوێ بڵێم وەشاندنی وزەکانی ناوەوە تەنها خۆخاڵیکردنەوە نییە، بەڵکو دەبێ لە توێی شێوازی تایبەتیدا تێوریزە بکرێت» ئایا ئەو مەسافەیەی کە سەربەخۆیی و ئازادی بۆ هەر یەک لە کارە جۆربەجۆرەکان فەراهەم دەکات، دەشێ بە ئاسانی لە دەستی بدەین؟

هەموو ئەو پرسیارانە وەڵامەکانیان لای ئەو شاعیرە رۆژنامەنووسانەیە کە وزەکانی شیعری لە پانتایی رۆژنامەدا خەرج دەکەن، یان ئەو

شاعیرانەی کە لەگەڵ مێژوو بەیەکەوە پیر دەبن.

پرۆسەی نووسین لای «ئیسماعیل بەرزنجی» گەورەکردنی شیعرە لە منداڵدانی رۆژنامەدا، یان پەروەردە کردنی چێژی خوێندنەوەی هەواڵە لە منداڵدانی شیعردا، ئەوەی دوایش زیندانی کردنی رۆژنامەیە لە سیحری شیعردا، چونکە دواجار شیعرییەتی هەواڵ راستگۆیی بەرەو ئەفسانە دەبات، کەواتە ئەو فەزایەی نووسین ئەگەر لە لایەک چێژ بنوێنێ لە لایەکی دیکە رەشبینی لە خۆدا هەڵگرتووە بۆیە خوێنەر لە دووتوێی ئەو کۆمەڵە شیعرە هەم چێژ فەراهەم دەکات هەم رەشبینی داگیری دەکات، واتە هەم لەگەڵ مێژوو وەک رەوت ناکۆک دەکەوێتەوە و هەم وەک بونیاد لەگەڵ دەقدا، ئەگەر چێژ بە هەڵخلسکانی زمانەوە گرێ بدەین و لەوێوە شیعر رابەرایەتی بکات، ئەو رەشبینی لە ژانوژوارەکانی ژیان هەڵقووڵاوە و کێشە و ململانێی رۆژانەی هەڵگرتووە، لە لایەکی دیکەش دەشێ بێ سنووری رەشبینی لە (کرم و ڤێنوس)دا راستەوخۆ پەیوەندی بە جیهانبینی گەردوونە بەرفراوانەکەی شیعر و ئازادییەکانی زمانەوە هەبێ، بە مانایەکی دیکە دەشێ بڵێین هەر تەنها بە پرسیار و رەخنەوە نەلکاوە، بەڵکو بە ناکۆتایی شیعر و نامۆیی کاری شیعرییەوە بەندە، هەر تەنها چەرمەسەرییەکانی ژیان نومایش ناکات، بەڵکو مەرگەساتەکانی شیعریشی لە خۆدا هەڵگرتووە، بەڵام ئایا بێ جیابوونەوە لە منی داتاکان دەشێ منی شاعیر (منی داهێنەر) لە دایک ببێ؟

راستە بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی دوایی شاعیر پڕە لە سیستەمی شتەکان و پڕە لە داتاکانی ژیان، دەتوانین بڵێین زمانی نووسین لای (بەرزنجی) بە شێوەیەکی هیترۆدوکسییەوە مۆرالیەتی رستە باوەکان تێکدەشکێنێ، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەکانی زمان بەرفراوانتر و رەهەندەکانی گوتن ئازادانەتر دەخاتە روو، هەندێ جاریش چ





ئاگایانە بێ، یان نائاگایانە دێ و رەهەندەکانی شیعریی و زمانی شیعریی لە دووتوێی داتاکانی ژیان و مۆرالیەتی نووسینی باودا سەردەبڕێ و لە چوارچێوەی زمانی رۆژانەدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و تەفسیریان دەکاتەوە، رەنگە بەڵگەی ئەو جۆرە مەماڵەیە راستەوخۆ پەیوەندی بە بنەما جێگیرەکان و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێ و لە منداڵدانی زمانی رۆژنامەوە هەڵقووڵابێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو بەردەوام خۆی دەنووسێتەوە، هەمیشە ژیان و بێهودەیی ژیان و مەرگ بەرجەستە دەکات و بەردی رەخنەیان بەرامبەر بەرز دەکاتەوە، بەردەوام هەوڵدەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکیان بشکێنێ، بەڵام ئیشکالیەتی ئەو تێکشکانە لەوە دایە کە هیچ مەسافەیەک بۆ جیاکردنەوە و سەربەخۆیی شیعر و کاری رۆژنامەیی ناهێڵێتەوە، بێئەوەی توێشوی رۆژنامە بپێچێتەوە رێگای شیعر دەگرێتە بەر، یان بە پێچەوانەوە، بەو مانایەش دەشێ جەربەزەیی نووسین بە گشتی لای (بەرزنجی) لە وزە شیعرییەکانەوە و لە نەستی شیعرییەوە هەڵقووڵابێ، بەشێکیشی بەو دەرفەتەوە بەندە کە واقیع تیایدا قسە دەکات، بەو مانایەش پەیوەندی بەرزنجی و شیعر پەیوەندی بیابان و چیایە، بەڵام لە دووتوێی زمانی رۆژانە و کێشە و ململانێی رۆژانەدا، بۆیە دەبینین هەندێ جار پاڵ بە زمان دەدات تەنها بۆ ئەوەی بگاتە رەخنەی واقیع، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە پڕێکەوە لەوپەڕی بێ ئاگاییەوە لە بێ سنووری بیابان وەک ئاو هەڵدەقووڵێ تا لە رەوانبێژی شیعرییەوە دەگاتە ئەوەی دنیا پێناسە بکاتەوە، یان بە مانایەکی دیکە نامۆی و نیگەرانی شیعرییانەی خۆی لەو مەسافەیەدا دەنووسێتەوە کە دەکەوێتە نێوان واقیع و شیعر.

کاتێ کاری نووسین لە پراکتیزەکردنی خود و لەو زەمەنەی کە دەلالەت لە کەشفکردن و نەگەڕانەوە دەکات مەلە دەکا، ئەو زەمەنەی کە لە

دایکبوون و مردنی لە خۆدا هەڵگرتووە، شیعر دەڕژێ، بەڵام هەمیشە کێشە و چەرمەسەرییەکانی ژیان و زمانی راستەوخۆی رۆژانە بەرەو زمانی رۆژنامەمان دەبات، کەواتە کەوتنی (بەرزنجی) لە پانتایی رۆژنامەدا کەوتنی شیعرە لە دووتوێی ململانێی واقیعی دیاریکراودا، ئەو کەوتنەش زەمەنێک قەڵەمڕەوی دەکات کە تەواو لە زەمەنی شیعر جیایە، وەک گوتمان رەنگە چەند توخمێکی زەمەنی شیعری و وزەی شیعری لە خۆدا هەڵگرتبێ، بەڵام زەمەنی کاری رۆژنامە، زەمەنێکە وەک ئاوێنە، زەمەنێکە بێ سێبەر، بۆیە بێ ماندووبوون دەتوانین هەموو جووڵە و شیکردنەوەکانی بناسین، ئەو زەمەنە بێئەوەی بەدوایدا بگەڕێین بە هەموو رەگەکانی ئاشنامان دەکات.

لە زەمەنی رۆژنامەدا، رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو لەوێڵگەیەکدایە، بێهودەیی رۆژانە دەیهاڕێ و جورئەتی رەخنە زیندووی دەکاتەوە، کەچی لە زەمەنی شیعرییدا شاعیر لە فەنابوون مەلە دەکا و نامۆیی دەیخوێنێتەوە.

ئەگەر بەمجۆرە بتوانین بڵێین کاری رۆژنامە توانیوویەتی وزە شیعرییەکانی (بەرزنجی) بۆ خۆی لار بکاتەوە، یان ئەگەر لێهاتووی ئەو وەک رۆژنامەنووسێک بە وزە لە بن نەهاتووە شیعرییەکانەوە پەیوەست بکەین، ئەوە بە دیوەکەی دیکەوە یەکێک لە ئیشکالیەتەکانی شیعری لە کۆمەڵەی (کرم و ڤێنوس) ئەوەیە کە خوێنەر دەخاتە حاڵەتی راگرتن، بەڵام راگرتنێکی رۆژنامەنووسانە، نەک راگرتنێک کە لەونبوونی شیعرییانەوە هەڵدەقووڵێ رەنگە ئەوە یەکێک بێ لە سەرکەوتنە مەزنەکانی کاری رۆژنامەنووسی، سەرکەوتنی کاری رۆژنامەنووسی لەوەدایە کە خوێنەر وا لێدەکات بۆ ساتێ بەرامبەر رەخنە بوەستێ، راگرتنی خوێنەر لە نێو سیاقی ئەو جۆرە نووسینە راستەوخۆ بە مانا شیعرییەکەی سڕبوون دەگەیەنێت، چونکە خوێنەر لە شیعردا پێویستی بەوە نییە بە دیار دیاردەیەکەوە سڕبێ،





لە بەرامبەر رووداوێک بکەوێتە حاڵەتی باش و خراپ، خەم و شادی، گریان و پێکەنین، بەڵکو پێویستە لە حاڵەتی ونبوونی شیعرییانە دابێ، ونبوونی خود و پراکتیزەکردنی چێژ، خوێنەر لە بەرامبەر شیعر خەیاڵ دەبیاتەوە و چێژ دەینووسێتەوە، خوێنەر لە بەرامبەر شیعر هەمیشە لە حاڵەتی کەشفکردندایە، هەمیشە لە بزاڤ و جووڵەی ئیبداعیانەدا دەرگاکان بە سەر خەون و خەیاڵدا دەکاتەوە، لە فەزاکان ورد دەبێتەوە، بە مانایەکی دیکە خوێنەر لە چوارچێوە دیاریکراوەکانی رۆژانەدا گیر ناخوات.

راستە زمانی رۆژنامە دەتوانێ چێژ ببەخشێ، زمانی رۆژنامە هەمیشە دوولایەنانە خۆی دەنوێنێ ئەوەی کە زمانی (بەرزنجی) لەوانیدیکە جیادەکاتەوە خرۆشانی خوێنەرە، کەواتە خوێنەر دەتوانێ لەو سڕبوونەدا چێژ فەراهەم بکات، بەڵام وەک گوتمان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و زەمەنێکی کورتدا،چێژ لە کاری رۆژنامەنووسیدا ناتوانێ زەمەنێکی تایبەت، بەخۆی دروست بکات، چونکە توانای تەجاوزکردنی شوێنکاتی دیاریکراوی خۆی نییە، بەڵام لە کاری شیعریدا نەشئەی وەستان و لێ وردبوونەوە درێژ دەبێتەوە بۆ نەشئەی چێژ و خۆشی و ونبوون، لەوێشەوە نەشئەی تەجاوزکردن دەیخاتە شەهوەتی بەدواداچوون و راڤەکردنەوە، لە دووتوێی تەجاوزکردن و بەیەکگەیشتن، لە نێوان جێگیربوون و جێگیرنەبووندا بیرکردنەوە خەیاڵ بەرەو ئەو دیو و خەیاڵ و ئەودیو و بیرکردنەوەمان دەبات، بەرەو دنیایەکی بێ سنوور و دنیایەکی ئازاد هەڵدەکشێ، کەواتە پێویستە خوێنەر بەر لەوەی بە واقیع سڕ ببێ بە شەهوەت بکەوێت، رەنگە لە یەکەمدا چێژ لە جورئەتی رەخنە و بە دواداچوونی کێشە و ململانێی واقیع هەڵگرینەوە، بەڵام لە دووەمدا شەهوەتێک ونمان دەکات، شیعر هەڵخلسکان و ونکردنی خوێنەرە، شیعر

گواستنەوەی خوێنەرە بۆ ئەودیو و واقیع، کەچی کاری رۆژنامەنووسی تەماشاکردنی حەقیقەتێکە، تەماشاکردنی رووداوگەلێکە کە بەدنیایەک رایەل بە واقیعەوە لکاوە، بەڵام شیعر تێربوونی خەیاڵە کە هەمیشە لەگەڵ واقیع ناکۆک دێتەوە، کاری رۆژنامەنووسی لەوپەڕی ناتەباییدا دواجار بە حەقیقەتێک تەبا دەبێ کە واقیع داتاکانی بۆ دارشتووە.

دەشێ شیعر لە حەقیقەتێک نزیک بێتەوە، دەشێ شیعر خۆ لە حەقیقەتێک بخشێنێ، حەقیقەتێک لە خۆ بگرێ، بەڵام هەمیشە لە کاتی خەونبنینیدا، ئەوەی لە پرۆسەی خوێندنەوەی کاری رۆژنامەنووسیدا دەمێنێتەوە جەستەیەکە جێگای سەرسوورمان و ئافەرین و بۆ ساتەوەختێکی دیاریکراویش چێژ دەڕژێ، بەڵام ئەوەی لە خوێندنەوەی شیعردا دەمێنێتەوە ونبوونی جەستەیە «نووسەر- خوێنەر» بە هەموو مانایەکەوە، هیچ یەکێکیان خاوەنی جەستەی خۆی نییە، تەنها شەهوەت نەبێ، ئەوەی لە پرۆسەی خوێندنەوەی شیعردا دەمێنێتەوە هەر ئەوەیە کە دوایی بیری لێ دەکەینەوە، بیرلێکردنەوەی داویش شەهوەت دەخاتە حاڵەتی رابردووەوە، بەڵام بیرلێکردنەوەی کاری رۆژنامەنووسی چێژ دەخاتە ساتەوەختی خوێندنەوەوە (واتە پێشەوە)، کاتێکیش شەهوەت دەچێتە حاڵەتی رابردوو راستەوخۆ بە چەپاندن دەلکێ، بۆیە هەمیشە لە داهێنانی بەردەوامدا خۆی نوێ دەکاتەوە، یان زەمەنێکی تایبەت بۆ تیۆریزەکردنی بەردەوام دادەهێنێ، بەڵام کاتێ چێژ دەکەوێتە پێشەوە زەمەن ونی دەکات «واتە بە مێژووی ناوەڕۆکەوە دەلکێ».

لێرەدا وەبیرهێنانەوەی چەپێنراوەکان پرۆسەیەکی دیکەی دەستلێدان و خەونێکی دیکە دەخاتە روو، بەڵام وەبیرهێناوەی کاری رۆژنامەنووسی دواجار تەنها وەک وەبیرهێنانەوەی زانیارییەکی رووتی لە بیرکراوە و هیچ چێژێکی تیا بەدی ناکرێ، چونکە زەمەنی رۆژنامەنووس تێپەڕ نییە،





رابردووی زانیارییەکانیش بەجەستەیەکی دیاریکراو و شوێن کاتێکی دیاریکراوەوە بەندە، بەڵام رابردووی شیعر بزرە چونکە شەهوەتێکی شاراوە و چەپێنراو قەڵەمڕەوی دەکات، داهاتووی کاری رۆژنامەنووسی لە چەند خاڵێکدا پەرت دەبێ، بەڵام داهاتووی شیعر بە خەیاڵ و خەو بینینەوە نەبێ کەشف ناکرێ، داهاتووی کاری رۆژنامەنووسی ئەرشیف دەکرێ و دەچێتە دووتوێی مێژوو و سیستەمێکی دیاریکراوی راڤەکردنەوە، بەڵام داهاتووی شیعر دەچێتە نێو خەیاڵ و ئازادی و ونبوون رابەرایەتی دەکات و بە هونەری تەعبیرکردنەوە لکاوە.

ئەگەر بیرکردنەوەی رۆژنامەنووسی دەلالەت لە بەدواداچوونی خەیاڵ بکا و واقیع بیگرێتە باوەش. بیرکردنەوەی شیعری دەلالەت لە هەڵخسکانی خەیاڵ دەکاو شەهوەت لە خۆی دەگرێ، دواجار ئەگەر کاری رۆژنامەنووسی گەیشتن بێ بەو پنتەی کە حەقیقەت تیایدا قسە دەکات، ئەوە شیعر گەیشتنە بەو سیحرەی کە دەکەوێتە نێوان شەهوەت و خوێندنەوەی زمانەوە.

# بابەتخوانی و چەمکی یاخیبوون

شیعر بەردەوام لە ڕێگەی دەستەواژە و دانانی ڕستەی مەجازی و هەڵنانی جوانی و وەشاندنی فەزایەکی باخوسی و بەرفراوان و فرە ئاست و فرە دەلالەت دەمانخاتە دنیای چێژ و خەیاڵ و مانای جیاوازەوە و لەوێشەوە خۆچڕکردنەوە و جوانگوتن و خۆ دامەزراندنەوە لە پڕۆسەی نووسیندا دەوەشێنێ، بەو مانایەش دەبێتە دنیایەکی هەمەڕەنگ و جیاواز و ناتەبا، یەکەیەکی کراوە و فرە ڕەهەند، کەواتە شیعر بەردەوام لە نێوان هەڵوەشانەوە و بونیادنانەوەدا، لە نێوان گوتن و نەگوتندا گوتارەکانی خۆی هەڵدەدا، بێ ئەوەی خودی گوتار دەلالەت لە ئیستهلاککردنی وشە و گەمارۆدانی ناوکۆیی بکات، نەک بەو مانایەی کە بکەوێتە نێو پەرش و بڵاوییەوە و بێ ئاکام وزەکان هەڵوەرێن، بەڵکو بەو مانایەی کە بەردەوام سروشتێکی تایبەت و زەمەنێکی تایبەت بە خۆی دەخاتەوە، زەمەنی شیعریش زەمەنێکە دەکەوێتە دەرەوەی قۆناغبەندی مێژووییەوە، زەمەنێکە نە بابەت داگیری دەکات، نە ڕووداو، زەمەنی شیعریی بەردەوام لەگەڵماندا دێ و دەچێ زیندوو دەبێتەوە، زیندووبوونەوەی زەمەنی شیعریی بە ئاگایی و هوشیاری خودی خوێنەرەوە بەندە، زیندووبوونەوەی زەمەنی شیعریی زیندووبوونەوەی منی خوێنەر و خۆتەکانەکانی خوێنەرە لە ڕابردوو، لەو پانتاییەی کە بەردەوام بەرەو ڕەمزە مردووەکانی ڕابردوو کێشمان دەکەن، زیندووبوونەوەی زەمەنی شیعری دەلالەت لە ژیان دۆستی و مرۆڤ دۆستی دەکات و بەردەوام ڕوو لە ئایندەیە، بەردەوام لە هەنگاوناندایە بێ ئەوەی





ئاوڕ لە چەمکە لە کار کەوتووەکان بداتەوە، یان بە مانایەکی دیکە بەردەوام چەمکە لەکار کەوتووەکان وەک کاژ لە خۆی دادەماڵێ. بێ ئەوەی بیریان لێ بکاتەوە لەگەڵ سەردەم ڕێ دەکات.

کەواتە ئەگەر پێناسەی (بابەت/ ڕووداو) لە شیعردا بکەین، دەبێ بڵێین بابەت لە شیعردا وەک حاڵەتێک دەناسرێ کە بەردەوام پێشبڕکێی تەواو بوون و تەواو نەبوون دەکات، نەک تەعبیرکردن، نەک بەو مانایەی کە لە سەردەمێک لە سەردەمەکان دژ دەکەوێتە، دژ کەوتنەوە وەک مەسەلەیەکی گرنگ لە شیعردا ناخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، نەک بەو مانایەی کە ڕاپۆرتە، بەڵکو دەشێ لە حاڵەتێک لە حاڵەتەکانە بەرجەستە بوون بێ لە پلەی گوتار، یان بە مانایەکی دیکە بەرجەستە بوون بێ لە پلەی دال، بەرجەستە بوونی دالیش دەلالەت لە چڕبوونەوەی زەمەن و لەوێشەوە ئەو فەزا باخوسییە ڕەنگ دەکات کە چێژی لێ لە دایک دەبێت، لە دایکبوونی چێژیش خەیاڵی شیعری و جوانگوتن لە خۆ دەگرێت، چێژیش بەردەوام دەکەوێتە ژێر دەقێک کە دەقێکی دیکە دەدۆزێتەوە، دەقی دۆزراوەش بە گوێرەی ئەویدی ئەو هێزەیە کە (بارت) بە مەرجی نووسین ناوزەدی دەکات «بڕوانە: مقدمة لذة النص- بارت/ فؤاد صفاء/ الحسيني سبحان» لە دووتوێی فەزا و ئیقاعی خوێندنەوە هەڵیدەگرێتەوە، کەواتە نووسین چڕکردنەوە و هەمەڕەنگی و فرە ڕەهەندییە لە چێژی دالدا خۆی هەڵدەخات و دەدرەوشێتەوە.

کۆمەڵە شیعری «نیوەی دنیا بۆ کچەکەم» لە «١٣» شیعر پێکهاتووە، بەشێکە لە بەرهەمە شیعرییەکانی «کەریم کاکە»یە لە چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر چاپکراوە، ئێمە هەوڵدەدەین بە پێی بۆچوونەکانی خۆمان هێڵە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرە دیاری بکەین، بەڵام هەرگیز ئەو هێڵەی کە ئێمە ئاماژەی بۆ دەکەین مەرج نییە تەواوی شیعرەکان بگرێتەوە،

هەروەک دەشێ لایەنە نێگەتیفەکەی ئەو دەستنیشانکردنە بە دیوەکەی دیکە لایەنە پۆزەتێفەکەی شیعری کوردی لە خۆبگرێت، چونکە لە حاڵەتێکدا کە باسی شیعری کوردی دەکەین دەبێ ئەو پانتاییە مردووەش لەبیر نەکەین کە دەستی بەسەر بەشێکی زۆری شیعردا گرتووە، دەبێ ئەو عەقڵییەتە سەلەفیەش بخەینە روو کە بەردەوام لە ژیانمان دەکاتەوە، بەو مانایە بەشێک لە ژانوژواری شیعری کوردی لێرەوە خۆیان لە جوانگوتن بەتاڵ دەکەن، ئەو خۆ بەتاڵکردنە ئەگەر بۆ شیعری کوردی شێوە پۆزەتیفەکە لەخۆ بگرێت ئەوە لە لایەنە نێگەتیفەکەی گوتنی لە خۆدا هەڵگرتووە، دواجار ئەگەر بمانەوێت ئەو کەوانەیە بەکراوەیی جێبهێڵین دەشێ بڵێین کۆمەڵە شیعری «نیوەی دنیا بۆ کچەکەم» هەوڵێکی دیکەیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان بابەت و شتەکان، هەوڵێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی وشە لە شەڕی ئاراستەکراوی سەلەفیەتدا، هەوڵێکە بۆ یاخیبوون، هەوڵێکە بۆ لە یەک نزیک کردنەوەی نیاز و گوتن، هەوڵێکە بۆ دژبوونەوە، بەو مانایەش گوتاری ئەو کۆمەڵە شیعرە، گوتارێکە پەیوەندی بە پانتاییەکی دیاریکراوەوە دەکات، بەر لەوەی بیر لە زەمەنی شیعریی و زەمەنی چێژ بکاتەوە، بەر لەوەی ئەگەری پەیوەندییەکی کراوە و ئەگەری فەزایەکی باخوسی بێت بۆ خەیاڵ کردن و خەیاڵی زمان، چونکە شاعیر حەقیقەتی ئەو پانتاییە لە جوانگوتن بەرەواتر دەبینێ، ئەو نیازەی ئاراستەکانی دیاری دەکات، کە بەر لە پرۆسەی نووسین ناوەوەی کرمۆڵ کردووە، بۆیە هەمیشە دژ دەبێتەوە، هەموو ئەوانەش رەنگە بەو مانایە بێ کە حەقیقەتێکی دیاریکراو شاعیر کێش بکات، بەڵام کاتێ کە شاعیر وزەی تەعبیرکردن لە پێناو دژبوونەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیر لە توێی نیازێکی دیاریکراوە شیعر دەخاتە کار، بمانەوێ و نەمانەوێ لە پرۆسەی رژانی وشە و بەکاربردنی ناوکۆییەوە کۆمەڵێک چەمک بەرجەستە دەبن، لە پاڵ ئەوەش





کۆمەڵێک چەمک دوادەخرێن.

بەو مانایەش کاتێک شیعر پەردە لەسەر نەستی کۆمەڵگا هەڵدەداتەوە، کاتێک شیعر رووبەڕووی داب و نەریت دەوەستێ، کاتێک ئەرکی سەرەکی خۆی لە رووبەڕووبوونەوەدا خەرج دەکات، کاتێک ئەرکی سەرەکی خۆی لە رژانی وشە و هەڵنانی چیگوتن دەنوێنێ، دەکەوینە ئاراستەکردنێک کە هەمەڕەنگی و فرە رەهەندی و جیاوازی و خەیاڵی زمان دووچاری شێوان دەبێ، خودی ئەو شێوانەش، شێوانی ئازادی لێ دێتە بەرهەم، هەموو شێوانێکی ئازادیش دەلالەت لەناوکۆییەکی چەسپاو دەکات، هەموو میکانیزمێکی ئاراستەکردن، هەموو میکانیزمێکی دژبوونەوە بۆ خۆی دەلالەت لە ئاکامێکی دیاریکراو دەکات، ئەگەر حەقیقەتێکی دیاریکراو و چەمکێکی دیاریکراویشی لە پشتەوە نەبێ، چونکە تۆ کاتێک دژی کۆمەڵێ چەمک جا ئەو چەمکانە باو بن یان نا، وزەکانی تەعبیرکردن دەنێژی و خەیاڵی زمان دەکوژی بتەوێ و نەتەوێ لەم پرۆسەیەدا دەکەویتە نێو لایەنە نێگەتیفەکەی هەڵنانی وشە و ناوکۆییەوە لەوێشەوە دەبێ دەسبەرداری بەشێکی زۆری شیعرییەت بیت، پێ بزانی یان نەزانیت ئەو بۆشاییەی کە دەکەوێتە دەرەوەی باو، ئەو بۆشاییەی کە دکەوێتەوە دەرەوەی پانتاییە مردووەکە، ئەو ناچەمکەی کە تا ئێستا ناوێکی دیاریکراوی هەڵنەگرتووە، چەمکێکە و بەشێک لە تەعبیرکردنی شیعری بۆ خۆی دەبات، بەشێک لە شیعرییەت دەڕەتێنێ، ئیستهلاککردنی ئەو بەشەش راستەوخۆ فەزای شیعری و هەمەڕەنگی و ئاستی جوانگوتن و خەیاڵی تەسک دەکاتەوە، رەهەندەکانی جوانگوتن بۆچیگوتن کورت دەکاتەوە، چڕبوونەوەی شیعری بەرەو پەرتبوون دەنێرێ، ئەوەش وەک ئاماژەمان بۆ کرد تەعبیرکردنێکە دەکەوێتە نێو پەیوەندی بابەت و شتەکان، بەو مانایەش دەمانەوێت بڵێین شیعر لەوپەڕی جوانگوتندا، لەوپەڕی بێ

نیازی، لەوپەڕی مرۆڤ دۆستی فەزای باخوسییانەی خۆی رەنگ دەکات، بە دیوی ئەودیویشدا دەمانەوێت بڵێین «نیوەی دنیا بۆ کچەکەم» هێزێکی بە گوڕی تەعبیرکردن و تێڕوانینێکی شاعیرانەی لە خۆدا هەڵگرتووە، بەڵام بەر لە هەموو شتێ پێویستە خۆی لە نیازەکان رووتبکاتەوە، پێویست ناکات وەک بونیادی شیعری بیر لە سەرچاوەکانی ستەم بکاتەوە، دەبێ لە نێو بەهەڵم بوونی نیازەکان و هارمۆنیەتی نووسین هەڵبکات، پێویستە ئەگەری چڕبوونەوەی مانا لە پێناو هەڵنانی شیعرییەت و تەقینەوەی وشە بخاتەڕوو، لەوێشەوە دەتوانێ ئەرکی شیعر لە درەوشانەوەی وشە و رستەدا هەڵبگرێتەوە و بەناو چێژی بینینی و چێژی بیستندا هەنگاو بنێ و گوتارە جیاوازەکان دابمەزرێنێ، یان بە مانایەکی دیکە ئەگەر لەبری هەڵنانی پەیوەندی نێوان بابەت و شتەکان کار بۆ پەیوەندییە خودییەکانی خەیاڵی زمان بکات، دەشێ شێوەیەکی دیکە بە شیعری کوردی ببەخشێ، دەشێ لە دووتوێی وزەکانی ناوەوەی گوتن و وەشاندنی فرە رەهەندییەوە بزاڤێ بخاتە ناو پانتایی شیعرییەوە، بەڵام لە بیریشمان نەچێ وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئەو بۆچوونەمان بەسەر هەموو بەرهەمەکانی شاعیردا جێبەجێ نابێ، ئەگەر زمانی شیعریی دەلالەت لە پەیوەندییە خودیەکان و خەیاڵی زمان بکات، هەرگیز بەو مانایە نییە کە ئەو پەیوەندییە تەواو لەو کۆمەڵە شیعرە ونبووبێ، هەرگیز بەو مانایە نییە کە نەتوانین لەو کۆمەڵە شیعرەدا ئەو پەیوەندییانە بدۆزینەوە، بەڵکو بەگشتی دەمانەوێت بڵێین هێڵی سەرەکی ئەو هێڵەی کە بە تۆخی پەیوەندییە تێکچڕژاوەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرە دیاری دەکات لە زۆربەی جاردا بەلای نیازێک شۆڕ دەبێتەوە، راستە ئەو نیازە لە زۆربەی شیعرەکاندا بە کۆمەڵێ دەستەواژە و رستەی مەجازی و هونەری گوتن هەڵنراوە، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا دواجار ئەو هونەرکارییە توانیویەتی ئەو هێڵە لە خۆیدا بتوێنێتەوە،





توانیویەتی دنیایەکی هەمەڕەنگ بۆ خود و یەکەیەکی گشتی بۆ تەماشاکردن بنەخشێنێ، توانیویەتی کێشەکان بەر لەوەی بەمانا بگەن بیکاتە فەزایەکی شیعری و بیخاتە دووتوێی چێژەوە، یان لەوپەڕی شیعرییەتدا هەڵیوەشێنێتەوە، توانیویەتی بە پێی ئیقاعە درەوشاوەکانی شیعر لە دەرەوەی نەستی کۆمەڵگاوە مەرگی نیازەکان هەڵبنێ، ئایا خوێنەر لە دەرەوەی پەیوەندی بابەت و شتەکان دەرفەتێکی دەست دەکەوێت تاکو لەوێوە گوتارێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم بهێنێ و چێژ وەک بابەتێک بۆ لێدوان لە چێژی دەق جیابکاتەوە، ئایا لە دەرەوەی ئەو هێڵە تۆخەی کە ئاماژەمان بۆ کرد لێدوانێک لە بارەی خودی زمان کە رەهەندێکە و قابیلی گوتاری جۆراوجۆرە پرسیارەکانمان لە خۆ دەگرێ.

دواجار پرسیاری ئێمە لە شیعر ئەوەیە ئایا تا چەند لە دەرەوەی ناوکۆیی شاعیر، لە دەرەوەی ناکۆییە چەسپاوەکانی کۆمەڵگا دەتوانین لەو شوێنە نادیارە بدوێین کە هەم لە شوێنەکانی دیکەی گوتاری شاعیر جیا نابێتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەشێ وەک بابەتی چێژ گەمەکانی خۆمانی لەگەڵدا دابمەزرێنین، بە مانایەکی دیکە ئایا لە دەرەوەی چێژی ناوکۆیی دەق چۆن پرسیارە بێ کۆتاییەکانی مرۆڤ هەڵدەگرینەوە؟.

بێگومان ئەگەر خودی ئەو پرسیارانە بکەوێتە بەرامبەر شیعری کوردی رەنگە «نیوەی دنیا بۆ کچەکەم» یەکێک بێ لەو کۆمەڵە شیعرانەی کە پانتاییەکی زیندوو بۆ خۆیان دابین دەکەن، بەو مانایەش بەشێک لە یاخیبوونی «نیوەی دنیا بۆ کچەکەم» لەوەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێو ئەدەبی کوردی، دەکەوێتە دەرەوەی پانتاییە مردووەکە و خودی کوردی دەبڕێ، یان هەوڵدەدات ئەو بونیادە ببڕێ کە خودی کوردی لە وێنەی خۆی دارشتووە، هەر لەمەشەوە دەتوانین بڵێین «کەریم کاکە» لە دەرەوەی شوێنی چاوەڕوانکردنەوە کۆمەڵێک دەلالەتی دژ بە بونیادی

وەستاو دەخاتەوە، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ئەدەبی کوردی و شیعریی کوردی تا ئێستا کەمترین جووڵەی بە خۆوە بینیوە، شیعریی کوردی لە ناو لاساییکردنەوەدا خۆی ونکردووە شیعریی کوردی تا ئێستا لە نێو نیازەکان و مانا ئاڕاستەکراوەکاندا غەرقە و شیعرییەت دەدۆڕێنێ، گوتاری شیعری کوردی لە ناو بابەتدایە و خەیاڵ سەر دەبڕێ، بەر لەوەی لە درەوشانەوەدا خۆی بوەشێنێ، شیعریی کوردی ناپڕژێتە سەر ئەوەی کە خودی درەوشانەوە نوێنەرایەتی گەلاڵە بوونی گوتارەکانی بکات، هەمیشە لە بیری ئەوە دایە کە بەشەکان و پارچەکان ئەو کارە لە ئەستۆ بگرن، شیعریی کوردی درەوشانەوەی خۆی لە نیازەکانیدا هەڵدەگرێتەوە، نەک وەک گەلاڵەبوونێک کە دەکەوێتە نێو خەیاڵ و چێژ، تەواو نەبوون و سەرەتا، جەستە و ڕۆح....





# پشوو بە! ڕەنگ هەڵیکرد
# وریا بە! پیری هەڵیکرد

«تەیرەکانی ئیسماعیل» دووەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوی «دلاوەر قەرەداغی»یە ساڵی (١٩٩٧) لەسەر نووسراوە، مەبەستی سەرەکی ئێمە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بەگشتی ڕەنگە لە یەک ڕستەی بە سوود بەرجەستە بێت، ئەویش گوتنی جوانی شیعرییە، یان بە مانایەکی دیکە دەمانەوێت بڵێین «تەیرەکانی ئیسماعیل» سەرەڕای گوتنەکانی دەرەوە شیعرییەت لە پانتایی شیعری کوردیدا پیادە دەکات، هەڵبەتە خوێنەر تەنها بەو ڕستەیە ڕازی نابێت، بۆیە ناچارین هەوڵدەدەین بە چەند ڕستەیەکی دیکە ئەو گوتنە شیعرییە تەفسیر بکەین، یان زێتر ڕوونی بکەینەوە.

(١)

داهێنانی هونەری جۆرێکە لە ململانێی (خود/ سروشت) یان (ڕۆشنبیری/ کۆمەڵگا) بەو مانایەش ئەگەر بە دوای هەست و نەستدا بڕۆین و وەک پێکهاتەی خود بەر خوێندنەوەی بدەین یان بە مانایەکی دیکە بتوانین حاڵەتە ئیبداعییەکان وەک هێزێکی ناوەکی لەم پێکهاتەیە نزیک بکەینەوە، لەم حاڵەتەدا ئیبداع وەک دەرکەوتێک لە هێزی ناوەکییەوە بەرەو هێزی دەرەکی خۆی والا دەکات، بەو مانایەش ئەگەر بنەمای خودی ئەو دەرکەوتە هەمیشە ڕەفزی تەقلیدییەت و ساکارێتی و ڕوونی بکاتەوە، خودی ئەو ڕەفزکردنە وەک کودەتایەک ڕووبەڕووی

(سروشت/ کۆمەڵگا) لە قەڵەم دەدرێت نەک رووبەڕووی خودی ئیبداعەکانی پێشوو، بەم شێوەیەش پرۆسەی ئیبداع هەمیشە شۆڕشی تاکی رۆشنبیرە بەسەر کۆمەڵگادا ئەم شۆڕشەش لە شیعردا ئەگەر لە لایەک بە شیعرییەتی نەستەوە پەیوەست بێ، بێگومان لە لایەکی ترەوە دەکەوێتە سەر هەست، یان دەکەوێتە سەر ئاگاییە مەعریفییەکان.

بەم واتایەش ئەگەر «دلاوەر قەرەداغی» لە هێزی ناوەکی خۆیەوە شیعر والآ بکا، دۆزینەوە و فرە رەهەندی و بێ سنووری..... راستەوخۆ دەلالەت لە سروشتی نەست دەکات و لە هەمان کاتیشدا پشت بە هەست و ئاگاییە مەعریفییەکان دەبەستێ، بێگومان خودی ئەو دۆزینەوە و بێ سنوورییە وەک تەمومژ هەرگیز لای شاعیر دەلالەت لە یاری کردن بە زمان تا ئاستی رەتکردنەوەی هەستیارێتی و چڕی ناکات وەک لای هەندێ لە شاعیران و بە سەقەتی پرۆسیسە دەکرێت، لەم ئاستەدا تەمومژ راستەوخۆ بە ئیفلیجی بنەماکان و بێ هێزی دەربڕین و شێوانی رۆحی سەردەمەوە پەیوەست دەبێ، بەڵام دەلالەتی ئەو دەرکەوتە لە «تەیرەکانی ئیسماعیل» لەسەر بنەمای جوانگوتن و مەعریفە و رۆشنبیرییەوە وەستاوە،لەم حاڵەتەشدا خودی بێ سنووری و خۆدانە دەست و فرە رەهەندی لە روونی بیروبۆچوون و شەفافییەتی زمان و جیهانبینییەوە لە دایک دەبێت و بەهۆی درەوشانەوەی تیشکە کریستاڵییەکانەوە قووڵاییەکانی ناخی خوێنەر دەبڕێت و گفتوگۆی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی دەلالی دەسازێنێ.

بەم جۆرە بە باڵە کراوەکانی شیعر دەتوانین تا هێز بڕکا بفڕین و بەرەو دوور، بەرەو قووڵایی، بەرەو منداڵی، بەرەو پیری و مردن و ئەودیو مردن و دنیای غەراییبی.





(٢)

نەرمی و هێمنی خۆی پرۆژەیەکی گەورەی شیعرییە، یان بەهرەیەکی گەورەی شیعری تێدا دەبینرێت «ئەگەر ئەو ناونانە کلاسیکییانە نەکەوێتەوە» بەو مانایە ئەگەر بە گشتی شیعرییەت بۆ سروشتی شاعیر بگەڕێتەوە، بێگومان لە رووەکەی دیکەوە رۆشنبیریی شیعریی رۆڵی بنەڕەتی تیا وازی دەکات، لە کۆی هەردوو حاڵەتیش «تەیرەکانی ئیسماعیل» توانای گوتنی شیعری دەنەخشێنێ، بەڵام لە هەندێ شوێندا شاعیر گرانیەکە دەخاتە سەر سروشتی خۆی، ئەوەش بە گشتی پشت کردن لە رۆشنبیریی شیعریی نییە، بەڵکو بەرجەستەکردنی هێزی مێژووی شیعرییە لە دووتوێی نیازێکی دیاریکراو و لە ساتەوەختی دیاریکراوە، یاخود وەک «رێبین هەردی» لە پێشەکیدا ئاماژەی پێدەدا ئەگەر گەڕانەوە بێت بۆ ئیشارەتێک..... ئەو گەڕانەوەیە ئەگەر بە زمانی شاعیریش نامۆ بێ، تاڕادەیەک دەکرێ بڵێین سروشتی شاعیر رۆڵی سەرەکی تیا دەبینێ، بۆ نموونە بڕوانە گوتنی شیعریی لە «لە چاوتروکانێکا سەری وڵاتم سپی بوو- تەیرەکانی ئیسماعیل» و گوتنەکانی «شێرکۆ بێکەس و رەفیق سابیر...» لەسەر هەمان بابەت، لەم حاڵەتەدا گەڕانەوە لەسەر ئاستی شیعریی نامۆبوونی خودی شاعیر ناگەیەنێ، بەقەد ئەوەی نامۆبوونی گوتنی شیعرییە لە ساتەوەختی ئێستادا، بۆیە بەڕای ئێمە پێویستە شاعیر ئاگاداری گوتن بێ بە تایبەتی کە خاوەنی «چڵە سێبەرێک شکاو، شکاو، ماڵێک لە ناو دەریا ماڵێک.... تەیرەکانی ئیسماعیل...» بەم واتایە ئەگەر لە هەندێ شوێندا زۆر تەئکید بکاتە سەر سروشتی خۆی لەم رووتکاریەدا دەکەوێتە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، جوانی گوتنیش لەم حاڵەتەدا دەکەوێتە سەر پێستی زمان لە بری ئەوەی بکەوێتە سەر خوێنی زمان و خەیاڵی زمان، یان لەبری ئەوەی زمان دامەزرێنێ، شیعرییەت لە

تویێی بابەتدا پەرت دەکات، زمان دەبێتە هۆیەک بۆ تەعبیرکردن، بەوەش خۆی دەخاتە نێو وێنەی دووەمی شیعر، هەر بەو مانایەش «ڕێبین هەردی» دەیەوێ بڵێ شاعیری نوێخواز پێویستە لە بواری زماندا داهێنەر بێ بۆ ئەوەی بە فۆرمی نوێ بگات، پێویستە زمانێکی نوێ بۆ گوتن بدۆزێتەوە، نەک نموونەکانی رابردوو دووبارە بکاتەوە، یان فیکری روون و ئامادە بگوازێتەوە... بەم جۆرە شاعیری نوێخواز بە دنیای غەراییبی دەگات و دەست بۆ کیشوەرێکی ونبوو درێژ دەکات.

بێگومان «تەیرەکانی ئیسماعیل» وەک گوتمان یاری وشکی زمانەوانی و دەسکردێتی بێ تام و چێژی دوور لە شیعرییەت و جوانی رەتدەکاتەوە، هەرچەندە لە هەردوو حاڵەتدا «حاڵەتی دووەم وەک سوریالیەکان دووچاری نادروستی نێوان عەقڵ و خەیاڵ، واقیع و خەون.... دەبین» لە حاڵەتی یەکەمیان هەست بە زیندوویێتی زمان و چێژ و هونەرکاری و جوانی دەکەین، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا دووچاری وشکی و بێ گیانی دەبینەوە دەکەوینە دەرەوەی چێژ و فەزای خەیاڵی و جیهانبینی و وێنە و هەڵچوونەکانی زمان......

کەواتە دەکرێ لە دووتوێی فەزای قەسیدەکانی «تەیرەکانی ئیسماعیل» خوێنەر لە کەشی ورووژانەوە بەرەو ئەزموون و جیهانبینی بچێت، ئەم حاڵەتەش لە ئیما و دەلالەتەکانەوە دەرگا لە خوێنەر دەکاتەوە و ئاسۆیەک لە وێنە و کەشێک لە خەیاڵ و زمانی خەیاڵ دادەمەزرێنێ، بەو مانایەش ئەو کەشە هەمیشە بە کراوەیی خۆی والا دەکات....

(٣)

شاعیر بە پێی هەنگاوەکانی خۆی هەر لە «پەریکەرێک لە باران» توانیویەتی خوێنەری خۆی دروست بکات، ئەوەش دەکەوێتە سەر شیعرییەت و مەعریفەی شیعرییەوە لەگەڵ گۆڕان و جووڵە و وەرگرتنەوە،





ئەو مەعریفەیەش راستەوخۆ لەسەر مرۆڤ و جیهاندا مەعریفەیەکی کراوەیە، بەم جۆرەش «تەیرەکانی ئیسماعیل» وەک چۆن پرۆژەیەکە بۆ گوتن ئاواش خوێنەر لە دووتوێی جووڵەی دەلالی و شیمانەکانەوە دوور لە یەقینە تەقلیدییەکان دەبنە پرۆژە و هەمیشە خوێندنەوەی یەک لە دوای یەک بێ کۆتایی بەرهەم دێنن، بەمجۆرە لە توانای گوتنەوە بەرەو رووی پرسیارمان دەکەنەوە و هەر لە پرسیاریشەوە بەرەو رووی چێژ پەلکێشمان دەکات، ئەوەش راستەوخۆ بە خوێندنەوەی قووڵ و لێخوردبوونەوە پەیوەست دەبێت، کەواتە لەسەر ئاستی دەقدا گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەر دەسازێنێ، دوور لە جێگیربوونی بێ جووڵە و وشکبوونەوە.

ئەگەر خوێنەری رووکەش بە حاڵەتی چێژ وەرگرتن نەگات، رەنگە خۆ نزیککردنەوە لە سروشتی شاعیر فریای نەکەوێت، یان خۆ نزیککردنەوە لە شیعرییەتی بابەت...

هەندێ جار راستە شاعیر خاوەن گوتنێکی جوانە، بەڵام لە هەموو بارەکاندا ئەو جوان گوتنە بە ناوەڕۆکی فیکرەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بەناوکۆیی رستەوە بەندە، بەو مانایەش «تەیرەکانی ئیسماعیل» وەزیفەیەکی دیاریکراو لە ئەستۆ ناگرێ، بەڵکو هەمیشە بەرەو رووی مرۆڤ و واقیع چێژ و جوانی پەرت دەکات، هەموو ئەوانەش لە لایەک پەیوەندییان بە خوێندنەوە و لە لایەکی دیکە بە خودی گوتنەوە بەندە، بەو مانایەش خوێنەر دەتوانێ بەجیددی بەشداری پرۆسەی داهێنان بکات، وەک چۆن چێژ لە جوانی ئافرەت و سیحری دەریا و بێدەنگی شەوو........ وەردەگرێت بەمجۆرەش تێکەڵی دنیای شیعر بێ.

# پانتایی گومانەکان
# لە نێوان دوالیزمی سەیرکردن و سەیرنەکردن

**«تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوا»**

**دەق: جەلال بەرزنجی**

**لە پاقژگەڕا**
**من و**
**مردن**
**بەیەک گۆچان چووینەوە**
**دوای ئێمەش**
**خەون هاتەوە خەڵەتاندن**
**گەنم ئارەزووی جوانتر کرد**
**ماچ لە دەم ڕێیان ڕوا**
**دەریا بە ئەسپایی چۆوە گۆزە**
**لە پاقژگەڕا**
**ئاسمان چەترە**
**زەوی میهرەبانە**





**دارکەرەکان ئێواران زوو دەگەڕێنەوە**
**جوانی (خشونەتی) خۆی دەشارێتەوە**
**بەیانی خەونەکان نائومێدن**
**کۆترەکان ناگەڕێنەوە**
**تاق و پەنجەران**
**تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوا**
**درەنگە بۆ خێوەت هەڵدان**
**درەنگە بۆ چوونەوە مەنفا**
**درەنگە بۆ چاوەڕوانی گەڕانەوەی**
**دیلەکانی شەڕ**
**درەنگە بۆ چوونەوە شاخ**
**درەنگە**
**درەنگ**
**بۆ مردنێکی تری بە کۆمەڵ**
**براکەم**
**لە شیعر دوورین**
**لە لۆژیکی شمشێر نزیکین**
**مرۆڤ بێ هزرە**
**ناتوانێ گۆشەگیر بێ**
**ناشتوانێ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی بێ...**
**مرۆڤ بێ هزرە**
**لەگەڵ تەقەی ناوەخت**
**دەستی لە خوێن ڕشتن بڵاوە...**
**خوێنەکانیش خۆماڵی و هەژارن**

مرۆڤ بێ هزرە
مەمکی دایکی و
سێوەکانی بە لێکراوەیی جێ هێشت
پەژمووردە بوو،
شەهوەتی پایز
من
و
براکەمی کۆک کرد
پێڵاو پێوەندییان نەما
خونچە چوونەوە خەڵوەتگاکان
گوڵ لە ڕێپێوان مرد
باران و ماچەکان لە دەم ڕێیان مانەوە
گۆمی وان چۆوە گۆشەگیری
گۆزەکان
ماسییەکان بۆنی مرۆڤیان بەرنەدا
مەستی ڕێگەی لە (با) گرت
بەهار جوانی خۆی نەگێڕا...
مرۆڤ بێ هزرە
لە شەڕدا پشتێنی دەکاتەوە
مرۆڤ بێ هزرە
دەستی بە خوێن ڕشتن بڵاوە
خوێنەکان خۆماڵی و هەژارن...
پەژمووردە بوو
شەهوەتی پایز لەگەڵ براکەم مۆڵەتیان نەدام





ئەگەر براکەم مۆڵەتی دابام
دەستم لەم خاکە هەڵدەگرت
بەڵام چی بکەم براکەم
مۆڵەتی نەدام
ئێوەش
لەگەڵ سەرما
و
شەڕو
برسیەتی و
سەگەکان
مانەوە.
لە گۆمی لای پردی سوور
مانگ بێ ئەندازە مەزەدار بوو
کەمێک لای داو ڕۆیی...
ئاسمان بە میهری جارانی و زەوی بە دایکایەتی
کردنمان رازی نەبوو
ئەستێرەکان چەمی شەوانی منداڵی ئاسمانن
مۆسیقا لە جاران روونتر بوو
کەم کەم، تێکەڵمان دەبوو
(عەدەم) لەم گەڕا پووچانە جوانتر دەڕوێ...
ئەم ئێوارەیەش
من
و شەڕ
و مردن

بەیەک گۆچان چووینەوە...
گوڵەکان چوونەوە گوێی شەیتانۆکە
کۆترەکان چوونەوە تاق و پەنجەرەی کۆشکی میر
شوان شمشاڵیان بیر چووەوە
ئێمەش لە نزیکترین بازاڕ
خۆمان و چەکەکانمان
منداڵی خۆمان بەسەر پیریدا بەشییەوە..
زەوی ئەو پەندە شاراوەیە نەما
ئێوارەش
من
و
شەڕ
و
برسێتی
ماینەوە
جەنگاوەرەکانیش مۆڵەتیان تەواو بوو
لەبەر ژیان
هەریەکە و بە ڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە شەڕ
(با)ی بۆگەنی ڕۆژهەڵات
خوێنەکانی گەرمتر دەڕژاند.
مرۆڤ بێ هزرە
کەس لەگەڵیا ناچێتەوە
ئاڵوودە بوونەوە
ئەم ئێوارەیەش





من و
مردن
شەڕو
سەرما
ماینەوە
ئەوانی تریش
بە ئەسپایی خۆیان بۆ مردن جوان دەکرد
بەرهەمی پەرستگا
لە گۆمی ڕۆح کاڵ
هەنگوینی گوناح لە ڕەوەزان عاسێ تر
منیش
زوو
یارییەکەم دۆڕاند
ئێوارەیش
لەگەڵ برای گەورەم مردن
بە یەک گۆچان چووینەوە
لە یاد چوونەوە
منداڵان خۆیان بەسەر پیریدا بەشییەوە
شوان شمشاڵ نەیوروژاند
چەکدارەکان
لە نزیکترین شەڕگە
شەڕیان دۆڕاند
لە گۆمی لای پردی سوور مانگ
بێ ئەندازە مەزەدار بوو

کەمێک مایەوە و ڕۆیی
ئاسمان بێ میهر مایەوە
ئەستێرەکان بستانێکی بەردراو بوون
پەپوولەکان لەگەڵ مردن جووت بوون
ئێمەش کاتمان نەبوو
سەیری ڕۆژئاوا بکەین
دوای ئێمەیش جەنگاوەرەکان مۆڵەتیان
تەواو بوو، بە ڕێگەی خۆیان گەڕانەوە
شەڕ
مرۆڤ بێ هزرە
(عەدەم) لەم گەڕا پووچانە جوانتر دەڕوێ
خوێنەکان
گەرمتر و
ساکارتر
لە جاران دەڕژان
مرۆڤ بێ هزرە
ناچێتەوە ئالوودە بوونەوە..
هەمیشە خۆی بۆ مردن کۆک دەکا
مرۆڤە و هزر ناکا
ڕەنوی سیاسەت
تاتە شۆری مێکوکانیان لەگەڵ خۆیاندا
بردەوە
شیعر دز
پێش باران





مایەوە
ئەحمەدی ئەفسانان نەهاتەوە
خاوەر پەنجەی لە ئەشکەوت جێ ما
لەگەڵ ئاگر دز
بەیەک گۆچان
چوونەوە
پەنجەکان لەرزۆک بوون
سێوەکان نەگیرانەوە
جاڵجاڵۆکە درەنگ ئەشکەوتی ژنانیان
داپۆشت.
مرۆڤ بێ هزرە
لەگەڵ تفەنگ ڕێ دەکات
مرۆڤ بێ هزرە
لە ڕەنوی سیاسەت
تاتەشۆری سەفەری لە شوانان دەخواستەوە
فریا، نەما
لە باخچەی گشتی مەست بوو
خەیاڵیش پێش مەرگ
لە لۆژیکی شمشێر
کاڵ بۆوە
منی باکووری ئاوەکان
بەیانیم لە قوڕگی کەڵەشێر هێنایەوە
سێو ریزپەڕ بوو.
لە چۆلیان

**جەهالەت**
**هۆشی بردە مۆڵەتێکی هەمیشەیی**
**ئەتۆم لە ئاسۆ جێ ما**
**گیای بن مەمکان وشک**
**خەردەل،**
**بەیانی باش**
**و ئێوارە باش و**
**شەو باشی لێ کردین**
**سێو ڕیزپەڕە**
**ئێستا دوا گەڵای ماوە**
**ئەسپەکان لە دوای یەک گلان**
**مێرگەکان یەک دوای یەک لەناوچوون**
**شۆڕشەکان یەک دوای یەک**
**تەسلیم بە قەدەر بوونەوە**
**گوڵم ئاویی بوو نەما**
**گوڵم بایی بوو نەما**
**گوڵم خاکی بوو نەما**
**گوڵم ئاگریی بوو نەما**
**زەوی عومری جێ هێشت**
**ئێمەی داشیش**
**شێومان لە ڕۆژئاوا خواستەوە**
**مانگ شەوێکی تر**
**نەهاتەوە سەربان و**
**بەر پەنجەران**





**مردن گۆچانی**
**جێ هێشت**
**ئێمەش**
**لەگەڵ شەڕ و**
**برسیەتی و**
**سەگ**
**دەمێنینەوە**
**ئێوەش خواتان**
**لەگەڵ**

«١٩٩٦»

لە نێوان شیعرییەتی دەق و ئاماژە سەرچاوەدارەکانەوە، لە دووتوێی هەیکەلی گشتی گوتار و چەمک و وێنە و کرۆزانەوەی ئیقاعی ناوەوە «جەلال بەرزنجی» شاعیر گومانەکانی رۆحی خۆی لە دووتوێی ئیمکانیەتی مێژوویی کە دەشێ بووترێ یان دەیلێ، بەڵام ویژدانی شیعری و شیعرییەت «ئیمکانیەتی شیعری» وسبەی لێدەکات، یان بە جۆرێکی دیکە بە ئیشکالییەتەکانەوە پەیوەستی دەکات. واتە ئەو رۆحە پڕ گومانە لە پاڵ ئارەزووە خودییەکانی شیعرییەت و مەرجەکانی بابەت بە نیگەرانییەوە بە ژێر سێبەری نەوتراوەکاندا دەڕوا - بەم جۆرە لای شاعیر ئەگەر شیعر لە پێوەندییە ئازادەکانی پرۆسەی نووسین و جەدەلییەتی موفردەکانەوە کردەیەکی دینامیکی بنوێنێ، ئەوا ئیشکالیەتی ناوەوە و پرشنگی دەلالەتەکان دەشێ هەڵگری نامۆیی و نیگەرانی ئەو رۆحە بێ، بەو

مانایەش بەکارهێنانی لادانەکانی زمان لە قەسیدەی «تازە درەنگە بۆ سەیر کردنی خۆرئاوا» شیعری لێ دەڕژێ، خودی ئەو کردە شیعرییەش دەبێتە ئەو پانتاییە ئیستاتیکییە- یان ئەو فەزا فیکرییە ئازادەی کە پرشنگە رەنگاوڕەنگەکانی بەرەو ناوەوەی ئیشکالییەتەکان شۆڕمان دەکاتەوە. دواجار خودی ئەو ئیشکالییەتانە وەک ماهیەت، تەماهی گومانەکانی منی شاعیر دەبێ و شیعرییەتی دەقیش لە دووتوێی ئەو ئیشکالیەتە فیکرییانەوە چوارچێوەکانی زەمەن و شوێن تێکدەشکێنێ، واتە بە سڕینەوەی مەرجەکانی بابەت، ئاگایی شوێنکات ون دەبێ بەم جۆرە دەتوانین بڵێین مەرجەکانی بابەت لە توێی بزاڤی موفرەدەو وێنە و دەلالەتەکانی کردە و هەڵچوونی پرۆسەی خوێندنەوەدا دەشێ بونیادی ژێرخانی دەق بە شێوەیەکی لۆژیکی لە خوێندنەوەی بەرهەمهێن و دووبارە داڕشتنەوە دەستنیشان بکات.

کەواتە ئەگەر خودێتی دەق ژێرخان بگەیەنێ و ئەو ژێرخانەش پێوەندی بە مەرجە بابەتییەکانی موفرەدەو چەمک و ئاگایی شوێنکاتەوە هەبێت، ئەوا گوتاری دەق لە دووتوێی لادانەکانی زمان و جیاوازی گوتارەکانی «سەیرکردن و سەیر نەکردن» بۆشاییەک دەنوێنێ، ئەو بۆشاییەش لە دەرەوەی شوێنکاتەوە دەلالەت لە ئارەزووە خودییەکانی شیعرییەت دەکات و لە جەستەی دەقدا بە پرۆسەی لێکنزیک بوونەوە و لێکخشان و جووتبوونی وسبەلێکراو و نەووتراوەکانەوە پەیوەست دەبێ و سەلیقە و ئاگایی و هەستی جوانناسی و حاڵەتە دەروونییەکانی خوێنەر رۆڵی سەرەکی تیا دەگێڕێ، بۆیە ئەگەر وەک چەمکی شیعریش بە رووتی بیری لێ بکەینەوە دەشێ بڵێین خودی ئەو چەمکە شیعرییە لە توێی ئەم قەسیدەیەدا دەلالەت لە نائیرادەیی مرۆگەلێکی دیاریکراو و ئارەزووەکەبت کراو و یادەوەرییە چەوساوەکانیان دەکات.





بەو مانایە «جەلال بەرزنجی» لە جەستەی «تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوا» خودێتی دەق و گوتاری دەق ئاوێتەی یەکتر دەکا و لە توێی پێوەندییە تەباو ناتەباکانیشەوە شیعریەتی دەق لە پانتایی گومانەکان بۆ دەستلێدان بەرز دەکاتەوە -دواجاریش ئەو دوو لایەنە بەسەر خودێتی خۆرهەڵات و گوتاری خۆرئاوا دابەش دەکەین- بە شێوەیەکی دیکە دەشێ بڵێین «منی دەق» لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەلالەت لە ئاوێتەیەک دەکات کە حیکایەتەکانی سروشت و حیکایەتی یادەوەرییە چەوساوەکانی بە ئاڵای شیعرەوە دەلکێنێ -ئاڵای شیعر بەو مانایەی کە خودییەت بە پەردەی شیعرییەت دەشارێتەوە- لە دووتوێی ئەو نواندنەشەوە «من- سروشت» کۆی ناکۆکییەکانی خۆیان بە جەستەی دەق دەسپێرن.

کەواتە ئەگەر دەق لە لایەک لێکنزیککردنەوەی تراژیدیانەی ناوەوەی مرۆگەلێکی دیاریکراو و کارەساتەکانی دەرەوەی سروشت فۆرمەلە بکات، ئەوا بە دیوەکەی دیکەوە دەشێ بڵێین رەمزی بوونەوەرێکی ناعەقڵانی بێ پرسیار و سەر بە کۆمەڵی خۆرهەڵات و زەمەنە دوورەکان دەنوێنێ بەرامبەر دەستکەوتە ژیاریی و تەکنولۆژییەکانی خۆرئاوا. هەر لە دووتوێی ئەو مانایەشەوە دەشێ بڵێین کۆی سروشت لەم قەسیدەیەدا بە پێی مەرجە بابەتییەکان و ئاگایی شوێنکاتەوە راستەوخۆ دەلالەت لەو ژێرخانە دەکات کە خودێتی ئێمەی(کورد) لە ناوەوە بە خۆرهەڵات و لە دەرەوەش بە پێی تێڕوانینی هەمان چەمکی خۆرهەڵاتی لە ئەویدی جیا دەکاتەوە.

یاخود بە مانایەکی دیکە دەمانەوێ بڵێین خەیاڵی ئیستاتیکئامێزی ئاڵای شیعریی لەم دەقەدا لە ئاوێتەبوونی «منی شاعیر» و «شەهوەتی پایز» زیندوو دەبێتەوە و لەوێشەوە تەماهی رەمزی ناعەقڵانی دەبێ، یان بە جۆرێکی دیکە خودی ئەو ئاوێتەبوونە ئەگەر بەوردی گوێی بۆ هەڵبخەین لە دووتوێیدا نەغمەیەکی غەمگین و فۆبیا ئامێزی لێ بەرز دەبێتەوە، بەڵام

هەمیشە ئەو نەغمە غەمگینە وەک هەستێکی شاراوە خۆی بە سێبەری نەووتراوەکانەوە دەلکێنێ، هەروەها لە میانی ئاماژەی وێنە و دەلالەتە پرشنگ ئامێزەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا شێوە ئاخاوتنێکی بێدەنگ بە وێنەکان دەبەخشێ.

بەمجۆرە دەقی «تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوا» لە توێی پرشنگەکانی جوانگوتن و ئاماژە تراژیدییەکانی ژێر ئەو سێبەرە سەردەکات، دەشێ ئەو سەیرکردنە پوختەی هوشیاری خەون بینانەی شیعرییەتی بۆ خوێنەر هەڵگرتبێ، یان لە تێکئاڵانی ئیمکانییەتە مێژووییەکانەوە خودی ئەو پێوەندییە چڕو پڕانە بە هۆی مەرجە بابەتییە تایبەتییەکانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکانەوە نەرم نەرم دەستی خوێنەر دەگرێ و دەچێتە ژێرخان و بە گۆچانی شەڕو کردەی شیعریی هەناسەکان پێشکەش بە دوالیزمی سەیرکردن و سەیرنەکردنی دەکات.

بەڵام ئاخۆ سەیرکردنی مەرگ و سەیرکردنی ژیان لە دووتوێی ئەو حیکایەت و پارچە پارچە بوونەدا کام گوتار دەنەخشێنێ؟ پاشان ئایا سەیرکردن دەلالەتەکانی ژیان جوان دەکات، یان سەیر نەکردن و گەڕانەوە بۆ زەمەنە دوورەکان؟ ئینجا خوێنەر چۆن دەتوانێ دەلالەتی زەمەنە دوورەکان و سێبەرەکانی ئێستای دەق بەیەکەوە بگونجێنێ -ئایا وشەی «درەنگە»ی ناونیشان دەشێ مەدلولێک بێ بۆ «پەشیمان بوونەوە و پشت گوێ خستن» یان دەلالەتی «ئەفسوس و لە دەستچوون» لەخۆ دەگرێ... پاشان لە کۆی ئیشکالییەتەکاندا خوێنەر چۆن دەتوانێ لە لایەک لە خودی دەق و لە لایەکی دیکە لە سێبەری دەق بدوێ... ئایا لە تۆڕی بابەتە بەخشراوەکاندا دەتوانێ دەستنیشانی یەکێتی گوتارەکان لە لایەک و بۆشاییە گۆڕاوەکان لە لایەکی دیکەدا بکات؟





(١)

بێگومان ئەگەر دەق لە پاڵ وتراوەکانەوە، کۆمەڵێک نەووتراوی هەڵگرتبێ، ئەوا خەیاڵی خوێنەریش لە پاڵ دنیای وتراوەکان، دنیایەکی دیکە لە نەوتراوەکان دەسازێنێ، کە راستەوخۆ تەعبیر لە خودی خۆی دەکات، بەڵام هەرگیز مەرج نییە ئەو پرۆسەیە لەگەڵ دنیای دەق و ئارەزووە خودییەکان و مەرجە بابەتییەکان تەبا بێتەوە، یان هەرگیز مەرج نییە لۆژیکێک بۆ لێکنزیک کردنەوەی هوشیاری خەونبین لە لایەک و رەمزە ناعەقڵانییەکان لە لایەکی دیکە بدۆزینەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی دنیای پێوەندییەکانیان جەنجاڵ و بەرفرەوانە، کۆمەڵێ پرەنسیپی تایبەت بە خۆشیان هەیە، کە بە ئاگایی و چێژ و رۆشنبیریی و حاڵەتە دەروونییەکانەوە دەلکێ، بە واتایەکی دیکە ئەگەر لۆژیکێک هەبێ، ئەوا شیعرییەت لە دووتوێی خۆیدا دەیکات بە هەڵم...

بەڵام رەنگە بتوانین لە دووتوێی دۆزینەوەی رەهەندەکانی سێبەری ئەویدیکە و سێبەری خود، پارچە پارچە بوون و گومانەکانی پارچە پارچە بوون لە تیشکۆیەکدا بەرجەستە بکەین و بە دنیای خوێندنەوەیان بلکێنین، هەروەها لە لایەکی دیکەش دەشێ نواندنە دراماتیکییەکانی وێنە و چەمک و هارمۆنییەتی ئیقاعی ناوەوە لە پەیوەست بوون و پەیوەست نەبوون، چەپ بوون و راست بوون، چوونەوە و مانەوە، پشت گوێ خستن و لە دەستچوون کۆ بکەینەوە، چونکە پێمانوایە لە کۆی هارمۆنیەتی ئەوانەوە دەلالەتەکان رێڕەوی خۆیان دیاری دەکەن و دەچنەوە نێو مەرگەسات و دواجاریش دەبنەوە پەنجەرەیەک بۆ سەیرکردنی کارەساتێکی گەورەتر و وێرانتر، خودی ئەو پەنجەرەیەش لە لایەک دەشێ راستەوخۆ پێوەندی بە «ئەفسونەکان»ی دەق و خەونی دەقەوە هەبێت، لە لایەکی دیکەش بە «پشت گوێ خستن»ەوە بلکێ.

بەڵام ئەگەر گریمان لۆژیکی دەق لە میانی کردنەوەی دەرگای کارەساتەکانی سروشت و کردنەوەی یادەوەرییە چەوساوەکانی مرۆڤ، لێکدانەوەیەکی ڕەمزی ناعەقڵانی بنوێنێ و ئەو ڕەمزەش بە دەلالەتی چەمکی «چوونەوە» و «سەیرنەکردن» پەیوەست بێ، ئەوا پێشنیارکردنی ئەو هوشیارییەی کە بە هوشیاری خەونبین ناومان برد، دەشێ بەچەمکی «مانەوە» و «سەیرکردن» بلکێ «وەک گوتمان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەم لێکدانەوەیەدا شوێنکات و ئاگایی شوێنکات ڕۆڵی بەرچاو وازی دەکا» ئیتر دواجار هەموو خوێندنەوە پێشنیارکراوەکانیش لەسەر ئاستی چەمک و نەغمە مرۆڤایەتییەکان لەیەک نزیک دەبنەوەو دەرگاکانی دەق دەخەنە سەر پشت.

(٢)

ئەگەر هەوڵبدەین مەرجەعێکی سەرەکی بۆ دەق لەلایەک و بۆشایی نێوان کردەو هەڵچوون لەلایەکی دیکەوە لە دووتوێی تەوەری «چوونەوە» و «مانەوە» دیاری بکەین و لەوێشەوە دەست بۆ دوالیزمی خودی «سەیرکردن» و «سەیرنەکردن» بەجیاو پاشان هەردوو پێکەوە درێژ بکەین، دەبینین ئەگەر چەمکی «چوونەوە» ڕەشکردنەوەی ژیان بگەیەنێت و«مانەوە» دەست بە ژیانەوە گرتن بێ. ئەوە لە نێوان چوونەوە نێو سروشت و مانەوە - ململانێ لەگەڵ سروشتدا- دەتوانین دەسنیشانی دوولایەنی «ڕاست بوون» و «چەپ بوون» لە جەستەی دەقدا بکەین و خودی ئەو دوولایەنەش دەشێ مانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەسەر خوێنەردا پەرت بکەن «کۆترەکان ناگەڕێنەوە تاق و پەنجەران- کۆترەکان چوونەوە تاق و پەنجەرەی کۆشکی میر».

لەلایەکی دیکە ئەگەر «مانەوە» وەک چەمک دەلالەت لەیاد چوونەوە





بکات، ئەو لەیادچوونەوەیەش دەلالەت لەکەبت کردنی یادەوەرییە چەوساوەکان بکات «شوان شمشاڵ نەیوروژان» ، ئەوا لەلایەکی دیکە دەلالەت لە چاوەڕوانی و خەونە جێبەجێ نەکراوەکان دەکات «ئەحمەدی ئەفسانان نەهاتەوە» .

هەروەها دەشێ بەهۆی دوو چەمکی بزۆزی وەک «درەنگە» و «خواتان لەگەڵ» خودی ئەو پێوەندییانە بەرفرەوانترو بەرجەستە تر بنوێنین، بەڵام ئاخۆ گومانەکانی شاعیر لە نێوان مردن و ژیانەوەی سروشت- مردنی بەکۆمەڵی مرۆگەلێک بەلۆژیکی شمشێرو ژەهری خەردەل و مانەوەی بەشێکی لەگەڵ شەڕو برسێتی ... چ بۆچوون و سەیرکردنێ دەنوێنێ، پاشان وەک گوتمان ئایا شاعیر ئەو هەموو پارچە پارچە بوونە لەکام گوتار کۆدەکاتەوە- خۆرئاوا وەک «کات» یان وەک «شوێن» خۆرهەڵات وەک پابەستبوون یان پابەست نەبوون!.

پاشان لەنێوان هەموو ئەوانەدا، بۆ ئەوەی شێوەیەک بە ئەفسانەکانی دەق ببەخشین، یان بۆ ئەوەی دەرفەتێک بۆ هەڵڕشتنی پرسیارە ئەنتۆلۆژییەکان بدۆزینەوە، پێویستە گوتاری ئەفسانەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەیەک نزیک بکەینەوەو لەوێشەوە دوای پرشنگە ناکۆک و جیاوازییەکانیان بکەوین، هەروەک چۆن لە جەستەی دەقدا ئەو دەرفەتە، یان ئەو گوتارە بە چەمکی «درەنگەو خواتان لەگەڵ» وەجووڵە دەخەین، پاشان هەموو ئەو وەجووڵە خستنەش بە پرسیاری ئەنتۆلۆژی جیاوازەوە دەخەینە ڕوو، بەمانایەکی دیکە لەنێوان پارچە پارچە بوونی کورد وەک قوربانیی مێژوو، کشتگرییەتی هەردوو لاکەی دیکە وەک سروش (وحي) وعەقڵ، شاعیر چۆن چەمکی «درەنگە- خواتان لەگەڵ» بۆ ئاستی ئاڵای شیعرییەت لەلایەک و ویژدانی مرۆڤایەتی لەلایەکی دیکە بەرز دەکاتەوە؟

لەنێوان «پشت گوێ خستن- خۆرهەڵات» و «لەدەستچوون-خۆرئاوا»

ئەو مرۆ گەلە چ مانایەک بەهەیکەلی گشتی گوتار دەبەخشێ؟.هەرچەندە ئەوەش بەو مانایە نییە کە لۆژیکیەتی ئەو خوێندنەوەیە «ئەگەر لۆژیکێکی هەبێ» ئاگایی و بیرکردنەوەکانی خۆی لە هەڵگرتنەوەی چەمکی کارەساتەکانەوە ببینێ، چونکە لامانوایە هەڵەی گەورە لە سەیرکردن و سەیر نەکردنی خۆرئاوادا نییە، بەڵکو هەڵەی گەورە لە سەیر نەکردنی خودی خۆماندایە، هەڵەی گەورە لەچەپ بوون و ڕاست بووندا نییە، بەڵکو هەڵەی گەورە ڕاستەوخۆ لە بەدوادانەچوون و نەخوێندنەوەی چەپ و ڕاست دایە.

لێرەوە دەکەوینە پانتایی گومان و نامۆیی، ئەو پانتاییەی کە لەم خوێندنەوەیەدا بەبۆشایی شیعرییەت و نەوتراوەکانەوە پەیوەستمان کرد، ئەو بۆشاییەی کە لەهەمان کاتدا ڕەمزی ناعەقڵانی و هوشیاری خەون بینانە دەبینێ، هەر خۆی دەبێتە چەقی دەق- واتە هەیکەلی گشتی گوتار- ئەو چەقە لەنێوان هەموو ئیشکالییەتەکانەوە بەرەو ئیشکالییەتی ناوەوەی خۆی ڕۆدەچێ، بەڵام بێ ئەوەی خۆی بداتە پاڵ یەکێک لەوان، یاخود بێ ئەوەی «وەک شیعرییەت» چوارچێوەکانی شوێنکات توانای ئابلۆقەدانی هەبێت، درێژ دەبێتەوە ڕەوتە دیارو نادیارەکەی خۆی دەنوێنێ، یان بەمانایەکی دیکە دەبێتە شیاوی خوێندنەوەی جۆراوجۆرو بیرلێکردنەوەو بەدواداچوونی فرە ڕەنگ.

**گەر براکەم مۆڵەتی دابام**
**دەستم لەم خاکە هەڵدەگرت**
**بەڵام چی بکەم براکەم مۆڵەتی نەدام.**

بەمجۆرە ئەگەر بۆشایی نێوان کردەو هەڵچوون لە دووتوێی ئاماژە سەرچاوەدارەکانەوە دەلالەت لە شوێن بکات و شیعرییەت زەمەن بنوێنی- یان بە مانایەکی دیکە ئەگەر مەرجە بابەتییەکان شوێن بنوێنێ و مەرجە خودییەکان دەلالەت لە زەمەن بکەن، ئەوا لە جەستەی دەقدا وەک دیارە





سەیرکردنی خۆرئاوا وەک شوێن- ڕووبەڕووی خۆرهەڵات، فیکرو مەعریفەو فەلسەفە لەخۆ دەگرێ. کەواتە سەیرکردنی خۆرئاواو سیستەمی پێوەندییەکانی دەکەوێتە دووتوێی پاشەکشە پێکردنی خۆرهەڵات، یان ڕەتکردنەوەی چەمکی «چوونەوە»، بەڵام ئەگەر خودی ئەو سەیرکردنە سیستەمی پێوەندییەکانی بە زەمەنەوە پەیوەست بێ، ئەوا دەلالەت لە زەمەنی خۆرئاوابوون و تاریکایی و پێگەنادیارو گومڕاکان دەکات، دواجاریش خودی ئەو پێگە نادیارو تاریکاییە بە ئاڵای شیعرییەتەوە پەیوەست دەبێت.

بە جۆرێکی دیکەش ئەگەر بۆ بەسەرچوونی خۆرئاوا وەک شوێن بتوانین بڵێین چەمکی توندو تیژی زەوی لەخۆهەڵگرتبێ، واتە ئەگەر زەوی لەلایەن مرۆڤی خۆرئاواییەوە هەمیشە هەڕەشە لێکراوبێ و دەلالەت لە ماهیەتی کێشەو ململانێ و دڵەڕاوکێی ئەو مرۆڤە بکات، خودی ئەو توندو تیژییەش بە دیوەکەی ترەوە بەرامبەر خۆرهەڵات لە میهرەبای زەوی و خاک نزیک دەبێتەوە، بەو مانایەش ئارامی و کپی و دڵنیایی و حەسانەوە بە مرۆڤی خۆرهەڵاتی دەبەخشێ، یان بەمانایەکی دیکە عەقڵی بێ جووڵەو دۆگمایی خۆرهەڵاتی ئەو دەلالەتانە بەزەوی دەبەخشێ و ئینجا لە پاڵیدا دەخەوێت بەو مانایەش خۆرئاوا بەپێی ئەو بۆچوونە وەک زەمەن بێ بەزەیی ئاسمانی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەمیشە مژدەو خەونە گەورەکان بەتاڵ دەکاتەوەو دایدەبەزێنێتە سەر زەوی بۆ ئەوەی بتوانێ لە نزیکەوە دەستی بۆ درێژ بکات ویاریی پێ بکات، بەڵام هەموو ئەو مەسەلانە لای مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە پیرۆزییەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ و کڕنوشی بۆ دەبردرێت، بێ ئەوەی توانای دەسلێدانیان هەبێت.

بەمجۆرە سەرەڕای ئیشکالییەتەکانی ئێمەو خۆرهەڵات «لۆژیکی شمشێرو ژەهری خەردەل و کارەساتەکانی سروشت» سەرەڕای

ئیشکالییەتەکانی ئێمەو خۆرئاواو بە پەراوێز بوون و سەنتەربوون وبێ بەزەیی ئاسمان، دەشێ شیعرییەتی دەقی «تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوا» ناڕاستەوخۆ بە «سەیرنەکردنەوە» پەیوەست بکەین، بەو مانایەی کە لەجەستەی دەقیشدا وەک گوتمان چەمکی «چوونەوە» خودێتی سروشتی لەخۆدا هەڵگرتووە، واتە خودێتی دەقیش لە دووتوێی مەرجە بابەتییەکانەوە گەڕانەوەیە بۆ میهرەبانی زەوی و دڵنیایی خاک و مژدەو خەونە گەورەکانی ئاسمان، بەرامبەر ئەو گەڕانەوەیەش پرسیاری چەمکی «مانەوە» دەلالەتی ئەفسوس لەخۆ دەگرێ، پرسیاری لە دەستچوونی «سەیرکردنی» خۆرئاواش لەوەدایە کە نازانین، یان کەس نەگەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە بزانێ و بەرزی ئاسمان بەنسبەت ئێمەوە بخەملێنێ.

کەواتە هەموو ئەوانە لە دووتوێی ڕەگەزە خەیاڵییەکانی دەق- لەنێوان دوو جیاوازی و دووبەریەککەوتنی ئارەزووە خودییەکان و مەرجە بابەتییەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن و لەمیانی ئەو تێکەڵ بوونەشدا ڕەمزی ناعەقڵانی و هوشیاری خەون بینانە بۆ خوێندنەوە درێژ دەکەنەوە، لە میانی ئەو درێژ بوونەوەشدا دەشێ شیعرییەتی دەق بە چەمکی «درەنگە»ی ناونیشان بەرزتر نیشان بدەین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت چەمکی «درەنگە» لەنێو سیستەمی پێوەندییەکانی جەستەی دەق بخوێنینەوە، دەبینین خۆی بە دوالیزمەوە پەیوەست دەکات، خودی ئەو دوالیزمەش لەلایەک، خۆ لادان لە زەبری بێ بەزەییانەی خۆرئاوا دەگەیەنێت، لەلایەکی دیکەش بەهۆی بەدواداچوونی بۆشایی پرسیارە شیعرییەکانەوە تەماهی هەنگاوە پڕ گومان و نادیارەکانی خۆرئاوا دەبێت، لە دووتوێی ئەو تەماهی بوونەش لە پرشنگە عەقڵی و ژیاریی و تەکنۆلۆژییەکانی خۆرئاوا نزیک دەبینەوە.

بەڵام ئەگەر لەلایەکی دیکە خودی ئەو وێنە و گوتارە بزۆزە، ئەخلاقیەتی خۆرئاوا هەڵبگرێ، ئاسمان نەمری و جاویدانی ئەو وێنە و





گوتارە لە عەقڵی خۆرئاوا هەڵگرێتەوەو ئەو عەقڵەش ڕووبەڕووی کاولکاری و وێرانکاری خۆرهەڵات و بنبەستبوونی عەقڵی خۆرهەڵاتی بێ، ئەوا بەهۆی چەمکی «مانەوە» وەک شوێن و سەیرنەکردنا وەک زەمەن لەم خۆرهەڵاتەدا بێ ئەنجام دەمێنێتەوە، هەر بەو مانایەش چەمکی پاڕانەوەی ئەو مرۆڤگەلە لە توێی مەرجە بابەتییەکانی خۆیاندا- هەرچەندە وەک زەمەن و زەمەنی خۆرئاوابوون، بەپێی دابونەریتی پاڕانەوەو چەمکە ئایینیەکەوە لە ساتەوەختێکی گونجاوولەباردایە- بەڵام وەک شوێن هەموو ئەو لەبارییە بەهۆی عەقڵ و بەخششەکانی خۆرئاواوە بەتەواوی ڕەتدەکرێتەوە.

بەڵام ئەگەر دەلالەتەکانی «درەنگە» تەئکید لە پشتگوێ خستن و «سەیر نەکردن» بکات و گەڕانەوەبێ بۆ خودو زیندووکردنەوەی ئەساڵەت، ئەوا پشتێکردنی ئەخلاقیەتی خۆرئاوا ڕاستەوخۆ تەماهی کردنی گوتارەکانی خۆرهەڵات دەگەیەنێ، یان بە مانایەکی دیکە شێوەی سەرهەڵدانەوە لەخۆ دەگرێ، لێرەدا ئەو پانتاییەی کە ناومان نا پانتایی گومان و نامۆیی، دەشێ لەپرۆسەی گۆڕینی (تحویل) ئێستای دەق و ئێستای خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، جوانتر هەڵبگرینەوە، نەک بەو مانایەی کە دەلالەت لە ڕەتکردنەوەی ئێستا بکات، بەڵکو بەو مانایەی کە ئامادەباشی «ڕابردوو» لە ئێستای خۆرهەڵاتیدا بەهێزترە، نەک هەر هێندەش بەڵکو وەک ئەلتەرناتیڤیش پەل بۆ داهاتوو دەهاوێژێ، دەشێ ئەو پەل هاوێژتنەش لەلایەک بە ڕەمزی ناعەقڵانی و بەجۆرێک لە جۆرەکانیش بە هوشیاری خەون بینانەی دەقەوە بلکێنین.

ڕەتکردنەوەی «ئێستا» کان و ڕەتکردنەوەی پرسیارە ڕەنگاوڕەنگەکانی سەردەم و جەدەلیەت و گومانەکان لە پێناو زیندوو کردنەوەی ئەساڵەت و هێرشی زەمەنە دوورەکان، دەشێ پێوەندیی بە چەمکی سەلەفییەوە بکات-

ئەو چەمکە سەلەفییەش لە دووتوێی دەقدا بە دەلالەتی چەمکی (چوونەوە-ی سەرەتاو- خواتان لەگەڵی- کۆتایی) دەلکێ، بەو مانایەش ئەگەر ئیشکالییەتی (درەنگە) لە دووتوێی چەمکی «مانەوە» دەلالەتەکانی «چوونەوە»ی خۆرهەڵاتی هەڵگرتبێ و خودی ئەو دەلالەتەش مانای وەستان و بنبەستبوون بگەیەنێت، ئەوا چەمکی «خواتان لەگەڵ» بەهۆی پشت بەستن بە هەموو ئەوانەی لە ڕابردوو- زەمەنە دوورەکانەوە - تەواوکراوە «دەشێ لە داهاتووشدا پراکتیزە بکرێ» ئێستاو داهاتووی خۆرهەڵات دووچاری هەرەسهێنان دەکات، خودی ئەو هەرەسهێنانەش لە جەستەی دەق، دواجار بە وشەیەکی لەباری وەک «تەسلیم بوونەوە» دەگاتە لوتکەی چەمکی چوونەوەی خۆرهەڵات:

**شۆڕشەکان یەک لە دوای یەک**
**تەسلیم بەقەدەر بوونەوە.**

بەڵام ئەگەر دەلالەتی چەمکی «خواتان لەگەڵ» لە دووتوێی ئیشکالییەتی «درەنگە» و چەمکی «چوونەوە»دا بکەوێتە دووتوێی مەیلە شاراوەکانی سەیرکردنی خۆرئاواو مانای ڕەتکردنەوەی «ئێستا» مردووەکانی خۆرهەڵات بگەیەنێت- لە پێناو هێنانە ناوەوەی «ئێستا» زیندووەکانی خۆرئاوا- درەنگە ئێوە بڕۆن با خۆرئاوا بێت- ئەوا دەلالەتی چەمکی «چوونەوە» پاشەکشە کردنی زەمەنە دوورەکان و خودێتی و (ئەساڵەتی خۆرهەڵاتی)یە لە پێناو بەرجەستە کردنی گوتارە مودێرنەکانی خۆرئاوا- واتە بەم خواستنە ناکەوینە پانتاییە مردووەکانی خۆرهەڵات- بەمجۆرەش دەلالەتەکانی چەمکی «خواتان لەگەڵ» ڕاستەوخۆ پشتگوێ خستنی خۆرهەڵات دەگەیەنێت:

**گوڵم ئاویی بوونەما**
**گوڵم بایی بوونەما**





**گوڵم خاکی بوونەما**
**زەوی عومری جێ هێشت**
**ئێمەی داشیش**
**شێومان لەڕۆژئاوا خواستەوە.**

کەواتە لە جەستەی دەقدا ئەگەر «سەیرکردن» ی خۆرئاوا بەمانا زەمەنییەکەی وەک گومان تاریکایی و پێگە نادیارەکان بنوێنێ، ئەوا گومان و نامۆییەکانی «ئێستا»ی دەق ڕاستەوخۆ تێکەڵ ئەو دەلالەتانە دەبێ و بە وشەی «نەما» بەرەو لوتکەی حاڵەتەکە دەچێت.

بەڵام بەو مانایەش پشتگوێ خستنی خودێتی و ئەساڵەتی خۆرهەڵات لە پێناو هێنانە ناوەوەی گوتارە مودێرنەکانی خۆرئاوا- سەیرکردنی داهاتوو بەدیدی خۆرئاوا- ڕاستەوخۆ بەکۆمەڵێ ئیشکالییەتەوە پەیوەستمان دەکات، ئەگەر ئەو ئیشکالییەتانەش لەلایەک دەلالەت لە مەرگی پرسیارە «ئێستا»ییەکانی خۆرهەڵات بکات، ئەوا لە لایەکی دیکە ڕاستەوخۆ ونبوونی پرسیارە ئەنتۆلۆژییەکانی ئێمەی لە خۆدا هەڵگرتووە «بۆشایی گومانەکانیش ڕاستەوخۆ بەو ونبوونەوە پەیوەستە» هەر لە دووتوێی ئەو دۆڕان و ونبوونەشەوە هەیکەلی گوتارو ئازادیی دەق بە هۆی ئەو خوێندنەوەیە خۆی نمایان دەکات، یاخود بە مانایەکی دیکە لەنێوان پانتاییەکانی دوو بەر یەککەوتن، لەنێوان غەمە مرۆڤایەتییەکان و کارەساتەکانی سروشت- نامۆیی منی شاعیر لەخۆ دوان و دوانی کارەساتەکانەوە بەرجەستە دەبێ، دواجاریش ئەو گومان و نامۆییەش بە چەمکی بێهودەیی و پوچگەراییەوە دەلکێ:

**ئێمەیش**
**لەگەڵ شەڕو**
**برسیەتی و**

**سەگ**
**دەمێنینەوە.**

چەمکی بێهودەیی و پوچگەرایی لەم تێڕوانینەدا، لەوەدا نییە کە پرسیارەکانی ئێمە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا نازانێ خۆی بەکام لادا بکات، بەڵکو لە بە قسە نەهێنانی واقیع دایە، لەبری ئەوەی ئێمە وەک خودو مێژووی خود پرسیار لەناخی خۆمانەوە بەرز بکەینەوە، وەک بابەت لە دەرەوەی خۆمان دەبینە هەڵگری وەڵامە ئامادە باشەکان و وەک بابەت بە وەڵامە ئامادە باشەکانی ئەم و ئەو، حوکم لەسەر خودی خۆمان دەکەین، یاخود بەمانایەکی دیکە هەوڵی پوچکردنەوەی ناخی خۆمان دەدەین، هەر لەتوێی ئەو هەوڵەشەوە منی شاعیرو منی دەق پارچە پارچە دەبێ، جگە لە پارچەیەکی هەمیشە (گلاو) و (بەجێ ماو) لەژیان و بوون، جگە لە خودێکی پەنهان و پوچگەرایی بێ پرسیارو ناوەڕۆک شتێکی دیکەی لێ نامێنێتەوە.

(٣)

گوتمان لەکۆی پرۆسەی نووسین و ساتەوەختی نووسینەوە، کۆمەڵێک بۆشایی و گومان دەکەوێتە نێو جەستەی دەق، منی شاعیریش لەم گومان و بۆشاییە وەئاگا دێتەوە، هەر لە خودی ئەو گومان و بۆشاییەش هەوڵدەدەین پەنجە بخەینە سەر دەلالەتەکانی ڕوخساری گوتار، بەمجۆرەش ئەگەر ڕوخساری گوتار لە لایەک دەرفەتێ بێ بۆ هەناسەدان و حەوانەوە، هەروەک چۆن لە جەستەی دەقیشدا ئەو پشوودانە لەنێوان پارچەیەک و پارچەیەکی دیکە، نەغمەیەک و نەغمەیەکی دیکە زۆر بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێ «هەروەها لەمیانی ئەو پشودانە دواتر هەست بەهەڵقوڵینێکی دیکەی ئاماژەو شیعرییەت دەکەین، لە لایەکی دیکەش ڕوویەکی دی گومان و دڵەڕاوکێ و نامۆیی، بەهۆی کرۆزانەوەی ئیقاعی ناوەوە دێتە ئاراوە».





ئەگەرچی لەنێوان پشوودان و دڵەڕاوکێ، دنیایەک جیاوازی سەردەکەن، بەڵام هەرگیز نامانەوێت لەمیانی جیاوازییەکانی چەمکەوە دەست بۆ دەق درێژ بکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین لەمیانی ڕەمزە ناعەقڵانی و هوشیاری خەون بینانەی دەقەوە بە کۆمەڵێک جیاوازییەوە سەر دەربکەین.

کەواتە ئەگەر لەنێوان ئیشکالییەتەکانی ئیقاعی ناوەوە «من- مردن»ی دەسپێک دەرگا لە ئەسالەتی خۆرهەڵات و تاریکایی خۆرئاوا بکەینەوەو ڕوخساری دوو لەتکراوی دەق لەم سەرەتایەوە رابگەیەنین، ئەوا چەمکی حەسانەوە جارێک ئاماژەی وێنەکان و مەرجە بابەتییەکان لە خۆ دەگرێ و جارێکی دیکەش کرۆزانەوەی ئیقاعی ناوەوەو مەرجە خودییەکان دەنوێنێ، لەنێوان ئاماژەو ئیقاعیشەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە ڕوخساری گوتار دەنیشێ.

بەمانایەکی دیکە، دەشێ بڵێین حەسانەوە هێزێکی نادیارو نەگوتراوی پڕ جووڵەی لە خۆدا هەڵگرتووە، کە هەم دەلالەتی وێنەکان دەنەخشێنێ و هەم ئیقاعی ناوەوە بەهێز دەکات. ئەگەر دەلالەتی وێنەکان پێوەندیی بە ئازارەکانی مرۆ گەلێکی دیاریکراوەوە هەبێ، ئەوا ئیقاعی ناوەوە، ڕاستەوخۆ غەمی نامۆیی ئەو مرۆگەلە لە جەستەی دەقدا ڕەسم دەکات، خودی ئەو غەمەش وەک گوتمان بە هوشیاری خەون بینانەی دەق لەلایەک و هێرشی زەمەنە دوورەکان لەلایەکی دیکەوە بەندە، ئەو هێرشەی کە ئێستا و ئەگەری داگیرکردنی سبەشی پێیە، هەر لە دووتوێی ئەو ئەگەرەشەوە دەلالەتی وێنەکان و کرۆزانەوەی ئیقاعی ناوەوەی تێکەڵ یەکتر دەبن، لەم تێکەڵبوونەشدا ڕوخساری گوتار بەرز دەبێتەوە. واتە کاتێ دەریا بە ئەسپایی دەچێتەوە گۆزە، ئیتر (من) یش بە ئەسپایی تێکەڵ بە سروشت دەبێتەوە، بەڵام کاتێ زەوی ئەو پەندە شاراوەیە نەما، من و شەڕ و برسێتی دەمێنینەوە، بەڵام بێ پرسیارو بێ ناوەڕۆک.

بەو مانایە لۆژیکی «خاو بوونەوەو حەسانەوە» وەک کۆمەڵە دەمامکێکی نادیار، پەرتبوونی دەق لە خۆ دەگرێ، جا بۆ ئەوەی ئاوڕ لە لۆژیکی خۆرهەڵاتیش بدەینەوە، دەبێ پەرتبوونی دەق و سروشت لە دووتوێی چەمکی «چوونەوە»دا بەیەکەوە کۆبکەینەوە، لە میانی ئەو کۆکردنەوەیەش دووبارە «من و مردن» «چوونەوەو مانەوە» سەرەڕای جیاوازی و ئیشکالییەتەکان تەماهی یەکتر دەبن، خودی ئەو تەماهی بوونەش لەگەڵ ڕەوتی وێنە هەڵقوولاوەکان و کرۆزانەوەی ئیقاعی ناوەوە، هەم لێکدوور کەوتنەوەو هەم لەیەکنزیک بوونەوەیان سەردەکات، لە میانی ئەو یارییەش وەک گوتمان ڕوخساری گوتار بۆ بیرکردنەوەی شاعیر بەجێ دەمێنێ «کە پێشتر وەک هەیکەلی گشتی گوتار قسەمان لێکرد» تا کۆتایی دەقیش درێژە بەخۆی دەدات. کەواتە ئەگەر ماناکانی «تازە درەنگە بۆ سەیر کردنی خۆرئاوا» دەلالەت لە ئەزموونی تراژیدییانەی زیندەگی مرۆگەلێک بکات، ئیقاعی ناوەوەش خۆی لەو غەمە چڕ بکاتەوە، ئەوا لەلایەکی دیکە بەهۆی تۆڕی وێنە هەڵقوولاوەکان و مەسافەکانی نێوان هەیکەلی گشتی گوتارو ڕوخساری گوتار، بۆشایی ناوەوە بەرزتر دەبێتەوە، یاخود بە مانایەکی تر پوچگەرایی و بێهوودەیی تێڕوانینی شاعیر بەرجەستە تر دەبێت. بەمجۆرە سەرەڕای ئەوەی بەهۆی بەکارهێنانی فرمانەکانی ڕابردوو دەکەوینە ژێر هێزی ئیحای زەمەنە دوورەکان، بەڵام لە دووتوێی بە دواداچوون و خوێندنەوەی دوالیزمی چەمکی «درەنگە-مانەوە» ئەو ئیحایە وەک فیکر نابێتە ئەلتەرناتیڤی ڕابردوو، چونکە هەڵقوڵینی وێنەکان و بۆشایی ناوەوە لە پرۆسەی نووسینی شیعر پێش فیکر دەکەوێت «یان بەمانایەکی دیکە لەم قەسیدەیەدا شیعرییەت پەردەپۆشی فیکر دەکات» ڕاستەوخۆ لە پرشنگەکانی خەیاڵ و شیعرییەتەوە لە دایک دەبێ، هەر لە خودی خوێندنەوەی دواخراوی ئەو پرشنگانەشەوە





وەک دیاردەیەکی ڕۆحی، خۆمان تەماهی ئیقاعی ناوەوە دەکەین.

بەواتایەکی دیکە خودی ڕوخساری گوتار دەکەوێتە دەرەوەی دیاردەی عەقلانییەتی منی شاعیرو وەک شوێنی بەدواداچوون و کەشف کردن و ئیشکردنی خوێنەرو ئیقاعی ناوەوە خۆی وازی دەکات.

کەواتە ڕۆشنکردنەوەی ئەو ڕوخسارە بە دینامیکییەتی خەیاڵ و ساتەکانی هەڵقوولینی وێنەو ئیقاعی ناوەوە بەندە، بەو مانایەش هەمیشە وێنەی شیعریی و ئیقاعی ناوەوە شوناسی تایبەتی خۆیان لە دووتوێی هەیکەلی گشتی گوتارو ڕوخساری گوتار دەخەنەڕوو. هەروەها دەشێ بڵێین لەم قەسیدەیەدا ئەو شوناسە بە بزاڤی دوالیزمیەتی بیرکردنەوەو پارچە پارچەبوونی گومان و وێنە هەڵقوولاوەکان و کرۆزانەوەی ئیقاعی ناوەوە بەندە، پرسیارە ئەنتۆلۆژییەکانی شیعریش لە چەمکی ئەو شوناسەوە لە دایک دەبێت، بەمجۆرە پێوەندییە ئەنتۆلۆژییەکانی شیعر دەکەوێتە دەرەوەی هۆیەکان و هەر لەمەشەوە دەتوانین بڵێین داهێنانی شیعر دەکەوێتە دەرەوەی مێژوو، واتە لەمیانی ساتەوەختی کڵپە کردنی خەیاڵی نووسین و وێنەی لە ناکاوی شیعریی و ڕژانی ئیقاعی ناوەوە وجودی شاعیر تەماهی ڕوخساری گوتار دەبێت.

بەم جۆرە راستەوخۆ خەیاڵ دەلالەت لە ئازادییەکانی نووسین دەکات، بەڵام ئەو ئازادییە لە نەبوونی جیاوازییەکانەوە لەدایک نابێ، بەڵکو دەشێ ئاستێک بێ لە هاوگونجانی جیاوازییەکان، ئەو ئاستە باڵایەی هاوگونجانی جیاوازییەکانیش لە پرۆسەی شیعردا بە سەرکردنی شیعرییەتەوە تەواو دەبێ، وەک گوتمان خودی ئەو سەرکردنەش بە خەیاڵی داهێنەرانەوە بەندەو ڕاستەوخۆ دەلالەت لە ئەنتۆلۆژییەتی گومانەکانی منی شیعر دەکات.

کەواتە ئەگەر چوونەوە نێو سروشت دەلالەت لە بنبەستبوون و خۆشاردنەوەو خۆ ونکردن بکات، ئەوا هێزی گومانکردن و پرسیار لە «تازە

درەنگە»دا نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بە دەمامکەکان و ئیشکالییەتی چەمکی «مانەوە»وە پەیوەست دەبێ کە ناکۆکی هەیکەلی گوتاری لە خۆدا هەڵگرتووە، بەو مانایەش بەدحاڵی بوونێک دەکەوێتە نێوان چەمکی «چوونەوە-مانەوە»، خودی ئەو بەدحاڵی بوونەش بە «منی ڕووداو جوانوتن» پەیوەستە، بەو مانایەش ئەگەر منی ڕووداو هەڵگری تراژیدیای تازە درەنگە بێ و ئیقاعی ناوەوە لە خۆبگرێ، ئەوا جوانوتن لە سەیرنەکردنی خۆرئاوا، هەوڵدەدا کۆمەڵێک ئیحای ئیستاتیکی فرە ڕەهەندو فرە دەمامک لە دووتوێی وێنەی شیعریدا پێشکەش بکات، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو خوێندنەوەیە خوێندنەوەی ئیشکالییەتێکە کە هەرگیز بەکارەساتەوە پەیوەست نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ شیعرییەتی کارەسات لە خۆ دەگرێ، بەڵام ئەگەر شیعرییەتی کارەسات خۆی لە هەڵەکانی مێژوو بخشێنێ، بەو مانایە نییە کە خەونەکانی لە ڕابردووەوە هەڵگرێتەوە، بەڵکو دەشێ بەو مانایە بێت کە چاو لە کۆمەڵێ خەون دەکات کە لە داهاتوودا دەڕژێ، لە دووتوێی ئەو مانایەش کاتێ شیعرییەت لە هەڵەکانی مێژوو هەڵدەقولێ، چوارچێوەکانی شوێنکات دەتوێنەوە، توانەوەی شوێنکاتیش هەمیشە دەلالەت لە ئێستای ئازادەکانی شیعرییەت دەکات، خەونی شیعرییەتیش هەمیشە لە داهاتوودا دەڕژێ و بەرەو ئێستا دەکشێ، نەک لەو داهاتووەی کە خەونەکانی بەڕابردووەوە بەندە.

لێرەدا ئەگەر ڕوخساری گوتار وێنەی بوونی منی شاعیری بەرز کردبێتەوە، ئەو وێنەیەش خەونەکانی «مانەوە» پەنجەی بۆ درێژ بکات، ئەوا شیعرییەتی دەق لە تەماهی کردنی «چوونەوە»دا هەیکەلی گشتی گوتار بەرز دەکاتەوە، بەڵام نەک بەو مانایەی کە سەلەفییەت هەڵگریەتی، بەڵکو بەو شێوەیەی کە شیعرییەت دەیخاتەوە.

بەمجۆرە دەتوانین لە دووتوێی دابەشکردنی ئارەزووە خودییەکان و





مەرجە بایەتییەکان- مەرجە خودییەکان و ئارەزووە بابەتییەکاندا دەستنیشانی پانتایی گومانەکان و پوچگەرایی و شیعرییەتی گوتارو شیعرییەتی بۆشاییەکان بکەین، ئەویش نەک لە دووتوێی دووبارە داڕشتنەوە «وەک بونیادی ژێرخان»، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە خوێندنەوەی جیاوازییەکانی ڕوخساری گوتارو ئاخاوتنە بێدەنگەکانی هەیکەلی گوتار.

# خۆشترین ساتەوەخت بەلامەوە لە تەقینەوەی خەیاڵی وشەوە هەڵدەقوڵێ، لەوێدا بە بیرکردنەوەدا دەڕۆم

**کە ئەدیبێک دەدوێنین، مەرج نییە پرسیارەکانمان لە چوارچێوەی ئەدەبدا قەتیس بکەین و کێشە گرنگەکانی تری ڕۆشنبیری فەرامۆش بکەین، بەو پێیەی ئەدەبیش بەشێکە لە بونیادێکی گەورەتر کە سەرجەم بابەتە کولتووری و فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی تر لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوەو هەریەکە لەو بوارانە لەگەڵ یەکتردا لە کارلێکی بەردەوام و ڕاستەوخۆ یان شاردراوەدا دەبن. واتە قسەکردن لەسەر ئەدەب بە بێ قسەکردن لەسەر کێشە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی تر، قسەکردنێکە ناچێتە ناو جەوهەری ئەدەب.**

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، وەک شاعیر و ڕەخنەگر، کە قسە لەسەر ئەدەب دەکا، بە ناچاری باز دەداتە سەر بابەتەکانی تری پەیوەست بەرپرەوەکانی ئەدەبەوە، چونکە پێی وایە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەدەبەی قسەی لەسەر دەکا، لەناو تایبەتمەندییەکانی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەوە دێتە دەرێ کە بەرهەمی هێناوە. لەبەر ئەوە، لەم گفتوگۆیەدا، پتر لەتەوەرێک و پتر لە دەرگایەکمان بۆ قسەکردن کردەوە.**

**سازدانی گفتوگۆ: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**





*** تۆ دەقی شیعری و دەقی ڕەخنەییش دەنووسی، لێرەدا دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر کاریگەریی هەریەکەیان بەسەر ئەوی تریانەوە هەیە، یەکەمیان پێی وایە ئەگەر شاعیر خۆی بەکاری تیۆری و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییەوە خەریک بکات، ئەوسا قودرەتی شیعر نووسین و خەیاڵێکی فراوانی شیعریی لەلا کاڵ دەبێتەوە، دووەمیان وای بۆ دەچێ نووسینی ڕەخنەیی لەتەک نووسینی شیعریدا دەتوانێ دەقی شیعری لە فیکرو مەعریفە نزیک بکاتەوە کە لێرەدا شاعیر بەئاگایی و ڕۆشنبیرییەکی شیعریی پترەوە شیعرییەت بەرجەستە دەکا.**

**لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا کامیان پتر لە ئەدەب نزیک دەبێتەوە؟ ئایا لەلای تۆدا کاریگەریی کام یەک لەو دوو شێوە نووسینە، کارەکە پارسەنگ دەکا؟ ئاخۆ لەم نێوانەدا و لە لەحزەی نووسیندا- بەتایبەتی نووسینی شیعری - شپرزەییەکت لەلا دروست ناکا؟**

– ئەم پرسیارە بە جۆری جیاواز، زیاد لە جارێک لە من کراوە.. دیارە بەلای منەوە مەسەلەی نووسین، مەسەلەیەکی تەمومژاوییە، ئەگەرچی تا دوێنێ بە سروش و جۆرێک لە دەسلێدانی شەیتانانەو.... هتد پێناسە دەکرا، دەمەوێ بڵێم هەموو ئەوانە ڕاستە دەستیان لە وەجووڵە خستنی نووسەر هەیە و دەستیشیان نییە، بەڵام بەرلەوەی خۆمان بخەینە ئەو ئیشکالیەتەوە، نووسەر دەبێ خاوەنی هێزی بیرکردنەوەو خەیاڵ و بینین و بەرجەستەکردنی نەبینراوو نەوتراوەکانی بێت، بە جۆرێکی دیکە ناکرێ ئامرازەکانی نووسین و کەرەسەکانی ئاوا بە ڕووکەشی و سادەییەوە دیاری بکەین و ڕێڕەوەکانیان دەسنیشان بکەین، دیارە کە دەڵێم نووسین مەبەستم نووسینی ئیبداعییە، ئیبداعیش هەمیشە بە پێوەندییە ئازادەکانی ڕۆح و عەشق و سووتانەوە بەندە، یاخود ئەوساتە وەختە دەرەوشاوانە لە خۆدەگرێت کە نووسەر لە حاڵەتی نووسیندا خۆی تەماهی دەکات، هەڵبەتە ئەو

حاڵەتانەش، حاڵەتی زۆر دەگمەنن.

کەواتە ئەگەر لە ڕوانگەی بیرکرنەوەو خەیاڵەوە بەدوای نووسیندا بچین، دەشێ پرنسیپەکانی فیکرو مەعریفەو ڕۆشنبیری بخەینە دووتوێی پرسیارەوە، چونکە بەو مانایە ناشێ سەرچاوەکانی نووسین بە تەواوی بەمەعریفە و فیکرەوە ببەستینەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەش، نووسین بێ بنەما پتەوەکانی فیکرو مەعریفە و ڕۆشنبیری هەرگیز ناشێ درێژە بە خۆی بدات. لە تێکڕای ئەمانەشەوە، دەمەوێ بڵێم نووسین حاڵەتێکی شازە، یان دەشێ بڵێم نزیکبوونەوەیە لە چرکەی درەوشانەوە.

واتە لەلایەک گرتنی ئەو چرکانەیەو لەلایەکی دیکەوە خۆ بەتاڵکردنە لەم چرکانەدا، بەمانایەکی دیکە، ئەگەر گرتنی چرکە درەوشاوەکان لە دووتوێی زماندا تەعبیر لە دەقێکی ئیبداعی- شیعر- بکات، ئەوا خۆ بەتاڵکردن لەم چرکانە یاخود خۆبەتاڵکردن لە چرکەساتی هەڵایسانی حاڵەتەکاندا تەعبیر لە دەقێکی ئیبداعی- ڕەخنەیی- دەکات، ئەوەش بەگوێرەی پرسیارەکە خاڵی نزیکبوونەوەیان دەکێشێ، هەروەک خاڵی لێکدوورکەوتنەوەشیان زۆر بەوردی پێوەندی بەجۆری هەڵخلیسکانی زماندا هەیە.

لێرەدا ئەگەر دەقی شیعری هەڵخلیسکانی ماهییەتی زمان بێت، ئەوا دەقی ڕەخنەیی هەڵخلیسکانی وتراوو بینراوەکانە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، لە میانی هەردووکیانەوەش دەشێ بڵێم ئیبداع واتە خەیاڵی زمان لە دووتوێی دەقی نووسراودا، بەو مانایەش دەقی ئیبداعی خۆی لە خۆیدایەو بێ ئامانج دەکەوێتەوە، کەواتە بێ کۆتاییشە و لە هەموو زەمەنەکاندا بوونێک بە خۆی داگیر دەکات.

زمان لە ئیبداعدا ماهییەتی بوونە و ئەڵقەی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەرە، بەڵام پەیدا بوونی خوێنەر سەرچاوەکەی بە جەوهەری ئیبداعەوە





پەیوەست نییە، یاخود مەرج نییە هەموو خوێنەرێک بتوانێ بەشێک بێ لە ئیبداع، یان بەشداری پرۆسەی ئیبداع بکات.

ئەگەر ئیبداع دواجار لە داماڵینی توێکڵەکانی ماناوە بگاتە جەوهەری خۆی، کەواتە ئەو جەوهەرە لەوە گەورەترە ڕاستەوخۆ تێکەڵی شتەکان بێ، بەڵکو دەشێ لە ڕێگەی ناوەکانییەوەو یان لە ڕێگەی تایبەتمەندییە لەبن نەهاتووەکانی خۆیەوە، خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات، هەر بەو مانایەشەوە دەقی ئیبداعی دەقێکی تا ڕادەیەک تەمومژاوییە، مەبەستی تەمومژاویش لێرەدا دەشێ خۆی بخاتە پاڵ کرداری ئیستاتیکای ناوەکانەوە، یاخود بۆ زێتر ڕوونکردنەوە دەکرێ بەجۆرێکی دی بڵێین: یەکەمجار دەقی ئیبداعی تەمێکە- ئاوێنەیەکی لێڵە- پاشان لەساتەوەختی دەستلێدان و خوێندنەوەوە گیانی وەبەردێت، هەر لەو گیانەشەوە نەمری بۆ خۆی وەدەست دێنێ، بەو مانایەش خوێنەر دەبێتە هەڵگری ناوەکان و تایبەتمەندییەکان، یاخود ئەوان کۆمەڵێک دەرگا بۆ خوێنەر دەکەنەوە، دەقی ڕەخنەییش بەو مانایەی کە ئێمە مەبەستمانە، ئالێرەدا جوانتر خۆی دەنوێنێ، یاخود دەشێ پرسیاری دەقی ڕەخنەیی لێرە وەڵامەکانی خۆی هەڵگرێتەوە، بەڵام ئایا ڕەخنەگر تەنیا ئاوێنەی ناوەکانە؟ ئەگەرچی لەلایەک دەشێ هەر تەنیا ئاوێنە بێ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەشێ دووبارە ڕەنگدانەوەی تیشکەکانیش لە خۆ بگرێت، هەر لەمیانی ئەو پرۆسە ئیبداعییەشەوە، ناو لە دنیای خۆی دەنێ، لەلایەکی دیکە ئەگەر مەوزوعییەتی دەق شتێک بێ، دەشێ خوێنەر بڕوای پێ هەبێ و هەر لەو میانەشەوە هاوکێشەی ئیبداعی خۆی تەواو دەکات.

کەواتە ئیبداع شتێکی لێکدراوە، هەڵگری کۆمەڵێ خەسڵەتە، لە میانی ئەو سیفەتانەوە مەوزوعییەتی دەق لە دایک دەبێ و هاوکێشەکە دێتە دنیاوە. بەرلەوەی زێتر درێژە بەو مەسەلەیە بدەم، دەمەوێ ئاماژەیەکی خێرا

بە شعوری ئیبداع بکەم، بەڵام ڕەنگە ئەو ناونانە، یاخود دابەشکردنی ئیبداع بۆ شعوورو ناشعوور تۆزێ تەگەرەمان بۆ بسازێنێ، بەڵام بە تەئکید هیچ پێوەندییەکی بە دابەشکردنی «فرۆید»انەوە نییە، تەنیا دەمەوێت خودی ئیبداع بەتەواوی هێزە مرۆڤایەتییەکانەوە بەبەستمەوەو لەوێشەوە بەو فراوانییەی خۆی قسەی لەبارەوە بکەم، یاخود دەمەوێ لەو هەموو هەستە ڕووکەش و ئیفلیجانەوە دەربازی بکەم، کە هەوڵدەدەن لە شوێنی ئەو بێنە قسەکردن، ئەو هەستە وردو خاشکراوانە لە ژێر باوەڕی تەقلیدییەوە دەناڵێنن، لەولاشەوە لەبەر چاوی خوێنەری کاڵفامەوە دەچنە بۆتەی ئیبداع، یاخود کۆمەڵێ دەمامک بۆ نزیکبوونەوە دەخەنەڕوو، کە هەرگیز ناشێ خوێنەری هوشیار بڕوای پێ هەبێ.

لێرەدا ئەو هەستە نەخۆشەی کەوەک بەدیلی ئیبداع قسە دەکات، زۆرجار جەوهەری ئیبداع لەکەدار دەکاو دەیخاتە دواوە بۆ ئەوەی بڕوای خوێنەر بۆخۆی فەراهەم بکا، ئەگەرچی ئەو هەستە نەخۆشە لەکۆمەڵگەی مەدەنی وپێشکەوتووەکاندا هێزی قسەکردنیان بەتەواوی پووچ بۆتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا جگە لەهێزی قسەکردن هەڵگری قەناعەتیشن، ببوورن بە ناچاری پانتاییەکەی ئەدەبی خۆمان لەخودی پرسیارە سەرەکییەکە دوورکەوتەوە، بەڵام هەرچۆنێ بێ هەر لەخودی ئەو بنەڕەتەوە، ئیبداع شتێکە دەشێ بکەوێتە دەرەوەی شتەکانی دیکەوە، لەلایەکی دیکەش مەرج نییە داهێنەر هەر کەقەڵەمی گرتە دەست ئیتر چاوەڕوانی داهێنانی لێ بکرێت، جا ئەوە ئەگەر بەنسبەت ڕەگەزێکی ئەدەبی نەشیاو بکەوێتەوە، بێگومان لەمیانی دوو ڕەگەزی جیای وەک شیعرو ڕەخنە ڕەنگە قورستر خۆی بخاتە ڕوو، وەک وتمان مەسەلەکان دەکەونە سەر لەحزەی نووسین و حاڵەتی نووسین، هەروەک بەدیوی ئەودیویشدا ڕۆشنبیری و فیکرو مەعریفە- وزەی ڕۆحی و خەیاڵ وتوانا- دەوری خۆیان دەگێڕن،





بەو مانایەش دەشێ هەم کاڵبوونەوە بێ و هەم تۆکمەکردن، چونکە وەک وتم حاڵەتی نووسین، هەرگیز سروشتی نییە، چرکەساتی نووسین، چرکەساتی تەقاندنەوەی خەیاڵی وشەو شێت بوونی نووسەر لەخۆدەگرێت، بەدیوەکەی دیکەشدا وازهێنانە لەچەمک و پێوەندییە باوەکان و دروستکردنی کۆمەڵێ پێوەندی و چەمکی نوێیە لەسەر ئاستی پرسیارو پرسیاری مەعریفی.

* **تۆ لەنێوان کۆمەڵە شیعری (سێبەری ئاو) و (بازەمەنێک لەتەمەشاکردنی ئاو بەڕۆژوو بێن)دا، چۆن تەماشای «شیعر» دەکەیت. بەمانایەکی تر: ئایا دەشێ کەمێک لە حاڵەتە شیعرییەکان و داڕشتنی ڕستە شیعرییەکان بدوێیت؟**

— من لەزۆربەی باردا لە خەیاڵی وشەوە، بەبیرکردنەوەدا دەڕۆم، ئەوەش هەرگیز بەمانای ڕەتکردنەوەی وێنەو ڕووداو.... نییە، یاخود بەمانایەکی دیکە لە خەیاڵی وشەوە، ڕستەو وێنەکان دادەڕێژم، ئەودیو شتەکان دەبینم، تەقینەوەی وشە ئاراستەکانی ڕەوانی و جوان وتن و سیحری وەشاندن وبیرکردنەوەم بەرفراوانتر دەکات، وێرای ئەوەش زۆرجار وێنەو ڕستەو حاڵەتی شیعری باڵ بەسەر خەیاڵدا دەکێشن، پڕ بەپڕی هەموو ئەو قسانەش حاڵەتی شیعری و ساتەوەختی نووسینی شیعری لای من پێشبینی نەکراوە، یاخود دەمەوێ بڵێم لەپڕۆژەیەکی بەرایی و نیازو فیکری دەسنیشانکراوەوە، خۆم ناخەمە دنیای شیعر...هتد خۆشترین ساتەوەخت بەلامەوە لەتەقاندنەوەی خەیاڵی وشەوە هەڵدەقولێ، لەوێدا بەبیرکردنەوەدا دەڕۆم و لە دووتوێی ئەو بیرکردنەوەیەش گەمەیەکی شێتانە لەگەڵ خەیاڵی وشەدا ئەنجام دەدەم، ئەو گەمەیەش لەسەر حیسابی وجودی خۆم دەکەوێتەوە.

* **کەواتە دەکرێ بپرسین، بەو مانایە شیعر حاڵەتە تایبەتی و**

**نائاگاییەکانی شاعیر دەردەخات، یان ئاگایی (ڕۆشنبیری)؟ دواجار بەهەردوو دیودا، ئایا شیعر دەتوانێ مەعریفە بەرهەم بهێنێ؟**

– ڕەنگە حاڵەتی شیعری کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆی هەبێ و چرکەساتی تایبەت بە خۆی داگیر بکات، لەپرۆسەی نووسینی شیعریدا هەمیشە شاعیر دەبێ بگاتە ئازادی بەرفراوانی دنیاو فڕین و بیرکردنەوە، بەو مانایەش ئەگەر بتوانین بڵێین خاسیەتەکانی شیعر لە فرە ڕەهەندیدا خۆی دەنوێنێ، ئەوا وزەی خەیاڵ و بەدیوی ئەودیویشدا شیعرییەت هێڵە سیحرییەکانی شیعر دادەڕێژێ، واتە ئەگەر بیرکردنەوە بەئەزموونی بیرەوە پەیوەست بێ، یاخود لەئاگایی و مەعریفەوە سەرچاوەی گرتبێ، ئەوا شیعرییەت چێژی ئیستاتیکی لەخۆ دەگرێ و بەخەیاڵەوە خۆی بەند دەکات، بەو مانایەش شیعر دەکەوێتە سەر هێزی تەواوی ژیان و مرۆڤدۆستی، چونکە ئەگەر لەلایەک ئارەزووە کەبت کراوەکانی خود لەخۆبگرێ، یاخود ئارەزووە کەبت کراوەکان بتەقێنێتەوە، ئەوا لەلایەکی دیکە بنەماکانی شیعر خودی ئاگایی فیکری و مەعریفی دەگەیەنێت، یاخود بەتەواوی دەکەوێتە سەر ئارەزوو وتوانای ڕۆشنبیرییەوە، بەمجۆرە لەنێوان بنەما فیکری و مەعریفییەکان و ئارەزووە کەبت کراوەکان پڕۆژەو مەبەستێکی دیاریکراوو شوێنکاتی دیاریکراو بۆ تەقینەوەی شیعر ئەسڵەن وجوودی نییە.

بەجۆرێکی دیکە ئەگەر ناشعوور جەوهەری شیعر بێ، ئەوا توانای ڕۆشنبیریی و فیکری و مەعریفی، هەموو ئەو ڕەمزو ناونان وکردەو سیفەتەکانی دیکەی شیعری دەخاتە ئەستۆی خۆی، واتە دەبێتە ئەو تۆڕەی کە دواجار لەدووتوێی شیعرییەتی ناشعوورەوە بەشێوەیەکی سەر سووڕهێنەر، نامەعقولەکان وەک مەعقول دەخاتە ڕوو، بەدیوی ئەو دیویشدا لەسەر ئاستی مەعریفەوە دەشێ ئاماژە بێت بۆ دۆزینەوەی نادیارو نەبینراو،





یان دواندنی نەگوتراوەکان بێ لەپاڵ گوتراوەکاندا. بەمجۆرە فیکرو مەعریفە بەهۆی تەقینەوەیان لەنێو شیعردا خۆیان لەکۆت و بەندەکان رزگار دەکەن «هەمان شێوە شیعرییەتیش دەگرێتەوە». واتە مەعریفەو فیکری شیعری لەو جووڵەو تەقینەوانەدایە، لەدووتوێی پرشنگە تەبا و ناتەباکانی فیکرو مەعریفە- شیعرییەت بەخوێنەر دەبەخشی «هەمان شێوە شیعرییەتیش، واتە دەشێ لەدووتوێی شیعرییەتەوە فیکرو مەعریفە بگرین».

بەو مانایە شیعر مەرج نییە ڕاستەوخۆ دەلالەت لە فیکرو مەعریفە بکات، بەڵکو دەشێ بەشێک لە فیکرو مەعریفە نەک بەڕێگەی گەیاندن، بەڵکو بەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی و ڕەوانبینی شتەکان لەدووتوێی (ئیحا)دا پەرت بکات.

بەڵام بەنسبەت «ڕەخنە» تەواو پێچەوانە دەکەوێتەوە، بۆ نموونە دەشێ ڕەخنەگر بەشێوەیەکی گشتی لەدووتوێی میتۆدە مەعریفییەکانی خۆیەوە، راستەوخۆ فیکرو مەعریفە بەخوێنەر ببەخشێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ تەنیا ئیحا ببەخشێ. کەواتە لێرەدا تایبەتمەندییەکی شیعری لەمەعریفەی شیعردا هەیە، ئەویش دەستبردنە بۆ شتە فەرامۆشکراوو نەگوتراوەکان، شتە کەبت کراوو خەفە کراوەکان، ئەو شتانەش لەبری ئەوەی بکەونە سەر ڕاستییەکان، ڕاستەوخۆ بە پرسیارەوە خۆیان دەخەنە ڕوو، بەمانایەکی دی لەنێوان ئاگایی و نائاگایی حاڵەتی شیعرییدا، ئەگەر دەریچەیەک هەبێ بۆ ڕوانین، خودی ئەو دەریچەیە بە پرسیارەوە دەلکێ، بەڵام ئایا خوێنەر چۆن دەتوانێ لەمیانی شیعرییەتدا فیکرو مەعریفە بگرێ، چونکە وەک وتمان شیعر هەمیشە هەوڵدەدات لە پێچەکانی خۆیدا یان لە دووتوێی شیعرییەتدا لەبری مانا، ئاماژە ڕەسم بکات، بەمەش خوێنەر تەواو لە دنیای ئاماژەکاندا ون دەبێت، یاخود بەمانایەکی دیکە شیعر لەم دنیایەدا

خۆی ون دەکات، جا بۆ دۆزینەوەی دەبێ لە میانی ڕووی دەست لێ نەدراوی موفرەدە زیندووەکانەوە پرسیارەکان بگرین، ئەو پرسیارانەی لە شیعرییەتی ڕستەوە دەڕژێ هەر خۆی دەبێتە فیکر.

*** بەو مانایەی تۆ خستتە ڕوو، ئایا گرتنی فیکر لەلای خوێنەر چ دنیایەک دەکێشێ؟ یان: لەدووتوێی لێوردبوونەوەی خوێنەردا چۆن دەکەوێتەوە؟**

– خوێنەر لەحاڵەتی بەدواداچوونی فیکرو گرتنی فیکردا، یاخود لەکاتی تەماهی بوون و بەشدار بوونی لەهێنانەدی دەقی ئیبداعیدا وجودی خۆی بەهەموو ماناکانەوە ون دەکات، لەبری ئەوەش چێژو خۆشی شوێنی دەگرێتەوە، تاقە وجودێ لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پراکتیزەکردنی چێژە، بەو مانایە دەق دەبێتە ئەو دنیایەی کە نووسەرو خوێنەر وجوودیان تێدا ون دەکەن، ئەو خۆ ونکردنەش ڕاستەوخۆ بەدڵەڕاوکێ و گومانەوە بەندە، ئەو دڵەڕاوکێ و گومانەی کە دەق دەیهێنێتە ئاراوە، ئاسۆ واڵاکانی چێژە...

*** شیعری کوردی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا، پتر لە گۆڕان و گواستنەوەیەکی بینیوە، مەبەستم لەسەر ئاستی زمان و دەلالەتی شیعری و دەربڕین و مەعریفەشدا. ئایا شیعری کوردی لەم ئاڵوگۆڕەی خۆیدا توانیویەتی پرۆژەی «جیاوازی» دروست بکات؟ یان: توانیویەتی «جیاوازێتی» دەربخات، بەجۆرێ بتوانین هێڵە جیاوازەکانیان دەستنیشان بکەین؟ ئەگەر توانیویەتی، چۆن ئەو هێڵانە جیا دەکەیتەوە؟ بەمانایەکی تر: هێڵە جیاوازەکان کامانەن؟**

– قسەکردن لەو پرسیارە، بە زەرووڕەت خوێندنەوەیەکی مێژوویی لەخۆ دەگرێت و لەوێشەوە لەگێڕانەوەی گەورەو داڕشتنی بەهاکان نزیکمان دەکاتەوە، یاخود بەمانایەکی دیکە بۆ ئەوەی دەست بۆ ئەو مەسەلەیە بەرین لەپێشدا پێویستە ڕەسەنێتی شیعری کوردی، یاخود نەگوتراوو





نەبینراوەکانی خودی کوردی بچەسپێنین و دەمامکە دەسکردەکانیان هەڵدەینەوە، یاخود لەدەرەوەی بینراوی کوردییەوە، دەبێ بەدوای گوتارە ڕەسەنەکان و بنەڕەتیەکان و سایکۆلۆژیەتی کوردیدا بگەڕێین کە ئیروتیکای شیعری کوردی لەخۆ هەڵگرتووە دواجار چۆن دەتوانین پێوەندییەکی جەدەلی بۆ جێبەجێ کردن بخەینەوە، یاخود چۆن بەکردەیەکی عەقلانی پرسیار دروست دەکەین...

*** ئەگەر بتوانین لە «گۆران»ەوە قسە بکەین، یان ئەو ئیرۆتیکا ڕەسەنەی کەتۆ خستتەڕوو بە «گۆران» پەیوەستی بکەین، ئایا هێڵە جیاوازەکان چۆن دەگرین؟**

– کە دەڵێین شیعری کوردی، بەواتا ڕوونەکەی دەکاتە بوونی کۆمەڵگای کوردی، دەشێ ئەو مەرجەش وەک دیاردەیەکی مێژوویی بە وەزیفەی گوتاری ئیرۆسیەتەوە بەند بکەین، یاخود دەشێ بڵێین ئەو هێزەیە کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئاگاییەوە مێشک و زەینی ئادەمیزادی داگیر کردووەو دەچێتە نێو هەموو کارەکانیەوە، ئەو هێزە، هێزی زمانە، کەلەبنەما عەقڵی و رۆحی و ئەتنی.... کوردییەوە هەڵقوڵاوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، مەرجی بوونی کۆمەڵگە دەوروژێ، یاخود لە دەرئەنجامەکانی ئەو هێزەوە دەشێ تایبەتمەندێتی خودی کۆمەڵگە و سروشتی عەقڵی و ڕۆحی وئەتنی دیاری بکەین.

کەواتە مەرجی بوونی کۆمەڵگە بەبێ گوتاری ئیرۆسی نادیارە، هیچ گوتارێکیش بێ بوونی زمانی هاوبەش بوونی نییە.

لێرەدا دەمەوێ دەست بۆ تایبەتمەندێتی کۆمەڵگەی کوردی بەرم، بەڵام دواجار لەنێوان هەستی کۆمەڵگەو خودی کۆمەڵگە، یان بینراوی کۆمەڵگەو نەبینراویدا، واتە مانا رووەکی و سیاسیەکان و ماناقوڵ و مەعریفیەکاندا دووچاری کۆمەڵێ ئیشکالیەت دەبینەوە، چونکە هەستی

کۆمەڵگەی کوردی وبینراوی کوردی بەهۆی مانای سەپێنراو وێنەی سەپێنراو، یان فەرزکردنی کۆمەڵێک کەشوهەواو بیروباوەڕو دابونەریتی جیاوازەوە لە بونیادی خۆی جیابۆتەوە، بەمانایەکی دی بەرامبەر بەخۆی دووچاری نامۆبوون هاتووە، بەو مانایەش ئەگەر شیعر وەک ئاماژەمان بۆ کرد، پێوەندی بە تەقینەوەی هەست و نەستەوە هەبێت، ئەوا شیعری کوردی دەشێ هەمیشە لەدووتوێی ئەو پێوانەیەدا بینراو بەرێوەی بردبێت، خودی ئەو ئیشکالیەتە زەمەنی مانا سەپێنراوەکان هێڵە پانەکەی دادەڕێژن و ئەوەش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەرامبەر ئیرۆتیکای کوردی، یاخود زەمەنی سایکۆلۆژیی کوردی.... لێرەدا دەشێ بڵێین وەهمەکانی کوردی ڕاستەوخۆ بەو مەسەلەیەوە بەندە، بەو مانایەش بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ شیعری کوردی، دەبێ مانا ئیرۆتیکەکان، لەنەستی کوردیدا بدۆزینەوە، دەبێ هەستی گشتی کوردی لەنێو زمانی کوردیدا بخەینە ڕوو.... کەواتە ئێستا ئەو پێوانانەی کەشیعری کوردی پێ دەپێورێ لەباشترین حاڵەتدا دەکەوێتە سەر بینراوی کوردی و دووره لە ماهییەت و بەهای ناوەوە، بۆیە ناشێ لەزەمەنی مانای سەپێنراوەوە بەهای ئیبداعی کوردی دیاری بکەین، دواجار ئەو ماناو وێنە سەپێنراوانە لەبەرژەوەندی تراژیدیانەی ناوەوەو نەگوتراوو حەرامکراوەکانی کوردییەوە خۆیان نیشان نادەن، بەڵکو هەوڵی زێتری شێوان و نەگەیشتنیان لە ئەستۆی دەبێتە بار، بەو مانایە هەموو پاساوەکان لەدەرەوەی حەقیقەتی کوردەو لە دەرەوەی ماناقوڵ و مەعریفیەکانەوە بەپێی مانای ئەویدیکەوە شتەکان دیاری دەکات...

ڕاستە «گۆران»ی شاعیر هەوڵی پوختەکردنی زمانی کوردی دا، بەڵام هەرگیز ئەو هەوڵ و کۆششەی (گۆران) ناچێتە خانەی گۆڕانەوە، بەڵکو بەپێی هەمان بنەمای «عەقڵی زیندانی کراو»، درێژەی بەماناو وێنە سەپێنراوەکانی داو نەیتوانی لەم نێوانەدا بەهایەک بۆ نەبینراو و





نەگوتراوەکانی گوتاری کوردی بگێڕێتەوە، ئەوەو سەرەڕای کۆت و بەندی (نوێ).

دەشێ بڵێیم تاقە هەوڵێک کەتوانی لایەنێک لەلایەنەکانی خودی کوردی لەخۆ بگرێت «ڕوانگە»بوو، ڕوانگە لەگەڵ تەواوی ئیشکالیەتەکانەوە، هەوڵی دا ئاراستەی شیعری کوردی دیاری بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەرەتای دروستبوونیەوە غەمی ئەوەی نەبوو دیراسەی بنەماو سەرهەڵدان و دروستبوونی هۆیەکان و فاکتەرەکانی بەردەوامبوونی بینراوی کوردی بکات و هێڵەکانی دەسنیشان بکات، یاخود لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرییەکی گەورەو ئاگاییەکی بەرفراوان و فیکرێکی سەربەخۆی لەپشتەوە نەبوو، بۆیە نەیتوانی هەڵوەشانەوەو تێکشکان لەدووتوێی بینراوی کوردیدا بەئەنجام بگەیەنێت، دواجاریش بەرامبەر ئەو هێزەو ئەو دەقە گەورەیەی ئەویدی نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، بۆیە لەباشترین حاڵەتدا خۆی بەزەمەنی سایکۆلۆژی کوردییەوە هەڵواسی، یاخود توانی لەدووتوێی ئەو پاشە کشەیەدا بەشێوەیەکی لاواز، گوتاری ئیرۆتیکای کوردی بەدیوە ڕەمزییەکە پێشکەش بکات، یاخود ئەو بەڕەمز بوونەی لە دووتوێی گوتاری خۆیدا بەدەلالەتی نیشتمانی ڕەنگڕێژ کرد، کە تا ئێستاش خودی ئەو دەلالەتانە لای هەندێ لە شاعیرانی ئەمڕۆ درێژەی هەیە، بەڵام بەهەمان مامەڵە کردنەوە.

ئەگەر شیعر لەناوەوەی خۆی پێوەندییەکی جەدەلیانەی بە ئیستاتیکاو مەعریفەو فیکرەوە هەبێت، ئەوا شیعری کوردی هەمیشە ئەو پێوەندییە لەدەرەوە دەسازێنێ، یاخود لەباشترین حاڵەتدا دوور لەجیهانبینی لەبینراوی مانای سەپێنراوەوە شتەکان دەبینێ، لەناوەوەشدا هەمیشە هەست بەفەراغێکی گەورە دەکات.

کەواتە ئەگەر ئەو فەراغە لەلایەک پێوەندی بە بنەما ڕۆشنبیری و فیکری

و ئاگایی کوردییەوە هەبێت، ئەوا لەلایەکی دیکەوە ڕاستەوخۆ بەنەستی تێکشکاوو خەفەکراوی کوردییەوە بەندە.

*** بەڕای تۆ شیعری کوردی لەنێوان ئیستاتیکاو فیکردا بەچ جۆرێ خۆی نمایش بکات؟**

– دەبێ شیعری کوردی لەدەرەوەی بینراوی کوردییەوە، بیر لە فەزاو ماهیەتی زمانی کوردی بکاتەوە وهەوڵی پڕبوونی بەمانا بدات، چونکە فەزاو زمانی کوردی فەزاو زمانێکە تائێستا نەیتوانیوە خۆی پڕ مانا بکات، پڕ مانا کردنی زمانی کوردی، واتە پڕکردنەوەی فەراغەکان بەفیکرو مەعریفەو ئاگایی، واتە توڕدانی بینراوی کوردی و هێنانەدی نەبینراوەکان، واتە بەرجەستەکردنی بوونی کوردی بە خستنە بری جەستەی کوردی، واتە بەدواداچوون و گەڕانەوەی هەستی گشتی کوردی و بەرفراوانکردنی....

ئەوەی لە «شێرکۆ بێکەس»ەوە تا ئێستا بەلامەوە جوانە، پارێزگاری کردنە لە ماناو وێنەی خودی کوردی لەدووتوێی خۆی «گەرچی بۆ بەدوا داچوونی کلیلی سیحری ئەو وێنەو مانایە و گیرسانەوەیان لەناوەوە و پرشنگەکانیان، دواجار فیکرو شیعرییەت (شێرکۆ) بەدوو بواری جیا لەیەکتر دەبەن، بەجۆرێکی دیکە لەنێوان هاتنە گۆی زمانی شیعرو هاتنە گۆی فیکری شێرکۆدا، دوالیزمیەک بەدی دەکرێت... هیوادارم لە پڕۆژەی داهاتوومدا بەلێکۆڵینەوەیەکی جیاواز لەم وێنە و فیکرە بدوێم» یاخود شێرکۆ پارێزگاری کردنە لە گوتاری کوردی، یان بە مانایەکی دیکە دەشێ گرتن و ئابلۆقەدانی «وێنەو مانا» لای شێرکۆ بەجۆرێکی دی ئەزمەی ڕۆشنبیری کوردی هەڵگرتبێ، یان دەشێ دەربڕی ئەزمەی شووناس بێت و ڕاستەوخۆ دەلالەت لەکێشەکانی ناوەوە بکات، لەلایەکی دیکەش کێشەی کۆمەڵگای کوردی بێ، لەگەڵ هێزە چەوسێنەرەکانی ئەویدی... کەواتە لێرەدا گەڕانەوە بۆ تراژیدیای کوردی و پێ داگرتن لەسەر مانا





سایکۆلۆژییەکان، ڕاستەوخۆ دەلالەت لە بەرجەستەکردنی خودی کوردی دەکەن.

*** چۆن دەکرێ لەنێو ئەدەبدا، زەمەنی کوردی، یان ڕۆحی کوردی، بتەقێنینەوە؟**

– ئەدەب مەسەلەیەکە دەکەوێتە سەر توانای تاک و وزەی ڕۆحی و فیکری و خەیاڵی.. پڕۆژەی جیاوازێتیش بەقەد ئەوەی پێوەندی بەتەباو ناتەباکانی بەرهەم و لەوێشەوە پێوەندی بە ڕۆحی کۆمەڵگەوە هەیە، هێندە پێوەندی بەپڕوپاگەندە و بانگەشەی درۆزنانەی بێ بنەماو دۆگمادا نییە.

لەگەڵ هەموو ئەو ئەزمەیەی کەلە میانی ڕوانگەوە هاتە نێو ئەدەبی کوردی، بەڵام تا ئێستاش بزاڤێکی جیدی وەک ڕوانگە نەهاتۆتە ئاراوە، ئەوەش هەرگیز بەو مانایە نییە کە (ڕوانگە) شتێکی تەواو جیاوازی هێنابێتە ئاراوە، بەڵکو بەو مانایەیە کە (ڕوانگە) هەوڵی دا خۆی لە ڕەمزی ئیرۆتیکانەی کوردی بخشێنێ و ئیشکالیەتێک بخاتەوە. بێگومان هەروەک دەزانین هێڵی جیاواز بەپڕۆژەی ڕۆشنبیری جیاوازەوە پەیوەستە، تاکو ئێرە بەڕای من مەسەلەکە، مەسەلەی دەسنیشان کردنی جیاوازییەکان نییە، بەقەد ئەوەی مەسەلەی دەسنیشانکردنی گێڕانەوەی کوردی و لەلایەکی دیکەش دۆزینەوەی زەمەنە بەهۆی ڕوانینی شاعیرانە و دیتنی شتەکان لە چوارچێوەی فیکرو ئاگایی و خەیاڵی بەرفراوان و ڕۆحی زیندوو.. واتە هەموو ئەو ڕۆحە نەخۆشانەی کە دەقی مردوو دەکەنە ئاڵا، هەموو ئەو ڕۆحە نەخۆشانەی کە ئاگایان لەوە نییە شیعری زیندوو، واتە زمانی زیندوو، واتە گەرم و گوڕی و لێکخشانی سێکس ئامێزو گونجان و جیاوازێتی موفرەدەکان– لەدووتوێی بەرێوە چوونێکی ئیستاتیکانەی فرە ڕەهەند، واتە بەرهەمهێنانی دڵەڕاوکێی مەعریفی بەرامبەر بەدۆگمابوونی کۆمەڵگە، بەرامبەر ژیان و مردن، یان دەشێ ئەو پرشنگە خەیاڵئامێزانە

بێ، کە ڕاستەوخۆ لەنێوان دەروون و هەستەوە لە باڵەفڕەی ئازادانەی خۆیاندان، ئەو پرشنگانەی تاریکی شەو دەبەزێنن...

تکام وایە لەم ژاوەژاوەی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردیدا خوێنەران لەدەرەوەی درۆ لوسەکانی برادەرێتی و ڕاگەیاندنەوە، بەگومان و ڕامانەوە تەماشای بینراوی شیعری بکەن.

*** بابگەڕێینەوە بۆ دەق و ڕەخنە: دەوترێ ڕەخنە دەقێکە لەسەر دەقی یەکەم خۆی دادەمەزرێنێ، ئایا پێت وایە «ڕەخنە» وەک «دەق» مامەڵەی لەتەکدا بکرێ بەجۆرێ لەگەڵ دەقێکی -بۆنموونە شیعری-دا تەریب بکرێ؟ یان ڕەخنە بەجۆرێکی تر مەعریفە بەرهەم دێنێ؟**

- وتمان شیعر تەقینەوەی ماناو شیعرییەتی مانا لەخۆ دەگرێت، کەواتە جیاوازییەک لەنێوان ئاگایی شیعری و ئاگایی ڕەخنەییدا هەیە. ئاگایی ڕەخنەیی وەزیفییە، یان بابڵێین میتۆدێک بەڕێوەی دەبات بەرلەوەی ئەندێشەو ئاگاییەکی شیعری بێت، یاخود بەمانایەکی دیکە ئەگەر شیعر دڵەڕاوکێی مەعریفی، لەدەرەوەی سنوورەکانەوە بسازێنێ، ئەوا ڕەخنە ئەگەرچی خوێندنەوەو جیهانبینی و بۆچوونی خودی خوێنەریش بێ، بەڵام بێگومان لە دڵەڕاوکێی مەعریفییەوە بەدەر نییە، ئەگەرچی دەکەوێتە سنووری دەقێکی دیاریکراو «هەروەک وتمان دەشێ عەقڵییەتێکی میتۆدخوازانە بەڕێوەی بەرێت، لەدەرەوەی تێڕامان و بیرکردنەوەو ڕەوانبینییەوە» بەو مانایە خودی عەقڵیەتی بەڕێوەبەریش دەکەوێتە سەر سروشتی باوەڕ، یاخود دەکەوێتە سەر ئەو هێزە میتافیزیکییەی کە لەزەینی ئادەمیزاد بەهۆی پرۆسەیەکی دوورودرێژی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.... هاتۆتە ئاراوە.

بەهۆی ئەو جیاوازییانەوە، دەشێ خوێندنەوەی دەق و ڕەخنەیی میتۆدخوازانە لێک جیا بکەینەوە، یاخود دەشێ بڵێم خوێندنەوە لەدەرەوەی





میتۆدەکانەوە ڕاستەوخۆ بەخەیاڵ و لێوردبوونەوەی داهێنەرانەو هێزی دەروونییەوە بەندە وپشت بە ڕۆشنبیری و مەعریفەوە دەبەستێ، بەڵام جیا لە قاڵبی میتۆد خوازانە، دەشێ ئەوەش ئیبداع بێ لەسەر ئاستی میتۆدو هێنانەدی ڕوئیایەکی نوێ لەسەر ئاستی دەقی خوێندراوە، نەک هەر تەنیا دیراسەکردنێکی ڕاڤەکارییانە.

*** ئایا تۆ لەدەرەوەی میتۆدەکانەوە دەتەوێ هەوڵی خوێندنەوەی دەق بدەیت؟**

- بێگومان بەلای منەوە گرینگ گرتنی ناتەباکان و نەگوتراوەکانە، کە ئەوەش لەزۆربەی کاتدا دەکەوێتە دەرەوەی میتۆدو چوارچێوە سازییەوەو بەخەیاڵ و دنیا بینی و مەعریفەو سایکۆلۆژیەتی خوێنەرەوە خۆی بەند دەکات، یاخود بەمانایەکی دیکەوە دەمەوێ بڵێم لە دەرەوەی میتۆدە جێگرەکانەوە هەوڵی هێنانەدی مانایەکی نوێ دەدەم بۆ دەقی خوێندراوەو لەوێشەوە ماوەیەکی گونجاو بۆ گرینگی پێدانی خوێنەر دەرەخسێنم.

*** ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەنێوان میتۆدە جیاوازەکاندا هەندێ جار جیاوازیی ڕوانینی ڕەخنەگرانی نیشان داوە. تۆ چۆن تەماشای ئەو جیاوازییە میتۆدییەو ئاکامەکانی دەکەیت؟ لێرەشەوە، ئایا ڕەخنەی کوردی دەتوانێ خۆی لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی خۆرئاوا جیابکاتەوە؟**

- بەو واتایەی کەلە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردو لەدووتوێی خوێندنەوەی بەرهەمهێنەردا، خودی ڕەخنە بۆ خۆی لە ئیشکالیەتی میتۆدەکانەوە بەڕێوەدەچێ، یاخود بەمانایەکی دیکە هەمیشە لەبەیەکدا چوون و دژبوونەوەو کێشمە کێش و ململانێدایە، هەموو ئەو ڕەخنانەی لە دووتوێی ڕێبازی دیاریکراو خۆیان دەخەنە ڕوو، سەر بەبنەمایەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری و فیکری و مەعریفەن، لێرەدا قسە لەوە نییە ئەو ڕەخنانە چەندە بەردەوامی دەنوێنن، بەڵکو قسە لەوەیە ئایا ئەو ڕەخنەیە بەڕاستی

گەشەیەکی ڕێکوپێکی کۆمەڵگەی لەخۆ هەڵگرتووە، یاخود ئەو میتۆدە ڕەخنەییانە چەند دەتوانن جەوهەری کۆمەڵگە لەخۆبگرن، چەند دەتوانن درێژکراوەی مانا قوڵ و ئەتنیەکان لە خۆ بگرن ئەو کۆمەڵگەیەی کەلێیەوە سەری هەڵداوە. یاخود چەند دەتوانێ وێڕای ئەو کۆمەڵگەیە، وێڕای فیکرو ڕۆشنبیری و مەعریفەی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو پێشەوە بچێت، هەرلێرەوە هەوڵدەدەم بڵێم ڕەخنەی کوردی «ئەگەر ئەو ناونانە هیچ ئیشکالیەتێک دروست نەکات» لە دووتوێی میتۆدەکانەوە هەرگیز ناتوانێ ڕوانین و بۆچوونی جیا بەخۆی دروست بکات، چونکە ڕوانین و بۆچوونی جیا پێویستی بەپرۆژەی ڕۆشنبیری و فیکری و مەعریفی جیاوە هەیە، پێویستی بەهەڵوەشانەوەو تێکشکانی بارە باوەکە و یاخود بەشعوور بەزاندن و خود ئامادەیی کوردییەوە هەیە، شعوور بەزاندن و خود ئامادەییش لەلایەک بە ئاگایی ناوەوەی کۆمەڵگەو لەلایەکی دیکەش بە مەعریفەی ڕەخنەگرەوە، یاخود دنیابینی داهێنەرانەی ڕەخنەگرەوە بەندە.

تۆ ئەگەر خاوەن گێڕانەوەیەکی بنەڕەتی گەورەو هەڵگری جەوهەری خۆت نەبیت، هەرگیز ناتوانی دواتر لەهیچ پانتاییەک خۆت بیت، بۆ ئەوەی بڵێیی هەم، دەبێ خاوەن مەعریفەو فیکرو کردە (فعل)بیت، دەبێ خاوەن سیستەم و نەسەق و میتۆد بێت، ئەگینا ناتوانیت لەکۆت و بەندی ماناو وێنەی سەپێنراو ڕزگاریت بیێت.

کەواتە لەدەرەوەی بەیەکداچوونی میتۆدەکانەوە، پێویستە بیر لەفیکرو مەعریفەو ڕۆشنبیری خودی کوردی بکەینەوە، ئینجا لەوێوە دەتوانین باسی جیاوازی ڕوانین و بۆچوون بکەین، بەو مانایەش مەرج نییە چەند میتۆدێکی جیاوازمان بۆ دروستکردنی بۆچوون و ڕوانینی جیاواز هەبێ، بەڵکو دەشێ لە تاقە میتۆدێکەوە لەدووتوێی تەباو ناتەباکاندا ڕوانینی جیاواز بتەقێنینەوە، هەروەک چۆن شاعیر دەتوانێ لەتەقینەوەی وشەوە





ڕستە بسازێنێ و دەق بهێنێتە بەرهەم.

دووبارە بە بڕوای من هێنانەوەی میتۆد پێویستی بە وشەیەک یان جوانتر بڵێم پێویستی بە تەفسیرێک هەیە، ڕەنگە ئەو تەفسیرە لێرەدا بخوازێ وشەی ئاگایی پێوە بلکێنین، ئەگەر بەو مانایەش هەوڵ بدەین میتۆد وەک ئاگاییەکی فیکری و مەعریفی و ڕۆشنبیری تەماشا بکەین، ناشێ بەتەواوی کورد بخەینە دەرەوەی ئەو تەفسیرەوە، بەڵام ئەوەی وەک دەریچە بۆ قسەکردن خۆی نیشان دەدا، ئەوەیە کە چۆن بینراوی کوردی و ناوەوەی کوردی «ڕۆحی کوردی» لەیەک جیا بکەینەوە، دواتر چۆن لەمیانی ئەو هەموو هێزەوە ڕوانینی کوردانەی خۆمان دەوڵەمەند بکەین و لەپاڵ ئەوەشدا چۆن هەوڵی داهێنانی کردەیەکی ڕەخنەیی لەدووتوێی دەقێکدا بە ئەنجام بگەیەنین کە لەهێڵی میتۆدە دیاریکراوەکان جیابێ، یاخود بەمانایەکی دیکە لەدەرەوەی ئیشکالیەتی میتۆدەکانەوە چۆن لەسەر بنەمایەکی فیکری و ڕۆشنبیری و خەیاڵی خوێندنەوەیەکی جیاوازو مۆدێرن بۆ دەق دەسازێنین، لێرەدا خوێنەر هەر بەو مانایە، دەتوانێ لەنێوان خەیاڵ و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خۆی وخەیاڵ وبیرکردنەوەی دەق، دنیای خۆی بسازێنێ کە بەهای داهێنانی تیا دەدرەوشێتەوە.

*** زۆربەی نووسەرانی کورد دەڵێن ڕەخنەی کوردیمان نییە، یان ڕەخنەی کوردی لاوازە، پێت وانییە لاوازیی ڕەخنەی کوردی پەیوەست بێ بەلاوازیی ئەدەبی کوردی بەگشتی؟ کەگشت ئەمانەیش- وای دەبینم- دەگەڕێنەوە بۆ بونیادە لاوازو پەککەوتەکانی کۆمەڵگەی کوردی؟**

- ڕەنگە بەشێک لەو پرسیارە وەڵامەکەی لەکتێبی «ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی»ییەوە درابێتەوە، بەڕای من دەشێ مەسەلەکە ڕاستەوخۆ بە عەقڵیەتی غەیبانی و عەقڵیەتی غەیبانی کوردی ولەوێشەوە بینراوی کوردییەوە پەیوەست بێت، چونکە ئەو عەقڵیەتە وەک دیاردەیەک دەستی

لەهەموو کارو کردەکانی کوردیدا هەیە، وەک ئاماژەشمان بۆ کرد لەسەر بونیادی باوەڕ دواجار تەواوی سەرچاوەکانی ئەو بونیادە خۆی بە ڕەوشتەوە پەیوەست دەکا ،هەر لەوێشدا درێژ دەبێتەوە. کەواتە ئەگەر بونیادی عەقڵی کوردی «بەهۆی مانای زەمەنی سەپێنراوەوە» لە باوەڕەوە پرەنسیپە چەسپاوو نەگۆڕەکانی خۆی دابڕێژێ و دواجار بۆ ڕەوشت و لە ڕەوشتدا درێژەی پێبدا، بێ ئەوەی پشت بەگێڕانەوەیەکی گەورەی کوردانە، یان ناوەوەی کوردی ببەستێ، بەو مانایە کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی داخراو، هەرگیز ڕێگە بەبیرکردنەوەو لێکدانەوە نادات، هەر لەو مانایەشەوە لەبری بەدواداچوون و دۆزینەوە، دەرگاکانی لەسەر ئاسۆکانی فیکرو مەعریفە دادەخات، چونکە پێی وایە هەر خۆی تێڕای هەموو شتەکان دەکات، بێ ئاگا لەوەی ئەدەب هەمیشە خوێندنەوەی دنیاو شتەکان و دیتنی شتەکانە بە چاوێکی نوێوە، یاخود هەمیشە لەوێوەو لە نەگوتراوەکانەوە «دەق» هەوڵدەدات قسەیەکی بەدژی گوتراوەکانەوە هەبێت و پردێک بێ لە نێوان بینراو و نەبینراودا....

لێرەدا لەپای ئەو عەقڵییەتە، ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبێکی ناتەواو و پەککەوتە کەوتۆتە کۆشی شارستانیەتەوە، بێ ئەوەی خاوەن گێڕانەوەیەکی بنەڕەتی گەورەو سیستەمێک بێت، بێ ئەوەی خاوەن مەڵبەندێکی بڕیادەر بێ بۆ یەکلاکردنەوەی شتەکان و تەتەڵەکردنیان، هەروەک چۆن ئێستا ناتوانین لەدەرەوەی بینراوی کوردییەوە پێناسەیەکی ناوەوەی کوردی بکەین، یاخود لەدەرەوەی ئەو وێنەو مانا بەخشراوە، کێیە جورئەتی دەربڕینی ناوەوەی کوردی و زەمەنە سایکۆلۆژییەکە لە ئەستۆ دەگرێ، لەبەرئەوەی کەسێ نییە، ئەو ئەرکە پیادە بکات، لەبەرئەوەی هەمووومان لەوەهمی بینراودا بێدەنگ دەخولێینەوە، ئیتر حەقی هەمووومانە بڵێین ڕەخنەمان نییە، ڕەخنە غەدرمان لێدەکات، کەس بیرمان لێ ناکاتەوە،





ئێمە...ئێمە، هەموو ئەو ئێمانە لەسەر هەمان چەمک و ڕوئیا و پێوەندییە تەقلیدییەکان وەستاون.

بەو مانایە هەمان هەستی سیاسی پەڕیوەتە نێو ئەدەب، هەمان هەستی ئەدیبەکان شانی سیاسییەکانی گرتووە، بەڕاستی ناخۆشە بە هەمان قەبارەی خۆت، خۆت نیشان نەدەیت، کارەساتەکەش وەک وتم تەنیا ئەدەب پێوەی گیری نەخواردووە، بەڵکو تەواوی ژیانی کوردی لە دووتوێی ئەو وێنە بەخشراوەدا دەژی، هەمیشە بۆ خۆی فەراغ بەرهەم دەهێنێ، فەراغە فیکری و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی لەبری نواندنی کردەی داهێنەرانە، لەبری داهێنانی سیستەم، بەوەهم پڕ دەکاتەوە هەروەک ئەستەمە وزەی ڕۆحی و فیکری و خەیاڵی لەدەرەوەی بونیادە فیکری و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانەوە دەستنیشان بکەین، بەهەمان شێوەش ناکرێ پێوەندییە ئیبداعیەکان لەیەکتر بترازێنین، بەو مانایەش بێ ئیبداع چۆن ڕەخنە دروست دەبێت.

*** باشە دەشێ داهێنانی نالی و مەحوی و.... فەرامۆش بکەین؟ ئەگەر نەتوانین فەرامۆشیان بکەین، ئایا وەک تای تەرازوو، ڕەخنە ئەوکاتە بەچ سەنگێ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟**

– بەبڕوای من مەسەلەکە هەر تەنیا لەتوێی بەکوردی نووسیندا نامێنێتەوە، چونکە هەرگیز ئیبداع لەسەر هەمان چەمک و ڕوئیاو پێوەندییەکانی تری پێشوو– یان هی خۆی بێ یان ئەویتر– خۆی دووبارە ناکاتەوە بۆیە هەرگیز ئەو پرسیارە نابێتە هۆی وروژانی دڵەڕاوکێیەکی مەعریفی و فیکری، چونکە ئەگەر ئێمە خاوەن بنەمایەکی مەعریفی و فیکری کلاسیکی نەبین، چۆن دەشێ لەو حاڵەتەدا نیشانەی پرسیار، بەرامبەر «شیعری کلاسیکی» نالی و مەحوی دابنێین دەمەوێ بڵێم دەشێ ئەو نیشانەیە بگۆڕینە سەر ئەدەبی عەرەبی، چونکە ئەو ڕەگەزو بنەما

هونەرییانە لە سیستەمی مەعریفی- بەلاغی «ڕەوانبێژی» عەرەبییەوە وەرگیراوە کە نالی و مەحوی کاریان لەسەرکردووە، واتە لە نێو ئەدەبی کوردیدا شوێنکاتی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان نییە- یاخود ئەو گێڕانەوە بنەڕەتیە گەورەیەی کە نالی و مەحوی لە شیعرەکانیاندا پشتیان پێ بەستووە، هەرگیز ڕێک نییە لەگەڵ ڕۆحی کوردی، بەڵکو بەشە هونەرییەکەی «دواجار شیعریش هونەرە» پشت بە پێوانە کاریەکانی شیعری عەرەبی و دەقی قورئانی دەبەستێ و تەواو لە پانتایی کوردیدا بە نامۆ دەکەوێتەوە «هەرچەندە من مەبەستم لە شیعری کلاسیکی کوردییە، بەڵام لەیەک نزیکردنەوەی نالی و مەحوی کۆمەڵێک ئیشکالییەت دروست دەکات یاخود بە مانایەکی دی (شمولی) دەکەوێتەوە. کەچی هەروەک دیارە نامەوێ بکەومەوە بەراودکارییەوە، تا مەسەلەکە بە بارێکی دیکەدا نەشکێتەوە، بەڵام حەزدەکەم تەنیا یەک تێبینی تۆمار بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز ناشێ (نالی) لەژێر کاریگەری سیستەمی مەعریفی بەیانی بخەینە دەرەوە، یاخود دەشێ بڵێین لەژێر هەمان سێبەرە کۆنەکەدا خۆی دووبارە کردۆتەوە، بەرامبەر ئەوەش ئەگەر چاو لە فەزای شیعری (مەحوی) بکەین دەبینین هەوڵی داوە بەجۆرێکی پێشکەوتووانەتر خۆی لەو سیستەمە نزیک بکاتەوەو تایبەتمەندێتی خۆی تیا بنوێنێ، خودی ئەو تایبەتمەندییەش بەشێوازی (مەحوی)یەوە بەندە، یاخود بەمانایەکی دیکە لە دووتوێی سیستەمی مەعریفی بەیانیدا مەحوی بەشێوەیەکی نوێ سوودی لە شیعرییەت و شێواز وەرگرتووە.» بەڵام ئاخۆ هێڵە بنەڕەتیەکان کامانەن کە تایبەتمەندێتی وتاری ئیرۆتیکای کوردی و وتاری نالی و مەحوی پێکەوە دەلکێنێ، یاخود دواجار چۆن دەتوانین لەمیانی هەڵوەشانەوەی دەقەکانیان ڕۆحی کوردی و خەیاڵی کوردی وەک بونیادی کارکردن بەرجەستە بکەین، لە کام لاوە دەشێ «هەستی گشتی» کوردی بەدی بکەین.





هەرگیز ناتوانین ئەو هێڵە پانەی ئەوان کاریان لەسەر کردووە لەمیانی بەدواداچووندا بۆ نموونە بە فۆلکلۆری کوردی بلکێنین، بەمجۆرە ئەگەرچی ئەو شیعرانە بەزمانی کوردی نووسراون، بەڵام لەبەرژەوەندی و بەرفراوانکردنی ڕەگەزو بنەما هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی عەرەبی و گێڕانەوەی عەرەبی دان و دەبنە ڕوانین و بۆچوونێکی عەرەبی بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی ڕەگەزەکان و پاشان داڕشتنیان لە وتارێکی شیعریدا... واتە لەبری ئەوەی خودی کوردی ڕۆحی کوردی بەئالیاتی کوردانە بێتە دوان، بەئالیاتی بەلاغەی عەرەبی و ڕوئیایی عەرەبییەوە زمانی کوردی خۆی بارگاوی کردووە، خودی ئەم بارگاوی کردنە وەک تەمێک پەردەپۆشی ئاوێنەی بوونی کوردی دەکات، بەدیوەکەی دیکەشەوە ئامادەباشی ئەو ئالیاتە دەلالەت لەونبوونی سیحری کوردی دەکات وەک چۆن بەدیوەکەی دیکەش بینراوی کوردی لەخۆدا هەڵگرتووە.

لێرەدا زمانی دەق دەچێتە خزمەتی ڕوئیایی عەرەبی و زمانی عەرەبی و بونیادی هونەری و ڕەگەزەکانی ئەو بونیادەوە، لە بری ئەوەی بچێتە خزمەتی بەرفراوانکردنی زمان و ڕوئیای کوردییەوە، لەبری ئەوەی دوای بونیاد قووڵ و مەعریفیەکە بکەوێ، تەنها مەستی شێوە هونەریەکان و داڕشتن و فۆرمگیری ئەودیدیکەی «سەپێنەر» دەبێ...

دووبارە دەڵێم ئەدەبی کوردی بەر لە هەموو شتێ، دەبێ بۆ گێڕانەوەکانی خۆی و ڕوئیاو سیحری خۆی بگەڕێتەوەو لەسەر ئەو بنەڕەتەوە برەو بە ئازادی خۆی و خوێندنەوەی بەرهەمهێنەرانەی خۆی بدات، تا لەوێوە خۆناسینی سوقراتانە ئەنجام بدات، تا لەوێوە ڕوونبینی دیکارتانە لە خۆبگرێت، تا لەوێوە ڕوانینەکانی خۆی کۆبکاتەوەو پێوانەکانی خۆی دابڕێژێ، تا لەوێوە بوونی بێگەردانەی خۆی لەدوو توێی زەمەن و زمانێکی بێگەردا پێشکەش بکات.

کورد دەبێ بەتوانای خودی خۆیەوە، بەدیار ناوەکان و ڕەمزەکان و ڕووداوەکان وردبێتەوە دواجار هەموو ئەوانە لەمانادا وەگەڕ بخات، تا بەهاکانیان بۆ زەمەنی کوردی بگێڕێتەوە، مەبەستمان لەزەمەنی کوردیش گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکو دروستکردنی سیستەم و نەسەق و دواجار میتۆدی تایبەتە بەکورد، یاخود بەدیوەکەی دیکەدا داهێنان و ڕوئیایە.

*** مەبەستت لە بوونی بێگەردو زمانی بێگەرد چییە؟ ئایا زمانێک هەیە «بێگەرد» بێت؟**

– مەبەستم نییە هیچ جۆرە ڕەهاییەک بەوشەی «بێگەرد» ببەخشم، دەشێ لەدەرەوەی سیاقی ئەو گفتوگۆیە حەق بۆ ئەو پرسیارە بگەڕێتەوە، بەڵام لەبیرت نەچێ تۆ بەو پرسیارە خودی ئەم وشەیە لە کێشمەکێش و ململانێی نەسەقەکانەوە دەخەیتە دەرەوە، بەو مانایەش دەتەوێت ڕستەکان هەڵوەشێنیتەوە، هەرچۆنێ بێ لێرەدا «بێگەردی» واتە ئەو کلیلە سیحرییەی کە چەمکی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی و کولتووری کوردی دەخاتە سەرپشت، واتە ڕوونبینی دیکارتانە، واتە دوورکەوتنەوە لەو پێکهاتە هەڵەیەی «ئاوێنە لێڵەی» کە مانای زەمەنی سەپێنراو بەسەر خودی کوردیدا سەپاندوویەتی، یاخود بەجۆرێکی دیکە دەمەوێ بڵێم: با لە دەرەوەی ئەو تەفسیرەوە خۆمان وەک خۆمان بناسین.

ئەگەر هەر بەمجۆرەش تەماشای زمان بکەین، هەڵبەتە دەبێ بڕوامان بەزمانێک بێ کە تایبەتمەندێتی و سایکۆلۆژیەتی خودی نەتەوەی لە دووتوێیدا دەبریسکێتەوە، جا پێویستە ئاوێنە لێڵەکانی بینینمان پاک بکەینەوە تا بتوانین کارێکی مەعریفیانە لەو ڕۆحە ئەنجام بدەین، ئەمەش هەرگیز بەو مانایە نییە کە هەموو دەرگاکان لە خۆمان دابخەین، بەڵکو مەبەستمە بڵێم بەرلەوەی شتەکان تێکەڵ بەیەکتر بکەین، نەخشەیەکمان بۆ کارکردن لەبەردەستا بێت، پڕۆژەیەکی مەعریفیمان بۆ کارکردن هەڵگرتبێ،





یاخود وێنەیەکی زیندووی تایبەت بەخۆمان کێشا بێ، بەومانایە دەشێ لە دووتوێی ڕەوانبێژی عەرەبیدا هەوڵی خوێندنەوەی بونیادی کوردی بدەین و لەوێشەوە کۆمەڵێک دەرئەنجام بۆ بەرفراوانکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی بخەینەوە، یاخود دەشێ لەدووتوێی چەمک و میتۆد و جیهانبینی فیکری خۆرئاوا ڕەهەندەکانی ڕوئیاو بیرکردنەوەو خەیاڵمان بەرفراوان بکەین.

*** زۆرجار خوێنەران گلەیی لە نووسینە شیعری و ڕەخنەییەکانی تۆ دەکەن کە ناڕۆشنی و تەمومژێک ئاڵاونەتە نێو ڕستە و چەمکەکان، ئاخۆ ئەمە لەلای تۆدا دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی دەربڕینی زمان؟ یان ئەوە چەمک و ڕۆشنبیرییەکی ترە کە دەیەوێ لەگەڵ ڕۆشنبیریی باودا دابڕانێک دروست بکات؟ بەمانایەکی تر: ئەو تەمومژە– ئەگەر هەبێ– دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سنوورە تەقلیدییانەی لە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەری کورددا هەیە؟**

– ئەرستۆ ڕستەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: (هونەر تەعبیرکردن نییە لە دنیای دیار، بەڵکو دۆزینەوەی مانا شاراوەکانێتی) لای منیش هەروەک ئاماژەم بۆ کرد، پرۆسەی نووسینی شیعر پرۆسەیەکی مەبەستگەرا نییە، من لەوشەوە پەنجەرەی خەیاڵ دەخەمە سەرپشت و دوای دۆزینەوە دەکەوم، ئەوساتەوەختەش خۆم لە نێو چێژی نووسیندا ون دەکەم، بەو مانایە لەودیو شعوورەوە لە بێدەنگی ڕەنگەکان و مردنی باران ورد دەبمەوە، لە ڕۆحی وشەدا بەفەزای زماندا هەڵدەگەڕێم.

شیعر لای من بەشێکە لە موعجیزەی زمان، هەموو ئەوانەش دەکەونە دەرەوەی ئاسۆکانی چاوەڕوانی خوێنەری تەقلیدییەوە، واتە، خوێنەریش پێویستە بە مەعریفە و ڕۆشنبیری سەردەمەوە پشت ئەستوور بێ و دوای شتە نوێیەکان بکەوێت و ئاگاداری پێشکەوتنەکانی دنیا بێ، ئەگینا هەموو هەستەکانی سڕ دەبێ و لەکار دەکەوێت.

خوێنەری تەقلیدی هەمیشە لەچاوەڕوانی هاوگونجاندایە و بەیەک نەزم مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکات، پێی وایە دنیا لەسەر ئەو ڕەهەندە وەستاوە، خوێنەری تەقلیدی جووڵەی تیا نییە و هەمیشە یەک ڕوودەبینێ و تەنیا یەک گۆرانی دەزانێ.

دڵخۆشم ئەگەر لەمیانی نووسینەکانمەوە توانیبێتم تا ئەو ڕادەیە نائارامی لە جەستەی ئەو جۆرە خوێنەرانە دروست بکەم، چونکە کاری من سپی کردنی پیواز نییە، دەشێ کاری من دروستکردنی نائارامی بێ لە کێڵگەی پیوازدا.

*** ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر بۆ شیعر ڕاستە، بەڵام ئەی ناڕۆشنی و تەمومژی لە نووسینی ڕەخنەیی و فیکریدا شتێکی دیکەی لە پشتەوە نەشاردۆتەوە؟**

– هەمیشە دەبێ فیکرو ڕەخنە، بڕوای بە سەربەخۆیی دنیا هەبێ، ئەگەر فرە ڕەهەندیش لەم بڕوایەوە هەڵقووڵابێ، هەرگیز بەو مانایە نییە کە بەر لە خوێندنەوە، خوێنەر نیازو مەبەستەکانی خۆی دەستنیشان کردبێت، چونکە خودی تەگەرەکان لە نیازو مەبەستی بەرایییانەی بەیەکگەیشتنەوە دێتە بەرهەم، بەبڕوای من ئەمجۆرە تێڕوانینە لایەنێکی گەورەی ناڕۆشنی دەسازێنێ، خوێنەر بەرلەوەی هێڵەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە دیاری بکات، پێویستە نیازە بەراییەکانی خۆی لە توێی خەیاڵ و بیرکردنەوەدا سەر ببڕێت، پێویستە دەرئەنجامەکانیان بە فرە ڕەهەندی ئەدەبەوە پەیوەست بکەن، نەک ئایدیۆلۆژیا، من بەپێی توانا هەوڵدەدەم لە نووسینە فیکری و ڕەخنەییەکانمدا لە بنەڕەتدا، بیری یەکانەیی خوێنەر هەڵبوەشێنمەوە، دەمەوێ بتە گەورەو پیرۆزەکانی تێڕوانینی باو و تاکڕەهەند تێکبشکێنم، لەپەراوێزەوە بەبیرکردنەوەو تێڕوانینی نوێ هەڵدەگەڕێم.... من بەو ڕۆحە دروستەوە مومارەسەی نووسین و مومارەسەی ڕۆشنبیری و مەعریفە دەکەم،





گرینگیش نییە ڕۆحە نەخۆشەکان بەکام نیازو مەبەست ڕووبەڕووی نووسینەکانم دەبنەوە.

*** ڕۆشنبیریی کوردی بەنێو کۆمەڵێ کێشەی قورسدا ڕێ دەکا کە ئیشکالییەتی لە نێو چەمکەکان و گشت لایەنێکی ئەو ڕۆشنبیرییەدا دروست کردووە. لێرەدا ڕۆشنبیریی کوردی لەناو ئیشکالییەتەکانی خۆیدا ئەو کێشە قورسانە نابینێ، بەڕای تۆ ئەو کێشانە لە کوێدا شاردراونەتەوە؟ بۆچی ڕۆشنبیری کورد ناتوانێ دەست بخاتە سەر تەگەرەو گرفتەکانی بەردەمی خۆی؟**

– دەبێ بۆ دیاری کردنی ئەو کێشانە دووبارە بۆ سەرچاوەی مەعریفە و فیکری کوردی و سیستەمی مەعریفی و تایبەتمەندییەکانی بگەڕێینەوە، واتە دەبێ کاریگەرێتی بینراوی کوردی و مێژووی ئەو بینراوە تەتەڵە بکەین، تا لەوێشەوە بتوانین بۆ ڕۆحی کوردی بگەڕێینەوە، دەبێ وتارە حەرامەکانی ئیرۆتیکای کوردی و وتاری ئایینی بخەینە بەرلێکۆڵینەوەو بە دواداچوون، چونکە کاتێ دەڵێین ناعەقڵانییەتی کوردی واتە بکەری کوردی وجودی نییە، واتە فیکرو مەعریفەی کوردی بەرکارەو لە بری پرسیار هەمیشە وەڵامی کۆکردۆتەوە، بۆیە هەمیشە زەمەنە سەپێنراوەکان وێنە و مانا بەکوردی دەبەخشن و سنوور و پێوەندیی نێوان ڕووداوەکان دیاری دەکەن، لەبەرامبەر ئەو زەمەنە سەپێنراوەشدا پێکهاتەیەکی لاواز لەپاڵ نەگوتراو و نەبینراوەکاندا هەناسە دەداو نادات، ئەو پێکهاتە لاوازە دەشێ بەزەمەنی سایکۆلۆژی کوردی ناوزەد بکرێت، ئەو خۆشاردنەوەو کشانەوەیەش دەکرێ تا ئێرە درێژەی ببینین.

ئێستاش کۆمەڵێ پەناوپێچ لەناخی کورددا توانای خۆ دەرخستنیان نییە، ئێستاش کۆمەڵێ پرسیاری کپ کراو لە پێچی گۆشەکاندان و جووڵە ناکەن، ونبوونی پرسیاریش دەلالەت لەونبوونی خودی ڕۆشنبیر دەکات،

بەمانایەکی دی هەمیشە لەنێوان نەگوتراوەکانی زەمەنی سایکۆلۆژی کوردی و زەمەنی مانا سەپێنراوەکاندا کورد هەست بەنامۆیی خۆی دەکات، لەلایەکی دیکەش ڕوونکردنەوەی کوردی لەزەمەنی مانای سەپێنراودا ڕەنگە بەزیانی کورد بشکێتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا کورد ڕووبەڕووی کێشەی دامەزراندن دەبێتەوە، جا بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی دابمەزرێنێ پێویستە ڕۆشنبیری کوردی لەم کێشەیە نزیک بێتەوەو ئاگاییەک بەخۆی پەیدا بکات تا خوێندنەوەی ناوەوەی خۆی ئەنجام بدات، تا لەمیانی ئەو خوێندنەوەیە جورئەتی رەفزکردن و ڕەخنەگرتنی تیا بدرەوشێتەوە.

لێرەدا ئیشکالیەتی ڕۆشنبیری کوردی ڕاستەوخۆ ئیشکالیەتی دامەزراندن لە خۆدەگرێ، بەو مانایەش هەرگیز ڕۆشنبیر ناشێ لەگەڵ بارودۆخی باودا تەبا بێتەوە، بەڵکو هەمیشە دوای ناتەباکان و ئازادی و بیرکردنەوەو ڕەخنە دەکەوێت، پڕۆژەی لەبن نەهاتووی خۆی هەمیشە لە نێو گومانەکانی دەتەقێنێتەوە، بەو مانایەش هەم بێ لایەنە و هەم گۆشەگیر، بەڵام لەساتەوەختی خۆیدا قسەی خۆی دەوەشێنێ، هەر خۆی، خۆی بەچاودێری دنیا ناونووس دەکات، بەو هەستە ڕەخنەییەی خۆیشی هەمیشە دژی وەڵامە ئامادەکان و پیرۆزو دەست بۆ نەبراوەکان ڕادەوەستێ، مەسەلەکەش لەوەدانییە، کە ئەو هەمیشە دژی دەسەڵات و سیستەمە، بەڵکو لەوەدایە کە هەمیشە دژی عەقڵی زیندانی کراوی تاک و کۆمەڵ دەوەستێ.

بەو مانایەش تا ئێستا ڕۆشنبیری کوردی جووڵەی تیا نییە، ڕۆشنبیری کورد لەزینداندایە، یاخود لەزیندانی خۆیدایە و نەیتوانیوە خۆی بەدنیا بناسێنێ، یان نەیتوانیوە بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوە، گەشە بەو پانتاییە بدات کە لەسەری وەستاوە.





*** پێت وانییە ڕۆشنبیریی کوردی لە تەوژمە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریی دنیادا، دابڕاو و گۆشەگیر بێت؟**

**لەکام بنەماوە هەوڵ بدات دیالۆگ لەگەڵ ڕۆشنبیریی «ئەویدی»دا دروست بکات؟**

– تا ئێرە ڕۆشنبیر ڕەنگە هەموو سنوورەکان بسڕێتەوە، بەڵام بەنیسبەت ڕۆشنبیری کوردی ئەو سڕینەوەیە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵاتنە لەبنەما، بەم واتایەش هەمیشە دەبێ دوو بۆچوونی جیاوازمان بۆ خودی ئەو مەسەلەیە هەبێت، ئەگەر بەجێهێشتنی وڵات و گەیشتن بە ئەویدی و گفتوگۆ و سەفەر کردن لە ئاستێک لە ئاستەکانیدا ئاگایی و مەعریفە و فیکر لە خۆ بگرێت، ئەوا بەنیسبەت کورد ئەگەرچی هەمان ئاگایی لێ دێتە بەرهەم، بەڵام دواجار وەک پێشتر باسم کرد لەبەرئەوەی خاوەن بنەماو وێنەیەکی تایبەت بەخۆی نییە، یاخود لەبەرئەوەی لە دووتوێی بینراودا وەک خۆی ئامادەیی نییە، بۆیە دواتر ئەو ئاگاییە بێ سوود دەکەوێتەوە، یان لە باشترین حاڵەتدا لە نێو ئەو ئاگاییە ون دەبێ، چونکە ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بەمجۆرە ئاگاییەکان دەکەونە هەمان فەراغی کوردییەوە، ئاخۆ لەم ئاستەدا دەشێ چ جۆرە دیالۆگێ دروست بکرێت، کاتێ کورد بەم شێوەیە بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە دەتوانێ چی بەرهەم بهێنێ، یاخود دواجار دیالۆگ لەبری ئەوەی وەک ئاگاییەک تەوزیف بکرێ و خوێندنەوەی جۆراوجۆری پێ ئەنجام بدرێت، فەراغێکی دیکەمان بۆ زیاد دەکات و ئاراستەمان بەلایەکی دیکەدا دەبات، واتە لەبری سوود سەرمان لێ دەشێوێنێ، یان لە باشترین حاڵەتدا کۆنترۆڵمان دەکات.

*** باشە لەو گۆشەگیرییەی کە تۆ ناوی سەرلێشێوانی لێ دەنێیت، دواجار کورد چۆن دەشێ دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە؟**

– ئێمە دەبێ بەر لە هەموو شتێ دەوری ڕۆشنبیری کوردی دەستنیشان بکەین، تا لەوێوە بەپێناسەی تایبەت بەخۆمان، دیالۆگ لەگەڵ ئەویدی بسازێنین، ئێمە هەمیشە دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ کە ڕۆشنبیریی واتە خوێندنەوەی دنیا، ڕۆشنبیر هەروەک «ئەدوارد سەعید» دەڵێ: مارکۆپۆلۆیەکی موسافیرە، نەوەک زیندەوەرێکی گەندەخۆر.

مەبەستمە بڵێم با شتەکانی خۆمان بخەملێنین، با بنەمایەک بۆ دۆزینەوەو بەدواداچوون دەستنیشان بکەین، چونکە بڕواناکەم لەدەرەوەی ئەو خاڵەوە شتێک هەبێ پێی بوترێت تایبەتمەندی، تۆ ئەگەر خاوەن بونیادێکی بەهێز نەبیت چۆن دەکرێ دیالۆگ دروست بکەیت، بەتایبەتی ئەمڕۆی تەکنۆلۆژیا، چاوەڕوانی ئێمە ناکات، تا لە ئاسمانەوە سروشمان بۆ دێتەخوار.

*** فیکر لەجەوهەردا بریتییە لەڕەخنەگرتن لەبنەماو بونیادەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر ڕێگە لەڕەخنەگرتن بگیرێ، واتە فیکر دەخرێتە ناو چوارچێوەیەکی تەسکەوە. بەو مانایە – وەک ئەدۆنیس دەڵێ– فیکر تەنیا بەوە ناوەستێ، ڕەخنە لەو شتانە بگرێ کە لێیان ڕازی نییە، بەڵکو بەردەوام ڕەخنە لەو حاڵەتانەش پێویستە کە لێیان ڕازییە. بەم پێیە ئێمە پێویستمان بەڕەخنەگرتنێکی هەمەلایەنە هەیە تا ئەو دیوی سنوورەکانی سێ کوچکەی «تابوو»ەکان...**

– فیکر لە بنەڕەتدا لە کۆی دیدوبۆچوون و ئاگاییە جیاوازەکانەوە دێتە بەرهەم، مەرجیش نییە تیۆریزەکردنیان تەنیا شتە تەباکان لەخۆبگرێت، بەڵکو ناتەباکانیش دەگرێتەوە، لێرەدا دەمەوێ بڵێم، کاتێ فیکر زیندانی دەکرێ، یاخود بەمانایەکی دیکە کاتێ مرۆڤ تەنیا تەباکان و وتراوەکان و بینراوەکان لە دووتوێی بیروباوەڕێکەوە بەرجەستە دەکات و بە حەقیقەت لە قەڵەمی دەدا، ئەوکاتە دەبێ ڕەخنەگرو ڕۆشنبیر دەوری خۆیان لە





هەڵوەشانەوەو تێکشاندنا بگێڕن، بەڵام بەر لەوەی مومارەسەی ئەو دەورە بکەن پێویستە بەتەواوی لەبنەماکانی ئەو فیکرە بکۆڵنەوەو فاکتەرەکانی بەردەوامی ئەو فیکرە دەستنیشان بکەن، ئینجا لەوێوە بەدوای پەنهان و خەفەکراو و ناتەباکان بکەون، هەر لە ئیشکالیەتەشەوە بزاڤی جۆراوجۆری فیکری دێتە بەرهەم و لە هەڵوەشانەوەو تێکشکانیشدا ئازادی دێتە ئاراوە.

بەو مانایە ڕۆشنبیر یاخود ڕەخنەگر مەرجە لە نێوان تەبا و ناتەباکاندا وەک تاکێکی سەربەخۆو لەناوەوەی خۆی هەڵگری پرۆژەیەکی گەورەی ڕۆشنبیری و مەعریفی بێ، ئەگینا هەرگیز ناتوانێ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا دروست بکات، هەروەک چۆن ڕەخنەگری ئەدەبیش مەرج نییە شتە دیارەکانی دەق بخاتەوە ڕوو، بەڵکو پێویستە پەنهان و نەوتراوەکان بدۆزێتەوەو دوور لە پەڕگری دنیای خۆی لەسەر تیۆریزە بکات.

ڕۆشنبیرو ڕەخنەگر هەمیشە مرۆڤێکی لامل و ئازادە و سەر بۆ چوارچێوەکان دانانەوێنێ، ڕوونکردنەوەی حەق و ناحەق بەئەرکی خۆیان نازانن، بەڵکو ئەرکی ئەوان هێنانەدی گۆڕانە بۆ فەزای حەق و ناحەق و چەسپاندنی دیموکراتییەت و ئازادییەکی بەرفراوانە بۆ هەمووان.

*** پێت وانییە یەکێ لە دواکەوتوویی کولتووری کوردی و لاوازیی تا ڕادەی جێگیریی بونیادی کۆمەڵگەی کوردی، بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی «جیاوازێتی» و «فرەیی»، بەمانای: پێکەوە ژیانی جیاوازەکان؟ ئاخۆ هەر ئەمەش نییە کە ئەدەب و کولتوورو سیاسەتی کوردی هەمیشە «لێکچوویی» بەرهەم دێنێ؟**

– دووبارە دەبێ بۆ ئاوێنە لێڵەکە بگەڕێینەوە، کە ڕۆحی کوردی دەخاتە دواوە، ئامادەیی مانای زەمەنی سەپێنراو و پاشکۆ بوونی خودی کوردی، یەکێکە لە هۆکان، کەواتە لە پشت دەمامکەکانەوە کورد ناشێ تێڕوانینی

خۆی بەرامبەر شتەکان و دنیا هەبێ، بەرامبەر ئەوەش فیکری کوردی نەیتوانیوە خۆی وەک بونیادو سیستەم بێتە مەیدان، نەیتوانیوە کردەی داهێنەرانە بنوێنێ...

کەواتە لێرەدا ئەگەر ئیشکالیەتێک هەبێ، یاخود جیاوازییەک هەبێ ناشێ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کوردییەوە بکات، بەڵکو دەشێ پێوەندی بەبینراوی کوردی یان مانای سەپێنراوەوە بکات.

بە واتایەکی دیکە لەبەر ئەوەی کوردی لە قەیرانی دروستبووندایە، کەواتە نە جیاوازێتی و نەفرەیی بەرهەم ناهێنێ، تۆ کە لە خانەی بەستندا بیت، چۆن دەتوانی باسی جووڵە بکەیت، بەو مانایەش ئەدەبی کوردی و کولتووری کوردی پێویستە هێزێکی تایبەت بەخۆ بنوێنن تا لەو سڕبوونە ڕزگارییان ببێ و ئینجا بە دوای پێگەکانی خۆیاندا بگەڕێن.

سیاسەتی کوردییش دەبێ لە دووتوێی فۆرمەلەیەکی تازەوە خۆی نومایش بکات تا لەوێوە سیحری کوردی لە دەرەوەی بینراوی کوردی بوەشێنێ.





# Xaeale Zman

## «Xwendnaw u Raxna»

**Abdul-Mutalib Abdulla**

**2003 Hawler**